# شیکار


گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی چوارەم – ژمارە (١٣) بەهاری ٢٠١٦

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان



سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710



تیراژ
1000

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

# پێرست


سەروتار........................................ سەرنووسەر.................................٥

بۆچی من فمینیستم؟..............................و. ئەحمەد ئەسکەندەری.................... ٩

داستانی ئەڤینێکی نەمر.............................................حەمەسەعید حەسەن......................٣٧

ڕۆڵی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە.....................م. ئەحمەد محەمەد ناسر.....................٤٧

پیشەسـازی پەتـرۆل.................................................هێرش شکاک..................................٧٥

ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار..........................سەباح عەلی جاف.........................١٢٣

مۆڵ وەک قیبلەی بەرخورەکان پاش خوێندنەوەی ژۆمەڵی بەرخور..... بەیان سەلمان...............................١٥٧

دەلوێ بگوترێ شیعری مێینە و شیعری نێرینە؟!!...................موحسین ئاوارە.........................١٦٩

وتاری پیاو وتاری ئافرەت....................................... جومعە جەباری.......................٢١٥

# سەروتار

سەرنووسەر

ژمارەی بەهاری ساڵی ٢٠١٦ ی گۆڤاری شیکار بە کۆمەڵێ بابەتی نوێ و ناوازەوە دەکەوتە بەر دەستی خوێنەرە خۆشەویستەکانی و بەم ژمارەیە پێی نایە ساڵی چوارەمی تەمەنی خۆشیەوە. لە بارودۆخێکی وا سەخت و دژواری قەیرانی دارایی کە وڵاتەکەمان پێیدا تێدەپەڕێ بتوانین ژمارەیەکی تریش بخەینە بخەینە بەر دەستی شەیدایانی لێکۆڵینەوە و بەتایبەتیش قوتابیانی زانکۆکان، شادمانمان دەکات و گوڕ و تینی بەردەوامبوونمان پێدەبەخشیت.

مەخابنە کۆمەڵی ئێمە و وڵاتەکەمان بە کۆمەڵێ قەیران و وزەی رەشی شەڕی نەگریسی داعش گەمارۆ دراوە و ناوەڕۆکیی بە ناکۆکی ناوخۆیی پڕ بۆتەوە. جیهان بە گشتی لە دەیەی رابردوودا بە دەست قەیرانی ئابوورییەوە دەیناڵاند و کوردستانیش وا دووەمساڵی قەیرانی بە ناخۆشی گوزەراند و تا دێ بێدراویی زیاتر تەنگ بە خەڵکی کوردستان هەڵدەچنێ. بێگومان تا تەمەنی قەیرانیی دارایی درێژتر بێت، دیاردەی نێگەتیڤ و گۆڕانکاری دەروونی نەخوازراو لە کۆمەڵدا زیاتر دەبێت. بە هیواین تەمەنکۆتا بێت و دووبارە خۆشی و گەشانەوە ڕوو لە خەڵکی دڵسۆز و لەخۆبووردووی وڵاتە شیرینەکەمان بکات. ئابووری بابەتێکی گرنگی فرەکاریگەریی و فرەرەهەندە و هەوڵ دەدەین لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری شیکاردا بایەخی پێبدەین و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لە سەر کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لە کوردستان، بڵاو بکەینەوە.

لەم ژمارەیەدا گفتوگۆیەکی تەلەفیزیۆنی کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە تەلەفیزیۆنێکی فەرەنسییەوە لەگەڵ سیمۆن دو بۆڤوار کراوە، لە لایەن بەڕێز کاک ئەحمەد ئەسکەندەرییەوە کراوە بە کوردی و لە بارەی فێمینیزم و کتێبە بەنرخەکەیەوە {رەگەزی دووەم} زۆر سەرنجڕاکێش دواوە و لەم ژمارەیەدا بڵاومان کردۆتەوە و سەرنجی خوێنەری بۆ رادەکێشین، چونکە وەک ئەوەی بۆ ئێستای کۆمەڵی ئێمە دوابێت وایە و سوودی لێوەردەگیرێت بە تایبەتی

بۆ ئەوانەی بایەخ بە بزووتنەوەی ژنان و پرسی یەکسانی و مافی مرۆڤ دەدەن.
وێڕای ئەو بابەتە، چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لە دووتوێی ئەم ژمارەیەدایە و بە هیواین سوود و چێژیان ل ببینن و تا ژمارەی ئاینده بە خۆشەویستی باڵای گەردوونتان دەسپێرین و هیوادارینشین تەمەنی کێشە و قەیران کۆتایی هاتبێت.




# بۆچی من فمینیستم؟

ئەم ئێوارە لەگەڵ سیمۆن دۆبۆڤوار – تەلەڤیزیۆنی فەرانسە ساڵی ١٩٧٥

Jean-Louis Servan-Schrieber avec Simone de Beauvoir

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری

مارس ٢٠١٦

ئێوارەتان باش! لەوانەیە ئەمە یەکەم جار بێت کە سیمۆن دۆبۆڤوار لە تەلەڤیزیۆندا دەبینن. هەتا ئەمساڵیش هەر وەکوو هاوڕێی ژیانی واتە «ژان پۆل سارتر» ئەمیش خۆی لە دەرکەوتن لە تەلەڤیزیۆندا دەدزییەوە. یەکێک لە ڕۆمانەکانی بەناوی «ماندارینەکان» خەڵاتی «گۆنکوور»ی ساڵی ١٩٥٤ی بردەوە. هەروەها یادداشتەکانی بەناوی «بیرەوەرییەکانی کچێکی ئەرکناس» سیمۆن دۆبۆڤواری وەکوو یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی ئەمڕۆ بە خەڵک ناساند.

بەڵام ئەوە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم» بوو- کە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا چاپ کرا — و تێیدا سیمۆن دۆبۆڤوار بە گەشەپێدانی بیروهزری سەردەمی ئێمە، ئەرکێکی مێژوویی بەجێ گەیاند. ئەم بەرهەمە دوو بەرگیی و دژوارە، کتێبێکە تێیدا بۆ یەکەم جار باسی توێژینەوە لە دۆخی پلە دووی ژن بە درێژایی مێژوو دەکات. ڕێک هەروەکوو چۆن سەرچاوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستەکان کتێبی «کاپیتاڵ»ی کارل مارکسە، فێمینیستەکانی سەرانسەری جیهانیش بەو چەشنە دەڕواننە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم».

لەوانەیە کەسانێک ئەم بەراوردەیان بەلاوە لاسەنگ بێت، چونکوو ئەوکەسانە کاریگەری ئەو بۆچوونانە و ئەو ئاڵوگۆڕانە بە کەم دەگرن کە لە داهاتوودا دەیبینین و ئاکامی سەرکەوتنەکانی فێمینیسمە لەم جیهانەی کە ئێمە تێیدا دەژین. هێزی ڕوو لە گەشە و وادە و بەڵێنی بۆ گۆڕانکاری قووڵ، ئەو بابەتەیە کە ئەم ئێوارەیە سیمۆن دۆبۆڤوار لەگەڵماندا باسی دەکات.

ژان لویی سێرڤان شرایبێر، پرسیار: سیمۆن دۆبۆڤوار! «ڕەگەزی دووهەم»، ئەگەر ناچار بین بەکورتی باسی بکەین، کە هەڵبەت کارێکی دژوار دەبێت، دەکرێ بڵێین کە بەدەوری ئەم بیرۆکەیەدا دەسووڕێتەوە کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەوە هەتا ئێستا بەردەوام دووپات دەبێتەوە و پێمخۆشە خۆت بۆمان باسبکەیت، ئەمەیە کە «مرۆڤ بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکوو دەکرێتە ژن»

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ ئەم داڕشتنە بناغەی هەموو تیۆرییەکانی منە و ماناکەی زۆر ئاسانە: ئەوەی کە ژن بوون ڕاستییەکی سروشتی نییە، بەڵکوو بەرهەمی مێژوویەکی

دیاریکراوە. هیچ چارەنووسێکی بیۆلۆژیکی و یان دەروونناسانە نییە کە بتوانێت بەم چەشنە پێناسەیەک بۆ ژن بکات. پێگەی ئێستای ژن پێش هەموو شتێک بەرهەمی مێژووی شارستانییەتێکە. لەلایەکی ترەوە بۆ هەر تاکێکی ژن بەرهەمی بەسەرهاتی ژیانی خۆی و بەتایبەت لە سەردەمی منداڵی ئەودایە. ئەمەیە ئەو شتەی کە ژن بوونی ئەو دیاری دەکات. لەودا شتێک دەئافرێندرێت کە جەوهەریی یان ناخی نییە. [واتە] ئەو شتەی کە ناویان ناوە «مێیینەبوونی ئەبەدی» و یان ژن بوون. هەتا زۆرتر لە دەروونناسی منداڵان دەکۆڵینەوە، هەتا قووڵتر توێژینەوە دەکەین، زیاتر بۆمان دەردەکەوێت کە ساوایانی کچ بۆ ژن بوون دروست دەکرێن. کتێبێکی زۆر باش هەیە لە نووسەری ئیتالیایی «ئێلێنا بێلۆتتی» [Elena Belotti] لە ژێر سەردێڕی «کچە منداڵەکان لە چی دروستکراون؟» نووسەر دەریدەخات کە زۆر پێش لەوەی کچی منداڵ وشیار بووبێتەوە، بەهۆی شێوەی شیر پێدان، چۆنییەتی هێنان و بردنی، ڕاژەندن و لایە لایە بۆ کردن و ئەو شتانە، لە جەستەی ئەودا ئەو شتە دەنەخشێندرێت کە دواتر دەشێ وەکوو چارەنووسێک خۆی دەربخات.

**پرسیار:** بەبۆچوونی ئێوە، جیاوازییە بایۆلۆجیکەکان کە ئاشکران، لە شێوەی ڕەفتاری دواتری تاکەکاندا هیچ ڕۆڵێکی نییە؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بێگومان ئەمانە ڕۆڵیان هەیە. وەلێ ئەو پێداگیرییە کە لەسەر جیاوازییەکان دەکرێت و ئەو گرینگییەی کە پەیدای دەکات، سەرچاوەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەوروبەرەکەیەتی. هەڵبەت ئەمە گرینگە کە ژنان سکیان پڕ دەبێت و منداڵیان دەبێت نەک پیاوەکان. ئەمە جیاوازییەکی بنەڕەتییە. بەڵام ئەمە بنچینەی جیاوازیی لە پێگەی ئەوان و یان ئەو چەوساندنەوە و چەپاندنە نییە کە ژنان بەری دەکەون. ئەمە ئەو بیانووەیە کە لە دەوروبەری هەلومەرجی ژن بوون پێک دەهێندرێت. وەلێ ئەمە ئەو شتە نییە کە وەها هەلومەرجێک دیاری دەکات.

**پرسیار:** کاتێک دەڵێیت چەوساندنەوە یان سەرکوتکردن واتە ئەمە بە ئەنقەست دەکرێ نەک ئەوەی بە ڕێکەوت بێت. ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە بڕوانین، چۆن شتێکی لەو چەشنە مومکین بوو. لە ڕاستیدا ئەمە لەلایەن پیاوانەوە چۆن خۆی دەرخست؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ئەمە زۆر لەمێژینەیە. من پێموایە ئەبێ لەو بۆچوونەوە دەستپێبکەین کە پێداویستییەکانی ژیان دەگمەن بوون و بەشی هەموو کەسی نەدەکرد. لە ڕۆژگاری

پێش مێژوودا سەردەمانێک بوون کە توانایی جەستە گرینگییەکی زۆری هەبوو. بەهێزترین کەسەکان خاوەنی هەموو ماف و دەسەڵاتەکان بوون و لەباری ئابوورییەوە هێزی زاڵ ئەوان بوون. ئەوان دڵنیا بوون کە قەت بە برسییەتی نامێننەوە. بۆ نموونە لە چین خەڵک زۆر هەژار بوون و منداڵانی کچ، یان دەکوژران یان بەجێیان دەهێشتن کە بمرن. نەیاندەهێشت ژنان توخنی کاری بەرهەمهێنان بکەون بە چەشنێک کە پیاوەکان دەیانتوانی هەموو شتێک بخەنە ژێر دەستی خۆیان. هەمیشە هەر وا بووە. من ئێستا ناتوانم هەموو شتێک سەبارەت بە مێژووی ژنان بگێڕمەوە. بەڵام ئاشکرایە کە لە هەر سەردەمێکدا پیاوەکان بەردەوام هەوڵیانداوە دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە کاتی ڕێنێسانسدا ژنانی پزیشک دەسەڵاتی زۆریان هەبوو. ئەوان سەبارەت بە دەرمان و گیا هەموو شتێکیان دەزانی. دەرمان کردن بە شێوەی ژنانی بەساڵاچوو جاری وابووە کە گرینگی زۆری پێدراوە. دواتر پیاوان کاری پزیشک بوونیان لە ژنان ئەستاندەوە. هەموو ئەو باسانەی لەمەڕ ڕاوکردنی جادووکاران لە بنەڕەتدا ڕێگایەک بوو بۆ پیاوان کە ژنەکان لە کاری پزیشکی و ئەو دەسەڵاتەی لەو ڕێگایەوە دەستیان کەوتبوو دووربخەنەوە. دواتریش لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا یاساگەلێک لەلایەن پیاوانەوە دانرا کە قەدەغەیان دەکرد ژنان کاروباری پزیشکی بەڕێوە ببەن (دەیانخستنە زیندانەوە، سزایان دەدان و شتی لەو نەوعە) ئەگەر نەچووبانە خوێندنگای تایبەتی، کە هەڵبەت لەو شوێنانەیش ڕێگایان نەدەدان! کەوابوو ڕۆڵی پەرستاربوونیان خستە ئەستۆی ئەوان. وەکوو «فلۆرانس نایتینگڵ»، وەکوو جێگر و هاریکار و لەم چەشنە. لەم بوارەدا کتێبی زۆر سەرنجڕاکێش نووسراون کە دەریدەخەن چلۆن پیاوان ڕێگرییان کردووە لە کاری پزیشکی ژنان. من پێموایە ئەگەر سەرنجی بوارەکانی تریش بدەیت هەم ئەم ڕەوتە بەدیدەکەیت. کەوابوو بەڵێ ئیرادەیەک هەبووە. لەوانەیە ئیتر نەتوانن دەسەڵاتیان لێ بستێننەوە، بەڵام ویستی هێشتنەوەی دەسەڵات (لەلایەن پیاوانەوە) بەردەوام بەهێزە. لە هەموو شوێنێکدا بەربەستی ئەوتۆ لەسەر ڕێگای ژنان دانراوە کە نەتوانن هێندێک لە کارامەیی و دەسەڵاتەکان بەدەست بهێنن.

**پرسیار:** ئێوە لە بیرەوەرییەکانتاندا شتی زۆر سەیرتان گوتووە! ئەوەی کە لە کاتی نووسینی «ڕەگەزی دووهەم»دا لە تەمەنی چل ساڵیدا ئەم شتانەتان بۆ دەرکەوتووە. ئەو دۆخەی کە کاتێک بەتەواوی لێی وشیار بوونەتەوە، ئیتر وەکوو ڕۆژی ڕووناک بووە

بۆتان. باشە چۆنە ئێوە وەکوو کەسێکی ڕووناکبیر کە زۆر باش خوێندەواریتان هەیە و خاوەنی بەڵگەی جێگای متمانەی فێرکارین، پێشتر ئەوەتان بۆ دەرنەکەوتووە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لەبەر ئەوەی من لە ژیانی خۆمدا وەکوو ڕووناکبیرێک ئەزموونی ئەو شتەم نەبوو. من بەختم هەبوو کە ناچار نەبووم لەگەڵ پیاوەکان بکەومە کێبڕکێ چونکوو پەروەردە بۆ ژنان و پیاوان ئازادە. من لە زانکۆی سۆربۆن و لە شوێنەکانیتر هاوڕێگەلێکم هەبوو کە لەباری ڕووناکبیرییەوە بەشێوەی یەکسان لەگەڵ مندا ڕەفتاریان دەکرد. بۆیە هەستم پێنەکردبوو. بەڵام چونکوو من نەمدەویست هاوسەرگیری بکەم و منداڵم هەبێت و شێوازی ژیانی ژنێکی ناوماڵم نەبوو — کە چەوساوەترین کار بۆ ژن ئەوەیە – لەبەر ئەوە لە ژێر باری خزمەتگوزاریی ژنانە دەرچووبووم. دواتر کاتێک کە دەستمکرد بە بیرکردنەوە و سەیرکردنی دەوروبەری خۆم، ڕاستیی هەلومەرجی مێیینەبوونم بینی و بەشێکی زۆری ئەوەم لە کاتی نووسینی «ڕەگەزی دووهەم»دا بۆ دەرکەوت.

**پرسیار:** کەوابوو ئێوە کارەکەتان بە ئامانجی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بۆ ژنان دەستپێنەکرد، بەڵکوو ئەمە هەر توێژینەوەیەکی ڕووناکبیرانە بوو؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بە گشتی ئەمە کارێکی تیۆریک بوو نەک کارێکی خەباتکارانە. من زۆر خۆشحاڵم کە دواتر خەباتکاران ئەمەیان بەرجەستەکردەوە. ئەم کتێبە لە ئێستادا ڕۆڵێکی خەباتکارانەی هەیە لە کاتێکدا کە بیری سەرەتایی کتێبەکە شتێکی تر بوو.

**پرسیار:** کەوابوو هەلومەرجێکتان دۆزییەوە، کە لە ڕوانگەی ئێوەوە بەتەواوی ڕوون بوو. ئەی باشە ئەم ڕاستییە چۆن لێکدەدەنەوە کە بە درێژایی چەند سەدەی ڕابوردوو، یان لە سەدوپەنجا ساڵی رابردوودا ژنانێکی زۆر خوێندوویانە، گەیشتوونەتە هەمان ئاستی لێهاتوویی فەرهەنگی و زانستی کە پیاوان هەیانە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا هیچکەس شتێکی لەو چەشنەی دانەڕشتووە کە هاوشێوەی ئەم ڕاستییە بێت: واتە ئەوەی کە ژنان لە مرۆڤایەتیدا لە پلەی دووهەمدان؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لەبەر ئەوە پیاوان هیچ بەرژەوەندییەکیان لە وەها داڕشتنێکدا نەبووە.

**پرسیار:** وەلێ خۆ ژنەکان دەیانتوانی ئەو کارە بکەن؟ هەم مافی ئەوەیان هەبوو هەمیش دەستیان دەگەیشتێ.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** هەڵبەت ژنانێک هەبوون کە دەنگیان هەڵبڕی و هاواریان کرد. بۆ نموونە لە ئینگلستان ژنانێک هەبوون کە لەسەریان نووسی. بەڵام ئەمە وانەبوو بگاتە ڕادەی هاوارێک بۆ سەرهەڵدان وەها کە ببیسترێت و ئەوانیتریش ئاڵاکەی بەرز بکەنەوە. پێموایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ژنان بەگشتی فێمینیست نین و ئەگەر ژمارەیەک لەوان بۆ سەرهەڵدان دەنگ هەڵبڕن، لەلایەن ژنانی ترەوە دەنگەکەیان نابیسترێت. دڵنیام کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەکرێ هۆکاری تریش باس بکرێت. ئەم هەڵوێستی هیچ نەکردن و خۆبواردنە ڕێگربوو لە هاتنەپێشەوەی ئەوان، وایدەکرد کە ئەوان گلەیی بکەن و دڵیان بڕەنجێت بەڵام زۆر بە دەگمەن دەگەیشتە یاخیبوون. یەکەم، هەروەکوو پێشتریش باسم کرد، لەبەر ئەوە کە ژنان هەر لە سەرەتای منداڵییەوە شێوازێکی فۆرم گرتنیان هەیە و ئەم پێکهاتانەن کە دەخرێنە مێشکیانەوە و دوایەش لەناوبردنی ئەوانە بەتەواوی کارێکی زۆر دژوارە.

**پرسیار:** ئایا دەکرێ نموونەیەکمان بۆ بهێنیتەوە لە منداڵ کە لە چ تەمەنێکدا فۆرم دەگرێت و هەروەها ئەو چەشنە ڕەفتارەی باسی لێوەدەکەیت کامەیە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** هەر ئەو کتێبەی «ئێلێنا بێلۆتتی» کە پێشتر گوتم، ئەو خانمە پزیشکی پسپۆڕی منداڵانە و لەم بابەتەوە زانیاری زۆری هەیە. کتێبەکەی ئەو دەریدەخات کە تەنانەت لە کاتی شیردانیشدا دایکەکان ڕەفتاریان لەگەڵ کچەکاندا جیاوازە و تا ڕادەیەک لە کوڕەکاندا زیاتر لە کچەکان هاندەری چەشنێک لە شەڕانگێزین. کوڕ، هەر کە تەمەنی بەرەوژوور هەڵکشا، سەرەتای دەستپێشخەری دەردەکەوێت. بۆ وێنە کە دەیهەوێت سەربەخۆبێت، جەربەزەی هەبێت و جرتوفرت بکات، هانی دەدرێت و ئەم کارانەی بە ڕابواردن دادەنرێت. لەکاتێکدا منداڵی کچ خێرا دادەمرکێننەوە. بە درێژایی مێژوو و تەنانەت لە ئێستایشدا زۆرێک لە دایکان و پەرستارانی منداڵ بە گونی منداڵی کوڕ یاری دەکەن و دەیکەنە کەسییەتییەک. وای لێدێت کە منداڵی کوڕ لە دوو یان سێ ساڵییەوە نزیکەی ئاساییە بۆی کە نیشانی بدات! ئەمە لە کاتێکدایە کە کچانی منداڵ ڕێک بەپێچەوانە فێردەکرێن کە بیشارنەوە و هیچ شتێک نیشان نەدەن. لە دایەنگا و لە ناو منداڵاندا زۆر ئاشکرایە کە منداڵانی کوڕ لەشی خۆیان بەتەواوی دەردەخەن لە کاتێکدا کچە منداڵەکان دەبێ ئەوە نیشان بدەن کە پێی دەگوترێت شەرم و حەیا. کە

ئەمەیش لە ڕاستیدا چەشنە ئاکارێکی نۆژەنکراوەیە.

**پرسیار:** بە واتایەکی تر ژنان و دایکانن کە ئەم هەڵواردنەیان پێکهێناوە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** تا ڕادیەکی زۆر بەڵێ! ئەوان وەکوو کچانی ئەم ژنانە نەریتەکان دەپارێزن. چونکوو هەروەکوو گوتم ئەم مودێلی ژن بوونە بە جۆرێک لەواندا ڕیشەی داکوتاوە کە پێیانوایە ئەگەر ژنێک وەکوو ئەوان نەبێت ئەوە دەعبایەکە و دڵەڕاوکێی ئەم ژنانە ئەوەیە کە کچەکانیان خاوەنی ژنێتی بن. کەوابوو بەڵێ ئەوە ژنان خۆیانن وادەکەن. بەڵام هەڵبەت لە ژێر گوشاری پیاواندان. لەبەر ئەوەی پیاوان بە گشتی ژنانیان فێرکردووە کە ئاکاری لەم چەشنەیان هەبێت: بەستراوە، هیچ نەکەر، گوێڕایەڵ و خۆخۆر و هیتریش.

**پرسیار:** ئایا ئەمە لەڕاستیدا هەلومەرجێکی ئابووری نییە؟ چونکوو هەتا ئەم دواییانەیش باشترین شتی گونجاو بۆ کچێک جوانییەکەی بوو. ئەوەی کە بەدڵی پیاوان بێت و بتوانێت لە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە یان لە ڕێگایەکی ترەوە پشتیوانی ماددی بۆخۆی دابین بکات.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بە دڵنیاییەوە هۆکاری ئابووری هەیە، بەڵام ئەمەیش هەر لەوێوە دێت کە پێشتر گوتم. لەبەرچی ئەم گرێداروبوونی ئابوورییە هەیە؟ چونکوو پیاوانن کە خاوەنی هەموو کارەکانن، بەتایبەت باشترین پیشەکان هی ئەوانە. لە ئاستی خوارەوەدا هەڵبەت وەهایە کە کارە قورسەکان بۆ نموونە لە کێڵگەکان هەم لەسەرشانی پیاوانە و هەم ژنان. وەلێ لە ئاستی باڵادا وێدەچێت پیاوان توانیوویانە ژنان ناچارکەن کە لەباری ماددییەوە سەربەخۆ نەبن. بەڵکوو پشت ئەستوور بن بە مێردەکانیان و خۆیان ببەستنەوە بەو کارانەی کە بۆ شارستانییەت زۆر گرینگە، واتە کاری ناوماڵ! ئەم چەشنە کارکردنە زۆرەملییە یەکێک لە شەرتومەرجە سەرەکییەکانە کە بەسەر ژناندا سەپێندراوە. کارێکە هیچ هەقدەست و پارەی مانگانەیەکی نییە و هەر ئەمەیش ڕێگایان پێدەدات کە لەلایەن مێردەکانیانەوە یان لە باشبژێێتی و یان لە هەژاریدا ڕابگیرێن. بەڵام هیچ قازانجێکی ئابوورییان بۆ دابین ناکات. بایەخی ئەم کارەی کە دەکرێ، بە فەرمی ناناسرێت. ئەمە زۆر گرینگە. من بەوردی ژمارەکانم لەبەردەستدا نییە، وەلێ پێموایە کە ئاماری ساڵی ١٩٥٥ دەریدەخات ئەو ساڵە لە فەرانسە لەبەرامبەر چلوپێنج میلیارد کاژێر کار کە هەقدەستەکەی دراوە، نزیکەی چلوشەش میلیارد کاژێر کاری ناوماڵ کراوە

بەبێ ئەوەی هەقدەستێک درابێت! ئەگەر ژنان ڕاپەڕیبایەن و شۆڕشیان هەڵگرساندایە، ئەگەر ئامادە نەبوونایە کە کاری ناوماڵ بکەن یان ئەوەی پیاوان ناچاربکەن شانبەشانی ئەوان کارەکان بکەن، ئەگەر ئیتر ئەم چەشنە کارە ژێرزەمینییانە نەکەن کە من دەڵێم مەحکووم کراون بە ڕاپەڕاندنیان- چونکوو ئەم چەشنە کارەی ساڵ لەدوای ساڵ دەیکەن بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی خولقێنەربێت، ئەمە لە ڕاستیدا بەسەردا سەپاندنە!- ئەگەر لەم ئاستەدا گۆڕانکارییەک پێک بهێندرێت، هەموو کۆمەڵگاکە ژێروژوور دەبێت.

**پرسیار:** ئێوە دەڵێن بەبێ هیچ کارێکی خولقێنەر. بەڵام زۆر لەو ژنانەی سەیری ئەم بەرنامەیە دەکەن لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەخێوکردنی منداڵان و سەرکەوتن لە وەها ئەرکێکی زۆر سەختدا، واتە ئامادەکردنی نەوەی داهاتوو بە باشترین شێوەی گونجاو — کە ئەمە کارێکە لە ڕاستیدا ژنان دەیکەن — هەروەها شتی پچووکی تریش وەکوو دابینکردنی ماڵ و کەشوهەوایەکی خۆش بۆ بنەماڵە، ئەمە شتێک نییە کە حیسابی بۆ نەکرێت. ئێوە دەڵێن چی؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** من نەمگوتووە حیسابی بۆ ناکرێت، گوتم پڕبەرهەم نییە، ئەم کارە بەناو «بایەخی ئابووری» پێک ناهێنێت. لەم کارەدا کە هەڵبەت دەتوانێت جێگای سەرنج و پڕسامانیش بێت، بەشێکی گەورەی — من سەبارەت بە کاری ناوماڵ دەدوێم — کاری ڕووتین و دووبارەکردنەوەیە کە بەردەوام ئەنجام دەدرێتەوە. بەتایبەت ئەم چەشنە کارە بە شێوەیەکی ترسناک ژنان دەبەستێتەوە. چونکوو لەئاکامدا تەنها ژنانن کە دەتوانن ئەم کارە بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە مێردێک ڕایاندەگرێت و ژیانەکەیان بۆ دابین دەکات. ئەگەر مێردەکە بەرەو ژنێکی تر بچێت، لەم ماندووبێت و یان ژیانەکەی بۆ ئەستەم بکات، لێی جیابێتەوە و یان تەڵاقی بدات، ژنەکە خۆی لە دۆخێکدا دەبینێتەوە کە هیچ دەرەتانێکی تری بۆ پشتگیری لەخۆی نییە. من لەگەڵ ئەم چەشنە دۆخەدا بەتەواوی ئاشنام. چونکوو لەو کاتەوە کە کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»م بڵاوکردەوە، نامەگەلێکی زۆرم لە ژنانەوە پێگەیشتووە کە متمانەیان پێم کردووە و کەموزۆر بەدرووردرێژی و جاری وایە زۆر بە وردەکارییەوە نامەیان بۆنووسیووم و بەردەوام بۆم دەنووسن. یەکێک لەو حاڵەتانەی کە زۆر دووپات دەبێتەوە ئەمەیە کە ژنێک بۆم دەنووسێت کە نزیکەی سی ساڵ تەمەنییەتی، لە بیستساڵیدا و بەخۆشی خۆی هاوسەرگیری کردووە، لە ماڵداری و گەورەکردنی منداڵەکانی خۆشحاڵ و بەتەواوی ڕازییە. دوایە لە سی ساڵیدا لەگەڵ مێردەکەی تووشی کێشە دەبن. یان مێردەکە ماڵ بەجێدەهێڵێت و یان ئەوەی

که ژنەکە ئیتر بەرگەناگرێت. لەپڕێکدا ئەم ژنە هیچی نییە. بەبێ پیشە ماوەتەوە و منداڵەکانی لەباتی ئەوەی مایەی شادمانی ئەو بن، دەبنە بارێک بەسەر شانییەوە چونکوو دەبێ بەتەنیا خۆی گەورەیان بکات کە کارێکی زۆری دەوێت. دەیجا، ئەم ژنە جاری وایە زۆر بە قەڵسییەوە پەشیمانە لەو ڕاستییە کە تەنانەت ئەگەر هاوسەرگیریشی کردووە، نەکەوتووەتە شوێن کارێک بە چەشنێک کە سەربەخۆیی ئابووری ئەو دابین بکات.

**پرسیار:** ئێوە باس لە دۆخی سیساڵی دەکەن کە دەرفەتی دۆزینەوەی کارێکیان هەیە. وەلێ لە پەنجا ساڵیدا ئەوە هەر ناگونجێت. ئەو باسەی ئێستا سەبارەت بە چاکسازی یاسای تەڵاق دەکرێت ئەم کێشەیە زۆر بەرجەستە دەکاتەوە. کە ژنێکی ناوماڵ و دایکێک لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا هیچ مافێکی نییە! هەڵبەت چونکوو کاریشی نییە، لە ئێستادا هیچ دەرفەتی پشتگیری کردنیشی نییە.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەتەواوی وایە. تەنانەت لە چل ساڵیشدا کە ئەمە لەو دۆخانەیە کە زۆر دەبیندرێت، ژنان هیچ کاتێکیان بۆ فێربوونی پیشەیەکی تازە نییە. لە هێندێک حاڵەتی سەرسووڕهێنەردا ژنان پێگەیەکی تازە دەستەبەر دەکەن کە ئەمەیش زۆر ڕێزپەڕە. ئەمکارە وزەیەکی زیادیی لە ژنان دەگرێت کە لە تەمەنی چل ساڵیدا خۆیان بە تەنها دەبیننەوە و دەبێ ژیانی خۆیان سەرلەنوێ پێکەوەبنێن لە دۆخێکدا کە تەنهایە و منداڵەکانی گەورەبوون و یان هاوسەرگیرییان کردووە. بەبێ ئەوەی کە مێردێک هەبێت پشتگیری لێبکات. تەنانەت ئەگەریش هەیبێت، واتە پیاوێک کە کەم تا زۆر لەگەڵی پێکەوە بگونجێن، ئەم ژنە بەشێکی بەرچاو نییە لە کۆمەڵگاکە.

**پرسیار:** قسەی نامەگەلێکتان کرد کە سەبارەت بە «ڕەگەزی دووهەم» پێتان گەیشتووە. کاتێک کە کتێبەکە چاپ کرا، ئەگەر وەکوو بەرهەمێکی خەباتکارانە سەیری نەکرا، بۆ خەڵکێکی زۆر تا ڕادەیەک وەکوو ئابڕووچوونێکی ڕووناکبیرانە وابوو. پێشوازی لە «ڕەگەزی دووهەم» چۆن بوو؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لە فەرانسە، هەروەکوو «ژوولیەن گراک» [Julien Gracq] گوتی، گەلە سەگی هار بەربوون. پیاوانێکی زۆر ئێجگار زۆر تووڕە بوون. تەنانەت هێندێک لەوانەی کە پێموابوو چەپگرا، لیبراڵ و یەکسانیخوازن، لە کتێبەکە هەڵچوون.

**پرسیار:** لەبەر ئەوە کە ململانێی باڵادەست بوونی ئەوانی دەکرد؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵی وایە. لەبەر ئەوەیش کە «ئالبێر کامۆ» گوتەنی، من گاڵتەم بە «پیاوەتی» فەرانسەیی کردبوو! کاردانەوەی ئەمریکاییەکان زۆر وەرگرتر بوو. ڕەنگە لەبەر هەبوونی هەستی یەکسانی زۆرتر لە نێوان پیاوان و ژناندا. بە گشتی پێشوازی ژنان لە کتێبەکە ئەرێنی بوو. وەڵی بەتایبەت نەک لەو ساڵەدا کە چاپکرا، بەڵکوو دواتر کە وردە وردە ڕۆچوونە ناو گرینگی کتێبەکە، وەرگیرا و لێی تێگەیشتن، هاتنی ئەو نامانەی کە باسمکرد دەستیان پێکرد.

**پرسیار:** وابزانم تەنها لە ئەمریکا ٧٥٠ هەزار دانەی لێ فرۆشرا؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ئەوە لانیکەمە. پێموایە ئێستا لە بەرگی نەرمدا گەیشتووەتە یەک ملیۆن.

**پرسیار:** لە فەرانسە تا ڕادەیەک خێرا زیادی کرد و بەسەرکەوتنەوە بەرەوپێش چوو.
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ لە فەرانسە تا ڕادەیەک خێرا ڕۆیشت وەڵی ژمارەکەی بەوردی نازانم. ئێستا کە لە بەرگی نەرمدا هەیە پێموایە خوێنەرێکی زۆرتر بدۆزێتەوە. وەڵی من نائومێد بووم لە کاردانەوەی نەرێنی پیاوانێک کە پێموابوو لایەنگری یەکسانین و هەروەها کومونیستەکانیش کە هەر بە تەواوی بەسەر کتێبەکەدا ڕووخان. گۆڤاری «نامەکانی فەرانسە» نووسی کە ئەم کتێبە هیچ کەڵکێکی بۆ کرێکارانی ژن لە کارخانەکان نییە. ئەم قسە بەتەواوی ناڕاستە. هەموو ئەو کێشانەی کە من لەسەریان دەدوێم، هەم ژنانی کرێکار لە کارخانەی «بیلانکوور» دەگرێتەوە و لەوانەیە زیاتریش، هەم ژنانی چینە باڵادەستەکان.

**پرسیار:** کومونیستەکان لەبەرچی دژ بەم بۆچوونانە بوون؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ئێستا کەمتر دژایەتی دەکەن. بەڵام مێژووی کومونیسم و ژنان مێژوویەکی ئاڵۆزە چونکوو کومونیستەکان کێشەکانی ژنان بە بابەتێکی پلە دووهەم دادەنێن. دژایەتی نێوان دوو ڕەگەز بە بەراورد لەگەڵ دژایەتی چینایەتی کە پێشتریەتی پێدەدرێت، لە پلەی دووهەمدایە. دەزانیت کە «ژانێت ڤێرمیخ» (Jeannette Vermeersch) بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دژبە لەباربردنی کۆرپەڵە بوو. ئەوان لە هەڵوێستەکانیان پاشگەز بوونەتەوە. بەڵام بەگشتی ئەوان کێشەکانی ژنان بەتەواوی بە کێشەی چینایەتییەوە گرێدەدەن.

**پرسیار:** دەگوترێت کە ئەگەر شۆڕشێک سەرهەڵبدات و کۆمەڵگا گۆڕانکاری بەسەردابێت، ئەمە خۆبەخۆ ئاڵوگۆڕ لە دۆخی ژنانیشدا پێکدەهێنێت.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ، بەڵام من دەبێ بڵێم کە کاتێک لە ساڵی ١٩٤٩دا کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»م نووسی تا ڕادەیەک ساویلکە بووم. من پێموابوو پێشتریەتی بە خەباتە بۆ شۆڕش کردن چونکوو من لایەنگری چەپم و لەئاکامدا خوازیاری گۆڕانکاری تەواوم لە ڕژیمدا و لایەنگری ڕووخانی سەرمایەداریم. وەلێ پێموابوو کە ئەمە تەواوی ئەو شتەیە کە بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان پێویستە. بەڵام بۆم دەرکەوت کە من هەڵەم. نە لە یەکێتی سۆڤییەت، نە لە چێکوسلۆڤاکی یان هەر وڵاتێکی سوسیالیستی و نە لە هیچ حیزبێکدا بە دیاریکراوی حیزبی کومونیست، نە لە یەکێتی کرێکارییەکان و لە پێشکەوتووترین بزووتنەوە چەپەکانی ئەمڕۆدا چارەنووسی ژنان وەکوو چارەنووسی پیاوان نییە. هەربۆیەشە کە بڕیارم دا ببم بەوەی کە خۆم پێیدەڵێم فێمینیست. ئەویش بە شێوەیەکی خەباتکارانە. فێمینیستێکی خەباتکار واتە هاتن بۆ ئێرە و قسەکردن سەبارەت بە فێمینیسم بۆ تەواوی ئەو ژنانەی کە دەخوازن گوێ لە من بگرن. من بۆم دەرکەوت کە خەباتێکی دیاریکراوی فێمینیستی هەیە و نابێت خەبات دژ بە «بایەخە پیاوسالارانەکان» بە هەڵە بە شەڕ لە دژی بایەخەکانی سەرمایەداری بزانین. بە بۆچوونی من پێویستە ئەم دوو خەباتە پێکەوە ببرێنە پێش. ناکرێ بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی چینایەتییەوە بە شێوەی ڕادیکاڵ بگۆڕدرێت، دۆخی ژنان بە چەشنێکی بنەڕەتی تووشی ئاڵوگۆڕ ببێت. بەڵام ئەمەیش خەیاڵکردنە ئەگەر پێمان وابێت کە خەباتی چینایەتی بە تەنها بەسە و دەتوانیت پشتگیری لە تێکۆشانی ژنان بکات. ئەمە خەباتێکە دەبێ لەلایەن ژنانەوە ببرێتەپێش. هەربۆیەش ئەو بزووتنەوانەی وەکوو MLF واتە ‹بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان› کە جاروبار دەکەونە بەر تەوس و گاڵتەپێکردن، بەتەواوی بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆ پێویستن.

**پرسیار:** کەوابوو مەبەستتان ئەوەیە کە فێمینیسم ڕۆڵی هەیە لەو کۆمەڵگایەی کە من و ئێوە تێیدا دەژین. وەلێ هەروەها لە وڵاتانی کومونیستی کە لە ئێستادا فێمینیسمی لێ نییە.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لە وڵاتانی کومونیستی پێموانییە ژنان بتوانن بزووتنەوەیەک لە چەشنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان دابمەزرێنن. ئەگەر توانیبایان زۆر باش دەبوو. چونکوو پێموایە ئەم بزووتنەوەیە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر بە کەڵکە. یەکەم لەبەر

ئەوەی یەکێک لە بیرۆکەکانی ئەوەیە کە ژنان بەدەوری یەکەوە کۆببنەوە و لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن. ئەوەی کە لە ناوماڵدا ئەزموونی دەکەن، دوژمنایەتی و تووڕەیی پێکدەهێنێت چونکوو ژنانی ناوماڵ خۆ هەمیشە فریشتەی شیرین نین لە ماڵەکەدا. سەرەڕای هەموو شت، ئەوان هەست بە زوڵم دەکەن. ژنان لەباتی ئەوەی لەم بێدادییەدا خۆڕاگر بن و بە شێوەیەکی بێسوود خۆیان سەرکۆنە بکەن، زۆر باشترە کە سەبارەت بە کێشەکانیان پێکەوە بدوێن و بەشوێن ڕێگاچارەیەکدا بگەڕێن. تەنها لەناو خۆیاندا و نەک لەبەرامبەر پیاوان و یان لەگەڵ ئەواندا. ئەم کارە ئەوان لە بێ هیوایی دووردەخاتەوە و یارمەتییان دەدات کە سەر لە پێگەی خۆیان دەربێنن. سەبارەت بەو دۆخە بیر بکەنەوە. من دڵنیام کە ئەوان پێیانخۆشە بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە یەکگرتوو بن. کەوابوو ئەم کارە ئێجگار زۆر بەکەڵک دەبێت و کاریگەرییەکانی ئەوەندە بەرین دەبن کە هەموو کۆمەڵگاکە بەرەو ئاڵوگۆڕ دەبات.

**پرسیار:** ئێوە دەڵێن کە بیرکردەوە یارمەتی ئەوان دەدات لە کاتێکدا کە ئەوان ئەوەندە ئاوێتەی سیمای نەریتی ژن بوون و دایک بوونن، کە ئێستا لە زۆربەی گەورەساڵاندا و لە شێوازای بیرکردنەوەی ئەواندا خۆی بە چەشنێک نیشاندەدات. پێدەچێت گرفتی سەرەکی ئەوە بێت کە ژنان لە گۆشەنیگایەکی نوێوە سەیری خۆیان بکەن. ئەمە دەتوانێ ببێتە خاڵێکی دەستپێک بۆ گۆڕانکاری، وەلێ ئەمە هێشتا ڕووی نەداوە.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** هێندێک لەوان بێگومان لە گۆشەنیگایەکی نوێیوە سەیری خۆیان دەکەن. بەڵام ئەوەی کە قووڵایی کارتێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لەسەریان تا چ ڕادیەکە، ئەمەیان ئەستەمە بیزانین. ئەوەی کە ئایا ژنان تا چ ئاستێک بە بینینی نموونەی ژنانی پێشڕەو و گوێگرتن لە دەنگی ئەوان سەبارەت بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردن وشیار بوونەتەوە، من نازانم. بەڵام پێدەچێت کە کەمتر لە جاران خۆیان لەم شتانە لادەدەن.

**پرسیار:** نیشانەی زۆر دەرکەوتووە. بۆ نموونە لە مەیدانی سیاسەتدا پێداگری زۆرتر دەکرێت لەسەر دەرکەوتنی ژنان لەناو حکوومەتدا، تەنانەت ئەگەریش سیمبۆلیک بێت بایەخی پێدەدرێت. لەم ڕۆژانەدا قسەوباسی زۆر دەکرێت سەبارەت بە بارودۆخی ژنان و ئەوەی کە دامەزراوەیەک و یان تەنانەت وەزارەتێک دەبێ بۆ ئەو کارە تەرخان بکرێت. ئایا بە ڕای ئێوە، ئەمە نیشانەی گۆڕانێک نییە کە پیاوان ناچار بووبن قبووڵی بکەن؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ، بەڵام ئەمە چەشنێک سەرسامکردنە. چونکوو بە بڕوای من ئەم «نووسینگەی بارودۆخی ژنان» هەر تەنها سەرسامکردن و ئاڵۆزکردنە. ئەمە ئێسقان فڕێدانە بۆ بەردەم ژنان بۆ ئەوەی پێیانوابێت کە بوونەتە جێگای سەرنج و ئاوڕدانەوە. لەکاتێکدا کە لەڕاستیدا [خاتوو] «فرانسواز ژیرۆ» دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هیچ کارێکی نییە. بوودجەیەکی لەبەردەستدا نییە، پارەی پێنادرێت. تەواوی کارەکەی دەبێتە ئەوە کە چەند پێشنیارێکی شەرمنانە پێشکەش بە پیاوەکان بکات. پێشنیارەکانی تەنها ئەو کاتە وەردەگیرێن کە خودی پیاوەکان سەلماندبێتیان. کەوابوو ئەمە تەنها چەشنێکە لە سەرسامکردن.

**پرسیار:** بەڵام ئیوە دەڵێن کە فێمینیسم چیتر ناتوانێت بەتەواوی خەبات بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بگرێتە خۆ. ئەگەر بمهەوێ پوختەی بۆچوونەکەتان بڵێم ئەمەیە: ئێمە ناتوانین چاوەڕێی شۆڕش بین و بارودۆخی ژنان دەبێ پێش، پاش و لەگەڵ شۆڕشەکەدا تووشی گۆڕانکاری ببێت. ئایا مانای ئەم قسە ئەوەیە کە هەموو شتێک بۆ ژنان باش نییە؟ بۆ وێنە ئەو هەنگاوانەی کە لەوانەیە بە کەم و وردەکاری بزانرێت و یان تەنها سەرەتایەک بێت. ئایا ئەمە لە هیچ باشتر نییە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** نەخێر. هێندێک شت هەیە کە باش نین. جاری وایە شتی وا دراوە بە ژنان کە تەنها «ئێسقان بووە بۆ ئەوە گازی لێبگرن»، ئەمە سەرسامکردنە. لە ڕاستیدا ڕێگایەک بووە بۆ بڵاوە پێکردنی ژنان. ئەوەی کە ئەوان پێیانوابێت هێندێک کاریان بۆ کراوە، کەچی هیچیش نەکراوە. ئەمە نەک تەنها شێوەیەکە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرهەڵدانی ژنان، بەڵکوو بەچەشنێ دژایەتی کردن، سەرکوت کردنی بزووتنەوەکە و وادەرخستنە کە گوایە هەر لە بنەڕەتدا پێویست بەوە ناکات. لەبەرامبەر ئەوەدا ئێمە فێمینیستەکان — دەڵێم ئێمە چونکوو هەروەکوو ئاماژەم پێکرد، من یەکێکم لەوان — دژ بە ملکەچ بوونین و دەمانەوێ درێژە بدەین بە خەبات و شەڕی لەگەڵدا دەکەین. لانیکەم ئێستاکە بەهۆی خودی ژنانەوە و بۆ ژنان، نەک لە ڕێگای دامەزراوەکانی وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان، یۆنێسکۆ و بەناو «ساڵی ژن» کە ئەوەیش خۆی سەرسامکردنێکە. ئێمە لەڕاستیدا ناتوانین لە حکوومەتێک کە بۆ دانانی ئاسایش پێکهاتووە، واتە ئەو ئاسایش و ڕەوشەی ئێستا هەیە، داوابکەین ژنان ڕازی بکات. ژنان خوازیاری گۆڕانکاری ئەوەندە قووڵن لە بارودۆخی ئێستادا کە ئەو ئاسایشە ژێروژوور دەکات.

**پرسیار:** باشە، بەڵام ئێوە دەبینن کە کاتی شەڕی شۆڕشگێڕانەدا بۆ نموونە ئەوانەی بۆ نەهێشتنی کۆلۆنیالیسم بووە، ئەو ساتە کە بارودۆخی بەکۆلۆنیکراو و سەرکوتکراوەکان هەرە هەستیارە، کاتێکە کە بە بەشێکی کەم لە داواکارییەکانیان ڕازی بوون. ئەنجامی ڕەزامەندبوون بە بەشێک لە خواستەکان قەت نەبووەتە هۆی کۆیلە بوونی خەڵکێک کە پارێزگاری لە ئامانجەکەیان دەکەن. بەپێچەوانە، ئەمە ئەو شتەیە کە وشیاری ئەوان دەباتە سەرەوە. ئایا ئەم وشیارییە هێزێک نییە کە دەستیکردبێت بە جووڵان؟ پێتوانییە کە ئەوە ئەم وشیاربوونەوەیە بە بۆچوونی من، نەک ئەوەی کە جەنابی «ژیسکار دێستەن» [سەرەککۆماری ئەوکاتی فەرانسە] وابیردەکاتەوە کە چەند هەنگاوێکی ڕووکەشی بتوانێت ئەوان ملکەچ بکات. ئەو لەوانەیە هەوڵبدا کارێک بکات کە هەستدەکات ڕەوتێکی بەرەو گەشەیە.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** وایە بەڵام سەرەڕای ئەوەیش ڕێگایەکە بۆ ملکەچ کردنی ژنان. هاوکات ئەگەر ئەم هەنگاوانە ئەمڕۆ بەڕاستی بۆ ژنان کەڵکیان هەبێ، هەڵبەت پێویستە قبووڵ بکرێن. بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەپێش چاو بێت کە ئەمە تەنها هەنگاوێکی کاتییە. ڕێک هەروەکوو ئەو نموونەی ئێوە سەبارەت بە نەهێشتنی کۆلۆنیالیسم باستان لێوەکرد. ئەوانەی کە بە کۆلۆنیکراون لەوانەیە چەند چاکسازییەکی پچووک بسەلمێنن، وەلێ ئەوان بۆ زۆر زیاتر لەوانە تێدەکۆشن. ئەگەر ئەم ریفۆرمانە تەنها بۆ نواندنی ئەوە بێت کە گوایە وەڵامدەرەوەی خواستەکانی ئەوانە، ڕەدی دەکەنەوە. هەربۆیەشە کە بەبۆچوونی من یاسای لەباربردنی کۆرپەڵە ناتوانێ زۆر بڕ بکات. وەلێ هەڵبەت نابێ رەد بکرێتەوە، دەبێ ئەمە وەکوو یەکەم هەنگاو بەرەو ئازادی تەواو بۆ لەباربردنی کۆرپەڵە وەربگیرێت. ئازادی زیاتر و ڕزگاریی زیاتر بۆ هەموو ژنان بە گشتی. ئەوەش بڵێم کە کێشەی لەباربردنی کۆرپەڵە ئەو شتەیە کە ئێمە فێمینیستەکان دەتوانین شانازی پێوە بکەین. چونکوو من دڵنیا نیم کە ئەگەر ئێمە نەکەوتینایە ئیمزا کۆکردنەوە ئەم یاسایە لەئارادا دەبوو. ئێمە بۆ «مانیفێستی ٣٤٣» کە جاری وایە بە «مانیفێستی ٣٤٣ قەحبەکە»یش ناوی دەرکردووە ئیمزامان کۆکردەوە. لەم مانیفێستەدا باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە — هەموو ژنە ناسراو و نەناسراوەکان — بەدرێژایی ژیانمان کۆرپەڵەمان لەباربردووە. دوابەدوای ئەوە دادگای ناوچەی «بووبیگنی»[پاریس] بیروڕای گشتی وروژاند. لەسەر شەقامەکان ڕێپێوانی ئێجگار زۆر کرا کە داخوازییەکەی بە یاسایی کردنی لەباربردنی کۆرپەڵە بوو. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو خاڵە بوو کە لەمپەرە چینایەتییەکانی تێکشکاندبوو. چونکوو ئەم بابەتە هەم جێگای سەرنجی ژنانی چینی کرێکار بوو هەم ژنانی چینی

بوورژوا. لە ڕوانگەی منەوە ئێمە توانیمان گوشارێکی زۆر گەورە بخەینە سەر ئەو حکوومەتەی ئێستا کە بەو چەشنە نەریتی، کۆنخواز و لایەنگری ئاسایش و ڕەوشی ئێستایە.

**پرسیار:** ئێوە ڕاستەوخۆ لە بواری فێمینیسمەوە چوونە ناو ئەم کارەوە. هەر لە سەرەتای کرانەوەی بابەتی لەباربردنی کۆرپەڵەوە و وەکوو شایەتێک بەشداریتان کرد لە دادگای بوبیگنی [Bobigny trial] . ئایا دەکرێ بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو، ئەمە بە سەرەتای فێمینیسم لە فەرانسە دابنێین؟ چونکوو ئەم بابەتە وەکوو پاڵپێوەنەرێک وابوو بۆ ژنان کە یەکبگرن و وشیاربنەوە کە دەتوانن شتێک وەدەست بهێنن. لە ئاکامدا ژنان بیروڕای گشتییان ورووژاند و دواتر پیاوەکان بوون کە پەسەندیان کرد! کەوابوو لە سەردەمێکی دیاریکراودا ئەمە بوو بە دەستپێکی فێمینیسم لە فەرانسە.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بە دڵنیاییەوە. لە عەینی حاڵدا دەکرێ بڵێین کە ئەوان «ئەسپێکی شەڕ»ی زۆر چاکیان دەستکەوت، کە لەباربردنی کۆرپەڵە بوو و ئامادەبوون بچنە شەڕەوە. (ئاماژەیە بە ئەسپی تروا. و). بەشێکی گرینگی مێژووی فێمینیسم لە ساڵی ١٩٦٨دا دەستی پێکرد. ساڵی ٦٨ (بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ لە فەرانسە. و) ئەم بیرۆکەیە دا بە خەڵک کە ئەوان خۆیان دەبێ سەرەداوی کارەکان بەدەستەوە بگرن. لاوان، خوێندکارانی ناوەندی و زانکۆکان و سەربازەکان لە دراگینیان (مەدرەسەیەکی سەربازی بەناوبانگ لە شاری Draguignan و). دەیجا، ژنانیش بڕیاریاندا کاروبارەکان بەدەست خۆیانەوە بگرن، بەبێ ئەوە پەنا بۆ یاسا و ڕێساکان ببەن و یان ئەوەی کە گوشار بخەنەسەر بۆ دەرچوونی یاسا. بەڵام تەنانەت لەوەیش زیاتر بە شەڕکردن بە شێوەگەلی بەتەواوی نوێ. هەموو ئەمانە ساڵی ١٩٦٨ دەستیپێکرد. ئاکامێکی تری ساڵی ٦٨ ئەوە بوو کە زۆرێک لەم ژنانە تێوەگلان لە چالاکییەکانی تاقمە چەپڕەوەکاندا. لەوێ بۆیان دەرکەوت کە تەنانەت لە نێو ئەو هاوڕێیانەشدا کە وێنایان دەکرد لەباری سیاسییەوە یەکسان بن، لەوێیش لەگەڵیان وەکوو «ژنان» هەڵسوکەوت دەکرا. پیاوەکان وتاریان دەخوێندەوە، ژنەکان تایپیان دەکرد و دەیاننووسییەوە! پیاوەکان بەشدارییان دەکرد لە لێدوانەکاندا و ژنەکانیش قاوەیان بۆ ئامادە دەکردن! ئەمە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا و ئەو هەستە بەهێزەی پێدان کە تەنانەت لە دیموکراتیک ترین و یەکسانترین ڕێکخراوەکانیشدا لەگەڵ ژنان هێشتا هەر وەکوو «ژنان» هەڵسوکەوت دەکرێت. کەوابوو، «وەرن با پێکەوە وەکوو ژنان کۆببینەوە و تێبکۆشین بۆ گۆڕانکاری، بۆ گۆڕینی پێگەکەمان و بۆ ڕێبەرایەتیکردنی خەباتەکەی خۆمان.»

**پرسیار:** لە هێندێک لە بیرەوەرییەکانتاندا ئێوە باس لە کاردانەوەی هێندێک لە پیاوان دەکەن، «چەپی پیاوانە» کە بە توندی دژە فێمینیست بوون. ئێوە خۆتان لە بەرەی چەپەکاندا ژیاون، لەگەڵ تاقمی بە بیروڕای جیاوازدا ئاشناییەتیتان هەیە. چۆن ئەم کێشە ڕوون دەکەنەوە کە چەپ زیاتر لەو خەڵکانەی تر کە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە، ئەوەندە فێمینیست نین؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** هۆکارەکەی ئەوەیە کە چەپیش، هەر وەکوو هەر حیزبێکی تر زۆربەیان پیاون و پیاوان قەت پێیانخۆش نییە ئەو مافە تایبەتییانەی هەیانە لە کیسیان بچێت! ئەوانەی مافی تایبەتیان هەیە خوازیاری ئەوەن کە پێگەی تایبەتی خۆیان بپارێزن. ئەوانە لە حیزبی کومونیست، سوسیالیست و یان هەر حیزبێکی تریشدا پێگەیەکی باشتریان هەیە و لە ئاکامدا وەکوو پیاوان هەڵسوکەوت دەکەن، نەک پیاوانی چەپ و پێشڕەو. ئەمە شتێکی زۆر گرینگە.

**پرسیار:** لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، چەپ دژ بە مافی تایبەت خەبات دەکات. ئەگەر وایە دەبوو ئەوان زۆر زیاتر لە خەڵکی تر لایەنگرییان بکردایە . .
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ئەرێ، بڵێم چی نایکەن!.

**پرسیار:** بۆ نموونە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە نێوان دوو پیاوی تەمەن مامناوەندیدا دەکرێت و بابەتی فێمینیسم ڕۆڵێکی زۆر . . .
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** پلە دووهەمی هەبوو!.

**پرسیار:** تەنانەت هەر نەشبوو!.
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لەگەڵتام. هەربۆیەشە کە من دەڵێم نابێ خەباتی چینایەتی — کە حیزبە چەپەکان لەسەر بناغەی چینایەتی دامەزراون و ژێرخانی سیاسی ئەوان پێکدەهێنێت، لەگەڵ خەباتی جنسییەتی [ڕەگەزی] تێکەڵ بکەین. ئەو پیاوانەی کە لە بواری خەباتی چینایەتیدا چەپ و پێشڕەون، دەگونجێت بەتەواوی ئەوەیان ئاوێتەی بایەخی پیاوسالاری و پیاوبوون کردبێت و لێبڕاوانە هەوڵبدەن دایسەپێنن بەسەر ژنانیشدا.

**پرسیار:** ئایا ئێوە لە باسەکانتاندا بۆتان دەرکەوتووە کە هێندێک لە پیاوان بیرێکی ڕوونیان هەیە و ئەگەر لەگەڵ ئەو شتەی کە ئێوە لە تەمەنی چل ساڵیدا دۆزیوتانەتەوە بەرەوڕوو ببنەوە، لەوانەیە ئەوانیش وەریبگرن. ئەوان وەها پەروەردە نەکراون کە بتوانن لەوە تێبگەن. هەروەکوو لە پرسی سەربەخۆیی لە کۆلۆنییەکان تێگەیشتن؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لەوانەیە بەشێکیان خۆیان لەگەڵی بگونجێنن، وەلێ بۆ پیاوێک زۆر دەگمەنە کە بتوانێت لە ئەزموونی ژنێک و ئەوەی کە بەسەری هاتووە تێبگات. چونکوو پیاوان ئەو ئەزموونەیان نییە. تەنانەت شتی پچووکیش، وەکوو ئەوەی کە: شەقام و خیابان هی هەمووانە. بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ژنێکی زۆر گەنج، ئێستا جوان بێت یان ناشیرین، زۆر زەحمەتە کە دوای کاژێر هەشت و نۆی شەو بچێتە خیابان و تەنیا خۆی لە ئارامیدا پیاسە بکات. یان تەنانەت بە ڕۆژیش. چونکوو دەکەونە شوێنی، ئازاری دەدەن بە چەشنێک کە پێی باشترە بگەڕێتەوە ماڵەوە. دەی خۆ ئەگەر ئەمە بە پیاوێک بڵێی، بزەیەکی دێت و بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ «من ئەو کارە ناکەم»، «من مرۆڤێکی بێ ئەدەب نیم، خۆ هەموو پیاوەکان بێ ئەخلاق نین.» ئەم پیاوە تێناگات کە چەندە بۆ ژنێک قورسە کە بەردەوام هەست بەوە بکات کەم تا زۆر دەکەوێتە بەر مەترسی جۆراوجۆر. نەک مەترسی زۆر جیددی هەرچەند کە لەوانەیە بگاتە ئەو ڕادەیەیش. کاتێک ژنێک بەرپەرچی پیاوێک دەداتەوە کە کەوتووەتە شوێنی، لەوانەیە زللـەیەک یان مشتێکی لێبدا یان شتێک لەو بابەتە.

**پرسیار:** بەڵام ئایا چەشنێک لە دژە هێرش لەلایەن پیاوانەوە نییە کە دەیهەوێت «شتێک لە ڕووخان ڕزگار بکات»؟ ئەوان دەڵێن ئەم شتانە هەمووی قسەی کۆنن. لە ڕاستیدا ژنان پێشتر کونترۆڵی پارەی ماڵەوەیان گرتووەتە دەست. بۆ نموونە لە بنەماڵەیەکی سەربە چینی کرێکاردا ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان پارەی مانگانەکەیان دەدەن بە هاوسەرەکانیان. هەڵبەت جگە لە تۆزێک پارەی گیرفان بۆ خۆیان. ئەوان تەنانەت کۆنترۆڵی پارەکەیشیان نییە و گلەیی دەکەن کە ئەوان هەر پارە پەیدادەکەن و هەشت کاژێر لە کارخانە یان ئیدارە کاردەکەن و ژنەکان لە دۆخێکی باشدان و ئەمان ئامادەن جێگایان لەگەڵدا بگۆڕنەوە. ئەمە وێنەیەکی گشتییە!

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** لەوانەیە، بەڵام... لە ڕاستیدا ئەوان قەت ئامادە نین جێگایان لەگەڵدا بگۆڕنەوە بە هۆکارگەلی زۆر. بۆ وێنە کار. لە کاری ناوماڵدا — تۆ باسی کرێکارانت کرد — ئەو کاری ناوماڵە کە ژنێک بە چەند منداڵەوە کە دەرامەدێکی کەمیشیان

هەیە دەیکات، ئێجگار زۆر تاقەت پڕووکێنە. زۆر زیاتر لە هەشت سەعات کارکردن لە کارخانەدا ماندووت دەکا!.

**پرسیار:** ئەوان جاری وایە هەر دوو کارەکەیش دەکەن.
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** سەرەڕای ئەوەیش، ڕاستە کە جاری وایە هەر دوو کارەکە دەکەن. ئەوەیش کە مێردەکەی پارە دەدات بە هاوسەرەکەی، ئەو ڕۆژەی کە ئیتر لە ژنەکەی ماندوو دەبێت و بیهەوێت بەجێی بهێڵێت چونکوو پێیوایە ڕاگرتنی ژن و منداڵ زۆر سەختە، پیاوەکە بۆی هەیە ئەوان بەجێ بهێڵێت و بەردوام بتوانێت ژیانەکەی خۆی دابین بکات. بەڵام ژنەکە بەپێچەوانە، هیچی نییە و زۆر بەداخەوە ئەم دۆخە زۆر جار دێتە پێش.

**پرسیار:** ئێوە لێرەدا پرسیارێک دێننەپێشەوە کە دەکرێ خەڵک لایان وابێت چەشنێک ئامۆژگاری ژنان دەکەن کە ڕێگا چارەی تاکەکەسی هەڵبژێرن. واتە ئەوەی کە ئێوە ئازادتر دەبن ئەگەر هاوسەرگیری نەکەن و منداڵتان نەبێت! بەڵام بە گشتی ئەمە ئەو شتە نییە کە لە کۆمەڵگادا دەبیندرێت. خەڵک خوازیاری ئەوەن هاوسەرگیری بکەن، نایانهەوێ بەتەنها بژین و هەڵبەت ئەمەیش تەواو ئاساییە و هەبوونی منداڵیش کە زۆر خۆشە. بۆ زۆربەی خەڵک ئەمە باشترین شتی ژیانیانە. چۆن دەکرێ لە جەرگەی ئەم ڕاستییەدا بژیت بەبێ ئەوەی لە هێندێک لەو شتانەی ژیان دەیداتێ چاوپۆشی بکات.
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** پێموایە پێویستە پیاوان لە ئەرکەکانی نوماڵ و ڕاگرتنی منداڵەکاندا بەشداربن. ڕێک هەر بەو چەشنە کە ژنان دەیکەین. ئەوانیش شەریک بن لە کاری ڕۆژانەی ناوماڵدا. پیاو دەبێ دەست هەڵگرێ لەوەی کە دەسەڵاتی بەسەر ژنەکەیدا هەبێت. ئەوەی کە پارەی مانگانەکە دەدەن بە ژنەکان هەڵبەت زۆر کارێکی باش دەکەن. بەڵام من نامەی زۆرم بۆ هاتووە، نامەگەلێک کە ناچێ بە مێشکدا. ئەو نامانەم لەگەڵ خۆم نەهێناوە وەلێ تێیدا بارودۆخی ئەوتۆ نەخشێندراوە کە دەکرێ بڵێین نزیکەی زەحمەتە باوەڕ بکەیت ئەو کەسانە هەن! من ژنانێک دەناسم کە بۆیان نییە بچنە سەردانی هیچکام لە دۆستان و خزمانیان بەبێ ئەوەی مێردەکەیان لەگەڵ بێت. کێ دەتوانێ بەوە بڵێ «ئەوین» و «دابەشکردنی هەموو شت»؟ ئەمە دیکتاتۆرییەکی ڕاستەقینەیە! جارێکیان نامەی ژنێکم بۆ هات تێیدا دەنووسێ: «لە پەنجەرەکەمانەوە سەیری دەرەوە دەکەم بزانم مێردەکەم کەنگێ لە قاوەخانە دێتەدەرەوە. لەبەر ئەوە دەبێ ئەم نامەیە بشارمەوە.

چونکوو ئەگەر بزانێ من نامە بۆ ئێوە دەنووسم زۆر تووڕە دەبێت و نازانم چۆن دەتوانم ئەم نامەیە لەماڵ ببەمە دەرەوە!» ئەمە نامەیەک بوو لە سی چل لاپەڕەدا کە دەبوو بیباتە دەرەوە. نووسیبووی «ئەگەر وەڵامەکەت ناردەوە بینێرە بۆ ماڵی خانم فلان و فلان!» سەیری ئەم هەموو نهێنی کارییە بکە! ئەم ئاکارە هیچ ڕێز و کەرامەتێکی تێدا نییە وهێندێک لە پیاوان بەشێوەی ستەمکارانە بە سەر ژناندا دەیسەپێنن.

**پرسیار:** ئێوەیش دەڵێن کە ئەمە لە نموونە پەڕگرەکانە. بەڵام ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە تێیدا دەژین بەتەواوی سەرسووڕهێنەرە. ئێمە باس لە جیابوونەوە لە کۆمەڵگایەکدا دەکەین کە بە پێی ئامار زۆرینە ژن و مێردەکان جیانابنەوە. وێدەچێ ئەمە چەند تراژێدیایەکی ناوبنەماڵەی لە خۆدا شاردبێتەوە. بەڵام خەڵک، بەگشتی و لە ڕاستیدا دەیانهەوێ هەوڵی خۆیان بدەن و بەجۆرێک لەگەڵ یەکتر بسازێن. ئەوەی ئێوە دەیگێڕنەوە لە کاتی ئێستادا لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین زۆرتر باوە هەتا لە فەرانسە! خۆشبەختانە ئێستا پەروەردەی ئێمە وای لێهاتووە کە شارستانییەتمان زۆرتر بووە!

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** چەندە ئێوە گەشبینن! من دەزانم لە هێندێک ناوچە چی دەگوزەرێ، بۆ نموونە لە «بۆزانسۆن» ( شارێک لە ڕۆژهەڵاتی فەرانسە. و) کە خوشکەکەم لە بواری فەرهەنگیدا لەوێ چالاکە. ئەو لەگەڵ هاوسەری هێندێک لە کرێکاران لە نزیکەوە ئاشنایی هەیە. خۆیان کرێکار نین بەڵکوو هاوسەرەکانیان. ئەگەر ژنەکان لە بێبەختیدا بچوونایە بۆ ماڵە هاوسێیەک قاوەیەک بخۆن و شەو مێردەکەیان بەمەی زانیبایە قرەوهەرای زۆری لێ بەرپادەبوو. ژن دەبوو لەماڵەوە بمێنێتەوە، لەگەڵ کەس قسەنەکات جگە لە مێردەکەی کە شەوانە دەهاتەوە. قەت بۆی نەبوو بچێتە دەرە و دەبوو خۆی بە کاری ناوماڵەوە سەرقاڵ بکات. ئەمە بوو تەواوی ئەو شتەی کە ئیجازەی هەبوو بیکات! ئاگای لە منداڵەکان و ماڵ بێت و لەو شتانە. ئەم چەشنە ستەمکارییە هەم لە ناو چینی کرێکار و هەم لە چینە ناوەندی و باڵادەستەکاندا هەیە. ئەمە ئێجگار زۆر بەربڵاوە.

**پرسیار:** ئەمڕۆکە بۆ ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی، تەنانەت لە پۆستە باڵاکانیشدا، ئەمە نیشانەی گرینگ بوونی پێگەی کەسییەتییە ئەگەر هاوسەرەکانیان کار نەکەن، با ژنەکەیش بە ئەندازەی پیاوەکە خوێندەواری هەبێت! ئەو پیاوانە دەڵێن: «خۆ من پارەی زۆر پەیدادەکەم، تۆ پێویست ناکا کار بکەیت!» بە واتایەکی تر، بیرۆکەیەکی ڕیشەدار لە پشت ئەم دەربڕینەوە هەیە؛ کاتێک کە تۆ بۆرژوای، کاتێک ژیانت لە

ئاستێکی بەرزدایە، ئاکامەکەی ئەوەیە کە ژنەکەت کار نەکات، بەڵام چەند ساڵ دواتر دەبێ پاڵتۆی پێستی گرانی بۆ بکڕی!

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ وایە چونکوو ئەوان ژنەکانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ژنی ڕاستەقینە ڕێگا دەدات بە مێردەکەی کاربکات و زۆریان ئەوە قبووڵ دەکەن. یان جاری وایشە کەرتکراو دەبێت. ژنی کرێکارێک وا ڕاهێندراوە کە بەرامبەر بە کاری ناوماڵ و منداڵەکانی هەست بە گوناھ بکات و ئەمە زۆر بۆی سەختە. ژن دەتوانێ هەر دوو کارەکە بکات، وەلێ وایلێدەکەن هەست بە گوناھ بکات. پێی دەگوترێت کە بەرامبەر بە منداڵەکان کەمتەرخەمی دەکات، بە ئەندازەی پێویست ناکەوێتە ماڵەوە و سەرەنجام ئەویش تەسلیم دەبێت. زۆر جار سەخت دەبێت. تەنانەت ئەگەریش ئەو بە ئەندازەی هاوسەرەکەی خوێندەواری هەبێت، وای تێدەگەیەنن کە ئەوە مێردەکەیە دەبێتە دوکتور و پارێزەر، ژن لە ناوماڵدا دەمێنێتەوە و زۆربەی جارەکانیش ئازار دەکێشێت.

**پرسیار:** بەڵام ئەمە بەو مانایە کە بە بۆچوونی ئێوە هەموو ژنان دەبێ کار بکەن؟ ژنانی گەنج لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەوڕوو دەبنەوە کە دەبێ هەر ئێستا هەڵیبژێرن. ئایا دەبێ هەرچۆنێک بێت هەر کاربکەن، تەنانەت ئەگەریش هەلومەرجەکە بەتەواوی ئامادە نەبێت؟ چونکوو پیاوان خۆ نایانەوێ بگۆڕدرێن یان بە شەوێک دەستبەکەن بە کارکردن لە ناوماڵدا. ئایا بۆ ژنێک خودی هەبوونی سەربەخۆیی، هەبوونی دەرامەد و ژیانێکی ئازاد تا ئەو ڕادەیە بنچینەییە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ من وا بیردەکەمەوە. سەربەخۆیی ماددی ئەگەر بێتو بەهایەکی زۆریشی بۆ بدەن، شتێکی بنچینەییەیە با زۆر دژواریش بێت. من دەزانم بەهایەکی زۆری بۆدەدەن چونکوو ئاگالێبوون لە ماڵ و منداڵ هەر لە سەر شانی ئەوان دەبێت. بەڵام ئەمە یەکەمین مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی لە ناو ماڵەکەدا سەربەخۆ بن. لێرەدا مەبەستم سەربەخۆیی ئەخلاقی و دەروونییە. ئەگەر وانەبێت هیچ ڕێگایەکی تر بۆ بیرکردنەوە ناخرێتە پێش پای ژنەکانەوە. ئەوان ناچار دەکرێن وەکوو مێردەکانیان بیربکەنەوە، ئارەزوو و هەوەسی ئەوان دابین بکەن، فەرمانەکانی ئەوان بەڕێوە ببەن و شتی لەم چەشنە. ئەوان ناچارن لە چوارچێوەی مێردەکەیاندا بمێننەوە تەنانەت ئەگەر خۆشیشیان نەوێت! ئەم بارودۆخە ئیتر شیاوتر لە لەشفرۆشی نییە! هەر بەڕاستی ژنێک کە لەبەر پارە لەلای مێردەکەی ئەمێنێتەوە چونکوو توانایی ئەوەی نییە خۆی بەخێو بکات، ئەمە ئەو ژنەیە کە هیچ بایەخ و کەرامەتێکی بۆ خۆی وەکوو ئینسانێک نەهێشتووەتەوە.

کەوابوو من ڕاسپاردەم بۆ هەموو ژنان ئەوەیە کە کاربکەن! خۆیان بگەیەننە باڵاترین ئاستی لێهاتوویی. پیشەیەک بدۆزنەوە هەتا دەگونجێت سەرنجڕاکێش بێت! لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە کارێک بێت کە سەربەخۆیی ئابوورییان بۆ دابین بکات. ئەم کارە لە ئێستادا هێشتا سەختە و نایەکسانی بە شێوەیەکی دڵڕەقانە بەردەوامە. دایک و باوکەکان، هەروەکوو ئێوەیش باستان کرد، هێشتا وا بیردەکەنەوە «ئا ئەم کچۆڵەکەی منە، پێویست ناکا زۆر ڕەنجی پێوەبکێشین، ئەو مێردی دەکات. ئێمە بۆ براکەی ڕەنج دەکێشین نەک بۆ خوشکەکە!» ئەم ڕەفتارە نادادپەروەرانە لەلای ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەبێتە هۆی هەستکردن بە یاخیبوونێکی قووڵ چونکوو ئەوان ئاواتیان ئەوەیە کە بۆ خۆیان ببنە کەسایەتییەک و کارێکی جێگای سەرنجیان هەبێت. وەلێ هەل تەنها بۆ کوڕەکان دەڕەخسێت کە جاری وایشە کەمتر لە کچەکان زرەنگ و لێوەشاوەن.

**پرسیار:** وشەیەک هەیە لە فەرهەنگی فێمینسمدا کە زۆر بەکاردەهێندرێت بەڵام هەمیشە ڕوون ناکرێتەوە. دەکرێ بۆمان ڕوونکەیتەوە کە چەمکی «سێکسیم» چییە و مەبەست لە چییە؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ئەمە وشەیەکە ئێمە دروستمان کردووە و دەکرێ لەگەڵ وشەی ڕاسیسم بەراورد بکرێت. ڕەگەزپەرستی ئەو بیرکردنەوەیە کە پێیوایە هەڵاوردن لە نێوان مرۆڤەکاندا لەسەر ئەساسی ڕەگەز شیاوی پەسەندکردنە! سێکسیسم ئەو ڕەفتار و ئاکارەیە کە جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لەسەر ئەساسی جنس [نێر و مێ] لەلای پەسەندە. قسەوباسی ئێمە سەبارەت بە سێکسیسم لەوێوە دەستیپێکرد کە سەرنجمان دایە ئەو سووکایەتیی کردنەی پیاوان پێیانخۆشە بەرەوڕووی ژنانی بکەنەوە. یاسایەک هەیە وابزانم هی ساڵی ١٩٤٥ـە کە قەدەغەی دەکات کەسێک بە پیاوێک بڵێ «جوولەکەی پیس» یان «عەرەبی پیس». ئەگەر کەسێک بە عەرەبێک یان جوولەکەیەک ئەو سووکایەتییە بکات، دەتوانن ڕاکێشی ناو دادگای بکەن. وەلێ کاتێک بە ژنێک دەڵێن «هەی قەحبە! ئەشا ئەو ژنە نەحلەت لێکراوە»، یان «لەشفرۆشی زووهەڵچوو!»، هیچ یاسایەکی بۆ نییە. لە ئاکامدا ئێمە ژمارەیەک لە ژنانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، یەکێتییەکمان دامەزراند بەناوی «یەکێتی مافی ژنان» و تێدەکۆشین خەبات بکەین دژ بە هەموو چەشنێک لە سێکسیسم. ئێمە بەم شێوەیە کارەکەمان دەستپێکرد. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە هەروەکوو چۆن یاسا هەڵاواردنی ڕەگەزی بە نایاسایی دادەنێت، هەر ئەو کارەیش لەگەڵ هەڵاواردنی جنسیدا بکرێت. ئێمە هەروەها داواکارین کە یاسایەکی دژ بە هەڵاواردن نەک

هەر بۆ سووکایەتی کردن وەکوو پێشتر باسم کرد — کە هەڵبەت زۆر لەوە گرینگترە کە دەکەوێتە پێش چاو — بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەم کارە دەبێتە هۆی چاکسازی لە شێوە بیرکردنەوەیکدا بە گشتی. ئێمە هەروەها خوازیاری ئەوەین کە هیچ چەشنە هەڵاواردنێک لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لانیکەم لە خوێندنگاکاندا نەمێنێت، چونکوو ئێمە نازانین دایکان لە ماڵەوە چۆن خواردن بە منداڵەکانیان دەدەن.

**پرسیار:** ئایا لەو خوێندنگانەیش کە کوڕوکچ تێکەڵاون ئەم هەڵاواردنە هەر هەیە؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەڵێ لە کتێبەکانی خوێندندا هەیە کە بە کوڕان و کچانی دەڵێنەوە. تەنانەت شێوەی داڕشتنی پرسیارێک وەکوو «دایە ئەوەندە هێلکەی بردە ئاشپەزخانەوە»، «بابە خەریکی برغوو و پێچ و شتە چاکی دەکات . . « نازانم لەم شتانە. دەبینین کە ئەم چەشنە هەڵاواردنە بە قووڵی لەناو کتێبەکانی خوێندندا ڕیشەی داکوتاوە. جگەلەوە، شێوەی گێڕانەوەی مێژوویش هەیە کە هەمیشە لە ڕوانگەی پیاوانەوە دەگێڕدرێتەوە. بۆ وێنە مێژووی فەرانسە قەت لە ڕوانگەی ژنانەوە ناگێڕدرێتەوە و شتی تری لەم چەشنە.

**پرسیار:** پرسیارێک دێتە پێش بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە دەستدەکەن بە بیرکردنەوە سەبارەت بەم بابەتانە، ئەوەی کە چۆن دەڕوانرێتە پیاوان. چونکوو بەشێک لە فێمینیستەکان بەتەواوی پیاوان ڕەد دەکەنەوە و پێیانوایە کە بەبێ ئەوان بارودۆخەکە باشتر دەبێت و ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لەم چەشنە دەسەڵاتە. ئێوە وانین. ڕستەیەک هەیە لە ئێوە کە لە ڕوانگەی منەوە هەستی مرۆڤ دەبزوێنێت. ئێوە گوتووتانە کە «گەورەترین سەرکەوتنی ژیانم سارترە»[ژان پۆل سارتر] ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئێوە باوەڕتان بە یەکانگیر بوونی دوو مرۆڤ هەیە لە ئەویندا و وەکوو هاوسەر بەواتای پەیوەندی نزیک لەیەکتر. پرسیارەکە ئەوەیەکە چۆن دەگونجێت ئەم ئەوینە درێژەی هەبێت، واتە ئەو شتەی کە دوو کەسایەتی، ژنێک و پیاوێک پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا کە ژنانی ئەمڕۆ — لەوانەیە پەنجا ساڵی تر جیاواز بێت لە ئێستا — بتوانن زیاتر لە جاران ئاواتەخوازی بەرەوپێش چوون بن بۆ کەسایەتی خۆیان؟
**سیمۆن دۆبۆڤوار:** ڕاستە، هەروەکوو گوتتان، من پێموایە لە کاتی ئێستادا و بۆ زۆرێک لە ژنان ئەمانە پێکەوە ناگونجێن. ئەو ژنانەی کە بەتەواوی پیاوان فڕێدەدەن دەبێ ئێوە تەنها وەکوو قۆناخێکی کاتی لە خەباتدا سەیری بکەن. لێرەیشدا دەتوانین بەراوردێک بکەین لەگەڵ پرسی ڕەگەزیدا. ڕەوتی «Black Panthers»[پڵنگە ڕەشەکان] و باقی

شۆڕشگێڕە ڕەشپێشتەکانی ئەمریکا هەر چەشنە هاوپەیمانییەکیان لەگەڵ سپیپێستەکاندا ڕەد دەکردەوە. زۆربەی ئەوانە ئێستا لەوە تێپەڕیوون و لەسەر ئەو باوەڕەن کەسێکی سپیپێست کە بەڕاستی پارێزگاری دەکات لە هەڵوێستێکی سیاسی و بە توندی لەگەڵ ئەواندا یەکدەگرێتەوە، دەکرێ وەکوو هاوڕێیەک حیسابی بۆ بکرێت. سەبارەت بە ژنانیش تا ئاستێک هەر وەهایە. ژنانێک هەن وا بیردەکەنەوە کە پێکەوە ژیان لەگەڵ پیاوێکدا و یان تەنها ئەویندار بوونی چەشنێکە لە سازان. هەروەها ژنانێکیش هەن لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەبوونی ئەوین بۆ پیاوێک و پێکەوە ژیان لەگەڵی، ئەوەیش دەگونجێت. هەرچەند پێموایە کە سارتر و من لەوەدا سەرکەوتوو بووین کە قەت پێکەوە نەژیاوین! ئەوەی کە هاوسەرگیریمان کردبێت یان نا ئەوە زۆر گرینگ نییە. ئەوە پێکەوە ژیان کردن یان نەکردنە کە دەتوانێت بەرەو جیاوازی بیروباوەڕ بچێت و دوو کەسەکە تووشی شڵەژان بکات. هێندێک لە ژنان پێیانوایە دەتوانن لەگەڵ پیاوێکدا بژین و یان پیاوێکیان خۆش بوێت و یان پەیوەندییان لەگەڵ پیاوێکدا هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو داوەکانی ژنانە بوونەوە، پێویستە زۆر وریا بین. چونکوو بەردەوام کەڵکەڵەی ئەوەت هەیە کە پیاوەکەی خۆت بخەیتە ڕیزپەڕەوە. دەڵێیت «ئەو جیاوازە». یان ئەوەی کە هێندێک شتی لێ قبووڵ دەکەیت. من دەزانم زۆرێک لە فێمینیستە گەنجەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ پیاواندا هەیە، کارەکەیان زۆر سەخت دەبێتەوە. ژیانەکەیان سەخت دەبێت و جاری وایە بۆ هاوژینەکەیشیان هەروەها.

**پرسیار:** بە واتایەکی تر لە چەند ساڵ و یان لە چەند دەساڵی داهاتوودا — چونکوو ئەم شتانە بە ئارامی دەگۆڕدرێن و لە ئاستی دەروونیشدا دەبێ سەقامگیر ببن — بەرەو ئەوە دەچین لە پێوەندی نێوان پیاوان و ژنان دژوار دەبێت. گرژتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بەهەرحاڵ بۆ پیاوان سەخت تر دەبێت. لەبەر ئەوە هەڵبەت هەمیشە واباشە کەسێکت ببێ کە ملکەچ و هیچ نەکەر بێت. ئەگەر چی هەروەکوو گوتم ژن زۆرجار کارێک دەکات کە پیاوەکە بۆ ئەم گوێڕایەڵ بوونە لە ژیانی تایبەت و لە ناوماڵدا نرخێکی بۆ ئەدات. بە بۆڵەبۆڵ کردن، دەمەقاڵە و بە ئاشکرا تووڕە بوون. هەبوونی ئەم چەشنە دەمەقاڵە لە ناوماڵدا ڕەنگدانەوەی ستەمکارییە لەسەر ژنان. ڕەنگە بەپێچەوانە پەیوەندییەکە تەندروستتر بێت، هەرچەند لە هێندێک لایەنەوە سەخت تر و تاقەت پڕووکێنتر بێت. وەلێ ڕێگای دەرچوون لەم شەڕوقڕە تۆقێنەرەی ناوماڵ خۆشدەکات. شتێکی تر هەیە کە پێمخۆشە بیڵێم. ئەگەر بابەتی ڕزگاری ژنان بێتە ئاراوە، بەلاڕێدابردنی

لەلایەن پیاوانیشەوە هەیە کە تێدەکۆشن کەڵکی لێوەربگرن. ئەمەیش زەرەری هەیە بۆ ژنان. ئێستا کە ئێمە دەتوانین پێش بە سکپڕبوون بگرین و تا ڕادەیەکیش دەستمان دەگات بە لەباربردنی کۆرپەڵە، ئێستا کە ژنان بڤە سێکسییەکان ڕەد دەکەنەوە و بەشێکی زۆریان دەڵێن لەباری سێکسییەوە ئازاد بوون، پیاوەکان لەو دەرفەتە کەڵکوەردەگرن و نزیکەی بە زۆر وایان لێدەکەن لەگەڵیاندا بخەون. پیاوەکان دەڵێن «چیی؟! ئێستا ئیتر ناتوانیت قبووڵی نەکەیت!» هەر بۆیەشە کە بە باوەڕی من ژمارەی دەستدرێژی سێکسی ئێستا زیاتر بووە. هەروەها پەلاماردان لە سەر شەقامیش کە پێشتر گوتم. «بۆچی ناهێڵیت؟ ئەگەر لەگەڵ مندا نەخەوی بەڕاستی ئازاد نەبوویت!» بەڵام ئازاد بوون بە مانای ئەوە نییە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بخەویت، زۆریش لەوەوە دوورە. بەم چەشنەیە کە پیاوان کەڵکئاوەژوو وەردەگرن لە دۆخەکە. کەوایە ئەو سەرکەوتنانەی کە ژنان بەدەستیان هێناوە زۆر ئاسان دژ بە خۆیان بەکار دەهێندرێت. ئەمە کێشەیەکی ترە. تا ئەو کاتەی کە ژنان وەکوو خاوەنی کچێنی و داوێنپاک سەیردەکران و دایکان و خوشکان و هاوسەرانێک بوون کە نوێنەرایەتی ئەوانیان دەکرد، مایەی شانازی ئەوان بوون! کەس نەیدەوێرا دەستیان بۆ ببات، کەڵکئاوەژوویان لێوەربگرێت و یان سووکایەتییان پێبکات، ئەو کارەی کە زۆرێک لە پیاوانی ئەمڕۆ دەیکەن!

**پرسیار:** دوایین پرسیار سیمۆن دۆبۆڤوار! ئێمە قسەی ئەوەمان کرد کە خەبات بۆ لەباربردنی کۆرپەڵە تا چ ڕادەیەک بۆ فێمینیسم لە فەرانسە گرینگە. بە بۆچوونی ئێوە گەورەترین هەنگاوێک کە ئەمڕۆ دەبێ هەڵبگیرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەو تایبەتمەندییەی هەبێ کە بتوانێت ژنانی چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کۆبکاتەوە و وشیاری بەکۆمەڵیان پێ ببەخشێت کامەیە؟ بەبڕشت ترین ئەرک بۆ شەڕی داهاتووی فێمینیستی چی دەبێت؟

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** پێموایە لێرەدا قسە لەسەر تاکتیکی خێرا و ستراتێژیکە. ئەوەیش زەحمەتە بزانین کێشەکان چۆن دەچنە پێش. یەکێک لە خێراترین بابەتەکان قبووڵ نەکردنی بەڕێوەبردنی کاری ناوماڵە لەو فۆرمەدا کە ئەمڕۆ بەسەر ژناندا سەپێندراوە. هەموو ئەو ئەرکی دایکایەتییە کە ژنانی کردووە بە کۆیلە. بە باوەڕی من دەبێ دژ بە کۆیلەیەتی و ڕۆڵی دایکایەتی و دژ بە کۆیلەیەتی کاری ناوماڵ شەڕ بکەین. پێموایە ئەمە خەباتێکە دەتوانێت ژنانێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. چونکوو زۆرێک لە ژنەکان لەم بارودۆخە ئازار دەچێژن. بۆ ئەم دوایین پرسیارەتان بەسەرهاتێکم لایە

که کەمتر لەوەی دوایی بزوێنەرە و منی ڕاشەکاند. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی «فرانس سوار»دا وتارێک هەبوو سەبارەت بە شێوەی ژیانی خەڵکی فەرانسە و ئەوەی کە چۆن کاتی پشووی خۆیان و بۆ نموونە کاتی پشووی نانی نیوەڕۆ دەبەنە سەر. ژنێک کە وێدەچێت زۆر تووڕە بووبێت — خانمێکی سیوپێنج ساڵان کە دوو منداڵ و هاوسەری هەیە — دەیگوت «دەرفەتی نانی نیوەڕۆی من هیچ پشوودانێک نییە. من مامۆستام. دێمەوە ماڵەوە و بۆ منداڵەکانم نانی نیوەڕۆ لێدەنێم. سەوزە و گۆشت لێدەنێم کە بیخۆن. ئەوان دەڕۆن و مێردەکەم دێتەوە ماڵەوە. ئەو دادەنیشێت و سەیری تەلەڤیزیۆن دەکات و من لەسەر سینییەک خواردنەکە دەبەمە بەردەستی. خۆم بە کێشە کاتی خواردنم دەبێت و بەسەرپاوە شتێک دەخۆم لە مەنجەڵەکەدا.» دەیجا ئەم ژنە زۆر وشیار بوو لەوەی کە چەندە ئەم کارە تاسەر ئێسقان نادادپەروەرانەیە. چونکوو ئەو بە ئەندازەی مێردەکەی لە دەرەوە کاری دەکرد و سەرەڕای ئەوەیش خزمەتکارێک بوو بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی منداڵەکان و مێردەکەی کە دەبوو خواردنیان بداتێ و قاپ و کەوچکیش بشوات. لە ڕوانگەی منەوە لەم بابەتەدا دەکرێ ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەرەو خەبات ڕابکێشرێن هەروەها لەوانەیە کارێکی وابکرێت هێندێک لەو پیاوانەی کە نیازی پاکیان هەیە لە بارودۆخەکە تێبگەیەندرێن.

**پرسیار:** کێشەکە لەوەدایە کە بۆ لەباربردنی کۆرپەڵە ژنان ڕژانە سەر شەقام، وەلێ ئەمەیان خەباتێکی تاکە کەسییە کە دەبێ لەماڵەوە بکرێت و ئەم کارەیش پێویستی بە سازانە. جێبەجێکردنی ئەوەش تێکۆشان و لێبڕاوییەکی زیاتر دەخوازێت و هەربۆیەش لەوانەیە ماوەیەکی زیاتر بخایەنێت.

**سیمۆن دۆبۆڤوار:** بێگومان زۆر دژوارتر دەبێت. هاوکات، لێرەدایە کە ئەو چەشنە کۆبوونەوانەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان ڕێکیدەخات دەتوانێت زۆر کەڵکی هەبێت. چونکوو بە پەروەردەکردنی ژنان لەم بوارە دا کە پێکەوە گفتوگۆ بکەن و قسەی دڵی خۆیان بکەن، یارمەتییان دەدات کە وشیار ببنەوە سەبارەت بە نادادپەروەری و ئەو دۆخەی تێیدان. هەروەها ئەو بارودۆخە قبووڵ نەکەن. ئەگەر هەست بەوە بکەن کە بە یەکگرتوویی خۆیان پشتیوانی باقی ئەو ژنانەی کە لە خەباتدا بەشدارن بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئامادەن ڕاوەستن و خەبات بکەن.

ژان لویی سێرڤان شرایبێر: زۆر سپاستان دەکەم سیمۆن دۆبۆڤوار!

**پەراوێزەکان:**

١- لینکی ئەم گفتوگۆیە کە کە ساڵی ١٩٧٥ لە تەلەڤیزیۆنی فەرانسە کراوە لەسەر یووتووب هەیە. ئەم لینکەیەی خوارەوە ژێرنووسی ئینگلیسیشی هەیە بۆ ئەو کەسانەی بیانهەوێت سەیری هەموو بەرنامەکە بکەن:

https://www.youtube.com/watch?v=UqhyT١eYxL٩

٢- MLF کورتکراوەی Mouvement de liberation des femmes واتە «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان» لە فەرانسە.

٣ – «مانیفێستی ٣٤٣» (Le Manifeste des ٣٤٣) ڕاگەیاندنێک بوو کە سێسەد و چلوسێ ژنی ناودار، لەوانە سیمۆن دۆبۆڤوار و ژنانی تریش ئیمزایان کردبوو. هۆکارەکەی کێشەی کچێکی گەنج بوو (بڕوانە خوارەوە دادگای بۆبیگنی). لەم ڕاگەیاندنەدا کە ڕۆژی پێنجی مانگی چوار ساڵی ١٩٧١ لە گۆڤاری Le Nouvel Observateur بۆ یەکەم جار بڵاوکرایەوە، ئەو ژنانە دەیانسەلماند کە هەموویان کۆرپەڵەیان لەبار بردووە و بەم چەشنە خۆیان دەخستە بەر پلاری سزادانی یاسایی. بۆ سووکایەتی کردن بەو خانمانەی ڕاگەیەندراوەکەیان ئیمزاکردبوو، کەسانێکی دژ بە مافی یەکسانی ناوی «مانیفێستی ٣٤٣ قەحبەکە»یان لێنابوو.

٤ – دادگای بۆبیگنی Le proces de Bobigny : ساڵی ١٩٧٢ کاتێک کە کچێکی حەڤدە ساڵان بەناوی «Marie-Claire»[ماری کلێر] ماوەیەک دوای ئەوەی دەستدرێژی سێکسی کرایە سەری بۆی دەرکەوت کە سکی پڕبووە. بە یارمەتی دایکی بە دزییەوە لای دوکتۆرێک کۆرپەڵەکەی لەباربرد. لە ڕێگای دەستدرێژیکارەوە پێیانزانین و لەقاویاندان و کەوتنە دادگا. بە ڕێنوێنی پارێزەر خاتوو ژیزێل هالیمی (Gisele Halimi) کچ و دایکەکە ڕوویان کردە بیروڕای گشتی لە ڕێگای میدیاکانەوە. ئەوە بوو «مانیفێستی ٣٤٣» بڵاوکرایەوە و . . سەرەنجام کچەکە بێتاوان دەرچوو بەڵام دایکەکە بە تاوانبار زانراو ڕایانکێشا بۆ دادگای دووهەم . . . سەرەنجام دوای سێ ساڵ یاسای ئازادبوونی لەباربردنی کۆرپەڵە لە فەرانسە پەسەندکرا دیارە هەڵبەت هەلومەرجێکی بۆ دانرا.

تێبینی: دواتر دەرکەوت کە ساڵی ١٩٦٧ سیمۆن دۆبۆڤوار و ژان پۆل سارتر لە کاناڵیکی تەلەڤیزیۆنی لە کانادا دەرکەوتبوون. هەروەها یەک دوو دیداری کورتی تریشی هەبووە. بەڵام ئەمە تاقە گفتوگۆی سیمۆن دۆبۆڤوارە کە بەو شێوەیە بە تێروتەسەلی سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی خۆی بدوێت.

*******************



# داستانی ئەڤینێکی نەمر

حەمەسەعید حەسەن

فاتیلا، ڕۆمانێکە مەهاباد قەرەداغی نووسیویەتی، تێیدا ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووی باشووری کوردستانی بەسەر کردووەتەوە و تا سەرەتای ساڵانی نەوەدیشی هێناوە. لەو دە دوازدە ساڵەدا، کورد لە شۆڕشدا دەبێت، جەنگ دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێرانەوە، کورد ژارباران و ئەنفال دەکرێت، بەعس وەڵاتی کوەیتی داگیر دەکات و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی بەسەردا دێت. (لەدوای ئەوەی لەتیف هەڵمەت کۆشیعری (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی بڵاو کردەوە، ئیدی شارە بچکۆلەکە، بوو بە نازناوی کفری. ل٢٣) ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە زیاتر لە شارۆچکەی کفری و گوندێکی ئەو دەڤەرە کە ناوی (بنەکە)یە دەقەومێن، بەڵام کە دێتە سەر کیمیاباران، ئەنفال و ڕاپەڕین، ئیدی شوێنی ڕووداوەکان، دەبێت بە تەواوی باشووری کوردستان.

من لەم باسەدا نیازم نییە ڕۆمانکە کورت بکەمەوە، ئاخر کورتکردنەوە، ناکەوێتە خانەی هیچ ڕێبازێکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە و شێوازێک نییە لە هەڵسەنگاندن. فاتیلا: بریتییە لە ئاوێتەبوونی دوو ناو: فاتم و ئاتیلا کە دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەن، ئاتیلا، وەک نووسەر درکاندوویەتی، ناوێکی تورکییە بە مانای (یاخی) دێت. هەرچەندە لەناو ڕۆمانەکەدا چەندان چیرۆکی لاوەکی هەن، بەڵام چیرۆکە سەرەکییەکە بەسەرهاتی عیشقی پاکژ و قووڵی نێوان فاتم و ئاتیلا دەگێڕێتەوە کە بە موراد ناگەن، ئاخر یەکەمیان بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و دووەمیشیان بەر تۆپبارانی لەشکری بەعس.

گێڕەرەوە خودی نووسەری ڕۆمانەکەیە، مەهاباد قەرەداغی خۆیەتی کە لەگەڵ ئاتیلادا هاوشارین و یەکدیش دەناسن. گێڕەرەوە بە جێناوی ئاخێوەر دەپەیڤێت و ئاگای لە هەموو شتێکە، لەو جۆرە گێڕەرەوانەی، لە ڕووداوەکاندا بەشدارن و هەست بە خۆشی و خەمی کارەکتەرەکانیش دەکەن. نووسەر هەرچەندە پشتی بە ژیاننامە قایمە، بەڵام ڕۆمانێکی هونەریی نووسیوە، بیۆگرافیای نەگێڕاوەتەوە. ئەوەی ئاتیلا لە سەرەتادا بۆ هەڵاتن لە واقیعی تاڵ، هانا بۆ مەی و بەنگەمەنی دەبات و بەو جۆرە گڕ و کڵپەی ئازارەکانی ناخی خامۆش دەکاتەوە و دواتر بە زەبری ئەفسوونی عیشق، ڕوو دەکاتە

خواپەرستی، گوتەکەی مارکس وەبیر دەهێنێیەوە کە پێی وابوو، چەوساوەکان کە لەسەر زەوین هیچ ئومێدێک شک نابەن، ئومێد بە ئاسمانەوە گرێ دەدەن و لای وان ئایین وەک ئەفیوونێکی لێ دێت، ئازاریان سڕ دەکات و هێوریان دەکاتەوە، ئاخر ئومێدێکی وەهمییان پێ دەبەخشێت.

ئەوە بۆ ڕۆمان زۆر گرنگە سەرەتایەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، دەستپێکێک خوێنەر بۆ ئەوە هان بدات، بە تامەزرۆییەوە دوای بکەوێت، ئەگەر نا، بە نابەدڵی درێژە بە خوێندنەوەی دەدات، یان ڕەنگە هەر زوو لێی بێزار ببێت. فاتیلا لەو ڕۆمانانەیە، کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەین، نەک هەر بە دەستییەوە ماندوو نابین، بەڵکوو ناچارمان دەکات، بە تاسەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی بین. هۆکارێکی دیکە کە وا دەکات، لە گۆلی خوێندنەوەی فاتیلادا نوقم ببین، ئەوەیە نووسەر لە بواری ڕۆچوون بە ناخی کەسەکاندا، بە تایبەتی دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەیدا، ئەوەندە لێهاتووە، خوێنەر سەرسام دەکات.

ڕۆمانەکە بەدەم باسکردنی چیرۆکی ئەوینێکی ناکامەوە، دیرۆکی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردیش دەگێڕێتەوە، بەڵام کە زوو زوو لە باسی ژیاننامەی دوو ئەویندارەوە، کە لە کەسانی ڕاستەقینە دەچن، نەک لە بووکەشووشە، دەچێتە سەر ئەم بابەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان کولتووری، ئەوەندە لێزانانە ئەمباس و ئەوباس دەکات، هەر وەک مەلێک بێت و بەسەر هەمان درەختەوە ئەمچڵ و ئەوچڵ بکات. خوێنەر بێ ئەوەی هەست بە هیچ کەلێنێک بکات، گێڕەرەوە لە باسی دڵدارییەوە، دەچێتە سەر ئاییندارى، لە پێشمەرگایەتییەوە، دێتە سەر شێخ و مسکێن، یان لە خەباتی نەتەوایەتتیەوە، دەفرێتە سەر چڵی جیاوازیی چینایەتی.

چیرۆکنووس لە گەلێک لە تەکنیکەکانی نووسینی چیرۆک سوودمەند بووە و بە هۆشیارییەوە وەگەڕی خستوون. لەوانە فلاشباک، کە پەرتکردنی کاتە و پێچەوانەی ئەوەیە، کرۆنۆلۆگیکاڵ، واتا، بەگوێرەی زنجیرەی بەدوای یەکدا هاتن، ڕووداوەکان بنووسینەوە، ئاخر هەر لە سەرەتاوە، ئاتیلای قارەمانی ڕۆمانەکە، شەهید دەبێت و دواتر ژیاننامەی ئەو کارەکتەرە هێدی هێدی دەگێڕێتەوە. ئەم هونەرە سەرەتا تایبەت بوو بە سینەما، بەڵام لەمێژە هاتووەتە نێو ژانرە ئەدەبییەکانیشەوە. مۆنۆلۆجیش کە خۆدواندن و پەیڤینە لەگەڵ خودی خۆماندا، یەکێکی دیکەیە لەو تەکنیکانەی هێندە سەرکەوتووانە دەستی بۆ بردووە، ڕەنگە گەلێک لە چیرۆکنووسان ئیرەیی پێ ببەن. مەنەلۆج دەشێت،

قسەکردن بێت لەگەڵ خودای خۆت کە موناجاتیشی پێ دەڵێن، لەسەر زاری فاتمەوە ئەو تەکنیکەشی هونەرمەندانە بەکار هێناوە. ئەوەیش هەر تەکنیکێکی جوانە کە لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕۆمانەکە.

سوودی لە هەندێک تەکنیکی تەکنیکی دیکەیش بینیوە، لەوانە: دەفتەری بیرەوەری، کە لەڕێیەوە، ڕووناکی خستووەتە سەر ڕاپەڕین و ڕۆژانی دواتر. گەلێک جاریش ئەوەی نەیخواستووە، ڕاستەوخۆ بیڵێت، بەهۆی خەونەوە گوتوویەتی. چونکە گێڕەرەوە خودی مەهاباد قەرەداغیی شاعیرە، کەڵکێکی زۆریشی لە شیعر بینیوە. یەکێک لە ئیتیکەکانی نووسینی ڕۆمان، لە ڕاستگۆییدا بەرجەستە دەبێت، ڕاستگۆیی ئەوە نییە، پشت بکەینە فانتاسی و واقیع وەک خۆی بگێڕینەوە، ئەوەیە بێلایەنانە ئاوڕ لە کەسەکان و ڕووداوەکان بدەینەوە، بێ ئەوەی ئەو بایەخدانە بەو تەکنیکەی نووسین، وامان لێ بکات، پەیامی ئینسانیی ئەدەب فەرامۆش بکەین، ئاخر ستاتیکا بەهایەکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا نەبێت.

مەهاباد قەرەداغی ئەوەی زانیوە، میسیۆلۆژیا کە سەرچاوەی ئایینیشە، بەشێکە لە ویژدان و لە نەستی کۆ، بۆیە ئەو لایەنەی بە هەند وەرگرتووە و بە قازانجی گێڕانەوە وەگەڕی خستووە. ئەوە ڕاست نەبوو کە دەیانگوت، ڕۆمان سەر بە شارە و ڕەنگدانەوەی ژیانی شاریشە، ئیبراهیم ئەلکونی کە وەک نەتەوە، سەر بە تاریقەکانە کە لەبیابانی گەورەدا دەژین، ڕۆمانەکانیشی زادەی ژیانی ئەو سارانشینانەیە. لۆکاش بە هەڵەدا چووبوو کە دەیگوت: ڕۆمان داستانی بۆرژوواکانە، ئاخر دەشێت، بەر لە سەرهەڵدانی چینی بۆرژووا، ڕۆمان لە دایک ببێت. فاتیلایش ڕۆمانێکە کەمتر باس لە ژیانی شارنشینیان دەکات و زیاتر لەگەڵ ژیانی گوند خەریکە.

زۆرینەی نووسەرانی کورد، زمانی دایکیان، زمانی خۆیان، زمانی کوردی نازانن. زمانزانین ئەوە نییە، وشە بخەینە ڕستەوە و وشە لە ڕستەماندا مانایەکی ڕووکەشی هەبێت و بەس. زمانزانین ئەوەیە مانای نوێ و قووڵ بە وشە ببەخشین، بە شێوازێکی نوێ وشە بهێنینە گۆ و وەک داهێنەر مامەڵە لەگەڵ وشەدا بکەین. زمانزانین ئەوەیە، مرواریی شاراوەی نێو زەریای زمان بدۆزینەوە، هاوچەرخانە زمانی کلاسیک وەگەڕ بخەین و لەگەڵ واقیعی نوێدا بیگونجێنین. زمانزانین هەر ئەوە نییە بە کوردی بنووسین، ئەوەیشە، بەشداری لە جوانکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا بکەین. ئەوە بەس نییە لە ڕۆماندا ڕووداو

هەبێت، بەڵکوو زمانی گێڕانەوەکەیشی، دەبێت ڕووداوێک بێت.

ڕۆماننووسین جۆرێکە لە سەرکێشی، سەرکێشیی ئەوەی، دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنین، دەقێک یەقین هەڵبوەشێنێتەوە، هێلی سوور ببەزێنێت، تابوو بشکێنێت، گومان بخاتە سەر چەمکی نەگۆڕ و جێگیر، ئەو شتە بڵێت کە زۆرینە لێی بێدەنگن، بە گژ فیکری کۆنی زاڵدا بچێتەوە و کۆمەڵ تووشی شۆک بکات. لایەنێکی گەشی فاتیلا ئەوەیە، هەم جڤاکی بەدەم گۆڕانەوە وێنە کێشاوە و هەم کارەکتەرە سەرەکییەکەیش. لە فاتیلادا چیرۆکی ئەوینێکی گەرموگوڕ هەیە کە بە نەمریی دەمێنێتەوە، ئاخر ئەویندارە نەمرەکان ئەوانەن، وەک ڕۆمیۆ و جولیا، وەک مەم و زین و وەک فاتم و ئاتیلا کە بە یەک ناگەن.

لە فاتیلادا بە جۆرێک ڕووداو بەسەر گێڕانەوەدا زاڵە، بڕوا بە هەموو ڕووداوەکان دەکەین. جا چۆن بڕوا نەکەین، کە نووسەر هونەرییانە دیرۆکی نوێی گەلەکەمان دەگێڕێتەوە، باسی ستەمی بەعس، باسی شۆڕش و پێشمەرگە، باسی کاولکردنی کوردستان، باسی کیمیاباران و ئەنفال بکات؟ لە درێژەی ئەنفالدا، لە بیابانی عەرعەر میللەتێک دەکرا بەژێر خۆڵەوە و لە زیندانی نوگرە سەلمانیش، بەعس لەژێر ئالای بە ئەڵڵاهوئەکبەر نەخشاودا، گەمەی بە مەمکی کچانی کورد دەکرد. من خۆم ئەو ڕۆمانە پەسەند دەکەم کە ڕووداو ناگێڕێتەوە، لە ڕووداو ڕادەمێنێت، یان ڕووداو دەخوڵقێنێت. مەهاباد قەرەداغی لە فاتیلادا، بە کۆمەکی خەیاڵێکی زەنگین، ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە خۆی لە نزیکەوە لەگەڵیاندا ژیاوە و ناوبەناو ڕووداویشی خوڵقاندووە.

فاتیلا لە هەوڵی ئەوەدایە، جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا نەکرێت و هەمان دەرفەت بۆ هەردوو لایان بڕەخسێت. فاتیلا پێمان دەڵێت: ئەوە شۆڕش نییە ئەگەر کۆشش بۆ ئازادیی ژنان نەکات و ئەوەیش هەر کۆیلایەتییە کە پیاو ئازاد و ژن ژێردەستە بێت. لایەنی گەش لە شەڕدا نییە، ئیللا مەگەر ئەوەی لە شەڕدا مەعدەنی ئینسانەکان جوانتر بە دیار دەکەوێت، ئاخر کە هەمووان بەرەو ڕووی هەمان چارەنووسی ڕەش دەبنەوە، ئیدی ئەوە ئاشکرا دەبێت، کێ مەعدەنەکەی لە زێڕە و کێیش مەعدەنی لە تەنەکەی ژەنگن بەولاوە هیچی دیکە نییە. شێخ حسێنی هەزارکانی دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت، ئەنفال نەکرێت، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە و مردنێکی سەربڵندانە هەڵدەبژێرێت، ئاخر ئەو پیاوێک دەبێت لە زێڕ.

فاتیلا ئەنفال دەگێڕێتەوە، ئەنفال هیچ نییە لە هۆلۆکۆست بەولاوە، ئاخر نازییەکانی چییان بە جوو کرد، بەعسیش بە ئیلهام وەرگرتن لە سوورەتی ئەنفال، هەمان شتی بە کورد کرد، بەعسیش بەرانبەر بە کورد هەمان نەخشەرێگای گرتە بەر کە نازییەکان پەنجا ساڵێک پێشتر، جوولەکیان پێ قەلاچۆ کردبوو. کە ڕۆمان دەنووسین، مەبەستمان ئەوە نییە، واقیع بگوێزینەوە بۆ ناو دەقێک، ئامانجمان ئەوەیە بە گژ واقعێکدا  بچینەوە، مەهاباد قەرەداغییش هەر وای کردووە. با ڕۆمانێک بایەخ بە ئەوینیش نەدات، بەڵام هەمیشە ئەوە عیشقێکە، نووسەر بۆ نووسین هان دەدات، مەرج نییە عیشقی ئینسانێک بێت، ڕەنگە خۆشویستنی نیشتمانێک بێت. فاتیلا هەرچەندە گرنگییەکی زۆر بە ئەوینی نێوان دوو ئینسان دەدات، بەڵام زادەی عیشقی نیشتمانێکە.

ئەگەر توانای ئەوە شک نەبەین، شتی نوێ دابهێنین، هەقە خۆمان بە نووسینەوە سەرقاڵ نەکەین، ئاخر ڕەنجمان بەفیڕۆ دەڕوات. ئەو چیرۆکی ئەوینەی مەهاباد قەرەداغی لە فاتیلادا دەیگێڕێتەوە، پڕ بە مانای وشەکە نوێیە. وەک چۆن فیکری جوان فیکرێکە، بەرگەی زەمان بگرێت، شیعری جوانیش ئەو شیعرەیە، گرەوی تێپەڕبوونی زەمان نایژاکێنێت، ئەم تێزە بۆ ڕۆمانیش دروستە، ئەوە بۆیە ئەو ڕۆمانانە نەمرن کە لە یادگەماندا بە زیندوویی دەمێننەوە و زەمان توانای ئەوەی نییە کاڵیان بکاتەوە.



* فاتیلا تازەکی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام کەی نووسراوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئاخر کە بەرهەمێک بڵاو دەکەینەوە، پێویستە دەقێک بێت خۆمان تەواو لێی ڕازی بین، چونکە ئەوە بە دەردمان ناخوات، ئەگەر بڵێین لەمێژە نووسیومانە و ئەوسا دەستپێکی نووسینمان بووە و شارەزاییەکی ئەوتۆمان لە بواری نووسینی ئەو ژانرەدا نەبووە. خوێنەر دەقی جوانی دەوێت، ئەوە لەبەر چاو ناگرێت کەی و لە چ هەلومەرجێکدا نووسراوە.

ئەوە سەیر نییە، لە ڕۆماندا غەفڵەت هەبێت، لە (سەد ساڵ تەنیایی)ی مارکیزدا کە نۆبێڵی بە هۆیەوە وەرگرتووە، بە ددانپێدانانی خۆی، چەندان غەفڵەت هەیە. لە هەندێک جێی فاتیلایشدا سووکەغەفلەت هەیە، بۆ ئەوە دەستنیشانیان دەکەم، تا ئەگەر نووسەر سەرنجەکانی منی بە دروست زانی، لە چاپی داهاتوودا ڕەچاویان بکات.

(*) من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم. ئەوە گوتەی دیکارتە، نەک نیتشە وەک لە فاتیلادا هاتووە. ل٨٣
(*) لە بەغدا، دەچوونە گازینۆکانی سەر لێواری دیجلە و فورات. ل١٠٤ تەنیا دیجلە بە بەغدادا ڕەت دەبێت، فورات نا.
(*) ئایا کەس هەیە لە بنەماڵەیان سەر بە بەعس بێت؟ وەڵامەکان پۆزەتیف دەهاتنەوە. بۆ ئەویێ نێگەتیف دروستە، ئاخر ئاتیلا کەسێکی خاوێن بووە.
(*) بارودۆخەکە خۆی تراژیدی بوو، ئەمان کردیان بە کۆمێدیایەکی ڕەش و تاڵ. ل١٣٣ کۆمێدیای ڕەش و تاڵیش هەر تراژیدیایە، یان دروستتر ئاوێتەبوونی هەردووکیانە، بۆیە (تراژیکۆمێدیا)یشی پێ دەڵێن. لەوێدا پێویستمان بەو ڕەش و تاڵە نابێت.

(*) (عاشقی) بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشا کەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم. ل١١٣ هێمن وای نەگوتووە، عاشقی هەڵەیە، (ئەسیری،) دروستە. بۆ ئەو شوێنە هیچ وشەیەک لە (ئەسیر)ی گونجاوتر نییە کە هەمان مانای (دیل)ی هەیە.
(*) ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان/ نایشکێنێ (دانەری) تۆپی زەمان. دانەری هەڵەیە، دانەیی دروستە، دانە بە مانای گولـلەتۆپ دێت. هەندێک لە ئیسلامییەکان چونکە بەد لەو وشەیە حاڵیی بوون، وای بۆچوون، دانەری تۆپی زەمان، خوایە، بۆیە ئەوەی دڵدار گوتوویەتی کوفرە.

(*) کابووس: مۆتەکەیە و (بەدوو)یش: ڕەوەند یان کۆچەرییە. سەرژمێری: ئیحساء، ستاتیستیکە، نەک نفووس، نفووس: باری کەسییەتییە. ل٣٧
(*) ئەهوارەکان ل١٨٨: ئەهوار خۆی کۆیە، بۆیە دووبارە کۆ ناکرێتەوە. هۆرەکان، دروستە، هۆر عەرەبییە بە کوردی زۆنگاوە
(*) ترپەی دڵی من و ئەو بە یەکەوە لێ دەدەن. ل١٧٦ ئەوەی لێ دەدات، دڵە، نەک ترپە.

(*) سوپای ئەنفال وا هاتبوو، گەرمیانیش وەک دۆڵی جافەتی و قەرەداغ بەبێ هیچ بەرگرییەک بگرێت. ل١٤٦ ئەو بەرگرییەی لە دۆڵی جافەتی کرا، مەگەر لە داستان و ئەفسانەدا هەبێت، ئاخر لەوێ بە سەدان، سەدانی ڕاستی نەک زێدەڕۆیی، پێشمەرگە، بەدەم بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەوە گیانیان بەخت کرد. ناوچەی قەرەداغیش بێ بەرگری نەگیرا، قوربانییەکی زۆر لەوێش درا.
(*) عارەبێکی ڕەش کە تەنیا ددانەکانی سپی دەچوونەوە بە کێبڵ... ل١٥٧ ئەوەی کە بەعس حیزبێکی فاشیست بوو، پێوەندیی بە ڕەنگی پێستەوە نەبوو، خۆ نازیستەکانی ئەڵمانیا کە قڕیان خستە قەرەج و جوولەکەوە، سووروسپی و چاوشین و قژزەرد بوون.
*
هەندێک لە لاپەڕەکانی ڕۆمانی فاتیلا، نموونەی جوانی پەخشانی کوردیین، کە باسی سەرهەڵدانی ئەوینی نێوان ئاتیلا و فاتم دەکات، ل٦٢ و ٦٣ هونەری گێڕانەوە دەگاتە ئاستێکی باڵا. سێ چوار لاپەڕەی کۆتاییی ڕۆمانەکە هێندە هەستبزوێن و کاریگەرن، ناخی خوێنەر دەهەژێنن.

١١ی دێسەمبەری ٢٠١٥

هەولێر

(*) مەهاباد قەرەداغی، فاتیلا، چاپخانەی خانی ٢٠١٦ دهۆک. (ساڵی چاپی ڕۆمانەکە، لەسەر بەرگ و لە ناوەوەیش ٢٠١٦ نووسراوە.)

# ڕۆڵی مامۆستا
# محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە

## لە نێوان خەباتی سیاسی و پەروەردەو فێرکردندا ١٩٣٤- ٢٠١٢

**م/ ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ**
**زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردە – بەشی مێژوو**

**پێشەکی:**

خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای دەککە و بنەماڵەکەیان (١٨٨٠-١٩٥٩)، کە بە ڕەسەن خەڵکی گوندی (پرێس) ی هەرێمی شارەزوورو شاری هەڵەبجەن، بەدرێژایی ساڵانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و بە تایبەتی لەو ماوەیەوە کە هاتوونەتە گەرمیان و کەلاری نێوخانەوادە و بەگزادەکانی جاف لە ناوچەی گەرمیان و دواتریش لە ناوچەی (بنکوورە) ی سەر بە شاری خانەقین، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی دیارو بەرچاویان بەڕەوتی زانست و خوێندن و پەروەردەو فێرکردن کردووە لە ناوچەکەدا، ئەگەر تۆزێک سەرچیغ نەچووبێتم، ڕەنگە بڵێم: دەیان پیاوی ئایینی وکەسایەتی و مامۆستاو خوێندەواری دیار لە ڕێگای ئەم بنەماڵەیە و لە ژێر دەستی ئەمانەوە، پێ گەیشتبن و پلەکانی خوێندنی ئایینی و دواتر قوتابخانەشیان هەر لە ڕێگای ئەمانەوە، تەواوکردبێت و دواتر بووبێتنە کەسایەتیەکی دیارو گەورە لە نێوەندی کۆمەڵگای کوردەواریی دا.

جا لێرەداو لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە کورتەدا، ئەوەی زیاتر پەیوەست بێت، بە مامۆستا مەلا ئەحمەدی دەککە خۆیەوە هەر لە سەربردەی کەسێتی، ژیانی مەلایەتی، تەدریس، شاعیریەت و هەروەها قسەکردن لەسەر کەشکۆڵە گرنگ وگرانبەهاکەی، ئەوا خوایار بێت، ئەیهێڵینەوە و لە فورسەتێکی ترو لە توێژینەوەیەکی مێژوویی سەربەخۆتردا، دێینەوە سەری و بەوردی لە بارەیەوە دەنووسین و بەوردی لە سەریان دەوەستین. بەڵام وەکتر ئەوەی پەیوەست بێت، بە مامۆستا محەمەدی کوڕیەوە و بە پێی بە شێک لەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامەو وردە دەستنووسانەی کە لە بەر دەستدان و لە چوارچێوەی چەند سەرباس و تەوەرێکی سەربەخۆدا لە بارەیانەوە نووسیومانە و وەک پێویست دەیانخەینە بەر دیدەی خوێنەرو لێکۆڵیارانی ئەمرۆی کورد، بە ئومێدی ئەوەی ئەم کورتە توێژینەوەی ئێمەش ببێتە دەروازەیەک، بۆ ئەوەی لە ئایندەداو لە داهاتوویەکی نزیکدا، نووسین و توێژینەوەی وردتری بە دوادا بێت و بە ڕوونی لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئەم مامۆستاو کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەی کورد ڕۆشنایی زیاتری بخرێتە سەر.

**تەوەری یەکەم / مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە کێیە:**

مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە، بە پێی هەردوو دەفتەری نفووسەکەی و هەروەها کۆپی کراوی ئەو ڕەگەز نامە عێراقیەی (الشهاده الجنسیه العراقیه)، کە دواتر لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٢)دا، دەری کردووە و سوودمان لێ وەرگرتوون، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٣٤ دا، لە گوندی (دەککە) ی حاجی ئیبرهیم بەگی جافی سەر بە شاری خانەقین هاتۆتە دونیاوە، دایکی ناوی ڕەعنا خانی کچی شێخ محەمەدی شێخ عەلی هەنجیرانە (١٩٠٥- ١٩٩١) و هاوکات ئەبێتە ئامۆزای شاعیری ناسراوی کوردوگەرمیان شێخ بابا عەلی بێدار (١٨٩٤ – ١٩٤٩). وەک خۆی لە بەشێک لە یادداشتەکانی ڕۆژانە و هەروەها لە چاو پێکەوتنێکی تایبەتی تەلەفزیۆینی لۆکاڵی شاری خانەقین و بە تایبەتی لە بەرنامەی (مرواریی)دا دەڵێت: ئێمە بەڕەسەن لە تیرەی هاروونی سەر بە هۆزی گەورەی جافین و سەرەتاکانی خوێندنی لە حوجرە و لای مەلا ئەحمەدی دەککەیی باوکیەوە دەست پێکردووە، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی خوێندنی (١٩٤١ – ١٩٤٢)دا، هەر لە گوندەکەی خۆیان کە ناوی (قوتابخانەی سەرەتایی ئیبراهیمیە) بووە. لە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف (المدرسه الابراهیمیه فی دکه) کە هەر بە ناوی حاجی ئیبراهیم بەگ خۆیەوە بووە، خراوەتە بەر خوێندن و بۆ ماوەی چوار ساڵی تەواو لەو قوتابخانەیەدا ماوەتەوە. وەک خۆی و مامۆستا عەلی برای (لەدایک بووی ١٩٤٠) و هەروەها مامۆستا ئیبراهیم شێخ محەمەد میرانیش ئەڵێن: دامەزرێنەی یەکەم و سەرەکی قوتابخانەی ئیبراهیمیە وەک مامۆستای سەرەتایی عەبدولکەریم مەندەلاوی بووە، دواتریش مامۆستا ڕەشید موبارەک و پاش ئەوانیش هەریەک لە مامۆستایان شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی (١٩٠٦ – ١٩٩٥) و مامۆستا جاوید عەبدولقادر و ئەکرەم محەمەد شێخلی بەدوای یەکداو لە کاتی جیاوازدا هاتوونەتە قوتابخانەی: (ئیبراهیمیەی دەککە) وەک پیشەی مامۆستایی و بەڕێوەبەر.

دواتر لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٦- ١٩٤٧) دوە لە ڕێگای هەریەک لە: شێخ قاسم عیسا کە یەکێک بووە لە زانا ئایینیە ناسراوەکانی وڵاتی عێراق و مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی تەرجانی زادە (١٨٩٢- ١٩٥٩) کە ماوەیەک موفتی عێراق و لە هەمان کاتیشدا مامۆستا بووە لە قوتابخانەی (الهدایه الاسلامیه) لە شاری بەغدا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ مزگەوتەکانی ئەوکاتەی شاری بەغدا، بە سەردانێکی چەند ڕۆژە هاتوونەتە شاری خانەقین و دواتر (ناوچەی دەککە) بۆ لای حاجی ئیبراهیم بەگی جاف (١٨٨٧- ١٩٥٢) لە گوندەکەی خۆی، یەکێک لە کارەکانیشیان ئەوەبووە مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە کە هێشتا مێرد مناڵ بووە. لە ڕێگای ئەوانەوەو لە قوتابخانەی ناوبراو وەرگیراوە و درێژەی بە خوێندن

داوە. دوای دووساڵ تەواوی کردووەو بەسەریەکەوە، ئەمەش وەک ئەوە وابووە، کە قۆناغی سەرەتایی تەواو کردبێت. تەنانەت ئەو ساڵانەشی کە لە شاری بەغدا دەبێت و باوکی هەست دەکات کە لە بەشی ناوخۆیی ئەوسا بارودۆخی بەباشی بە ڕێوە ناچێت و لە نالەباریدا دەژی، بۆیە هەر بەخەتی خۆی و بە زمانی شیرینی کوردی ئەوکاتە لە گوندێکی دوورە دەستی وەک دەککەی سەر بە شاری خانەقینەوەو لە ڕێکەوتی (٣٠ / ٤ / ١٩٤٨) دا، نامەیەکی برایانەو دۆستانە بۆ مامۆستا محەمەدی قزڵجی تەرجانی زادە دەنووسێت و داوای ئەوەی لێ دەکات کە وەک ئەرکێکی باوکانە هاوکاری بێت و یارمەتی بدات، وەک لە بەشێکی نامەکەیدا دەنووسێت:

((مامۆستا گیان: قوربان، لە پاش عەرزی دەستماچکردن و تکای دوعای خێر، بە لوگفی خوا سەلامەت وسەعادەتتان بەرقەرارە. ئەهلی ماڵ بەعافیەت باشین. جەنابی حاجی برایم بەگ زۆر ئیحترامی هەیە. لوگفە ن تەفەقودی حاڵمان بفەرموون حەمدەن باشین. بەڵام بیستومە جەنابی مەلا ئیسماعیلی موراقیب چۆتۆ بۆ ماڵی خۆیان. وە مەلا شکور هاتوەتە جامیعی حسین پاشا. ڤە نم وایە خزمەتکارت محەمەد لە غورفەکەی خۆیان گوزەرانی زەحمەتە، لوگفە ن لە یورەتی ئیمکان ئەمر بفەرموون محەمەد بێتە خزمەتی جەنابی مەلا ئیبراهیم لە مەدرەسەی جەنابت، ئەگەر مەعاشەکەی کەمە ئیدارەی نەدا تا خەرجی بۆ بنێرم، ئەلحاێڵ ئەم کوڕە عائید بە جەنابتە. ئەگەر نوقێانی، یا خەیر سەهوو نیسیانێکی هەبێ بە شەفەقەتی باوکانە عیلاجی بفەرموون. موخلیێ لەم وەختە پێم ناکرێ بێم بۆ خزمەتتان، مەقێەدم ئەوەیە محەمەد لە گەڵ کوردەکان باشتر ئەژیی ئیتر حەواڵەی لوگفو ئیحسانی خۆتە قوربان.... موخلێیتان لە دەککە... ئەحمەد...)).

پاش تەواوکردنی ئەم قۆناغەش دواتر هەر لە شاری بەغدا و لە ناوەندی ئایینی (المتوسطە الدینیە) لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٨- ١٩٤٩) وەرگیراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵی تەواو تیایدا ماوەتەوە و پلەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، پاشتر لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٢-١٩٥٣)دا لە ئامادەیی نەجیبیە (الاعدادیە النجیبیە) ی شاری بەغدا وەردەگیرێت، کە لەو سەرو بەندەدا قورئان خوێنی ناسراوی عێراقی حاجی مەحموود عەبدولوەهاب (١٨٩٥-١٩٧٠) بەڕێوەبەری بووە و هەروەها بەهەمان شێوەی قوتابخانەی (الهدایە الاسلامیە)ش مامۆستا محەمەدی قزڵجی تەرجانی زادە، لەم ناوەندیەی خوێندنیشدا، ڕۆژانە وانەی بە خوێندکارەکانی وتۆتەوە، دوای دووساڵ، تەوای کردووە. پاشان لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٤- ١٩٥٥)دا، لە قۆناغی زانکۆیی و (کۆلێژی شەریعە) ی شاری بەغدا کە ڕاگرەکانی لە ماوەی خوێندنی ئەودا، وەکو خۆی باسی لێوە دەکات: هەریەک لە دکتۆر ناجی مەعرووف (١٩١٠- ٨/١٧ / ١٩٧٧) و دواتر دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار ئەلجیواری (١٩٢٤- ١٩٨٨) بوون وەگیراوە و دوای

چوار ساڵی بەردەوام و تەواوی خوێندن، بەسەرکەوتوویی قۆناغی زانکۆیشی بڕیووە و لە بەرپا بوونی شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨) بەدواوە، لە کۆلێژی سەربازی کە بە (كليه الاحتياگ) بە ناوبانگ بووە وەرگیراوە، جا لەبەرئەوەی دەرچووی کۆلێژ و بڕوانامەی (بەکالۆریوس) ی هەبووە. پلەی سەربازی (مولازمی یەکەم)ی دراوەتێ. دوای ساڵێک لەم قۆناغەو تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، هەرلە شاری خانەقین و بەزۆری لەگەڵ موقەدەمی ناسراوی سەربازی عێراقی وکوردی شاری سلێمانی (زاهیر بەگی بابان) دا بووە. وەکو وتمان دوای تەواوکردنی ساڵێک لە قۆناغی سەربازی و لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٩- ١٩٦٠) بۆ یەکەم جار بۆتە مامۆستای دوا ناوەندی شاری خانەقین (پانویە خانقین) و بە پێی فەرمانێکی کارگێڕی، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە (مەعاریف) ی لیوای دیالە، لە ڕێکەوتی (١٢ / ٩ / ١٩٥٩) دوە وەک مامۆستا دەست بەکاردەبێت، بە موچەیەکی مانگانەی (٢٨) دیناری ئەوکاتە، لە هەمانکتیشدا وەک کاری حیزبی و سیاسی لە ڕێگای مامۆستا عەزیز پشتیوانەوە پەیوەندی کردۆتە ڕیزەکانی: (پارتی دیموکراتی کوردستان) دوە و وەکو خۆی ئەڵێت: مامۆستا عەزیز پشتیوان پێی وتم لێرە بەدواوە تۆ نوێنەری ئێمەی لە دوا ناوەندی شاری خانەقین، تا ساڵی (١٩٦٣) لەم دواناوەندیەدا ماوەتەوە. واتە تا ئەوکاتەی فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعس لە عێراق لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ عەبدولسەلام محەمەد (١٩٢١- ١٣/ ٤ / ١٩٦٦) لە (٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣) دوە دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەستەوە.

لێرە بەدواوە مامۆستا محەمەد لەگەڵ عەلی برای کە هەردووکیان مامۆستا بوون و هاوکات لە بەرئەوەی سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن، بۆ ماوەیەک بە نهێنی دەچنە شاری بەغداو لە گەڕەکی (فەنارە) ی نزیک بە (باب الشرجي) و شێخ عەبدولقادری گەیلانی خانوویەک بەکرێ دەگرن و خۆیان لە بەرچاو ون دەکەن، هەریەک لە مامۆستا عەلائەدینی سەجادی و مامۆستا شێخ محەمەد ئەمینی میرانی سەردانی بەردەوام و چاودێریان ئەکەن، پاش چەند مانگێک ناچار دووبارە دەگەڕێتەوە شاری خانەقین و هەر لەو ماوەیەشدا، فەرمانی گواستەنەوەی ڕاژەو دوورخستنەوەی بۆ دەردەچێت، بۆ باشووری عێراق و لیوای ناسریە. وەک لێرە بەدواوە و هەر بەپێی (فەرمانێکی وەزاری — امر وزاری) وەزارەتی پەروەردەی عێراق، ژمارە (٢٣٤٥٤) و لە ڕێکەوتی (١٨ / ٥ / ١٩٦٣) دوە پێکەوە لەگەڵ مامۆستا محەمەد شکور مەحموودی مامۆستای بیرکاری و خەڵکی شاری خانەقین، ڕاژەکەیان گوستراوەتەوەو دوورخراونەتەوە ئەمیان بۆ (سوق ئەلشیوخ) ی باشووری عێراق لە لیوای ناسریە و محەمەد شکوریش بۆ حلە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

امر وزاری
الموضوع / نقل مدرسين
استنادا الى ماجاء بكتاب الحاكم العسكرى العام المرقم (٢٣٣١) فى ١١/ ٥ / ١٩٦٣
قررنا مايلى:
١- ينقل السيد محمد شكر محمود مدرس الرياضيات فى ثانوية خانقين للبنين الى امر مدير التربية فى لواء الحلة.
٢- ينقل السيد محمد ملا احمد وكيل مدير متوسطة خانقين للبنين الى مدرس – لتدريس اللغة العربية لامر مديرية التربية والتعليم للواء الناصرية.
يعتبر الامر نافذا من تاريخه اعلاه.
عن / وزير التربية والتعليم

محمد على خلف
نسخة منه الى: -
وزارة الدفاع / مقر الحاكم العسكرى العام
وزارة الداخلية / المخابرات السرية و السياسية / كتابكم المرقم ق. س / ٤٥٠١ فى ٢٤ / ٤ / ١٩٦٣
وزارة المالية / يرجى الموافقة على استثنائهما من احكام منشوركم المرقم س / ٩١٢ فى ٢٤ / ٩ / ١٩٦٢ وبناء على مقتضيات المصلحة العامة.
.....................الخ.

دوای دوورخستنەوەوگواستنەوەی ڕاژەکەی و بە پێی نووسرای فەرمی سەرەوە لە لیوای ناسریە بە ناچاریەوە دەست بەکار دەبێت. بەڵام مامۆستا عەلی مەلا ئەحمەدی برای لەم بارەیەوە ئەڵێت: لەگەڵ کاکەم پێکەوە چووین بۆ لیوای ناسریە و چووینە (بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف لیوای ناسریە) ی ئەوکاتە،کەسێکی شۆڤێنی سەر بە حیزبی بەعس بەڕێوەبەری مەعاریف بوو بە ناوی: (عەبدولموحسین تۆحەلە) وە، بەداخەوە زۆر بە ناشرینی و بە ئیهانەکردنێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کردین، هەرچەندە پێش چوونمانیشمان، لە ڕێگای خوالێخۆشبوو مامۆستا تاهیر حەیدەری (١٩٢١- ٨/ ٧ / ٢٠١٢) وە کە لەودەمانەدا قائمقامی قەزای ئەعزەمیە (الاعظمیە) بوو، لە بەغداو خزمی نزیکمان بوو، سووکە واستەیەکمان کردبوو بۆ ئەوەی هاوکاریەکمان بکەن، کەچی ئەوەش دادێکی ئەوتۆی نەدابن و تەنانەت شوێنێکی دوورە دەستی وەک (سوق ئەلشیوخ) یشیان پێ ڕەوا نەدەبینی. بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر نێردرایە سوق ئەلشیوخ و وەک

مامۆستای ناوەندی ئەوێ بۆ وتنەوەی زمانی عەرەبی دەست بەکار بوو. وەک ئەوەی بەپێی هەمان نووسراوی سەرەوەو بە ڕێوەبەرایەتی پەروەردە وخوێندن لە لیوای ناسریە (مدیریە التربیە والتعلیم للواء الناصریە) بە پێی نووسراوی ژمارە (٨٠٥١) لە ڕێکەوتی (٤/ ٦ / ١٩٦٣) فەرمانی کارگێڕی بۆ دەردەکەن و بەم شێوەیەی خوارەوە کاری پێ دەسپێرن:

امر اداری

م / نقل مدرس

بناء علی مقتضیات المصلحة العامة و استنادا الی الامر الوزاری المرقم (٢٣٤٥٤) فی (١٨ / ٥ / ١٩٦٣) الصادر من مدیریة التعلیم العامة / الثانوی. فقد تقرر نقل (السید محمد ملا احمد) وکیل مدیر متوسطة خانقین للبنین الی لوائنا وقد نسبنا تعینه فی متوسطة السوق الشیوخ للبنین لتدریس اللغة العربیة اعتبارا من تاریخ مباشرتة العمل.

عبدالمحسن توحلة

مدیر التربیة والتعلیم للواء الناصریة

جگە لەوەش هەر لەهەمان ساڵداو لە ڕێکەوتی (١٤/ ٥ / ١٩٦٣) ەوە کۆمەڵێک کەسایەتی دی لە شاری خانەقین ودەوروبەری هەریەکەو بۆ شوێنێکی تری ناوچەکانی باشووری عێراق دوور خراونەتەوە لە وانە: مەحموود تاهیر سلێمان زەهاوی بۆ ناحیەی بەنی سەعید لە ناسریە، سەلاحەدین عەبدوڵڵا عەباس واتە (سەلاح فیتەر) بۆ (سوق ئەلشیوخ) لە ناسریە، مەلا شەریف ڕەشید زەنگەنەی (١٩١٧- ١٩٩٦) خەڵکی گوندی (سەوزبڵاخ) ی ناوچەی بنکوورە و لە کاتی چالاکیەکانی حیزبی هیوادا نازناوی (پەیوەند) بووە لە ڕیزەکانی حیزبدا، بۆ قەزای ڕەفاعی لە ناسریە، عەلی عومەری کە دواتر ئوتێلی ئەڵوەندی کردەوە لە گۆڕەپانی زوبێدەی سەر شەقامی کیفاح لە شاری بەغدا بۆ (قلعەسکر) لە ناسریە و هەروەها سیروانی کوڕی مامۆستا عەزیز پشتیوانیش دوورخرایەوە بۆ عەین تەمر (عین تمر) لە کەربەلا.

بەڵام پاش ساڵێک لە مانەوەو دوورخستنەوەی بۆ باشووری عێراق، دواتر مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەد دووبارە دەگێڕدرێتەوە بۆ شاری خانەقین و وەک مامۆستایەکی ئاسایی هەمیسان لە شاری خانەقین و (دواناوەندی خانەقین) دەست بەکار دەبێتەوەو تاساڵی (١٩٦٩- ١٩٧٠) لەهەمان دوا ناوەندی دەبێت و لە بەیانی (١١ ی مارتی ١٩٧٠) بە دواوە و لە گەرمەی دانووستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣ – ١٩٧٩) دەبێتە بەڕێوەبەری (ناوەندی

١١ی ئازار) له شاری خانەقین و پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری ئامادەیی شۆڕش (پانویە شورش). تا ئەوکاتەی دانووستانەکانی نێوان شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردو حکومەتی عێراق تێک دەچێت، ئەمیش بۆ جارێکی دی و بە پێی نووسراوێکی فەرمی وەزارەتی پەروەردەی عێراقی ژمارە (٤٣٧٥٩) لە (٢٠ / ٧ / ١٩٧٥) ەوە لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای تردا، لە شوێنەکانی خۆیان دەگوازرێنەوەو دووردەخرێنەوە بۆ شوێنی جۆر بە جۆری دی لە شارو ناوچەکانی عێراق. مامۆستا محەمەدیش ئەمجارەیان و بە گوێرەی بڕیاری ناوبراو دووردەخرێتەوە بۆ شاری بەغداو لە دواناوەندی روسافە (الرصافة) وەک مامۆستا زمانی عەرەبی دەست بەکاردەبێتەوە. بەجۆرێک مەرجی ئەوەش لە فەرمان و نووسراوەکەدایە ئەبێت لە شوێنەکانی پێشووتریان تاقیکردنەوەی خولی دووەمی خوێندکاران کۆتایی بێت ئەوجا بگوازرێنەوە: ((یعتبر الامر نافذا من تاریخ الانفکاک والمباشرة بعد انتهاء امتحانات الدور الثانی)). لێرەش بەدواوە ئەو دوا ناوەندیەی شاری خانەقین لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ناوەکەی لە (شۆڕش)ەوە دەگۆڕدرێت بۆ (الخورنق) و دوای ماوەیەک دووبارە ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە شاری خانەقین و تاکاتی خانەشین بوونی لە ساڵی ١٩٨٥ دا هەر لەم شارە بەسەری دەباو تا ئەوکاتەی لە ڕێکەوتی (٢٦ / ١٠ / ٢٠١٢) دا وەفات دەکات و هەر لە شاری خانەقین و لە گۆڕستانی (خدری زیندە) ئەسپەردەی خاک دەکرێت.

**تەوەری دووەم / نوێنەرانی گەرمیان و خانەقین و کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە ١٩٥٩:**

لە بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بەدواوە، کە چالاکی وکاری ڕێکخراوەیی و حیزبی لە وڵاتی عێراق و باشووری کوردستاندا، تاڕادەیەک بە شێوازێکی ئاشکراترو ئازادتر لە جاران برەوی پەیدا کردبوو. ئەوەبوو هەر لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩ ەوە کۆنگرەی مامۆستایانی عێراق لە شاری بەغدا بەستراو بەشێک لە نوێنەرانی کوردیش لە شارەکانی کوردستانەوە تیایدا بەشداربوون و تاڕادەیەک هەندێک دەسکەوتی بۆ کورد تیابوو , بەڵام کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان کە بە چاودێری پارێزگاری ئەوکاتەی شاری هەولێر: عەلائەدین مەحموود (١٦/ ٧ / ١٩٥٨- ٢ / ٤ / ١٩٦٢) و نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق: (نەجیب محێدین) و سەرۆکی لقەکانی بە شێک لە لیواکانی باشووری کوردستان و عێراق لە شارۆچکەو هاوینە هەواری شەقڵاوە بەڕێوە چوو لە نێوان (١٠- ١٣ ئەیلولی ١٩٥٩) داو بەسەریەکەوەو لەچوارچێوەی کارنامەی کۆنگرەکەدا، گەلێک بڕیاری گرنگی تیادراو وەک ڕاسپاردەش لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەندکران لەوانە وەک: ((دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد،

دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی، مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراقدا بخوێندرێ، بەشێک بۆ زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا بکرێتەوە، قوتابیانی کورد لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەنها ئەلف و بێی کوردی بخوێنن....تاد)).

بە جۆرێک لە چوارچێوەی ئەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و کەسایەتی رووناکبیر و تەنانەت سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش تیایدا بەشداربوون. کە بەسەریەکەوە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە بریتی بووە لە (١٠٥) مامۆستای پیاو و ژن و (٣٤) میوانی سیاسەت مەدارو ئەدیب و نووسەرو مێژوونووسی ئەوکاتەی کورد هەر وەکو ئاماژەی بۆکرا، لە چەند بەشێکی پارچەکانی تری کوردستانەوە تیایدابە شداریان کردبوو لەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤- ٢٠٠٠)، دکتۆر عەباسی ئەنوەری (١٩٣٠- ١٩٨٩) واتە (عەبدولرەحمانی قاسملو) لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧ – ١٩٨٤)، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی (١٩١٠- ٢٠٠١)، عەزیز پشتیوان (١٩١٢ – ١٩٩٣)، گیوی موکریانی (١٩٠٣- ١٩٧٧)، شاکیر فەتاح (١٩١٤- ١٩٨٨)، مەجید ئاسنگەر (١٩٢٩- ٢٠٠٩)، مامۆستا عەزیز محەمەد، حسێن عارفی چیرۆکنووس، ئەبو بەکری شێخ جەلال واتە ا. ب. هەوری (١٩١٥- ١٩٧٩)، جگەر خوێن (١٩٠٣- ١٩٨٤) لە رۆژ ئاوای کوردستانەوە، عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر (١٩٠٤- ١٩٦٢)، محەمەد سەعید بەگی کوڕی حمە بەگی جاف و دەیانی دی کە لەماوەی بەستنی کۆنگرەکەدالە رۆژانی کۆنگرەدا زیاتر بەرنامەو لیژنە جۆربەجۆرەکانی کۆنگرەیان دەوڵەمەند کردووە.

هەروەها مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا کە بۆ خۆی ئەندامی کۆنگرەولە لیژنەی دانان و وەرگێڕانی کۆنگرەدا بووە دەنووسێت لە چوار چێوەی کۆنگرەو: ((لە نزیکەوە ئەدیب و پەروەردەکارێکی کوردی گەرمیانیم ناسی، ئەویش مامۆستا عەزیز پشتیوان بوو، لە خانەقینەوە بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەکە هاتبوو)). سەرەڕای ئەوانەی ناومان بردن لە زۆربەی شارو ناوچەکانی تری باشووری کوردستانەوە تیایدا بە شداریان کردووەو بە سەریەکەوە سێ رۆژی تەواوی خایاندووە. لە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینی ئەوکاتەشەوە جگە لە مامۆستا عەزیز پشتیوان (١٩٢٠ – ١٩٩٣)، هەریەک لە مامۆستایان محەمەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە (١٩٣٤- ٢٠١٢)، شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی (١٩٠٧ – ١٩٩٥) باوکی مامۆستا ئیبراهیم میرانی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، حمە سەعید بەگی کوڕی حمەبەگی جاف (١٩٢٥ – ١٩٩٦) ی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی دا، مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی (١٩٢٠ – ١٩٩٢)، مامۆستا عەبدلقادری کوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی (لەدایک بووی ١٩٣٧) یەکەمین ئیمام و خەتیب و مودەریسی مزگەوتی کەلار لە ساڵی ١٩١٤ و لەسەردەمی

فەرمانڕەوایەتی عوسمانی دا، کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە و تیایدا بە شداریان کردووەو ئەمەی دوایشیان لە بارەی بەشداربوونیانەوە دەڵێت: ئێمە وەک لایەنگیری حیزبی سەر بەلایەنی جیاواز بووین. بەڵام وەکتر هەمووومان مامۆستاو لە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینەوە چوو بووین بۆ کۆنگرەکە و تەنانەت لە شارەکانی تری گەرمیانی وەک کەرکوک و کفری و خورماتووەوە مامۆستاو ئەندامی تر هاتبوون و ئەوانیش بەشدار بوون. بەڵام حاڵی حازر من ناوەکانیانم نایەتەوە یاد، بەڵام زۆر چاکم لە یادە پێش ئەوەی بڕۆین برادەرانی پارتی جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە ئەبێت هەر چوار ئەندامەکەی کۆنگرە کە بۆ خانەقین دەستنیشان کرابوو هەمووی بۆ ئەوان بێت. بەڵام سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی ئەوکاتەی شاری خانەقین منی سەپاند بۆ کۆنگرەی شەقڵاوە و بەجۆرێک ئێمەش بەشداری لیژنەو گفتوگۆو هەرسێ ڕۆژی دانیشتنەکانی کۆنگرەکە بووین. بە تایبەتی مامۆستا عەزیز پشتیوان و شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی و مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە کە هەم مامۆستاو ئەوکاتە ئەوان سەر بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون لە شاری خانەقین و ناوچەکەدا، بەڵام من زیاتر وەک کادیرێکی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق دەناسرام و لەساڵی (١٩٥٧) ەوە لە ڕێگای مامۆستا ئیبراهیم ئەڵماسەوە لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقدا کارم دەکردو بۆ ئەندامێتی کۆنگرەی مامۆستایان چەسپێنرام، لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیرم لە بیرە وتەیەکی خوێندەوە و تیایدا باسی نەتەوەی کوردو چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی کوردی دەکرد. هاوکات خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەجادی یەکێک لە قسەکانی ئەوەی بوو کە ئەیگوت: بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و نووسین هیچ بۆ زمانی کوردی ناکرێت، بەڵکو بە خەبات و تا خوێن نەڕژێت کورد ناگاتە ئامانج، هەروەها جگە لەوەش لە بیرمە ئەوکاتە خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید بەگی جاف لە گەرمیان و کەلارەوە وەک کەسایەتیەکی مارکسی و زیاتر سیفەتی چاودێری هەبوو لە نێو دانیشتنەکانی کۆنگرەکەدا.

تەوەری سێیەم / مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدو خولەکانی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری خانەقین ١٩٥٩- ١٩٧٢:

وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا لە بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بەدواوە زمانی کوردی لە عێراق و باشووری کوردستاندا برەوێکی زیاتری پەیدا کردو هەوڵی ئەوەدرا لە هەموو باشووری کوردستاندا وەک زمانێکی سەربەخۆ لە قوتابخانەو ناوەندەکانی خوێندندا بخوێندرێت، بە لام وەکتر جێ بەجێ کردنی پلانێکی ئەوتۆ، هەروا ئاسان و بێ گرێ و کۆسپ نەبوو، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و زەمینەخۆشکردن و مامۆستاوکادیری پسپۆرو شارەزا هەبوو. بۆ ئەوەی بەپێی پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن

بێتەدی و ڕۆژ بە ڕۆژ پێڕۆو پرۆگرامەکانی لە شوێن و کاتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت، بەجۆرێک لە عۆدەی ئەوەدا بێت کە پرۆسەیەکی ئاوا گرنگ و هەستیاری لەبەر ڕۆشنایی دا بێتەدی. بە تایبەتی لە شارێکی دوورە دەست و چەپەکی وەک خانەقین و ناوچەکانی دەوروبەریدا، بەوەی تا ئەودەمانە ساڵانێکی یەکجار زۆربوو پرۆسەی بە عەرەبکردن و خوێندنی زمانی کوردی تیادا یاساغ بوو. وەک دەشگوترێت دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموز کۆمەڵێک مامۆستاو کەسایەتی خۆبەش کەوتوونەتە ئەوەی خولێک بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەم شارەدا بکرێتەوە لە ژێر چاودێری مامۆستا وخاوەنی کتێبی (ئەلف بێی نوێ) ی بە ناوبانگ ئیبراهیم ئەمین باڵدار (١٩٢٠ – ١٩٩٨) و چەند مامۆستایەکی تری وەک: عەزیز پشتیوان، عەبدوڵڵا قەرەداغی، شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی، محەمەد حوسێن کوردە، شەفیق مەحموود حسێن جاف و هەریەک لە محەمەد مەحموود حسێن جافی برای و ئەحمەد مەحموود کەلاری (١٩٣٥- ٢٠٠٨)ەوە کە مامۆستا نەبوون، بەڵکو ئەم دوانەی دوایی هەر بەخۆبەش وانەیان تیا وتۆتەوە. بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی کەم ولە لایەن جەماعەتی موقاوەمەتی شەعبی و بە دەست تێوەردانی فەرمانڕەوایانی عێراق لە شاری خانەقین دا خولەکە تێک دراوەو نەیتوانیووە درێژە بەکارەکانی بدات. بەڵام بۆ ساڵی دواترو هەر بەمەبەستی فێربوونی زمانی کوردی (بە ڕێوەبەرایەتی مەعاریفی لیوای دیالە) بە پێی نووسراوێکی فەرمی، ژمارە (٨١١٧) و لە ڕێکەوتی (٢ / ٦ / ١٩٦٠) دا بڕیاری لە سەر ئەوەداوە کە بە شێوازێکی فەرمی خولێکی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری خانەقین بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بینای قوتابخانەی خەبات (نچال) ی بۆ دەستنیشان کراوە. هەروەها بە ڕێوەبەری (دواناوەندی خانەقین – پانویە خانقین) کە لەو دەمانەدا مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە بووە، لە (١١ ی حوزەیرانی ١٩٦٠) داو لەناو بینای قوتابخانەی (خەبات) کە تازە ئەو ناوەی لێ نرابوو و، بەچاودێری بەڕێوەبەری پەروەردە (مەعاریف) ی دیالەی ئەوکاتە کە مامۆستا (عەبدولقادر مەلا غالیب خانەقینی) و برای بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوکاتەی شاری خانەقین (عەلی مەلا غالیبی خانەقینی) بووە، خولێک بۆ فێربوونی زمانی کوردی کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی هەموو شارەکانی ئەودەمانەی وەک: خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، قزرەبات (سعدیە) و دەوروبەری تییدا بە شداربوون، بە جۆرێک مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە لە یادداشتەکانی ڕۆژانەی خۆیدا و بە زمانی عەرەبی دەنووسێت: ((شارک فی الدورە المعلمات و المعلمون الاکراد فی خانقین وجلولاء والسعدیە ومندلی و بواقع ثلاث شعب)). هەروەها باس لەوەش دەکات، هەرچەندە ماوەی خولەکەیان کەم بووە و بە سەریەکەوە: ((تەنها دوو هەفتەبووە)). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمێکی زۆرچاکی هەبووە بە مەبەستی زیاتر فێربوون و پێ

گەیاندنی کادیری پێویست  بۆ وتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەودەمانەی شارو ناوچەکەدا، دیارە ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە مامۆستایانی بەشداربوو بەسوور بوون و پێ داگیریەکی بەرچاو و بێ وێنەوە بە پیری پرۆسەکەوە هاتوون و ویستوویانە لەسەر بنەمایەکی زانستی وردەکاری زمانەکەی خۆیان فێر ببن، بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوودا خزمەت بە کوڕان و کچانی وڵاتە خۆشەیستەی خۆیانی پێ بکەن کەکوردستانە. هەروەها لە چوارچێوەی نووسینەکانیشیدا باس لەوەدەکات کە مامۆستایانی بەشداربووی شاری مەندەلی لە هەموو ئەوانی دی زیاتر پێ داگیرو سوور بوونە بۆ ئەوەی زمانەکەی خۆیان فێربن و سوودی زیاتر  وەربگرن، هەرچەندە کۆسپ و تەگەرەو موعاناتی زیاتریان هەبوو بە هۆی جیاوازی دیالێکتی زمانەکەیان و هەروەها نەبوونی جێگای پێویست بۆ مانەوەو حەوانەوەیان لە بەشە ناوخۆیی یەکانی دواناوەندی شاری خانەقیندا کە بۆیان دابین کرابوو. بەزۆری ئەومامۆستایانەشی کە ڕۆڵی بە رچاویان هەبوو لە بەڕێوەبردن و وتنەوەی وانەکانی ئەم خولەدا کە بە شێوازێکی فەرمی بۆ یەکەم جاربوو لە شاری خانەقین دا کرابووەوە هەریەک لەم مامۆستایانەی خوارەوە بوون کە لە کۆتایداو بۆ یادگاری وێنەیەکیان گرتووە وەک ئەوەی لەگەڵ نووسینەوەکەدا بۆ یەکەم جار هەر لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەدمەلا ئەحمەدەوە بڵاوی دەکەینەوە:

١- مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە،     بەڕێوەبەری دواناوەندی خانەقین، بەڕێوەبەری خولەکە.

٢- مامۆستا عەزیز پشتیوان، مامۆستای قوتابخانەی خەبات.

٣- مامۆستا نوری محەمەد ئەمین گۆچان،  بەڕێوەبەری پراکتیکی خانەی مامۆستایانی بەعقوبە.

٤- مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم، مامۆستای خانەی مامۆستایانی سلێمانی (١٩٢٠-١٩٩٣).

٥- مامۆستا شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی، مامۆستای قوتابخانەی مونزریە لە شاری خانەقین.

ناوی بەشێک لەو مامۆستایانەشی کە لەو خولەدا بەشداریانکردووە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٠دا مامۆستاعەلی مەلا ئەحمەد دەڵێت: وەک بێتەوە یادم بەزۆری ئەمانەبوون: عەلی مەلا ئەحمەد، مەحموود تاهیر سلێمان  زەهاوی، ئیبراهیم خداداد، موحێدین شاکر دای زادە، نەسرین شێخ عەلی قەرەداغی (١٩٣٨)، نەسرین مەحموود دەربەند فەقەرەیی و مامۆستاعەبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی مەهدی جوانڕۆیی)). دوا بەدوای ئەوانەو لە بەیانی (١١ی مارتی ١٩٧٠) بەدواوە ئاسۆی بیرکردنەوەو ڕێگە خۆشکردن بۆ فێربوونی زمانی کوردی وکردنەوەی خولی زمانی کوردی لە هەمووشارەکانی باشووری کوردستاندا

برەوو تایبەت مەندیەکی زیاتری لە خۆگرت و هەنگاوی خێراتری بۆ نرا، بە مەبەستی ئەوەی نەوەی نوێ و جیلی نوێ، بتوانێت بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنوسێت و بڵاوکراوەو کتێب و هۆیەکانی فێربوونی زمانی پێ دەوڵەمەندتر بکات. وەک ئەوەی هەرلە شاری خانەقین و لە بەیانی (١١ی مارت) بەدواوە دوو قوتابخانەیەی ناوەندی بە زمانی کوردی کرایەوە، بەناوی قوتابخانەی (ناوەندی ١١ی ئازار)ەوە و یەکەم بەڕێوەبەریشی هەر مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەد بووەو لەم بارەیەشەوە و لە نووسینەکانی ڕۆژانەیدا دەنووسێت: کردنەوەی ئەم دوو ناوەندیە بە زمانی کوردی دەرگایەکی گەورەو ڕۆشنن بە ڕووی خوێندکارانی شارو ناوچەکەداو هاوکات کۆمەڵانی خەڵکیش بەدڵ پێشوازیان لێ دەکردن و جگەر گۆشەکانی خۆیان ئەخستە ئەم قوتابخانانەوەو ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە قوتابخانە عەرەبی زمانەکان بە چۆڵی بمێنێتەوە وبەڵکو تەنها منالی ئەو فەرمانبەرە عەرەبانە یان تیا بمێنێتەوە کە تا ئەوکاتە لە شارەکە و دەوروبەری دا بوون، هەرچەندە وەکتریش فەرمانڕوایانی عێراق وەک پێویست ئامادە نەبوون، هاوکاریان بکەن و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکەن، لە ڕاستیدا ئەمەشیان زیاتر بۆ ئەوە بوو کە خوێندنی کوردی لەشارەکەدا بەشکست و مردوویی بمێنێتەوەو هەموو پێشنیارێکیشیان ئەوەبوو ئەوسێ قۆناغەی کە بڕیاربوو بەزمانی کوردی بێت خوێندنەکەی هەر بەشێوازێکی ئیرتجالی ڕایی بکرێت و بێ ئەوەی پێداویستیە زانستی و پەروەردەییەکانی بۆ ئامادەبکرێت وەک ئەوەی بەزمانی عەرەبی نووسیوویەتی: ((وفی الحقیقه ارادو ان تلد الدراسه الکردیه فی مدینتنا میته و فاشله کان الاقتراح ان تکون الصفوف الثلاثه مشموله باللغه الکردیه ارتجالا و بدون تهیئه مستلزمات العملیه والعلمیه والتربویه)).

هەروەها بۆ ڕایکردن ودەستەبەرکردنی کارەکان و تێ پەڕاندنی ئەوکۆسپ و تەگەرانەی ڕێگای خوێندنی کوردی لە شاری خانەقین دا، باس لەوە دەکات ناچاربووین پەنا بەرینە بەر قوتابخانەکانی تری شارو وەک شەهادەتێکی مێژوویی ئاماژە بە ڕۆڵی مامۆستا مەحموود تاهیر زەهاوی دەکات کەلەو دەمانەدا ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەی (خەبات) بووە و چۆن بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانەیان هاوکاری کردوون و بە دەنگیانەوە چووە و وەک دەنووسێت: ((وکان دور مدرسه (خبات) ومدیرها کاک محمود الزهاوی بارزا وفعالا حیث زود المدرستان بکثیر من الاثاث مناقله فبادر منه لسد حاجتها الماسه)). ئەوەی شایانی باسکردن بێت مامۆستا باس لەوەش دەکات کە ئەوکاتە خۆی بەڕێوەبەری ناوەندی کوڕان بووە و لە هەمان کاتیشدا بەشی ناوەندی کچانی ئەو قوتابخانەیە مامۆستا گوڵباخی مەلا ئیبراهیم محەمەدی دەلۆ (١٩٤٥- ١٩٩٥) بووە و ئەم دوو قوتابخانەیە لەشاری خانەقینی ئەوکاتەدا بە زمانی کوردی مانەوە تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٧٥ دا هەڵوەشێنرانەوە وخوێندنیان دووبارە تیا کرایەوە بە عەرەبی و بەڵام

خوێندکارەکانی  یەکەم قۆناغی تا پۆلی پێنجەمی دواناوەندی بەشی زانستیان بڕیبوو دواتر قوتابییەکانی بۆ قوتابخانە عەربییەکان گواسترانەوە. وەک دەنووسێت: ((الغیت المدرسە عام ١٩٧٥ بعد ان کان وصل طلابها الی الخامس العلمی وتم نقلهم الی الدراسە العربیە)). هەرچەندە لەساڵی ١٩٧٠ داو دوای ئەوەی پێشتر خولێکی تری زمانی کوردی لە شاری خانەقیندا کرایەوە، کەچی بەهەمان شێوەو لە (١٥ی ئابی ١٩٧٠) دا بۆ جارێکی دی خولێکی تری فێربوونی زمانی کوردی بە هاوکاری لە نێوان بە ڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی و پەروەردەی دیالە ڕێکخراوەو ئەو مامۆستایانەشی کە لە شاری سلێمانیەوە هاتبوونە بە عقوبەو دواتر بۆ شاری خانەقین و بە پێی فەرمانی ژمارە (٤٥) لە (٢٠ی ئابی ١٩٧٠) دەست بە کاربوونیان بۆکراوەو  سەرۆکی خولەکەشیان کە مامۆستا جاوید سەعید باجەڵان بووە بۆ دەستنیشان کراوە. هاوکات  بەڕێوەبردنی خوولەکەش وادەست نیشانکرابوو، کە لە قوتابخانەی (خەبات)دا بەڕێوە بچێت و بەسەریەکەوە نزیکەی (٨٠) مامۆستای ئەوکاتەی شاری خانەقین و شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری بەژن و پیاوەوە بۆ ئامادە کرابوو. شوێنی میوانانی خولەکەش لە مامۆستایان بارەگای: (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) بووە لە شاری خانەقین و بریتی بوون لە: مامۆستا کەریم زەند (١٩٢٥) کە تا ئێستاش لە ژیاندایە، مامۆستامحەمەد عەبدە ئەمین، مامۆستا فوئاد ڕەئوف سەراج و مامۆستا شێرکۆ ئەحمەد شەوقی مامۆستای تەتبیقاتی خانەی مامۆستایان و پسپۆر لە وتنەوەی (ئەلف بێی) قۆناغی یەکەمی سەرەتایدا، بەجۆرێک  ڕۆژی کردنەوی خولەکە هەریەک لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مامۆستا عەبدولڕەحیم جەلال و سەرۆکی یەکەی ڕاهێنانی پەروەردەیی سەرپەرشتیار عەلی حەیدەر ئامادەبوون و وانەکان بۆ وتنەوەی شێوازی  زمانی کوردی دەستیان پێ کردووە، هەوەها لەگەڵ کۆتایی هێنانی ماوەی خولەکەدا وەک ئەوەی مامۆستا کەریم زەند باسی لێوە دەکات گەشتێکی بە کۆمەڵیان بۆ ڕێکخراوە، بۆ هاوینە هەواری (سەرتەکی بەمۆ) و (دەربەندی بێلولە) ی بناری چیای بەمۆ و بۆ دوا کاتیش  تاقیکردنەوەیەک ئەنجام دراوەو  خولی زمانی کوردی لەو ساڵەدا کۆتایی پێ هاتووە. بە جۆرێک بە شێک لەو مامۆستایانەشی کە تیایدا بە شداریانکردووە ئەمانە بوون: مەجید ئیبراهیم ڕەزا، محەمەد ساڵح جاف، فاتمە عەلی عەباس، گوڵباخ مەلا ئیبراهیم محەمەد، ساڵح مەهدی ساڵح، محەمەد کەریم ئەحمەد، مەلیحە کەریم ڕەشید، ئیبراهیم عەلی مەحموود، محەمەد نوری فەرەج، ئیبراهیم کەریم، مریم محەمەد ڕەسوول جاف، سەبیحە عەبدوڵڵا، بەدیعە حەسەن، پەروین عاکف باجەڵان، ماجدە عەبدوڵڵا زەهاوی، محەمەد جومعە، ڕەحیم غێدان، عەبدولڕەحمان خەلیل.

هاوکات  هەر بەپێی یادداشتە ڕۆژانەییەکانی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەد بۆ جارێکی دی و لە مانگی حوزەیرانی (١٩٧٢) دا کە هێشتا دانووستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق بەردەوام بووە، خولێکی تری زمانی کوردی  بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانی کوردی لە شاری خانەقین دا کراوەتەوە، بەڵام ئەمەیان لە قوتابخانەی (نوعمان) ی سەرەتایی کراوەتەوە و بەهەمان شێوەش ماوەکەی بۆ دوو هەفتە بووە و بەڕێوەبردنەکەشی هەر بەدەستی خۆیەوە واتە مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککەوە بووە کە لەوکاتەشدا، هێشتا بەڕێوەبەری (ناوەندی ١١ی ئازار) بووە لە شاری خانەقین و یاریدەدەرەکەشی مامۆستا عیزەت نوری عەبدوڵڵای باجەڵان بووە و بە زۆری ئەو مامۆستایانەی کە ڕۆژانە وانەیان لە خولەکەدا وتۆتەوە هەریەک لەم مامۆستایانەی لای خوارەوە بوون:

١- مامۆستا عەبدولقادر بابان.

٢- مامۆستا مەحموود حاجی.

٣- مامۆستا جەمال بابان کە لە سلێمانیەوە هاتووە.

٤- مامۆستا محەمەد نوری فەرەج. پسپۆری زمانی عەرەبی.

ماوەتەوە بڵێین: مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەد سەرەڕای ئەوەی پەروەردەکار و مامۆستایەکی دڵسۆزو کوردپەروەر بووە. هاوکات کەسایەتیەکی خوێندەوارو وەک نەریتی خێزان و بنەماڵەکەیان کە کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە بووەو چەندین بەرهەمی شیعریی و نووسینی لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە لەوانە گۆڤاری بە ناوبانگی گەلاوێژ، ئەمیش بەهەمان، پێڕۆو بۆچونی  باوکی عەرەبی زانێکی دیارو خاوەنی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و بە بەردەوامی بابەتی نوێ و داهێنانی نوێی هەر لە کتێب و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی خوێندۆتەوە. بۆ نموونە نووسەر و مامۆستایەکی وەک  ئەحمەد شاکەلی (لەدایک بووی  ١٩٤٨) کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا لە شاری خانەقین و (ئامادەیی کوڕانی خانەقین) خوێندکاری بووە، زۆر بە ئەمانەتەوە، لە بارەیەوە دەنووسێت: ئەمەی کە دەینووسم  باسی زیاد لە پەنجا ساڵی پێش ئێستایە، ئامادەیی خانەقینی کوران کە هاوسای (دراوسێ) ی گۆڕستانی (عەلەمدار) بوو، مامۆستای سادەوکاریگەریی هەبوو. یەکیک لەوانە: مامۆستا موحەممەدی مەلا ئەحمەدی دەکە بوو، یەکێکی دیار بوو. بە شێنەیی و هیچ زۆر لە خۆکردنێک وانەکانی زمانی عەرەبی دەوتەوە، بۆ ئەو ڕۆژگارەو قوتابیانی تەمەن دە و دوازدە ساڵان کاردانەوەی قووڵ و ئیجابی هەبوو. ساڵی خوێندنی (١٩٦٢ – ١٩٦٣) بۆ من بەو جۆرە بوو. لە وانەکانی (داڕشتن) دا، بابەتە باوەکان دەربارەی خۆشەویستی دایک و نیشتمان (بەبێ دیاریکرنی چ نیشتمانێک) و کاری دڵسۆزانەو باران و چۆنێتی

به سەربردنی پشووەکانی بەهارو هاوین) بوون.
بابەت گەلێکی سادە بوون. بەڵام کە ئەو مامۆستایە دەیوتەوە (بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ) دەچووە قاڵبێکی وروژاو بە تامەوە. هەر بە شێوەی ئاسایی و سروشتی کارێکی دەکرد (من بە ئاماژەکانی دەوروژام). نەم دی بۆ هیچ حاڵەتێک – ڕۆژێک لە ڕۆژان — تووڕە بێت. پیاوێکی باوەڕ بەخۆ بوو. وەکو کەسێکی دەوڵەمەند بە پێویستیەکانی جێبە جێکردنی وانە وتنەوە. شارەزای بابەت. ناسینی قوتابیان. لێزانی هەنگاوەکانی وانە وتنەوە. پۆلێکی ئارام. بە جل و بەرگێکیی گونجاوەوە لە دوورەوە دەردەکەوت. تا دەگەیشتە ناو دەرگاکە لێمانەوە دیاربوو (قیام و جلوس) و جارجار (تفچلوا). پۆلی قوتابی بێدەنگ. بێدەنگیەکی سروشتی نەک بە ترساندن و زەبرو زەنگ (وانەکانی دەوتەوە). ئەو حاڵەتە بە ئاسانی بە دی نایەت. بە ڵکو بەرهەمی قووڵی (تێگەیشتنە). تێگەیشتن لە دەورو بەر. بیر کردنەوەو لێکدانەوەی گونجاوو کردارەکی. هەموو نەوەیەک بۆ ئەوەی بە باشی بۆ جێبە جێ کردنی ئەرکەکانی ئامادە بکرێت. پێویستە بەو جۆرە ڕابهێنرێت.(یا الله جبران ؟! هات ماعندک). مەبەستی جبران خلیل جبران بوو. بۆ هاندانی قوتابی دەیوتەوە لە وانەکانی داڕشتندا، یان کە پرسیاری مانای وشەیەک یان داڕشتەیەکی عەرەبی دەکرد، دەبوو هەر بەزمانی عەرەبی وەڵام بدرێتەوە. هاوماناکەی (مرادف) یان ڕوونکردنەوە (توضیح).. بەڵام !! زۆرجار قوتابی بە زمانی کوردی بۆی ڕوون دەکردەوەو مامۆستای تێدەگەیاند کە لە مانای ئەو وشە یان ڕستەیە تێگەیشتووە... ئەویش بزەیەک دەیگرت و نمرەی تەواوی بۆ دادەنا.
زۆر جاریش گۆڤارێکی بە دەستەوە بوو. لەگەڵ خۆیا دەیهێنا بۆ ناو پۆل، کە دەهاتە ژوورەوە لە سەر یەکەم تەختە (ریحلە) ی لای دەرگاکەوە دای دەناو خەریکی وانە وتنەوەی خۆی دەبوو. ئەو گۆڤارانە هەمەجۆر بوون، یەکێکیان (ادب) ی ناوبوو. بە خەتی سپی گەورە لەسەر تەختەی بەرگەکەی ئەو ناوەی لەسەر نووسرابوو. شێوازی نووسینەکە و قەبارەی گۆڤارەکە زۆر جوان بوو. لای هەردوو کتێبخانەکەی خانەقین: (ئەوەی مام عەبدولکەریم) و ئەوەی لای مزگەوتی (مستەفا بەگ) بۆی دەگەڕام.. پرسیارم دەکرد. دەیانوت: ((لێوا موجەلەیەک نیە)) واتە: گۆڤاری لەم جۆرە نیە، واتە ئەو پیاوە بۆ خوێندنەوە، منەی بابەتی نایابی دەکرد، چاوکراوەی نێو، بابەتە زیندووە نوێیەکانی بواری ڕووناکبیریی ئەو ڕۆژگارە بوو. زۆر حاڵەتی درەوشاوەی هەیە. بەڕوونی نایەنەوە بەر چاووم. بەڵام... ئاگام لە (هەشاماتی) ناو سەرمە، بە تەواوی بیرو هەستمەوە، لە دەوری کۆ بوومەتەوەو دڵم زۆر پێ خۆشە. بابەتەکە چی یە نازانم. بە ڕوونی بۆم کۆ ناکرێتەوەو ناتوانم بیخەمە سەر کاغەز.
ئەو دڵ پێخۆشبوون و وروژانە دەروونیە بێدەنگە، بە تامە و ئەو خۆ ئامادە بوونەم

( (قەت)) بیرناچێتەوە. یادی بە خێر....

هاوکات بەهەمان شێوەی مامۆستا ئەحمەد شاکەلی، مامۆستای زانکۆی خانەنشین حسێن مەحموودکەلاری (لەدایک بووی ١٩٤٧)، کە هەرلەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا خوێندکاری مامۆستا محەمەد بووە لە خانەقین لە بارەیەوە دەنووسێت: ساڵی خوێندنی (١٩٦١- ١٩٦٢) گەیشتمە قۆناغی سێیەمی ناوەندی، ئەوکاتە یەک دوا ناوەندی هەبوو لە خانەقین، هەڵکەوتەی خۆرئاوای ڕووباری ئەلوەندی شادەماری شار بوو. ئەوکاتە دواناوەندی نەیتوانی هەموو خوێندکارەکانی بگرێتە ئامێز، ناچار قۆناغی سێیەم، کە بریتی بوو لە سێ پۆل بارگەمان بە چاوی نمینەوە گواستەوە بۆ بینایەک، کە لە پێشا (کنێست)ی جوولەکەکانی شاری خانەقین و هەڵکەوتەی گەڕەکی (تێلخانە) بوو، نزیک مزگەوتی مستەفا پاشای باجەڵان و ماڵی حاجی حمە ئەمینی حمە ئاغای دەربەندفەقەرەیی، بینایەکی دڵتەنگ، بەڵام بوونی مامۆستا محەمەد کە لە ناو خوێندکارانی شاردا بە (محەمەدی موڵلا ئەحمەد) ناسرابوو. تازە لە سوپا کە ئەفسەری ئیحتیاتی یەک ئەستێرە بوو (تسریح) کرابوو. ئەم قوتابخانەیە بە پاشکۆی (دواناوەندی خانەقین) ناوزەد کرا، بوونی مامۆستا محەمەد بەو دیمەنەو سیما سەرنج ڕاکێشەی، کە بریتی بوو لە هەیکەلێکی چوارشانەی هاوکێش لەگەڵ ڕووخسارێکی سپی و چاوگەش، دیارە وەکو دیاریەک لە باوکیەوە بۆی مابووەوە، قژێکی لوول وەکو شەپۆلی بە هەدادانی دەریا ئەچوو. نەرم و لە سەرخۆ و شتی تریش، هێزی داڕشتنی شەمائیلی ئەو پیاوەم هەر ئەوەندە بڕەکات. خوێندکاران سروشتی ئارامی و بێ دەنگیان لە دونیای خەسڵەتە پر بەهای ئەوپیاوە وە سەرچاوەی گرتبوو. ئەو ڕۆژگارە ململانێی سیاسی لە نێوان دوو پارتی سەرەکیدا بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیست واتە شیوعی عێراق. خوێندکارێکی شیوعی عەرەبی خەڵکی شاری بەعقوبەمان لەگەڵدا بوو بە ناوی (مونجید ئەلقەیسی) ەوە، سپی کارێک کە چاویلکەی پزیشکی لە چاودا بوو، بزێوو چالاک بوو، کار گەییە ئەوەی لە ناو دەوامدا هەڕەشەمان لێک کرد، کە چووینە دەرەوەش، ڕوو بە ڕووی یەک بووینەوە واتە هەردوولا ئێمە خوێندکارە کوردەکان، کە بەشێکمان لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانا بووین، بەشێکیشمان سۆزی نەتەوایەتی، ئەو گوڕو گوژمەی پێ بەخشی بووین، دیارە ئەوانیش هەروا، ماوەیەک قیرەمان بەرامبەر یەک کردوو. ئەوکاتە نوری ئەحمەد بەسی ڕۆژبەیانی (١٩٤٩- ٨/٤/ ٢٠٠٥)، کە خەڵکی گوندی (سەوزبڵاخ) ی ناوچەی بنکوورە بوو. ئەویش سەر بە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بوو هەڵمەتی داو بەرەو پێشەوە چوو وتی: ئەم مەوزووعە ببڕنەوە، هەوڵ بدەن گەورە نەبێتەوە. ئەگەر ئێوە هەر داکۆکن بە شیوعیەکان، وتی فەرموون ئەمە گەزو ئەمەیان مەیدان، ئیتر شیوعیەکان سارد بوونەوە، وتیان: ئێمە نامانەوێت، بگاتە دەستەو

یەخەو با بەگفتوگۆ چارەسەر بکرێت. ئەوەبوو بڵاوەمان لێکرد.
بۆ بەیانی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەد ناردییە دواما. ناسیاری خێزانی کۆنمان هەبوو. وتی: کاکە حسین واز لەم گرژیە بێنن، من دەبێت ئەمڕۆ ڕاپۆرتێک بۆ بەڕێوەبەری دواناوەندی، پێم وابێت، مامۆستا (عبدالحافظ علی الباقر) بوو بەرز بکەمەوە، ڕاستی ڕووداوەکانی بدەمێ. بەڵام گەر کۆتایی پێ بهێنن، ئەوا ڕاپۆرتێکی ئاسایی، هێور کەرەوە دەنووسم و بابەتەکە دادەخەم، بە مەرجێک ئێوە هاوکارم بن. ئەم ئاڵۆزیەش خزمەتی هیچ لایەک ناکات، پێویستیمان بە برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی و هاوکاری یەکتر هەیە. شۆڕشی ئەیلولیش لە یەکەم ساڵیدا بوو، ئیتر بە هەوڵی ئەوو خوێندکاران و هەردوو حیزب و خێرخواهان کێشەکە کۆتایی هات.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- سەبارەت بە مەلا ئەحمەدی دەککە بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، ئەلبوومی کەشکۆڵ، ب١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل ١٧٨- ١٨٠.

٢- شێخ بابا عەلی بێدار: ناوی شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ سەلیمی هەنجیرانە، بەڕەسەن دەچنەوە سەر نەوەی (پیر یونس) و باوکی ماوەیەک، لە هەڵەبجە ژیاوە و بۆ خوێندن زۆر ناوچە گەڕاوە و هەر بە واعیزی و مەلایی ماوەیەک لە ناو هۆزی گەورەی جاف و لە ڕشماڵدا ژیاوە. دواتر ڕوودەکاتە ناوچەی بنکورەو ناوهۆزی باجەڵان و لە گوندی (ئاوایی گەورە) دا دەنیشێت و هەرلەوێش ژیانی هاوسەری پێکەوە دەنێت. بێدار بەزۆری سەرەتاکانی خوێندی لای باوکیەوە دەست پێ دەکات و هەر کە تەمەنی دەگاتە دوازدە ساڵان، باوکی دەینێرێتە شاری خانەقین و لای (شێخ ساڵحی مودەریس) دەست دەکات بە خوێندن و هەر لێرەشەوە سەودای شیعر نووسینی دەکەوێتە سەر و دواتر ناو بە ناو هۆنراوەکانی لە گۆڤاری بە ناوبانگی (گەلاوێژ) دا، بڵاودەکاتەوەو لەگەڵ دامەزراندنی (پارتی هیوا) دا، پەیوەندی دەکاتە ڕێکخستنەکانی هیواوە ونازناوی (بێدار)یشی لە ڕێگای مامۆستا ڕەفیق حیلمیەوە دراوەتێ، لێرەش بەدواوە دەبێتە نازناوی شیعری و تائەوکاتەی لە (٢٢ی تەموزی ١٩٤٩) بە نەخۆشی لە شاری بە غدا وەفات دەکا ولە گۆڕستانی: (ئیمام سەرپەتی)، ناوچەی بنکورەی سەربە شاری خانەقین، ئەسپەردەی خاک دەکرێت. بەڵام تائێستا بەرهەمەکانی بەتەواوی و بە باشی کۆنەکراونەتەوە. بڕوانە: ئیبراهیم باجەڵان، بەشێک لە دیوانی شێخ باباعەلی بێدار، چ١، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل ١٢- ٢١.

٣- شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی: بە پێی ڕەگەزنامە عێراقیەکەی ساڵی (١٩٠٦) لە هەڵەبجە لە دایک بووە، بە ڕەسەن خەڵکی ناوچەی جەزیرەی بۆتانی باکوری کوردستانن و بنەماڵەکەیان لە پاش شکست هێنانی ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهرێ وە کەوتوونەتە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی دەوروبەری

شاری سنەوە، دواتر لە وێشەوە هاتوونە باشووری کوردستان و شاری هەڵەبجەی ئێستاو هاوکات لەگەڵ بنەماڵەی مامۆستا عەلائەدین سەجادیشدا تێکەڵاویەکی کۆمەڵایەتی زۆر نزیکیان هەیە بەوەی خێزانی مامۆستا سەجادی (سهیلە خان) دەبێتە خوشکی مامۆستا شێخ محەمەد ئەمین میرانی، دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن، خانەی مامۆستایانی ریفی لە شاری بەعقوبە تەواو دەکات و بۆ یەکەم جار وەک مامۆستا لە ناحیەی قۆرەتوو و دوایی هۆرین و شێخان و دواتر لە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف واتە قوتابخانەی (ئیبراهیمیەی سەرەتایی) مامۆستا بووە و ماوەیەکی زۆر لە بواری پەروەردەو فێرکردندا کاری کردووە، لە دامەزراندنی پارتی (هیوا) بەدواوە و ڕاستەوخۆ لە ڕێگای مامۆستا ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨- ١٩٦٠) خۆیەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی هیواوە کردووە و ماوەیەک مامۆستای قوتابخانەی (مونزریە) بووە لە شاری خانەقین. هاوکات وەک نوێنەری مامۆستایانی شاری خانەقین لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تردا، ئەندامی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان بوون لە شەقڵاوە ساڵی ١٩٥٩، کەسایەتیەکی دیاری خوێندەوار و کۆمەڵایەتی بووە. بۆ دواکاتیش لە ساڵی (١٩٩٥) دا لە شاری بەغدا وەفاتی کردووە و لە گۆڕستانی (کەرخ) ئەسپەردەی خاککراوە. دیدەنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی، سلێمانی، ١٠/ ٢ / ٢٠١٥.

٤- دیدەنی تایبەت لە مامۆستا عەلی مەلا ئەحمەدی دەککە، خانەقین،٥/ ٢ / ٢٠١٥، هەروەها مامۆستا ئیبراهیم شێخ محەمەد ئەمین میرانی، ١١/ ٢ / ٢٠١٥.

٥- تەلەفزیونی لۆکاڵی شاری خانەقین، بەرنامەی مرواری، چاوپێکەوتنی تایبەت، لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە، ئامادەو پێشکەشکردنی: حوسێن ئەحمەد، بە ماوەیەک پێش وەفاتکردنی.

٦- مەلا محەمەدی قزڵجی: کوڕی مەلا محەدی حوسینی مەلا عەلی قزڵجییە تەرجانی زادەیە، لە ساڵی (١٨٩٢) لە دایک بووە و سەرەتای پلەکانی خوێندنی لە نێوەندی بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کردووە و بۆ مەسەلەی خوێندن زۆر ناوچەی کوردستانی باشوورو ڕۆژ هەڵات گەڕاوەو دواتریش هەر بەمەبەستی خوێندن و تەدریس ماوەیەک چۆتە وڵاتی میسرو لە قاهیرە خوێندوویەتی و ماوەیەکی زۆر تیایدا ماوەتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق بە یەکجاری لە شاری بەغدا نیشتە جێ بووە ولێرە بەدواوە سەرگەرمی تەدریس وانە وتنەوە بووە و لە گەڵ ئەوەشدا سەرە ڕای دانانی کتێب گەلێک نووسین و بابەتی هەمەجۆری لە گۆڤارە بە رچاوەکانی ئەوکاتەدا بڵاو کردۆتەوە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە. بۆ دوا کات و بەپێی یاداشتە ڕۆژانەییەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلایەحیای خانەقین و ئیمام خەتیبی مزگەوتی (مەجید بەگ) لە (١٤ی ئەیلولی ١٩٥٩) دا وەفاتی کردووە و مەلا عارف لە بارەیەوە دەنووسێت: (چووینە بەغدا بۆ تەعزیەکەی مامۆستا قزڵجی ئەما مع الاسف کەسی وەها نەبوو بۆ جێ بە جێ کردنی تەعزیەکەی). بڕوانە: عبد الكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عنى بنشرة: محمد على القرداغى، (بغداد: ١٩٨٣)، ص ٥٢٢- ٥٢٣، بابا مردوخ روحانى، تاريخ مشاهير كرد، (تهران: ١٣٨٢)، ل ٣٩٢ — ٣٩٣.

٧- سەبارەت بە ناوچەی دەککە بڕوانە: حەکیم حسێن عەلی، گوندی دەکە لە نێوان بەرداشی مێژوو و دەستی ڕەشی تەعریبدا، کەرکووک (گۆڤار)، ژمارە (٣)، ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٠١، ل ١٣٧ — ١٤٦.

٨- حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە: کوڕی گەورەی سلێمان بەگی کوڕی حەمە پاشای جافە، ساڵی (١٨٨٧) لە دایک بووە، پلەکانی خوێندنی لە ناوەندە ئایینیەکانەوە دەست پێکردووە و، وەک کەسایەتیەکی خواناس و بە هاوکارێکی بەردەوامی هەژارو لێقەوماوان ناسراو بووە، لە ژیانیدا دوو ژنی هێناوە یەکەمیان: مەنیجە خان کە لە هۆزی باجەڵان بووەو تەنها سێ کچی لێ هەبووە و دووەمیان: شەمسەخانی کچی جەمیل بەگی محەمەد عەلی بەگی جاف و لە نەوەی (عادیلە خان) ی خێزانی (وەسمان پاشا جاف) بووە و تەنها دووکوڕی لێ هەبووە بە ناوەکانی: عەبدولقادر بەگ و حەمەڕەشید بەگەوە. بۆ دواکاتیش هەر بەپێی یاداشتە ڕۆژانەییەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای خانەقین لە ڕۆژی سێ شەممە (١٨ی نیسانی ١٩٥٢) کۆچی دوایی کردووە بڕوانە: دەستنووسێکی تایبەتی سەروەت بەگی کوڕی عەبدولقادر بەگی کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە وەرگیراوە کە بۆ خاوەنی ئەم نووسینەی ناردوە.

٩- دیدەنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە، لە دایک بووی گوندی دەککە ساڵی (١٩٤٠)، خانەقین ٥/ ٢ / ٢٠١٥.

١٠- محەمەد عەلی قەرەداغی، نامەیەکی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دەککەیی بۆ مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی، سلێمانی (گۆڤار)، ژمارە (٩٠)، نیسانی ٢٠٠٨، ل ٩١.

١١- محمود عزت البیاتی، بناءدوله العراق الفرص الضائعه، بیت الخکمه، (بغداد: ٢٠١٣)، ێ ٥٧- ٥٨.

١٢- الجمهوریە العراقیە، وزارە التربیە و التعلیم، مدیریە التعلیم العامە (الثانوی)، العدد (٣٢٤)، التاریخ ٢٢/ ٥ / ١٩٦٣.

١٣- تاهیر حەیدەری: لە خانەوادەی حەیدەری بە ناوبانگی شاری هەولێرە و بەپێی شوناسنامەکەی لە ساڵی (١٩٢٣) لە دایک بووە. بەڵام خۆی هەردەم دەیگوت: ساڵی لە دایک بوونی ڕاستیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢١) و لە وڵاتی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانیدا، گەلێک پۆستی ئیداری جۆر بەجۆری پێ سپێردراوە وەک بەڕێوە بەری ناحیە و قائمقام...تاد. هاوکات دەبێتە باوکی شەهلا خانمی خێزانی مێژوو نووسی ناسراوی کورد، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد و لە ڕێکەوتی (٨/ ٧ / ٢٠١٢) وەفاتی کردووە و لە شاری هەولێر ئەسپەردەی خاککراوە. دیدەنی تایبەت لەگەڵ شەهلا تاهیر حەیدەری، هەولێر، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥.

١٤- دیدەنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە، خانەقین، ٥/ ٢ / ٢٠١٥.

١٥- ریزان عەزیز پشتیوان، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال، چاپی یەکەم، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ١٣٨.

١٦- وزارە التربیە، المدیریە العامە للتعلیم الثانوی، امر وزاری، العدد (٤٣٧٥٩)، التاریخ ٢٠ / ٧ / ١٩٧٥.

١٧- کەریم شارەزا، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٨٧)، کانوونی یەکەمی، ٢٠١٢، ل ٩٤.

١٨- ئیبراهیم ئەحمەد: لە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایک بووە، پاشان کۆلێژی ماف (حقوق) ی لە ١٩٣٧ لە شاری بەغدا تەواو کردووە و ماوەیەک لە شارەکانی هەڵەبجە و هەولێر حاکم بووە. لەبەر هەندێک تەنگوچەڵەمە کە خراوەتە بەر گۆڤاری بەناوبانگی (گەلاوێژ)، وازی لە فەرمانبەریی میری هێناوە و لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی (١٠) ساڵی تەواو بە دەرکردنی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە سەرگەرم بووە. هاوکات ئەندامێکی دیاری

پارتی (هیوا) و هەروەها سەرۆکی لقی سلێمانی، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد واتە (ژ. ک) بووە. لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە چۆتە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردەوە و ماوەیەکیش بووە بە سکرتێری، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (خەبات) بووە. ماوەیەکی زۆر لەبەریتانیاو شاری لەندن ژیاوە، هاوکات خاوەنی گەلێک نووسین و بابەتی هەمەجۆرەو بۆ دوا کاتیش لە تەمەنی (٨٦)ساڵیدا و لە نیسانی ساڵی (٢٠٠٠) دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامە نووسی کوردی (بەغدا: ١٩٧٤)، ل ١٥٧ جمال بابان، اعلام الکرد، ص ٨- ١٠.

١٩- عەلائەدین سەجادی: ساڵی (١٩٠٧) لە گوندی (باراو)ی ناوچەی شارباژێر لە دایک بووە، دوایی هاتۆتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتەکانی ئەم شارەدا خوێندویەتی و لە ساڵی ١٩٣٨ دا پلەی زانستی ئایینی لەسەر دەستی شێخ بابا عەلی قەرەداغی وەرگرتووە. پاشان چۆتە شاری بەغدا و بووە، بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (نعیمه الجیبەجی)، لە ساڵی (١٩٣٩) ەوە دەستی داوەتە کاروباری ڕۆژنامەوانی و لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا گۆڤاری (گەلاوێژ) یان دەرکردووە. پاشان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی گۆڤاری (نزار) ی لە (١٩٤٨) ەوە بڵاوکردۆتەوە. ماوەیەکیش لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بووە. جگە لەوەش گەلێک نووسینی بە نرخی لە بوارەکانی ئەدەب، مێژوو، فۆلکلۆر و زمانەوانیدا بڵاوکردۆتەوە و بۆ دوا کاتیش لە (١٩٨٥) دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، المثدر السابق، ێ ٥١١.

٢٠ - مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی: کوڕی مەلا ئەحمەدی فەرقانی یە، ساڵی (١٩١٣) لە گوندی (فورقان) ی ناوچەی قەرەحەسەنی سەر بە کەرکوک لە دایک بووە، خوێندنی ئایینی لای مەلا ئەحمەدی باوکیەوە دەست پێکردووەو قورئانی پیرۆزی خوێندوە. لە (١٩٢٢)دا، کە شێخ مەحموود لە ژیانی دوورخراوەیی دەگەڕێتەوە کوردستان، مەلا ئەحمەدی باوکی دەباتە سلێمانی و بۆ ماوەیەک دەبێتە ئیمام خەتیبی مزگەوتی گەورەی شارو مەلا جەمیلیش لەوێ بەشێک لە زانستەکانی دی دەخوێنێ، دوای کۆتایی هێێنانی دەسەڵاتی شێخ مەحموود دبارە دەگەڕنەوە ناوچەکەی خۆیان و لێرە بە دواوە مەلا جەمیل لە گوندی (باداوە) دەچێتە قوتابخانی فەرمی دەوڵەت و لە پۆلی چوارەم وەردەگیرێت. دواتر هەر بەمەبەستی خوێندن دەچێتە کەرکوک و پاشان پردێ و هەولێر و لە (١٩٣٤)دا باوکی وەکو خۆی دەنووسێت باوکی دەکوژرێ و تەنانەت بەخۆی لە دەستنووسێکی دا ناوی بکوژەکان ئاشکرا دەکات و لە (١٩٣٥) دا، هەر بەمەبەستی خوێندن دێتە شارۆچکەی کفری و لە (١٩٣٧)ەوە دەگەڕێتەوە کەرکووک و دەبێتە جێ نشینی مەلاڕەزای واعیز لە مزگەوتی (قیردار)، تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٩٤٢)دا ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و لەم ماوەیەش بە دواوە کۆمەڵێک خوێندکاری ئایینی لە ژێر دەستی ئەو پێ دەگەن. هاوکات بە هۆی هەڵوێستە نیشتمانیەکانیەوە چەندین جار دەخرێتە زیندانەوە یان دوور دەخرێتەوە بە تایبەتی لە: حەویجە، نوگرە سەلمان، ناسریە، خورماڵ، بەسرە، عیمارەو لە (١٩٦٣) بە دواوە پەیوەندی دەکاتە شۆڕی کوردستانەوە لە چەمی ڕەزان و لە ئینشقاقی ساڵی (١٩٦٤) بە دواوە دەچێتە ئێران و لە ڕادیۆی کوردی تاران دادەمەزرێت و تا کاتی ڕووخانی سیستەمی شاهنشاهی پەهلەوی لەوێ دەبێت و لەوە بەدواوە، دەگەڕێتەوە شاری بەغداو ژیانی هاوسەری، پێکەوە دەنێت. ماوەیەکی زۆر لە (کۆڕی زانیاری

کورد) و دواتر (دەستەی کورد) ی کۆڕی زانیاری عێراق کاردەکات و لە ماوەی گەڕانەوەشی بە دواوە دەیان لێکۆڵینەوەو کتێبی ناوازە لە بوارەکانی مێژوو ڕووناکبیری کوردیدا بەزمانی کوردی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە تا ئەوکاتەی لە (٢٧ ئایاری ٢٠٠١) لە ماڵەکەی خۆیدا، لە بەغدا تیرۆر دەکرێت. بڕوانە: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کورتەی ژیاننامەی شەهیدی خامە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، ئەدگار، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٩٩٤)، دووشەممە، ٤ / ٢ / ٢٠١٣.

٢١- شاکیر فەتاح: شاکیر میرزا فەتاح ئەحمەد ساڵی ١٩١٤ لە دایک بووە و ساڵی (١٩٣٦) کۆلێژی حقوقی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لەو ماوەیە بەدواوە و بۆ ساڵانێکی زۆر لەدام و دەزگاکانی میری دا کاری کردووە، بەزۆری لە هەموو ئەو شوێنانەشی کە وەزیفەی گرتبێتە دەستەوە ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆر بەجۆری بەناویانەوە بڵاو کردۆتەوە لەوانە: باسەڕە لە قادر کەرەم، ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ڕۆژنامەی ئاکرێ، ڕۆژنامەی خورماڵ.....، سەرەڕای لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی دەیان کتێبی جۆر بەجۆر، بۆ دواکات و لە (٢٧ حوزەیرانی ١٩٨٨) دوە لە لایەن دەزگای ئەمنی شاری هەولێرەوە و لەبەر داکۆکی کردن لە مەزڵومیەتی نەتەوەکەی سەرنگوون کراوە و تا ئێستاش هیچ سۆراخێکی نیە: انظر: الدکتور محمد علی الصویرکی، معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی کردستان، بنکەی ژین، (السلیمانیە: ٢٠٠٦)، ێ ٣٣٩.

٢٢- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی لە دایک بووی (١٩٣٧)، خانەقین، تەمموزی ساڵی ٢٠١٣، کەریم مستەفا شارەزا، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٨٧)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، ل ٩٣ — ٩٥.

٢٣- کەریم مستەفا شارەزا، س. پ، ل ٩٦.

٢٤- عەزیز پشتیوان: مامۆستا عەبدولعەزیز نورمحەمەد یاروەیس لە تیرەی نەورۆڵی هۆزی گەورەی جافەو لە ڕیزەکانی حیزبی هیوادا بە (پشتیوان) ناسراو بووە، کەسایەتیەکی دیارو ناسراوی شاری خانەقین بووەو لەساڵی (١٩٢٠)دا هەر لەوشارە دایک بووە. سەرەتاکانی مناڵی لە ناوچەی بنکوورە (سەوزبلاخ) و خانەقین بەسەر بردووە، دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن بۆتە مامۆستای سەرەتایی و لە زۆر شارو ناوچەی عێراق و کوردستاندا مامۆستایەتی کردووە، هاوکات لە چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا لەگەڵ خوالێخۆشبوان: محەمەد ساڵح سلێمان دەلۆ، مەلا سەید حەکیمی خانەقین، ڕەشید باجەلان، مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین، حەسەن خەلیفە مەحموودی ئالیاوە و دەیانی دی لە ناوچەی گەرمیان و خانەقیندا ڕۆڵی لەبڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی هیوادا هەبووە. لە ساڵی ١٩٣٩ دوە بە خۆی و خێزانیەوە بەیەکێک لە چا نەخۆرەکانی ناوچەکە ناسراوە وپەیوەندیەکی بەرچاوی لەگەڵ سکرتێری حیزبی هیوا مامۆستا ڕەفیق حیلمی دا هەبووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، الجزء الثانی (اربیل: ٢٠١٢)، ێ ٣١٧ — ٣١٩.

٢٥- محەمەد سەعید بەگی جاف: کوڕی حمەبەگی فەتاح بەگی جافە، ساڵی (١٩٢٥) لە کەلار لەدایک بووە، پلەکانی خوێندنی هەرلەم ناوچەیەوە دەست پێکردووە ومێرد مناڵ بووە کەباوکی وەفاتی کردووە و لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لە خوێندەوارو ڕووناکبیرەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو، دەیان نووسین و وەرگێڕانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکاندا بڵاو کردۆتەوەو بەرهەمێکی چاپکراوی هەیە لە دووبەرگدا بە ناوی (ئاوارە)

ەوە وماوەیەکیش لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٩٦ دا وەفاتی کردووە. بڕوانە: خوسرەو جاف، پرسە، ئاهەنگی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید بەگی جاف ٩/ ٥ / ١٩٩٦، (بەغدا: ١٩٩٩)، ل ٦٤ – ٧٣.

٢٦- عەبدوڵڵا قەرەداغی: ساڵی (١٩٢٠) لە قەرەداغ لە دایک بووە و پلە کانی لەو ناوچەیەوە دەست پێکردووە و دوای تەواو کردنی خوێندن وەک سەرەتا لە قەرداغ دامەزراوەو پاشان گوازراوەتەوە شاری خانەقین و ماوەیەکی زۆر لەو شارە ماوەتەوە، ماوەیەکیش لە شاری بەغدا بووە و لە (/ ١٠ / ١٩٩٢). کۆچی دوایی کردووە و نابراو ئەبێتە باوکی خێزانی هەردوو هونەرمەندی ناسراوی کورد ئەنوەر قەرەداغی و ئەسعەد قەرەداغی. دیدەنی لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، سلێمانی، ١ / ٣ / ٢٠١٥.

٢٧- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی لە دایک بووی (١٩٣٧)، خانەقین، تەمووزی ٢٠١٣.

٢٨- ئیبراهیم ئەمین باڵدار: ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە. لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕووی کردۆتە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکاو بڕوانامەی ماستەری لەوێ وەرگرتووە، خاوەنی کتێبی ناوازەی (ئەلفوبێی نوێ) یە و بە دەیان ساڵ ئەوکتێبەی ئەو وەک مەنهەجی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی کوردستاندا، دەخوێندراو هەموو خوێندەوارو خوێندکارێکی کورد لە ڕابردوودا بەخوێندنەوە بە پێزەکەی ئەو زانا گەورەیەی کورد گۆش و فێری زمانی کوردی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە زانکۆکانی بەغدا و سلێمانی مامۆستابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەماڵەکەی خۆیداو لە ساڵی ١٩٩٨ دا زۆر بەبێ دەنگی وەفاتی کردو چووە بەردلۆڤانی خوای گەورە.

٢٩- ریزان عەزیز پشتیوان، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال، ل ٥٨- ٥٩.

٣٠ - عزيز ياوه ر، التعليم و فصول من تاريخ مدارس خانقين ١٨٨٧ – ٢٠٠٧، (السليمانيه: ٢٠٠٩)، ێ ٢٣٧.

٣١- عومەر عەبدولڕەحیم: شاعیرو نووسەری ناسراو عومەر عەبدولڕەحیم ساڵی (١٩٢٠) لە سلێمانی لە دایک بووە. دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی خوێندن، لە (١٩٣٨) ەوە پەیوەندی کردووە بەخانەی مامۆستایانی (ریفی) ەوە لە شاری بەغداولە ساڵی ١٩٤٢ ەوە بۆتە مامۆستا، لە قوتابخانە سەرەتایەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا و هەر لەساڵی ناوبراوەوە دەستی کردوە بەنووسین و هۆنینەوەی شیعر و شاعیرانی وەک (فایەق بێکەس و +ب هەوری) هاندەرێکی بەرچاوی بوون، بەجۆرێک لە ژیان وکاروانی نووسینیدا گەلێک چیرۆک و شانۆنامەی جۆربەجۆری بۆ مناڵان بڵاوکردۆتەوە و یەکەم کۆمەڵە شیعری لەگەڵ مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین دا لە (١٩٥٨) دا بە ناوی: (پاڵەوانی دواڕۆژ) ەوە بڵاو کردۆتەوە و هەروەها لە (١٩٦١) دا، کتێبێکی پەروەردەیی بە ناوی: (ڕابەری مامۆستا) ەوە بڵاو کردۆتەوە، دواتریش لەساڵی ١٩٦٨ دا (شەوچەرەی زستان) ی بڵاوکردۆتەوە کە بریتی بووە، لە دوو چیرۆکی فۆلکلۆری بۆمناڵان و لە ساڵانی دواتریشدا بەرهەمەکانی وەک: دڵ لە گوڵ ناسکترە، بەرخۆلەکان، پەروەردەو فێرکردنی مناڵ، سەرەڕای بڵاو کردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆر لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا و تا ئەوکاتەی لە (١٩٩٣) دا لە شاری سلێمانی

وەفاتی کردووە بە بەردەوامی سەرگەرمی نووسین و بڵاو کردنەوە بووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، ج١، (اربیل: ٢٠١٢)، ێ ٣٨٠ — ٣٨١.

٣٢- نەسرین شێخ عەلی قەرەداغی: خوشکی مامۆستا نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغیە (١٩٣٩) کە کاتی خۆی لە ژمارە (١) ی گۆڤاری (نضال الطلبە- خەباتی قوتابیان)ی دواناوەندی شاری خانەقین دا نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی: (المراه والثوره — ئافرەت و شۆڕش) ەوە کە زمانحاڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی ئەوکاتە بووە لە (دوا ناوەندی خانەقین) لە ساڵی ١٩٥٨دا، لەکاتی خۆیدا و لە یەکێک لە ژمارە (٢٠٤) گۆڤاری (رامان) دا نووسینێکمان سەبارەت بە وردەکاریەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨.بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (٢٠٤)، مایسی ٢٠١٤، ل ١٣٠.

٣٣- گوڵباخ مەلا ئیبراهیم محەمەد: ساڵی (١٩٤٥) لە خانەقین دایک بووە و لە هۆزی دەلۆیە، دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا- بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، لە شاری کەلار بوون و خێزانی دکتۆر ئەکرمی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی دەلۆ بوو، هاوکات لە دواناوەندی شاری کەلار بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی پێ دەوتینەوە، مامۆستایەکی زۆر دڵسۆزو بەردەوام هانی خوێندکاری دەدا بۆ خوێندن و ئاکاری جوان، بیرمە زۆرجار لەبابەتی داڕشتن (الانشاء) دا بە شێوازی شیعر داڕشتنم بۆ دەنووسی، جگە لەوەی هەموو کات نمرەیەکی زۆرچاکی دەدامێ پێی دەگوتم: دیارە تۆ ئەدیبیت، ناوبراو لە (١٩٩٥) دا هەر لەشاری خانەقین، بە نەخۆشیەکی کوشندە و لە تەمەنی گەنجیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی (پاشا کۆپری) ئەسپەردەی خاککرا. دیدەنی تایبەت لەگەڵ نیاز ئەکرەم عەبدوڵڵا بەگی دەلۆ، کوڕی گەورەی مامۆستا گوڵباخ مەلا ئیبراهیم، خانەقین، ٦ / ٢ / ٢٠١٥.

٣٤- بڕوانە: کەریم زەند، تۆماری تەمەن (١)، گەشت، (سلێمانی: ٢٠٠٤)، ل ٢٨١-٢٨٣.

٣٥- دەستنووس و یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی مەلا عەبدوڵڵای دەککە.

٣٦- دەقی نووسینێکی تایبەتی مامۆستا ئەحمەد شاکەلی لە بارەی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککەوە نووسی بووی و ئێمەش وەک ئەمانەت و یادەوەریەکی نوێ بڵاومان کردەوە، کەلار، ١٠ / ٢ / ٢٠١٥.

٣٧- دەقی نووسینێکی تایبەتی مامۆستا حوسێن مەحموود کەلاری لە بارەی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککەوە، کەلار ١١ / ٢ / ٢٠١٥.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- الجمهورية العراقية، وزارة التربية و التعليم، مديرية التعليم العامة (الثانوى)، العدد (٣٢٤)، التاريخ ٢٢/ ٥ / ١٩٦٣.

٢- وزارة التربية، المديرية العامة للتعليم الثانوى، امر وزارى، العدد (٤٣٧٥٩)، التاريخ ٢٠ / ٧ / ١٩٧٥.

٣- مديرية التربية والتعليم للواء الناصرية، الذاتية، العدد (٨٠٥١)، التاريخ / ٤ / ٢ / ١٩٦٣.

٤- وزارة الداخلية، مديرية الشرطة العامة، المملكة العراقية، الرقم ٩٤٦٧٢، ٦ تشرين الاول، ١٩٥٢.

**دووەم / کتێب بەزمانی کوردی:**

١- ئیبراهیم باجەڵان، بەشێک لە دیوانی شێخ باباعەلی بێدار، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

٢- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەنووسی کوردی، (بەغدا: ١٩٧٤).

٣- ریزان عەزیز پشتیوان، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال، (هەولێر: ٢٠١٢).

٤- کەریم زەند، تۆماری تەمەن (١)، گەشت، (سلێمانی: ٢٠٠٤).

٥- محەمەد عەلی قەرەداغی، ئەلبوومی کەشکۆڵ، ب١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: ٢٠٠٨).

٦- خوسرەو جاف، پرسە، ئاهەنگی چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید بەگی جاف ٩/ ٥ / ١٩٩٦، (بەغدا: ١٩٩٩).

**سێیەم / کتێب بەزمانی عەرەبی:**

١- جمال بابان، اعلام الکرد، الجزء الاول، (اربیل: ٢٠١٢).

٢- جمال بابان، اعلام الکرد، الجزء الثانی (اربیل: ٢٠١٢)

٣- عبد الکریم محمد المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین،عنی بنشرة: محمد علی القرداغی، (بغداد: ١٩٨٣).

٤- عزیز یاوه ر، التعلیم و فصول من تاریخ مدارس خانقین ١٨٨٧ – ٢٠٠٧، (السلیمانیة: ٢٠٠٩).

٥- محمد علی الصویرکی، معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی کردستان، بنکەی ژین، (السلیمانیة: ٢٠٠٦).

٦- محمود عزت البیاتی، بناءدولة العراق الفرص الضائعة، بیت الخکمة، (بغداد: ٢٠١٣).

**چوارەم / کتێب بەزمانی فارسی:**

١- بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، عرفا، علما، شعرا، جلد دوم، (تهران: ١٣٨٢).

**پێنجەم / گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:**

١- ئەحمەد باوەڕ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (٢٠٤)، مایسی ٢٠١٤.

٢- حەکیم حسێن عەلی، گوندی دەکە لە نێوان بەرداشی مێژوو و دەستی ڕەشی تەعریبدا، کەرکووک (گۆڤار)، ژمارە (٣)، ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٠١.

٣- شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کورتەی ژیاننامەی شەهیدی خامە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، ئەدگار، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٩٩٤)، دووشەممە، ٤ / ٢ / ٢٠١٣.

٤- کەریم مستەفا شارەزا، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٨٧)، کانوونی یەکەم ٢٠١٢.

٥- محەمەد عەلی قەرەداغی، نامەیەکی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دەککەیی بۆ مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی، سلێمانی (گۆڤار)، ژمارە (٩٠)، نیسانی ٢٠٠٨.

**شەشەم / دیدەنی تایبەت:**

١- دیدەنی تایبەت لە گەڵ نیاز ئەکرەم عەبدوڵڵا بەگی دەلۆ، کوڕی گەورەی مامۆستا گوڵباخ، خانەقین، ٦ / ٢ / ٢٠١٥.

٢- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری کوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی لە دایک بووی ساڵی (١٩٣٧)، خانەقین، تەمووزی ٢٠١٣.

٣- دیدەنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە، لە دایک بووی گوندی دەککە ساڵی (١٩٤٠)، خانەقین ٥/ ٢ / ٢٠١٥.

٤- دیدەنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی، سلێمانی، ١٠/ ٢ / ٢٠١٥.

٥- دیدەنی تایبەت لەگەڵ شەهلا تاهیر حەیدەری، هەولێر، ١٢/ ٢ / ٢٠١٥.

**حەوتەم / دەستنووسی تایبەت:**

١- دەستنووس و یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو، مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی مەلا عەبدوڵڵای دەککە.

٢- دەقی نووسینێکی تایبەتی مامۆستا ئەحمەد شاکەلی لە بارەی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککەوە نووسی بووی و ئێمەش وەک ئەمانەت و یادەوەریەکی نوێ بڵاومان کردەوە، کەلار، ١٠ / ٢ / ٢٠١٥.

٣- دەقی نووسینێکی تایبەتی مامۆستا حسێن مەحموود کەلاری لە بارەی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککەوە، کەلار ١١ / ٢ / ٢٠١٥.

٤- دەستنووسێکی تایبەتی لە سەروەت بەگی کوڕی عەبدولقادر بەگی کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگی دەککەوە کە بۆ خاوەنی ئەم نووسینەی ناردوە.

٥- یاداشتە دەستنووسەکانی، مەلا عارفی خانەقین ١٩١٢- ١٩٩٨، (لای نووسەری ئەم نووسینەیە).

**هەشتەم / دیداری تەلەفزیونی تایبەت:**

١- تەلەفزیونی لۆکاڵی شاری خانەقین، بەرنامەی مرواری، چاوپێکەوتنی تایبەت، لەگەڵ مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: حوسێن ئەحمەد، بە ماوەیەک پێش وەفاتکردنی.



# پیشەسازی پەترۆل
# لەنێو ستراتیژیەتی ململانێی نێودەوڵەتیدا

## Petroleum industry in international fight strategy

**هێرش شکاک**

لەم سەردەمەدا سەرچاوەکانی وزە بەتایبەت نەوت و گاز بونەتە بنەمای هێنانەدی ژیانێکی بەختەوەر و پڕ داهێنان، هەروەها ئەم سەرچاوانەی وزە بونەتە هێنانەکایەی وزەیەکی ئێجگار زۆر لە جیهاندا بەشێوەیەک سروشتی ژیانی ئێستای مرۆڤایەتی بەبێ نەوت و گاز هیچ مانایەکی نابێ و ئەمڕۆ نەوت و گاز بونەتە خاڵی هێزی وڵاتان لە جیهاندا و لە هەمان کاتدا بونەتە هۆکاری ململانێی نێو دەوڵەتی و خاڵی سەرهەڵدان و یەکلاکردنەوەی زۆربەی کێشەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، بەکاربردنی نەوت و گاز رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبێت هاوکات لەگەڵ ئەمەدا روبەری ململانێکانیش لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیدا فروانتر دەبێت. رۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی دەریای قەزوین بەیەکەوە بریتیین لە شادەماری پەترۆڵ لە جیهاندا و بە درێژایی مێژوو پەترۆڵ لەلایەکەوە هۆکاری بەختەوەری و پێشکەوتن بووەو لەلایەکی تریشەوە هۆکاری نەهامەتی و هەڵگیرسانی جەنگ بووە. پرۆسەی پیشەسازی و بەرهەم هێنانی پەترۆڵ پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە و هەروەها سیاسەتی پەترۆڵ بریتییە لە سیاسەتێکی ئێجگار گرنگ و بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە کارێکی ئاسان نیە و ئاسایشی نەتەوەیی زۆر بە قوڵی پێیەوە پەیوەستە. هەروەها جوڵەی ژیان لە گشت جیهاندا پەیوەستە بە پەترۆڵ و ئەمڕۆ سیاسەتی نەوت بریتییە لە بەشێکی زۆر گەورەی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهانی بە پتەوی بەیەکەوە بەستۆتەوە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان کە پارچەی باشووری کوردستانە بریتییە لە هەرێمێکی بەرهەم هێنەری پەترۆڵ و لەنێو هاوکێشەی وزەی جیهانیدا جێگەی هەیە ئەم خاکە بریتییە لە خاکی پیرۆز و سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی لێرەوە دەستی پێکردووە. واتا ئێمە خاوەن وڵاتێکی نەوتیین و ئەوەش وادەکات کە زانستی نەوت بۆ ئێمە گرنگ بێت و هەبوونی شارەزایی زۆر لە بواری پیشەسازی نەوت هەروەها لە بواری سیاسەتی نەوتدا بۆ ئێمە زۆر پێویست بێت.

لەم سەردەمەدا پسپۆڕێتی نەوت لە پسپۆڕێتیە گرنگەکانە و ئەگەر بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن نەوت نین گرنگ نەبێت ئەوا بۆ ئێمەی کورد کە خاوەن وڵاتێکی نەوتین زۆر گرنگە. ئەوەی من لە دوو توێی ئەم پەرتوکە قەبارە بچوکەدا بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوە نوسیومە ئەرکێکی زۆر بچوکە و سەرەتای فراوانکردنی نوسینەکانمە لە بواری نـــەوتدا و بەو هیوایەی کە خوێنـەری بەڕێز سوودمەند بێت بە زانیاریەکانی

نێو ئەم پەرتوکە و پشت بە خـــوا هەوڵدەدەم چەند وشەیەکی بە کەڵک لە بواری نەوتدا بخەمە نێو کتێبخانـەی کـــوردی و بەو هیوایەی لە داهاتـوودا خزمەتێکی بچـوک بەم بـــوارە بکەم بۆئەوەی بتوانیـن بە زمانـی شـیرینی کـــوردی هەوڵی ئەوە بدەین لە بـواری نەوتـــدا دەست بکەین بە نوسـین و لە هەمان کاتدا رۆشـەنبیریەکی فروانمان لە بـواری پەتـرۆڵدا هەبێت.

## پەترۆڵ لە مێژوو و پەرەسەندندا – (Petrol in history and development):

لە مێژووی کۆندا هاتووە کە پاپۆڕەکەی پێغەمبەر نوح سلاوی خوای لەسەر بێ، ناوەوەو دەرەوەی بە قەتران داپۆشرابوو کە بە قیرِی رەش ناودەبرێت، هەروەک فیرعەونەکانیش جۆرێک لە بیتۆمینیان لە کاری مۆمیاکردنی لاشەی مردوەکانیاندا بەکاردەهێنا بۆ پاراستنیان لە شیبونەوە، هەروەها پەترۆلیان بۆ روناکردنەوە بەکاردەهێنا بە بەڵگەی دۆزینەوەی چرایەکی کۆن کە پاشماوەی وشکبوەوەی زەیتی خاوی تێدابووە لە کانگای زێر لە وادی حەمامات لە میسر، هەروەها پەترۆل وەک داووەرمان بەکارهێنراوە بۆ نەخۆشیەکانی پێست و رۆماتزم و ئێشی ددان و هەندێ نەخۆشی دیکە.
هەروەک نەوت وەک چەک لە جەنگدا بەکارهێنراوە (نەوتی سوتێنەر) لە وڵاتانی میزوپۆتامیا و میسر و ناوچەی جەزیرەدا ناسراوە، کە گەشتیاری ئیتاڵی (مارکۆبۆ) باسی لێوەکردووە، کەوا چۆن پەترۆڵ بەسەر پشـتی وشـترەکانەوە لە ناوچەکانی دەریای قەزوینەوە بەرەو شاری بەغدا گواستراوەتەوە بۆ بازرگانی پێکردنی.
پێویستی مرۆڤ بۆ سەرچاوەکانی وزە و هەمەجۆرێتی لە بەکارهێنانەکانیدا بوەتـە هۆی گرنگی پێدانی ئەو ناوچانـەی کە ئەم سەرچاوانەی تێدا دۆزراوەتـەوە لە کاتـەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەمارەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان کە بەهۆیەوە جەنـــگ و داگیـرکاری رویانداوە، کەوا لەم شوێنانەوە برێـکی زۆر لە سەرچاوە سروشـتیەکان دۆزرانـــەوە وەک (کانیـاوەکانی ئـاوی کانزایـی، کانیـاوە نـەوتیەکان) و ئیتر کار گەیشـتە ئـەوەی کە هێـزە داگیـرکارەکان لە شوێنەکانی ئەم سەرچاوانـەوە جێگیـر بکرێـــن و ئەم سەرچاوانەیان بەکار هێنا (وەک هۆکاری چارەسـەری نەخۆشـی و دەردەکان).
لێکۆڵـــەرەوانان لە زانستەکانی جیـۆلۆجیا لەرێگـەی لێکۆڵینـەوە زانسـتیە وردەکانـــدا لەبـارەی سروشـتی چینـە جیۆلۆجیەکاندا کە پەترۆڵی تێدا بەعەمبار دەبێت تـوانیان وردە وردە لە چۆنیـەتی دروستبوونی پەترۆڵ تێبگەن، هەروەها
توانیان بگەنە ئەو زانیاریەی کە لەو بارودۆخە جیۆلۆجیە تیبگەن کە گونجاوە بۆ کۆبونەوەی پەترۆڵ لە کێڵگە نەوتیەکاندا.

دیراساتە جیۆلۆجیەکان لە بواری گەڕان بەدوای نەوت و گاز و دەرهێنانیان ئاستێکی زۆر بەرزی زانستی بڕیوە، روپێوە جیۆلۆجیەکان (geological survey) رووبـــەری زۆر گەورە و فراوانی توێکڵی زەویان روپێو کردووە لە کیشوەرەکان و ژێر دەریا و زەریاکان و بۆ ئەوەش زانستی دروستکردنی نەخشەی وردەکاری (سێ دووری three – dimension) کە زانستەکانی تایبەت بە برگە و پێکهاتەی چینە جیۆلۆجیەکانی توێکڵی زەوی و ئەوەی هەڵیگرتووە لە کانزاکان و لەوانەش (نەوت و گازی سروشتی) دەخاتە بەردەست (لە قوڵایی دەیان کیلۆمەتر و ئەم زانیاریانە زۆر بایەخدارن و تەواو نهێنینە و راستوخۆ پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و لەژێر رۆشنایی ئەم زانیاریە زانستیانەدا وڵاتانی پیشەسازی بۆ زەمەنی کورت خایەن و درێژ خایەن کار لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەکەن کە ئەم سەرچاوانەی وزەیان تێدا دەدۆزرێتەوە بە تایبەت نەوت و گاز کە دوو سـەرچاوەی سەرەکی وزەن لە ژیانی ئـەم سەردەمەدا.

کوردستان یەکێک بووە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی دەوڵەمەند بەم سەرچاوانەوە کە ئەوە بوەتە هۆی چاوتێبڕینی داگیرکاران و خۆسەپێنەران بۆ سەر ئەم خاکە، هەروەها لە کاتەکانی حوکمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیشدا، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشانەوەی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، چاوتێبڕینی ئەم دەوڵەتە پیشەسازیانە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە گەڕانیان بە دوای نەوتدا، ئەوەش زیاتر بەهۆی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و زیادبوونی گرنگیپێدانیان بە فراوانکردنی کاری بازرگانێتیان کەوا ئەوە بووە پاڵنەر بۆ بنیاتنانی رێگاکانی پێکگەیاندنـی شوێنە جیاوازەکان کە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکان لە جیهاندا بەیەک دەگەیەنێت.

ئیتر سات دوای سات و بە تێپەربوونی کات ماهیـەتی نەوت وەک هێزێـکی زۆر گەورە لێکدرایەوە بەشێوەیەک کە پەترۆڵ بە گشتی بووە داینەمۆی جولێنەری ژیان و بووە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی کارپێکەری کارگە و کارخانەکان و هاتوچۆکردن و گواستنەوەی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی و هۆکاری سەرکەوتن لە جەنگەکان و هۆکاری روناکی و خۆگەرم کردنەوەی سەرچاوەی ساردکردنەوەو ...هتد. تا رادەیەک کارگەیشتە ئەوەی کە پەترۆڵ ببێتە کارپێکەری دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە زۆر شوێنانی جیهاندا ئەویش لە رێگەی کارپێکردنی ئامێرەکانی دابینکردن و خاوێنکردنەوەی ئاوی خواردنەوە. واتا هاتنی پەترۆڵ بۆ نێو ژیانی مرۆڤایەتی شۆڕشێکی هێندە گەورە بوو کە شێواز و ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤایەتی بەتەواوی گۆڕی و کارگەیشتە ئەوەی لە زلهێزترین و بە هێزترین وڵاتانی جیهان بە دوای سیاسەتی نەوتەوە وێڵبن و دەرهێنان و بەبەرهەم هێنانی پەترۆڵ وای کرد دیاردەیەکی تازە بێتە نێو ژیانی مرۆڤەکانەوە ئەویش بریتیی بوو لە سیاسەتی داگیرکردن (occupation policy) کە ئەم سیاسەتە هەر لەو کاتەوەی کە بە

هۆی نەوتەوە سەریهەڵدا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر تەشەنەی سەند بەشێوەیەک کە پەترۆڵ بووە پلە یەک لە هۆکاری سەرهەڵدانی بەچەندین جەنگ و داگیرکاری و بردنەوەی لایەک و دۆڕاندنی لاکەی تر. بەڵام لەدوای ئەوەوە بەکارهێنانی پەترۆڵ پەرەی پێدرا بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئامێری سوتێنەری ناوەوە لە ساڵی ١٩٠٨ دا داهێنرا و کار بەوەگەیشت کە پەتـــرۆڵ بۆ هاژوشتنی ئۆتۆمبێل بەکاربهێنرێت کە وایلیهات بەشێوەیەکی خێرا ئەم جولێنەرانە بڵاوببنەوە . ئیتر دوای ئەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم مرۆڤ چووە نێو جیهانێکی تازەوە لە هاتنەدی هێز و کۆنترۆڵەوە.

لە هاوینی ١٩١٤دا، دەریاوانیی بەریتانی بە تەواوی بۆ پەترۆڵ گۆڕدرا، لە پاشاندا بەهۆی هێزی نەوتەوە جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕدرا بۆ جەنگی نێوان مرۆڤـــ و ئامێرەکان، کەوا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیەتی پەترۆڵ بەشێوەیەک کە لەو کاتدا سەرۆکی فەرەنسی لەبارەی نەوتەوە گوتی «هەر دڵۆپێک لە نەوت یەکسانە بە دڵۆپێک لە خوێن».

مێژووی پەترۆڵ و کاروانەکەی لە سەدەی بیستەمدا بە تەواوی بریتیی بوو لە جیهانێکی پڕ لە ڕووداو و بە تەواوی پەیوەست بوو بە ململانێکانەوە، پەترۆڵ لە جیهانی ئێستاماندا گرنگترین بابەتی سیاسی و ئابووریە و هەردەم پەترۆڵ بریتیی دەبێ لە ماهیەتی ململانێ سیاسی و ئابووریەکانی جیهان.

پەترۆڵ بە سیفاتە تایبەتمەندیەکانیەوە سەرکەوتوو بووە کە هۆکاری داگیرکردنی وڵاتان و کۆنترۆڵ کردنیان بووە، کە لەڕێگەی ئەم سامانە بایەخدارەوە مرۆڤایەتی خزاوەتە نێو ژیانێکی تازەوە. مرۆڤ هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانەوە کۆنترۆڵی پەترۆڵی کرد لە چۆنیەتی بەکارهێنانیدا، هەروەها دوای ئەوەی پیشەسازی پەترۆڵ پەرەی سەند و بازاڕە جیهانیەکان لەبەردەم مرۆڤدا کرانەوەو مرۆڤ بووە دیلی ئەو پێداویستیانەی کە دەکەونە ژێر ڕکێفی پەترۆڵەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەو بارە نێگەتیڤەی کە لە ئەنجامی دەست خستنی مرۆڤ بۆ نێو سروشت هاتوەتەدی بە زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی سـامانە سروشتیەکان و لە پێشەوەی هەمویانەوە پەتـــرۆڵ کە بوەتە هۆکاری بەرەو ناهاوســـەنگ بردنی سیستەمی هاوسەنگی ژینگەیی هەسارەی زەوی.

زانایان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستەمی ئیکۆلۆجی (ecology system) زەوی لە سەرەتای دروستبونیدا لەلایەن یەزدانـەوە لە هاوسەنگیەکی ئێجگار ڕێکوپێکدا بووە بەشێوەیەک کە هاوسەنگیەکی تـەواو لەسەر زەویدا لەنێوان ژیانـی هەریەک لە مرۆڤـــ و زیندەوەران و ڕووەک و دارو درەختدا لە ماوەی مێژووی پەرەسەندنی زەویدا هەبووە لەگەڵ ئەوەی کە دیاردە سروشتیەکانی وەک لافاوە گەورەکان و بومەلەرزە و بورکان کاری خۆیان کردووە.

شێوازی ژیان لەسەر رووی زەویدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات بەشێوەیەک کە مرۆڤایەتی پشت بە پەترۆڵ و بەشەکانی دەبەستێت لەپێناو مانەوە لە ژیاندا هەروەها بۆ دابینکردنی خواردەمەنیش، کە هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەدا مەترسی زۆری بۆ سەر تەندروستی و ژینگە و سەرچاوەکانی ژیان (ئاو، هەوا، خاک) لەگەڵ خۆیدا هێنا بەهۆی قوڵبوونەوە لە لە مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگە لە دەرئەنجامی زیادەرۆیی لە بەکاربردنی سەرچاوەکانی وزە بە تایبەت پەترۆڵ. کە هاوکات مەترسی گەورە و فراوان کەوتە بەردەم بەرێکردنی ژیان کە بووەتە هۆی گەڕانـەوەی باری ئاسایشی ئابووری جیهانی بۆ دواوە لە دواییشدا گەرانەوەی کاروانی پەرەسەندنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ دواوە لە زۆر جێـگەی ئەم جیهانەدا.

**نەخشەی جیۆگرافی نەوت و گاز (Geographical map of oil & gas):**

ئاماژە بەوە دەکرێ کە تا ئەو کاتەی گۆی زەوی بمێنێ نەوتیش لەنێو ناخی ئەم گۆی زەویەدا هەر دەمێنێ و بە نەمانی گۆی زەوی نەوتەکەی ناو ناخی کۆتایی دێت. ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا جیهان زانیاری تەواوی لەسەر فاکتەر و هۆکارەکانی دروست بوون و پێکهاتنی نەوتی نیە لەنێو ناخی زەویدا. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەنێو ناخی هەر شوێنێکی گۆی زەویدا ئەگەری هەبوونی نەوت هەیە.

کەچی تۆپۆگرافیای دەرەکی و ناوەکی زەویـــە وا دەکات کە دەرهێنانی نـــەوت لە هەندێک شوێندا ئاسان بێت و لە هەندێک شوێنانی دیکەدا زەحمەت یاخود ئەستەم بێت، هەروەها هەرچەندی زانست و تەکنۆلۆژیا پەرەبستێنێت ئەوا ئەگەری دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت زیاتر دەبێت، ئەم سەردەمەی ئێستا گەڕانەوەی کۆمپانیا نەوتیە رۆژئاواییەکان بەتایبەت کۆمپانیا ئەمریکی و بەریتانیەکان سەرباری کۆمپانیای روسی لەسەر گۆڕەپانی نەوتیی جیهانیدا بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کۆمپانیا زەبەللاحانە خاوەن تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و سەرمایەی زۆرن کە دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە قوڵاییە زۆرەکاندا پێویستی بەم دوو سەرچاوە هەیە.

لەراستیدا زۆربەی کۆمپانیا نیشتمانیەکانی کە لە سالانی حەفتاکاندا لە وڵاتانی باشوور دامەزرێنران دوای بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت کشانەوەیان بەخۆیانەوە بینی، بۆئەوەی کۆمپانیا نەوتیە رۆژئاواییەکان کە خاوەن توانستی زانستی و تەکنۆلۆژی و دارایی زۆریان هەیە بۆ گۆڕەپانی نێو دەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرچاو بگەڕێنەوە. دوای هاتنەخوارەوەی ئاستی نەوت لەنێو عەمبارە نەوتیەکانی کە لە توێکڵی زەویەوە نزیکن کرداری دەرهێنانی نەوت لە قوڵاییە زۆرەکاندا ئاڵۆزتـر و زەحمەتترە و پارەی زیاتری پێویستە. لەبەرئەوە زانیاریەکانی تایبەت بە نەوت کە ئێستا لەبەردەستن بۆ سێ ئاست دابەش دەبێت:

- عەمبارە نەوتەکانی کە لە ڕێگەی بیرەکانەوە دڵنیایین و تەئکیدن.
- عەمبارە نەوتەکانی کە نیمچە تەئکیدن لەو شوێنانەی کە بیری لێ هەڵنەکەنراوە.
- هەروەها هەبوونی ئەو عەمبارانەی کە هیوایەکی کەم هەیە بۆ هەبوونی نەوت تێیاندا.

ئەم عەمبارانەی نـەوت بە گشت ئاستەکانیەوە لەژێرەوەی شـوێنە جیاوازەکانی جیهاندا بە جیاوازی لە پلە دابەش بوینە. شایانی باسە عورفی تازە بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی نەوت لە جیهاندا لەسەر بنچینەی دابەشبوونی جیۆسیاسی جیهانیە، کە ناوی هەندێک وڵات و هەرێمی جیهان کە نـەوت تێیاندا دۆزراوەتەوە و تێیاندا دەردەهێنرێت زەق کراوەتـەوە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە راسـتی دیراسەکردنی تەواوی جیۆگرافی بە بنچینە دادەنرێت بۆ ئەم بوارە. بەهۆی ئەم ئاڕاستەگرتنە جیۆسیاسیە زەوی «نیشـتمانی» گرنگیەکی زۆری هەیە. هەروەها لە هەندێک شوێنانی جیهاندا لەسەر ناوچە سنوریەکاندا ململانێکان زەق بونەتەوە، کە بەپێی بۆچونـەکان ئەم شوێنانە بە نـەوت دەوڵەمەندن، بۆ نموونە لەوانە کێشـەی سنووری نێوان وڵاتی سعودیا و یەمەن هەروەها ناوچەی کێڵگەی رومەیلە لەنێوان وڵاتی عێڕاق و کوەیت، بەڵکو سنوری هەندێک لە وڵاتان لە زەمەنێکی دیاریکراودا لەسەر بنچینەی ناسینی بە ناوچەی نەوتیی نەخشەیان بۆ کێشراوە، کە وڵاتی کوەیت نموونەیەکە لەم جۆرە وڵاتانە کە هەر لەو کاتەوە وڵاتی بەریتانیا پارێزەری ئەم وڵاتە بوو تا ئەو کاتەی کە سەربەخۆیی پێدا لە ساڵی ١٩٦١ دا. لەکاتی سەیرکردنی شوێنە جیۆگرافیە جیاوازەکانی جیـهان ئەوا روندەبێتەوە کە وەدەسهێنانی نـەوت تێیدا لەو وڵاتە یان وڵاتێکی تردا لە هەر ناوچەیـەکی جیـۆگرافیدا لە گەڕان بەدوای نـەوت و دەرهێنانیدا رودەدات. وادادەنرێ کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا هەژارە بە نەوت، کەچی ناوچەی ناوەراست و رۆژئاوای ئاسیا دەوڵەمەندە بە نەوت. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی ئەوروپا هەژارە بە نەوت، کەچی نەوت لە ئەمریکای باکور و ئەمریکای باشوردا هەیە. هەروەها لەبارەی کیشوەری ئەفریقیاشدا لە باکور و ناوەڕاستیدا نەوت هەیە، کەچی باشورەکەی هەژارە بە نەوت.

هەروەها خەمڵاندنێکی ناتەواو سەبارەت بە رێژەی نەوتی بەعەمباربووی نێو چینە جیۆلۆجیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە کە ئەوەش بەم شێوەیەیە: رۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن ٤٪ و کەنداوی عەرەبی — فارسی ٦٥٪ و ئەوروپا ٩٪ و ئەفریقیا ٦٪ و ئەمریکای باکور ٤٪ و ئەمریکای باشور ١٢٪. هەروەک رونە کە ئەم رێژانە لەلایەن هەندێ لە کۆمپانیاکانی نەوت دیاریکراوە بێ ئەوەی نەوتی بەعەمباربوی یەکێتـی سۆڤیەتی جارانی تێدا دیارکرابێت، ئەوەش بەهۆی نەبونی زانیاری پشـت پێبەستراوی نـەوتی عەمباربووی روسیا. کە سەرباری ئەوەش داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و تارادەیەک کرانـەوەی زانیاریەکان سەبارەت بە نـەوتی بەعەمباربوو تێیدا و نـەوتی بەعەمباربووی

وڵاتانی بێلایەنی کە دەڕواننە سەر دەریای قەزوین ڕێژەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕی.
شایانی باسە خەمڵاندنە هەنوکەییەکانی سەبارەت بە قەبارەی باوەڕپێکراوی بڕە نەوتی بەعەمباربوو لە وڵاتانی دەریای قەزوین وایکرد ئەوە بزانرێت کە ڕێژەی نەوتی بەعەمباربوو لە وڵاتانی دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەبی – فارسی بریتیی بێت لە ٧٥٪. کەواتە توانستی خەمڵاندنی نەوتی بەعەمباربووی باوەڕپێکراو بۆ گشت ناوچە جیاوازەکانی تری جیهان بە روسیاشەوە بە ڕێژەی ٢٥٪ دادەنرێت. کەواتە ڕێژەی ٣\٤، واتا سێ چارەگی گشت نەوتی بەعەمباربووی جیهان دەکەوێتە نێو خاکی وڵاتانی دەریای قەزوین و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی – فارسی کە کوردستانیش بەشێکی ئەم پارچەیەیە (بەڵام بێگومان لە داهاتوودا ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و شوێنی دیکەی تازەی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز دەدۆزرێتەوە) بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە کە زۆربەی کێشە و روداوە چاوەڕوان کراو و چاوەڕوان نەکراوەکانی جیهان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت و بەبەردەوامی لەو دەڤەرەدا بخولێتەوە. هەروەها بە چاوخشاندنەوە بەم ناوچانە لە روانگەی ئەو وڵاتانەی کە تیایاندانە، وڵاتی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تا رادەیەک هەژارە بە نەوت، کە وڵاتی چین تا کاتی ئێستا لەتوانایدا نەبووە ڕۆژانە زیاتر لە (٣.٠٠٠.٠٠٠) سێ ملیۆن نەوت بەرهەم بێنێت. کە لەکاتی ئێستادا نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوت هاوردە دەکات کەچی تاکو ئێستاش وڵاتی چین رەژووی بەردیی لە زۆر لە بوارەکاندا بۆ بەرهەم هێنانی وزە بەکاردێنێت. لەوانەیە تارادەیەک وڵاتی ئەندەنوسیا لەکاتی ئێستادا تاکە وڵاتی دەوڵەمەندی نەوت و گاز بێت. ئەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی بڕونای و بڕێکی کەمیش لە بورما و مالیزیا و ئوستراليادا، بەڵام وڵاتی هیند تاکو ئێستا نەیتوانیوە ڕۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک و نیو بەرمیل نەوت بەرهەم بێنێت و نزیکەی ١/٣ ی پێداویستیەکانی هاوردە بکات. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان ئاماژە بە ئەگەری دابەزینی نەوتی بەعەمباربوی ئەندەنوسیا دەکەن لەدوای ٩ ساڵی داهاتوودا. هەروەها دابەزینی نەوتی بەعەمباربووی چین لەدوای نزیکەی ٢٠ ساڵدا، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر بێت و بەچەندین ملیارات دۆلار لە گەڕان بەدوای نەوت و دەرهێنانیدا خەرج نەکەن.
ئەوەیە وایکردووە کە بڕی تێچووی هاوردەکردنی نەوت هەرزانتر بێت وەک لەو پارە زۆرەی کە دەبێ لە دۆزینەوەو دەرهێنانیدا خەرج بکرێت. وڵاتانی خاوەن پەیمان بۆ گۆڕانیان بۆ هێزی جیهانی بەشێوەیەک یاخود بەشێوەیەکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بریتیین لە هەریەک لە وڵاتی چین و وڵاتی هیند. کەوا ئەم دوو وڵاتانە لە داهاتویەکی نزیکدا پێویستیان بە هاوردەکردنی بڕێکی زۆری نەوت هەیە.

ناوچـەی ڕۆژئاوای ئاسیا دەوڵەمەندترین شوێنی جیهانە لەڕووی نەوتی دۆزراوەوە، کە بە پێوەری وڵاتان لەپێشتردا باکوری ئەو ناوچەیە بریتیی بوو لە یەکێتی سۆڤیەت و باشوورەکەشی بریتیی بوو لە کەنداوی عەرەبی – فارسی. کەچی ئێستا دوای لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت هەر لە ساڵی ١٩٩١ وە باکوری ئەم ناوچەیە بوو بە روسـیا لەگەڵ ئەوەی کە کێڵگەکانی دەکەونە باکـوری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا، هەروەها قـەوقاز و وڵاتانی دەریـای قەزویـن لە ناوەڕاسـت، هەروەها کەنـداوی عەرەبـی – فارسـی لە باشـوریەوە.

## ململانێی نێو دەوڵەتی لەسەر نەوت و گاز (International fight on oil & gas):

خەڵکێکی زۆر وا پێشبینیان دەکرد کە لە دوای کۆتایی هاتن بە جەنگی سارد و کۆتایی هاتن بە ململانێی ئایدیۆلۆژی لەسەر سروشتی سیستەمی ئابووری لە جیهاندا، سەردەمێکی ئابووری تازە دێتەکایەوە بەجۆرێک کە تێیدا ململانێیە جیۆستراتیجی و جیۆسیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرەو لاوازبون دەچێت، لەبارەی نەوتیشەوە بەشێوەیەکی تایبەت، ئەویش بەو حیسابەی کە ماددەیەکی بازرگانیە لەنێوان زۆر مادەی تردا کە تایبەتە بە هێنانەدی ئامانجی خاوەندار و دەرهێنەرەکەی. کە لەگەڵ نەبوونی توانا بۆ کەمکردنەوەی ململانێیە ترسناکە بازرگانیەکەی لەسەر قازانجە زۆرەکەی، لە ساڵانی دواییدا وا دەبینرێ کە نەوت بەو سیفەتەی کە بریتییە لە ماددەیەک کە پەیوەستە بە جوگرافیاوە هێشتا بریتییە لە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی جیۆستراتیجیای نێو دەوڵەتی. ئەوەش بەهۆی گرنگیە لەڕادە بەدەرەکەی لە کۆی کردارەکانی گەشەپێدان کە دونیای سەردەم بەخۆیەوە دەبینێ. نەوت کلیلی گەشـەپێدان و پێشکەوتن و پەرەسەندنی ماددیە، بە کەمترین تێچو لە کاتی ئێستادا، یەکێک لە پێوەرەکان بۆ پێوانی ئاستی گەشەپێدان لە هەر وڵاتێکدا بریتییە لە بڕی بەکاربردنی نـەوت لەلایەن ئەو وڵاتـەوە. شایانی باسە نزیکەی ڕێژەی ٧٥٪ لە نـەوت و گازی عەمبارکـراوی جیـهان لەو لاکێشـە نەوتیەدایە کە لە سنووری باشووری روسیای فیدرالیەوە بەرەو دەریای فارسی درێژدەبێتەوە.

ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆی دیاریکردنی داهاتووی نەخشەی هێز لە جیهاندا، کە بووە هۆی پاشەکشەی بەریتانیا و پێشڤەچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هێزێکی سەرەکی و جێگرەوەی بەریتانیا لە ناوچـەی نـەوتدا. کە بەکاربردنی زۆری نەوتی عەمبارکراوی ئەمریکی لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کە بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی تازەی وزەی نەوتدا بگەڕێت کە لە نیمچە دورگەی عەرەبی – فارسیە. کە لەگەڵ سەرکەوتنی ئەمریکا

بۆ سەرەوەی هێزی رۆژئاوایی، کارگەیشتە ئەوەی کە تەنها دەست بەسەرداگرتنی نەوت نەبێتە تاکە ئامانجی پلانەکانی ئەمریکا، بەڵکو ئامانجی ئەمریکاپەیوەست بوو بە ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ کە ئەویش دەست بەسەرداگرتنی درێژبوونەوەی نەوتە بە رۆژئاوای ئەورۆپا تا بێ لایەنیان لە جەنگی ساردی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا هەبێت، هەروەها رێگرتن لە یەکێتی سۆڤیەت بە گەیشتنی بە سەرچاوەکانی نەوتی عەرەبی ، هەروەها دورخستنەوەی ژاپـۆن و چین بۆ بیرکردنەوەیان لە هەوڵدانێکی لەم جۆرە.

بەمجۆرە، بەدرێژایی چوار دەیە لە جەنگی سارد، ئیتر ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی- فارسی وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکان لە ململانێی نێوان هێزەکاندا مایەوە. ئەویش لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە ئەم شوێنە بریتییە لە تاکە شوێن لە جیهاندا کە گەورەترین نەوتی عەمبار بوو لەخۆی بگرێ و کە بتوانرێ لەلایەن جیهانی رۆژئاواوە دەستی بەسەردا بگیرێت. ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە زانیاری لەبارەی زۆری نەوتی عەمباربوو لە کێڵگەکانی سیبریا و دەریای قەزوین لە زەویەکانی سۆڤیەتدا هەبوو، کەچی ئەم زانیاریانەی تایبەت بە نەوتی عەمباربووەوە نەزانراو بوو تەنها لەلایەن دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە نەبێت. هەروەها هەمان حاڵەت بۆ دەنگــۆی ئەوەی کە لەبارەی عەمباری زۆری نـەوت لە دورگەی مەکسیکدا دەگوتـرێ، کە لەم بارەیـــەوە پێشتریش و ئێســـتاش بێ دەنگیی لەسەر راســـتیەتی زانیاریەکانی تایبـەت بەم بابەتـــەوە هەیە.

پەرچـە کرداری ئەمریکا بەرامبەر بە داگیر کردنی کوێت لەلایەن رژێمـی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دا، ئەوەی دوپات کردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو هەوڵانە بێدەنگ نابێت کە لەلایەن لایەنێکی ناوخـۆی رۆژهەڵاتی ناوەراست یاخود هەر لایەنێکی نێو دەوڵەتیەوە هەوڵی ئەوە بدرێت کە دەست بەسەر عەمبارە نەوتەکانی نیمچـە دورگەی عەرەبی — فارسیدا بگرێت، بەپێی باس و لێدوانەکانی ناوەندە ئەمریکیەکان، لە ساڵی (١٩٨٠) بەولاوە دورگەی عەرەبی جێگەی «بەرژەوەندی نەتەوەیی» ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. کە لەم بارەیەوە مەبدەئی کارتەر جێبەجێکردنێکی پراکتیکانەی ئەم سیاسەتەی دەگەیاند، کە دورگەی عەرەبی گۆڕدرا بۆ دەریاچەیەکی سەربازی ئەمریکی کە هەر کاتێک نیازی بێ و بەپێی رێکەوتنەکانی کە لەگەڵ وڵاتانی دورگەی عەرەبیدا ئەنجامی دەدات بە هێزە سەربازیەکەیەوە تێیدا ئامادە دەب ێت.

هەروەها روخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە بە شـێوەیەکی دراماتیکی رۆڵی لە کرداری هێنانە خوارەوەی نرخـی نەوتدا هەبوو، هەروەها رۆڵـی هەبوو لە داروخانـی باری ئابووری ئەم وڵاتە زلهێزە و ئەوەش بووە هۆی لێکهەڵوەشانی رۆژهەڵاتی

ئەوروپا و باشووری ئاسیا لە روسیا. هەروەها درێژبوونـەوەی پەیمانی ئەتڵەنتی لە رۆژهەڵاتی ئەورۆپا و وڵاتانی تازە سەربەخۆبووی ئاسیا یان لەرێگەی بەئەندامبوونی تەواوی هەندێک لە وڵاتان یاخـود رێکەوتننامە هاوبەشەکانی کە وڵاتانی ئاسیا لەگەڵ پەیماننامەدا بەستابوویان، کەوا ئەوەش تەئکیدی هەبوونی ستراتیژیەتی ئەمریکی بە پلەیەکی سەرەکی و ئەورۆپی بەشێوەیەکی گشتی دەکاتەوە کە ئامانجەکە لێنەگەڕانی روسیایە بە گەڕاندنەوەی ئەو رۆڵەی کە پێشتر لە ناوچەکەدا هەیبوو لەم وڵاتانەدا.

سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورۆپا بەربەستن لەبەردەم هەر ئەگەرێکی فراوانبوونی روسی لە داهاتوودا، بەڵام وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا یاخود وڵاتانی قەوقاز و دەریای قەزوین کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بەربەستن، کەچی خاوەن سامانی نەوتن و ئەوەی دەست بەسەر ئەم سامانەدا بگرێت و کۆنترۆڵی بکات ئەوا هێزێکی ئابووری گەورەی وەدەست دەکەوێت، کەوا ئەوەش ئەو هێزەیە کە یەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەوەی وەدەست نەهێنا یاخود لەتوانایدا نەبوو وەدەستی بێنێت. لەم رووەوە ئەم وڵاتە تازانەی ئاسیا، وڵاتانی کشتوکاڵی و شوانکارەیین و لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە دواکەوتون و لە خانەی ئەوەی کە بە «جیهانی سێیەم» ناسراوە پۆلێن دەکرێن. ئەمە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورۆپا کە بە وڵاتانی «جیـهانی دووەم» پۆلێـن دەکرێن. لەبەرئەوە لەرووی جیۆپۆلیتیکیەوە لەو لاکێشەیەدان کە لە باشووری روسیاوە درێژ دەبێتەوەو لە لە باشووری کەنداوی عەرەبی — فارسی کۆتایی دێت. کەوا ئەوە لاکێشەی وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت و گازە.کە نە سەرمایە و نە تەکنۆلۆژیا و نە توانستی سیاسی و ئابووریان نیە بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانەکانیان. لەبەرئەوە، ململانێی هێزە نێو دەوڵەتیەکان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورۆپا لە پاشان روسیا و چین لەخۆدەگرێ لەسەر ئەم لاکێشەیە لە داهاتویەکی نزیکدا بەرزدەبێتەوە. بەردەوامبوونی ئەو هێزە یەک جەمسەریەی کە ئێستا هەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تاکە دەسەڵاتدارە لەسەر ئەم هاوکێشەیەدا. بەڵام گۆڕانی سیستەمی نێو دەوڵەتی بۆ سیستەمی چەند هێزێک ئەم لاکێشەیە دابەش دەکات بۆ چەندین ناوچەی لێک جیـاوازی کاریگەر بەهەریەکێک لە هێزەکان. هەوڵی چڕ و بەردەوامی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی سیستەمی تاکە هێز و نەگۆڕانـی بۆ سیستەمی چەند هێزێـک مانای کارکردنی ئەمریکایە بۆ تەواوکردنی دەسرۆیشتوی و خۆسـەپاندنیەتی بەسەر ئەم لاکێشـە نەوتیەدا کە لە ئێستادا دەسرۆیشتوی بەشی باشوریەتی. کەچی پێویـستە ژمارەیەکی زۆری گرفتە هەڵواسراوەکانی چ ئەوانەی ناوچەی دورگەی عەرەبی- فارسی، چ ئەوانـەی ناوچـــەی دەریـــای قەزویـن و ناوچـــەکانی کە دەوریان داوە چارەسـەر بکرێت.

کە لە نیمچە دورگـــەی عەرەبی — فارسی کێشە لەسەریەک کەڵەکەبووەکانی وڵاتی فشـەڵی عێراق، هەروەها حاڵەتی وڵاتی ئێـران کە لە زۆر رووەوە نەگونجاوە لەگەڵ سیستـەمی تازەی جیهانی و هەروەها کێشەی بەردەوامـی عەرەبی — ئیسرائیلی و لەلایەکی دیکەوە کێشـەی وڵاتی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوخۆیـی و ... هتد. هەروەها ئەوەی لەبارەی دەریای قەزوینەوەیە، کۆسپەکانی سروشتی جیۆگـرافی ناوچەکە کە وادەخوازێت گواستنەوەی نەوت بە رێگەی بۆریەوە رابکێشرێت نەک لەرێگەی تانکەرەوە، کە ئەوە پێویستی بە بڵاوبونەوەو تەشـەنەکردنی جێگیری سیاسـی و چارەسەری کێشەی نێوان هەریەک لە ئازەربایجان — جۆرجیـا و ئەرمینیا — تـورکیا و دورخستنەوەی چین لە کازاخستان و رێکخستنی پەیوەندی نێوان ئێران و تورکمانستان، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی ئاڵۆزی ئەفغانستان و دورخستنەوەی روسیا لە هەموویان، ئەوە سەرەڕای پێویست بوونی هاوسەنگ کردنی رۆڵی فرەنسا هەیە.
پێداگری ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر راکێشانی بۆری نـەوت بەتێپەڕبوون بە رێگەی رۆژئاوا، واتا بەتێپەڕبوون بە بۆسفۆڕ یاخود بەسەر وشکانی تـورکیادا پێویستی بە چارەسەرکردنی گشت کێشەکانی قەوقـاز و تـورکیا هەیە. کە حاڵەتێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی زیاتربوونی گرنگیەتی دەریای ناوەڕاست بەشێوەیەک کە پێشتر لە سەردەمی تازەدا ئەم گرنگیەی بەخۆیەوە نەبینیبێ، کە لەو کاتدا دەریای ناوەراست دەبێتە دەریاچەی نـەوت و ئەو دەریاچەیەش پێویستی بە جێگیری سیاسی هەیە، کە ئەوەش مانای سەرەتای چاکـردنی ململانێی عەرەبی — ئیسرائیلیە، بەوپێیەی کە زۆربـەی ململانێیەکان کە فەڵەستینی — ئیسرائیلی و سوری — لبنانی و بە پلەی دووەم میسری — لیبیە لەسەر کەنـــاری دەریـای ناوەڕاستدا.
کە ئەوە هەڵکشانی هاوپەیمانی ئەتڵەنتی دەگەیەنێ بەرەو دەریای ناوەڕاست، کە لە سیماکانی ئەوە ئەو هەوڵەیە کە بۆ ئەوە دەدرێ کە قوبرس بەهەردوو بەشەکەی یۆنانی و تورکی بکرێتە ئەندام لەم هاوپەیمانێتیە. کە ئەوەش هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی وڵاتی تـورکیا و بەهێزکردنی شوێنگەکەیەتی لەرووی هەرێمیەوە. هەروەک چارەسـەرکردنی کێشەی نەتـەوەی کورد لە کوردستانی باکـوور دەبێتە خاڵێکی وەرچـەرخانی زۆر گـەورە بۆ گـۆڕانی وڵاتی تـورکیا لە سەر ئاسـتی جیهاندا و بوونی بە ئەنـــدام لە هاوپەیمانی ئەتڵەنتـی و بوونی بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەوەی دوایی واتا بوونی تورکیا بە ئەنـدام لە یەکێتی ئـەوروپا رێی تێناچـێ و ئەسـتەمە، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کـورد لە کوردستانی باکـوور لەلایەن حکومەتی تـورکیاوە کارێکی زۆر ئەستەمە و هەردەم دەسەڵاتدارێتی تورکیا ئەم مەسەلەیە بە لەناوچوونـی تورکیا هەژماردەکەن و ئەوان ئەمە بە لەبەینبـردنی ستراتیژیەتی تـورکیا دادەنێن. لەلایەکی ترەوە، کێشەی

تۆپۆگرافی لە وڵاتە نەوتیە رۆژهەڵاتیەکانی قەزوین وادەخوازێت کە باشترین و ئاسانترین رێگە بۆ گواستنەوەی نەوت بریتییە لە راکێشانی نەوت بە خاکی ئێراندا. کە بۆچونی ئێران بۆ ئەم هەڵبژاردنە لەم دواییەدا بووە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی ئێران، بەشێوەیەک کە ئەگەری گەڕانەوەی ئێران بە هەڵسانی بە رۆلە تەقلیدیەکەی وەک پۆلیسی کەنداو لەپێناو بەرژەوەندی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر ئەوەی کە شوێنگەی وڵاتی گوێزەرەوەی نەوت و گازی قەزوینی پێبدرێت و چارەسەرکردنی پرسی حاڵەتی یاسایی دەریای قەزوین لەبەرژەوەندی ئەو بەدوور نازانرێت. کە ئەوەش مانای سازبوونی دەسرۆیشتوویی زۆری ئێران بەسەر کەنداودا دەگەیەنێ. ئەو مەسەلەیەی کە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەشێوەیەکی زۆر سلبی پێیەوە کاریگەرن گۆڕانی گەورەی هاوسەنگی هێزی هەرێمایەتیە لەبەرژەوەندی ئێراندا. هەروەها ئەگەری سێیەم بریتییە لە دابەشکردنی هێڵی بۆڕی نەوتی قەزوین بۆ دوو رێگە، کە رێگەی یەکەم بڕینی نەوتی ئازەربایجانە بە جۆرجیا و تورکیا و بۆ دەریای ناوەڕاست، هەروەها رۆیشتنی نەوت و گازی کازاخستان و تورکمانستان لەرێگەی ئێرانـــەوە بۆ کەنداوی عەرەبی — فارسی. ئەوەی تایبەتە بەم هەڵبژاردنە ئیفادەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە قەتیس نەکردنی گشت رێڕەوە نەوتیەکان لە تەنها یەک رێڕەودا کە ئەویش کەنداوی عەرەبی — فارسیە، کەچی ئەم هەڵبژاردنـە پێویستی بە قەبوڵکردنی ئێران هەیە لەبەرامبەر ئەو دەسرۆیشتنەی کە لەو کاتدا ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەیبێت. کە ئەوەش لە ئەگەری دەستڕۆیشتنی ئێران — ئیسرائیل لەسەر کەنداودا کەم ناکاتەوە. بەڵام ئەگەری چوارەم نەبونی توانای ویلایـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە چارەنوسـی نەخشـەی بۆڕی نـەوتی قەزوینـی، ئەوەش بەهۆی بۆ نموونـە توانای روسـیا لە گێڕانـەوەی لایەنگیـری وڵاتانی قەزویـن بۆخـۆی کە ئەوەیان ئەگەرێکی لاوازە، یاخود ئاسـتەنگ خستنەبەردەم هەوڵـەکانی سـەپاندنی بارێکی جێگیـر لە ناوچـەی قەوقـاز و دەریای قەزویـن کە ئەوەیان ئەگەرێکی بەهێـزە. کە ئەوە وادەکات ویلایـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵبنێت بۆ فراوانتـرکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر کەنداوی عەرەبی — فارسی، هەروەها بەرپەرچدانـەوەی هەر هەوڵێکی روسـیا بۆ چونـە نێو رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەرێگەی ئێـران یاخـود عێـراقدا. کە سەرەڕای بەهێزکردنی رۆلی ئیسرائیل، بەستانەوەی کرداری چارەسەرکردنی ململانێی عەرەبی — ئیسرائیلی بە دووری دورکەوتنەوەی وڵاتانی عەرەبی بە دیاریکراوی لە روسیاوە. کەوا ئەم ئەگەرە وێنەیەکی کاڵتـر لە جـەنگی سـاردی رابردوو دەگەیەنێ. هەروەها لە چوارچێـوەی ئەگەرەکانی نەبوونی تـوانای ویلایـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدیاریکردنی چارەنوسی نەخشـەی بۆڕی نەوتی قەزوینیدا، ئەگەری پێنجەم هەیە، کە بریتییە لە توانستی چین لە درێژکردنەوەی کاریگەرێتیەکەیدا

بۆ ناوەوەی وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا و نەوتی قەزوین. هەروەها خرانی ناوچەکە بۆنێو ململانێی روسی – چینی لەلایەک و ململانێی ئەمریکی – روسی و ئەمریکی – چینی لەلایەکی دیکەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوەیان ئەگەرێکی لاوازە، ئەوەش لەژێر رۆشنایی سروشتی ئێستای سیاسەتی چینی کە پشت بە هێواشی و ئارامی دەبەستێ. کەوا چین خۆی ناخاتە نێو موغامەرەیەکی گەورەوە، هەروەها ئەم ئەگەرەش رەنگدانەوەی نیگەتیڤانەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت، هەروەها رەنگدانەوەی نێگەتیڤانەشی لە چارەسەری گشتی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەبێت. لەوەی رابردوودا روندەبێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی چارەسەری کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل هەروەها پرسی فەڵەستین لەپێشەوەی هەمویانەوە بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەستە بە پەرەسەندنە ستراتیژیەکانی کە کاریگەرێتیان بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە کە نەوتی دەریای قەزوین فاکتەرێکی تازەی گرنگە لە هاوکێشەکەدا. ئایا وڵاتانی دەریای قەزوین کامانەن ؟ سێ وڵاتی تازە هەیە کە گرنگی نەوتیان هەیە لەنێوان وڵاتە ئاسیاییە تازەکاندا، ئەوانیش بریتیین لە ئازەربایجان و کازاخستان و تورکمانستان، کە هەرسێ وڵات دەکەونە کەنار دەریای قەزوین و لەرووی گرنگیەوە لەدوای ئەوانەوە ئۆزپاکستانە، ئەم سێ وڵاتە دەوڵەمەندن بە نەوت و گاز، ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە بڕی نەوتی عەمباربووی باوەڕپێکراو و باوەڕپێنەکراو تێیاندا تا ئێستا لەژێر رکێفی ئەو رێگەیەن کە بەهۆیەوە چارەسەری بارە یاساییەکەی دەریای قەزوینی پێدەکرێت، ئەوە سەرەڕای کردارەکانی روپێوی و دۆزینەوەیی کە تا ئێستا لە سەرەتایدایە.

گرنگی نەوت لە داهێنانی ئۆتۆمبێل:

تا ساڵی ١٨٨٦ بەرهەم هێنانی سەرەکی نەوت تەنها بریتیی بوو لە بەرهەم هێنانی (kerosene) بۆ مەبەستی بەکارهێنانی بۆ روناک کردنەوە هەروەها بەرهەم هێنانی کەمێک لە رۆنی ئەو بزوێنەرانەی کە بە هەڵم کاریان دەکرد کە لەو سەردەمدا ئەم جۆرە بزوێنەرانە بەشێوەیەکی زۆر بەکار دەهێنران. کەچی لەدواییدا لە ساڵی ١٩٨٥ دا کارل بنزی ئەڵمانی دەستی کرد بە دیزایین کردن و داهێنانی یەکەم ئۆتۆمبێلی خۆی کە بەهۆی جولێنەری سوتێنەری ناوەکی کاری دەکرد بۆ ئەوەی هەڵسێ بە تۆمارکردنی (براءە الاختراع) لە ساڵی ١٩٨٦دا بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم ئۆتۆمبێل لە جیهاندا.

لە دوای ئەوەوە هەریەک لە رۆدۆلف دیزل و کۆتلەب دیملەری ئەڵمانی و هنری فۆردی ئەمریکی دەستیان کرد بە بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبێلەکانیان بۆئەوەی بەشێوەیەکی خێرا بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بڵاوبێتەوە، کەوا ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە خواست بۆ دەستکەوتنی سوتەمەنی کارپێکەری ئۆتۆمبێل بەرزبێتەوەو هەروەها بەرزبونەوەی خواست لەسەر نەوتی خاو بەشێوەیەکی گەورە، هەروەها لە دەوروبەری چەند ساڵێک

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بەکارهێنانی بزوێنەرەکانی سوتێنەری ناوەکی لە ترێلە و ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەو فڕۆکە و باخیرە و ئامێرە کشتوکاڵیەکان و کارخانەکان و ..هتد. کە گشت ئەو هۆکارە بەهێزانە بونە هۆی سەرهەڵدانی پێشبڕکێی نێوان وڵاتانی پیشەسازی بۆ وەدەست کەوتنی ئیمتیازاتی گەڕان بەدوای نەوت و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی. هەروەک نەوت بووە سەرەکیترین پێداویستی ستراتیژی وڵاتانی زلهێزی جیهان لەو کاتدا لەپێناو وەدەست کەوتنی گەڕەنتی لە کارپێکردنی ئامێرە جەنگیەکانیان وەک تانک و تۆپ و باخیرە و فڕۆکە جەنگیەکان و ... هتد. بۆ بردنەوەو سەرکەوتن لەو ناکۆکیەی کە بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئارادابوو.

## جیۆلۆجیای پەترۆل – Geological petroleum:

بۆئەوەی ئێمە لەبواری نەوت و گاز (petrol) دا زانیاریمان هەبێت و بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری نەوتدا دەخوێنن یان کار دەکەن پێویستە بەشێوەیەکی گشتی زانیاریان لەسەر جۆرەکانی بەرد و ئەو بەردانەی کە خاسیەتی ئەوەیان هەیە ببنە عەمباری کۆبونەوەی نەوت (oil reservoir rocks) هەبێت، هەروەها ئەو گۆڕانکاریە جیۆلۆجیانەی کە لەنێو ناخی زەویدا روودەدات، واتا جۆرەکانی بەرد و بارودۆخی جیۆلۆجی و گۆڕانکاریە جیۆلۆجیەکانی نێو ناخی زەوین کە کاریگەرێتی تەواویان لەسەر سروشت و شوێنی ئەو نەوت و گاز و ئاوەدا هەیە کە ئێمە لەنێو چینە جیۆلۆجیەکاندا دەریان دێنین.



**پۆلێنکردنی بەرد – Rock classification:**

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیەکان بـــەرد Petrology لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە پێکهاتە کانزاییـەکەی، بەپێی چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتەکەی دابەش دەبێت بۆ:

- بەردی ئاگرین (Igneous rock ).
- بەردی نیشتوو (sedimentary rock).
- بەردی گۆڕراو (Metamorphic rock).

بەردی ئاگرین بەردی سەرەتایی کریستاڵبووی گشتیە، یان بە رەقبوونی هەندێ لە ماددە بەردیە شلەکاندا کە خاوەن پێکهاتەیەکی (texture) پتـەوو لەژێـر پلەیەکی گەرمی بەرز لە ناخی زەویدا کە بە (Magma) ناو دەبرێت. یاخود لە ئەنجامی هاوێشتنی هەندێک لەم مادە تواوانە بۆ سەر رووی زەوی یان کەمێک لەژێرەوەی زەوی یاخود لەژێر قوڵایی زەریاکانەوە لەشێوەی شلەی بورکانی (Lava Flows) دا دروست دەبێت.

بەڵام بەردی نیشتوو (Sedimentary rock) بریتیین لە بەردی لاوەکی و لە بەردی کۆنترەوە بەهۆی کرداری داخوران و پرۆسەیەکی دوورو درێژی جیۆلۆجیـەوە دروست بووە، لە پاشان لەژێر بارودۆخێکی ئاسایی لە پاڵەپەستۆ و پلەی گەرمی لە دوای ئەوەی کە پارچە بەردەکان لە نێو ئاوو هەوادا هەڵواسرابوون پارچە بەردەکان دەنیشن (sedimentation) کەوا ئەم بەردە نیشتوانە لە ساتی دروستبوونیان و دوای داخـوران و گۆڕانکاری کیمیایی بەسەریاندا کە چالاکیە ئۆرگانـی و ئۆکسدێیشن و کەمبونەوەو (carbonating) و شیبونەوەو توانەوە بە ئاو و داخورانی فیزیاوی و لە کشانیان بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و هاتنەوەیەکیان بە نزمبونەوەی پلەی گەرمی و یاخود وردبوون، یان بەستانی ئاو لەنێو قڵیشـەی بەردەکاندا، هەروەها کاریگەرێتیە میکانیکیـەکان بەهۆی جوڵەی توێکڵی زەوی و بـەردی نیشتوەوە یاخود نیشتوی دەریایی کە لە حـەوزی دەریـا و زەریاکاندا دەنیشێت یاخود ئەو نیشتوانەی کە لە کیشوەرەکاندا روودەدات یان نیشتووی هەوایی، یان لە نێـو ئاوی رۆیشتودا دروست دەبێت وەک نیشتوی نێو روبارەکان و نیشتوی دەریاچە و سەهۆڵ بەندەکان.

هەروەها بەردی گۆڕراو لەژێر زەویـەوە دروست دەبێت، کە لەژێر کاریگەرێتی فاکتەرەکانی پاڵەپەستۆ و پلەی گەرمی و هەندێک گیراوەدا بەسەر بـەردە کۆنترەکاندا وەک بـەردی نیشـتوو یان ئاگری یاخـود لە بەردی گـۆڕراوی ترەوە دروست دەبن. کە ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتە کانزاییەکەی (mineral composition) و تێکسچەرە بەردیەکەی (rock texture).

بەردی نیشـتوو نزیکەی ٧٥٪ سەر رووی زەوی دادەپۆشێت، بەڵام تەنها دەکاتە

نزیکەی ٥٪ لە قەبارەی گشتی توێکڵی زەوی تا قوڵایی گەیشتن بە ١٦ کیلۆمەتر. هەروەها بەردی نیشتوو بەوە جیادەکرێتەوە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆر جۆری جیاوازی لە گیانەوەرە بەردبووەکان (fossils) تێدایە کە لە زۆر حاڵەتدا و لە زۆر شوێندا بەهۆی کۆبونەوەی ماددەکان و نیشتوە ئۆرگانیکەکان دروست دەبن (گیانەوەرە بەردبوەکان ئەو زیندەوەرانەن کە بەر لە ملیۆنان ساڵ پێش ئێستا ژیاون و راستەوخۆ دوای مردنیان لەنێو چینە بەردە نیشتوەکاندا داپۆشراون بەشێوەیەک کە داپۆشرانەکە دابڕاوبێت لە ئۆکسجین و هەروەها دەبێ لەژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆردا بێت و دوای مانەوەیان بە ملیۆنان ساڵ لەنێو چینە جیۆلۆجیە نیشتوەکاندا رەق بوون و شێوەی بەردیان وەرگرتووە، ئەم گیانەوەرە بەردبوانە سوودی زۆریان لێ وەردەگیرێت بۆ زانینی تەمەنی پێکهاتە جیۆلۆجیەکان و تەمەنی خودی گیانەوەرە بەردبووەکان و هەروەها بە چەندین نهێنی تری جیۆلۆجی کە بۆ ئەمڕۆی ژیانی مرۆڤایەتی زۆر پێویستن، هەروەک ئەوە حاڵەتی چینەکانی رەژووی بەردینیشە یاخود چینە بیتیومینە ئەندامیەکان لە ئاوی دەریا و زەریاکاندا. شایانی باسە لەرێگەی لێکۆڵینەوەکانی کە لەبارەی بەردی نیشتوەوە ئەنجام دراون زنجیرەی زەمەنی روداوە بەدوای یەکەکاندا لە مێژووی گۆی زەویدا زانراون، کە زانستی جیۆلۆجیای چینیەکان یاخود زانستی (stratigraphy) پێپلیکانەی جیۆلۆجی دەگەیەنێ کە بەدوای یەکداهاتنی بەردی چینە جیۆلۆجیەکان و سەردەمە جیۆلۆجیەکان دیاری دەکات کە بۆی دەگەڕێتەوە. شایانی باسە بەشێوەیەکی گشتی ژیانی دەریایی بریتییە لە سەرچاوەی سەرەکی پەترۆڵ، هەروەها وادادەنرێ کە چینە جیۆلۆجیەکانی کە دەوڵەمەندن بە پاشماوەی گیانەوەرە ئەندامیەکانی وەک گیانەوەرە دەریاییە نزمەکان و بێ بڕبڕەکان و قەوزەکان سەرچاوەی دروستکەری پەترۆڵن، هەروەک ئەو بەردە نیشتوانەی کە ئەستوراییەکی زۆریان هەیە و سروشتەکەیان بریتییە لە بەردی پڕ بۆشایی (porous rocks) بە باشترین جۆری بەردی عەمباری نەوت (Oil Reservoir Rocks) دادەنرێت.

**بنچینەی دروستبوونی نەوت- Oil forming fundament:**

نەوت لە سەردەمە جیۆلۆجیە کۆنەکاندا لە دارستانە چڕوپڕەکانی کە لە هەندێک شوێنی زەویدا هەبووە دروست بووە، هەروەها لە گیانەوەرە هەڵواسراوە دەریاییەکان و رووەکە ئاویەکان. داپۆشرانی ئەم ماددە ئەندامیانە بۆ ژێر چینە جیۆلۆجیەکان لەژێر پاڵەپەستۆیەکی ئێجگار زۆردا بە دابڕانیان لە ئۆکسجین و بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ گۆڕدران بۆ نەوت.

پەترۆڵ- Petroleum چیە ؟

پەترۆڵ (Petroleum) وشەیەکی لاتینیە پێکدێت لە دوو وشەی لێکدراوی (Petra) واتا (بەرد - Rock) و (oleum) واتا (نەوت - oil) کە هەندێک جار بە (زێڕی ڕەش – black gold) ناودەبرێت و بریتییە لە شلەیەکی خاوەن چڕی زۆری ڕەنگ ڕەشی بەرەو سەوزباو، پەترۆڵ شلەیەکە توانای گرگرتنی هەیە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری ماددەی گڕگرتوو لە شلەی پەترۆڵدا. پەترۆڵ هەندێک جاران لە هەندێک شوێندا لەسەر ڕووی زەویدا بەشێوەی گۆمی نەوت دەردەکەوێت.

پەترۆڵ بریتییە لەو شلەیەی کە لە بنچینەدا پێکدێت لە هایدرۆکاربۆنات و هەروەها لە ڕێژەیەکی کەم لە کبریت و ئۆکسجین و نایترۆجین، لە نێو چینە جیۆلۆجیەکاندا دروست دەبێت و کۆدەبێتەوە.

نەوتی خاو (Crude Oil ) یان پەترۆڵ (Petroleum)، بریتییە لە مادەیەکی ئەندامی کە لە پاشماوەی ڕووەک و گیانەوەرانی سەردەمانێکی زۆر کۆنـەوە دروست بووە. هەروەها بە سوتەمەنی بەردبـوو (fossil fuel) ناسراوە.

هایدرۆکاربۆن (Hydrocarbons) پێکدێت لە گەردیـلەی هایـدرۆجین و کاربـۆن.

پەترۆڵ، سێ حاڵەتی هەیە کە ئەوانەی خوارەوەن:

- شلە (liquid): نەوتی خاو (crude oil).
- هەڵم (vapor): گازی سروشتی (natural gas).
- ڕەق (solid): ڕەژووی بەردی (coal)، نەوتی لیتەیی (oil sands).

دۆزینـــەوەی پەتـــرۆڵ – Petroleum discovery:

لێکۆڵەرەوانی زانستەکانی جیۆلۆجیا بەهۆی خەریک بونیانەوە بە ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیە وردەکانەوە لە بارەی سروشتی چینە جیۆلۆجیەکانەوە کە پەترۆلیان لێیەوە دەردەچێت، توانیان وردە وردە لە چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتنی پەترۆڵ لە قوڵایی زەویەوە تێبگەن، هەروەها توانیان لەو بارودۆخە تێبگەن کە گونجاوە بۆ کۆبونەوەی پەترۆڵ لە کێڵگەکانی پەترۆڵدا.

توێژینـەوە جیـۆلۆجیەکان لە بوارەکانی گـەڕان بە دوای دۆزینەوەو دەرهێنانی سەرچاوەکانی وزە بەتایبەت (نـەوت و گاز) سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە. کە تا ئێستا کردارەکانی ڕوپێـوی جیـۆلۆجی بۆ ڕوبەرێکی فراوانی توکێڵـی زەوی لەسەر وشـکایی لە کیشوەرەکان و لەژێـر دەریا و زەریاکاندا ئەنجامدراوەو لە ئاکامدا نەخشەی پڕ لە وردەکاری سێ دوری (٣ dimension) ئامادەکرا کە بەشەکانی (sections) ی ئەم نەخشانە وێنـەی پێکهاتـەی چینە بەردیەکانی توێکڵی زەوی و ئەوەی کە تێیدایە دەردەخات لە کانزا و مـادە خاوەکان بەتایبەت (نـەوت و گـازی سروشتی) لە قوڵایی زیاتر لە دەیان کیلۆمەتر، کەوا ئەم زانیاریانە هێندە گرنگن کە ناتوانرێت بە

پـاره بخەملێنرێن و زانیـاری تەواو نەهێنین. کە لەسەر بنچینەی ئەم زانیاریە زانستیانەدا وڵاتانی پیشەسازی بۆ کاتەکانی کورت خایەن و درێژخایەن کار لەگەڵ حکومەتەکانی ئەم وڵاتانەدا دەکەن کە کە سەرچاوەکانی وزە و کانزاو مادە خاوەکانیان تێدایە هەروەها لە کانزا زۆر بە نرخەکانیش.

## ئایا عەمبارەکانی نەوت چۆن دەدۆزرێنەوە- How to find oil & gas traps ؟

هەڵکەندنی بیر بۆ دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت یان گاز، کارێکی ئاسان نیە و پارەی زۆری پێویستە، بۆیە کۆمپانیاکانی نەوت بەرلەوەی دەست بکەن بە هەڵکەندنی بیر پلانێکی تێروتەسەل دادەڕێژن لەپێناو ئـــەوەی کارەکەیان سەرکەوتوو بێت، لە سەرەتادا دەست دەکەن بە دروستکردنی نەخشەی ٣ دووریی (٣ dimension) بۆ بەرد و پێکهاتە جیۆلۆجیەکانی ژێر زەوی، ئینجا بەشێوەیەکی تێروتەسەل دەست دەکەن بە دیراسەکردنی ئەم نەخشە ٣ دوورییانەی کە زانیاریەکانی بەرد و پێکهاتە جیۆلۆجیەکانی ژێـر زەوی لەسەر جێگیر کراوە و لەسەر ئەم بنچینەیە سەیری ئەگەری هەبوونی عەمباری نەوت دەکەن لە نەخشەکاندا. بەڵام ئایا ئەم نەخشانە چۆن دروست دەکرێن ؟ ئایا چۆن ئەوەی لە ژێر زەویدایە دەدۆزنەوە ؟ وەڵامەکە بریتییە لە بەکارهێنانی (seismic waves).

## ئایا (Seismic waves) چیە ؟

(seismic waves) واتا «شەپۆڵە بومەلەرزەییەکان».کەوا ئەم جۆرە شەپۆڵانە بریتیین لە شەپۆڵە دەنگ، کەوا ئەم شەپۆڵانە دەتوانن بەنێو چینە بەردە جیۆلۆجیەکاندا تێپەڕبن و زۆربەی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ ئەم مەبەستە واتا بۆ دۆزینەوەی نەوت ئەم ڕێگەیە بەکاردێنن ئەویش بە بەکارهێنانی (vibrator trucks) واتا «لۆری لەرەلەر» کە ئەم (vibrator trucks) بەئاراستەی خوارەوەی زەوی شەپۆڵی سایزمیکی (seismic waves) لێوە دەردەچێت. (vibrator trucks) کە بریتیین لە لۆری یاخود شاحینە بارستاییان زۆر گرانە و بەسەر رووی زەویدا دەڕۆن و دەگەڕێن و لەسەر رووی زەویەوە لەرەلەر دروست دەکات و بەمەش ئەم لەرەلەرە شەپۆڵێک بەرەو چینە بەردە جیۆلۆجیەکانی خوارەوەی زەوی دروست دەکات و لە ئەنجامدا هەر چینێکی بەردی هەندێک لەم شەپۆڵانە دەداتەوە کە بەری دەکەوێت، شەپۆڵە دراوەکان واتا شەپۆڵە شکاوەکان بەرەو سەرەوە بۆ ئەو (geophones) دەگەڕێنەوە کە داندراون و بڵاوکراونەتەوە.

## ئایا (geophone) چییە ؟

(geophone) وەک (microphone) وایە. لە راستیدا کاری جیۆفۆنەکان بریتییە لە گۆڕینی شەپۆڵەکان بۆ ئاماژەی ئەلیکترۆنی (electrical signals). ئامێری تۆمارکردنی لۆریەکە واتا ئامێری تۆمارکردن لە (vibrator trucks) دەست دەکات بە تۆمارکردنی ئاماژە ئەلیکترۆنیەکان. لە پاشاندا کۆمپیوتەر ئاماژە ئەلیکترۆنیەکان دەگۆڕێت بۆ نەخشەی سێ دووری (٣ dimension maps). شکانەوەی شەپۆڵەکانی سایزمیک لەنێو دەریاکانیشدا کاری خۆی دەکات، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە لە نێو دەریاکاندا لە جیاتی جیۆفۆن هایدرۆفۆن (hydrophone) بەکاردەهێندرێت. هەروەها لەنێو دەریادا لەرێگەی بەکارهێنانی دەمانچەی ژێر ئاووەوە شەپۆڵەکانی سایزمیک داهاوێژرێن بۆ برینی چینە بەردیەکانی ژێر دەریا. دەبێ ئەو شوێنانەی کە (geophones) لێ دادەنرێت لە رووی زانستیەوە راست بێت و هەڵە نەبێت، کە پێویستە بۆ دیاریکردنی شوێنی جیۆفۆنەکان (GPS) بەکار بهێندرێت کە (GPS) دێتای شوێنەکانمان پێدەدات و پێویستە کەسانی بەکارهێنەر ئەو دێتایانە بە وردی بخوێننەوە کە لە (GPS) کەوە وەریدەگرن بۆئەوەی زۆر بە وردی ئەو شوێنە دیاری بکرێت کە مەبەستە، کە هەندێک لە تیمەکانی کارکردن دوای خوێندنەوەی دێتاکانی (GPS) کارەکەیان دەست پێدەکات.




Geophones distribution in sea bottom

مادده خاوەکانی کە پەترۆڵیان لێ پێکدێت:
پەترۆڵ پێکدێت لە تێکەڵەیەک لە چەند ماددەیەکی خاوی پێکهێنەری پەترۆڵ کە ئەوانەن:
gasoline petrol, kerosene, diesel oil, fuel oil, lubricating) (oil, paraffin wax, asphalt کە ڕێژەی هەریەک لەم مادده خاوانە جیاوازە لە ئەوەی تر و بەپێی جیاوازی لەڕێژەی مادده خـــاوە پێکهێنەرەکان لەگەڵ یەکتردا ئەوا جۆری پەترۆڵەکە جیاوازی دەبێت لە جیهاندا کە دەتوانرێت بە ئاسانی لەڕێگەی جیاوازی لە (ڕەنگ و چڕی جۆرێتی – color & density) لەیەکتر جیابکرێنەوە.
پەتـرۆڵ لە ڕووی ڕەنگـەوە جیـاوازی هەیە لەنێوان ڕەنگی ڕەش بۆ سەوزباوو بۆ ڕەنگی کەهرەمانی. بەڵام لە ڕووی چڕییـەوە جیاوازی لە جۆری پەترۆڵ دروست دەبێت.
کەمبونەوەی پلەی چڕیەتی پەترۆڵ بەڵگەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی پێکهێنەرە سوکەکانی وەک بەنزین، کەوا ئەو سیفاتەش وادەکات نرخی ئەم جۆرە پەتـرۆڵە بەرز بێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. سەرەڕای چڕی پەترۆڵ هەندێ فاکتەری دیکە هەیە کە کاریگەرێتیان لەسەر دیاری کردنی نرخی پەترۆڵدا دەبێت وەک (بەرزی ڕێژەی کبریت و هەندێک مادەی پیسکەری تر – الشوائب - tarnishes) کە هەبوونی ئەوانە کاریگەرێتی هەیە لەسەر نرخی پەترۆل لە بازاڕەکانی جیهانیدا.
بەشێوەیەک کە بوونی ڕێژەیەکی بەرزی کبریت لە پەتـرۆڵدا وادەکان کە نرخـی پەتـرۆڵەکە بێتە خوارەوە، لەبەرئەوەی پاکردنەوەی پەترۆڵەکە لەو ڕێژە کبریتەی کە تێیدایە پێویستی بە دامەزراندنی یـەکەی چارەسەرکردنی تایبەت هەیە بۆ جیاکردنەوەی کبریتەکە لە پەترۆڵەکە و لە پێکهێنەرەکانی دیکە. هەروەها لەلایەکی ترەوە بە سووتاندنی ئەو بەنزینەی کە کبریتی تێدایە، ئەوا دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا بە گازە خنکێنەرەکانی کبریت، هەروەها بوونی مادە مۆمیەکان لە خامی پەترۆڵ وا دەکات کە خامەکەی پەترۆڵ لە پلەی گەرمی نزمیشدا ببەستێت و لەو کاتیشدا ناتوانرێت بە ڕێگەی بۆڕیەوە بگوازرێتەوە لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا دەگۆڕرێت بۆ کوتلەیەکی ڕەقی مۆمی.

## کرداری دڵۆپاندنی نەوت – Petroleum refining:

لە ئەنجامی کرداری پاکردنەوەی پەترۆڵ، پێکهێنەرە کیمیاویەکانی کە نەوتیان لێپێکدێت بە ڕێگەی کـرداری دڵۆپاندن لەکتـر جیادەبنەوە، کەوا ئەم کرداری لێکجیاکردنەوەیە پشت دەبەستێت بە پلەی ڕێژەیی کوڵان (یاخود توانستی بە هەواداچوونی ڕێژەیی) مادده لێک جیاوازەکانی کە لە ئەنجامی دڵۆپاندنی نەوتەوە بە ئەنجام دەگات. کە بەرهەمە لێکجیاوازەکان بە جیاوازی لە بەرزبونەوەی پلەی گەرمیەوە دروست دەبن کە

گازە سوکەکانی وەک: $CH_4$ ، $C_2H_6$.

هەروەها نـەوت پێکدێت لە هایدرۆکاربۆنات (hydrocarbons)، هایدرۆکاربۆناتیش پێکدێت لە پێکهێنـەرە ئەندامیەکان کە لە هایدرۆجین و کاربـۆن پێک دێن و هەروەها لە هەندێک بەشی مادەی ناکاربۆنی وەک نایترۆجین و کبریت و ئۆکسجین، هەروەها لە بڕێکی کەم لە فلزەکانی وەک فانادیۆم و نیکل کە ڕێژەی ئەم توخمانە لە ڕێژەی ١٪ لە پێکهێنەری نـــەوت تێپەڕ ناکات. لە سوکترین لە چوار ئەلکانەکان بریتیین لە: $CH_4$ ، $C_2H_6$، $C_3H_8$، $C_4H_{10}$ کە هەموو ئەمانە

گازن و پلەی کوڵانیان یەک لە دوای یەک-١٦١.٦ پلەی سەدی و-٨٨ پلەی سەدی و -٤٢ پلەی سەدی و-٠.٥ پلەی سەدی یە. ئەم زنجیرەیەی خـوارەوە پێکهێنـەرە جیاوازە دروست بووەکانی پەترۆڵ دەردەخات کە لە ژێر پلەی گەرمی جیاوازدا لەناو ئامێری دڵۆپاندندا دروست دەبن:

١. Petrol: ٤٠ – ٧٠ C وەک توێنەرەوە بەکاردەهێنرێت.

٢. light Petrol، Gasoline): ٦٠ – ١٠٠ C بۆ سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێت.

٣. :heavy Petrol، Gasoline) ١٠٠ – ١٥٠ C بۆ سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێت.

٤. Light Kerosene: ١٢٠ – ١٥٠ C بۆ تواوە و سووتەمەنی ماڵەوە بەکاردەهێنرێت.

٥. Kerosene: ١٥٠ – ٣٠٠ C بۆ سـووتەمەنی بزوێنەرەکان بەکاردەهێنرێت.

٦. Diesel Oil: ٢٥٠ – ٣٥٠ C وەک سووتەمەنی دیزل/ گەرمکردنەوە.

٧. Fuel Oil: > ٣٠٠ C وەک ڕۆنی بزوێنەر بەکاردەهێنرێت.

٨. Lubricating Oil, Parafin Wax, Asphalt.

ئایا Petrochemicals چیە ؟

گشت مـاددە کیمیاویەکانی کە لە پەترۆڵ (petroleum) و پەترۆل گازەوە دروست دەکرێن.

پێوانی نەوت – Oil measurement: نـەوتی بەرهـەم هاتوو لە بیـرە نەوتەکانەوە بە بەرمیـل کە ئەسـڵەکەی (barrel)ە، دەپێورێت، کە هەر بەرمیلێـک ١٥٩ لیتـرە و دەکاتە ٤٢ گالـۆن.

**حەوزەکانی پەترۆڵ لە جیهاندا – Petrol basins in the world:**

گۆی زەوی هەر لەساتی دروستبوونیدا واتا نزیکەی بەرلە ٤.٦ – ٤.٧ ملیار ساڵەوە لە سیفاتەکانیدا بوونی جوڵەی تیکتۆنیە، کە ئەم جوڵە زەوییە بووە هۆی دروستبوونی توێکڵی زەوی کە هەر لە سەرەتایەوە خاوەن تۆپۆگرافیایەکی هەمەجۆر بووەو ئاوی بەهەڵمبو لە درزەکانی تەقینەوەی بورکانەکانەوە بەرزبوەتەوەو لە پاشاندا لەدوای هاتنەخوارەوەی لە ئاسمانەوە بەشێوەی بەفر و باران لە دۆڵایی و زەویە نزمـەکاندا کۆبوەتەوە کە لەپاشاندا ئەوانیش بوون بە حەوزە ئاوە سەرەتاییەکان. بە تێپەڕبوونی کات بارودۆخی کەش و هەوا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات و پێکهێنەرەکانی بەرگە هەوا تەواو بوون و پلەی گەرمـی زەوی زۆر بەرزبـۆوە، کە ئەوەش یارمەتیدەرێکی زۆر گـەورە بوو بۆ دەرکەوتنی ژیانە سەرەتاییەکان لەنێو حەوزەکانی ئاودا کە کرداری نیشتنی بەردە نیشتوەکان تێیاندا روویدەدا و ئەم نیشتوانە لەگەڵ خۆیاندا پاشماوەی مادە ئۆرگانیکەکانی لەگەڵ خۆیدا دادەپۆشی کە بوونە سەرچاوەی مادە هایدرۆکاربۆنیەکان – نـەوت – کە کۆنترین پاشماوەکانی لەو بـەردانە دۆزرانـەوە کە لە ساتەکانی زەمەنی جیۆلۆجی پرۆتۆزۆی دواکەوتوو دۆزرانەوە و لە قۆناغەکانی دواتردا لە پەرەسەندنی توێکڵی زەویدا داپۆشینی بڕی ئەم پاشماوانە هەر بەردەوام بوو و زیاتر لەسەر یەکتردا کەڵەکەبوون تا زەمەنـی سەردەمی چوارینی (age quaternary ).

لێکترازانی کوتلەی کیشوەری زەبەللاحی (Pangae) بۆ دوو کیشوەر کە ئەوانیش (کوتلەی ئۆرۆاسیا لە باکوور و کوتلەی کۆندڤاند لە باشوور) کە نزمبونەوەیەکی گەورە و فراوان لێکیانی جیادەکردەوە کەوا ئەم نزماییە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا درێژدەبۆوە کەوا ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی زەریای (The Tythis Ocean) و ئەم زەریایە لە زەمەنی میسۆزۆیدا پەرەیسەند (کە تەمەنی جیۆلۆجیی لەنێوان ٦٥ بۆ ٢١٠ ملیۆن ساڵ دەبێت) تا ئەوکاتەی کە پانیەکەی گەیشتە ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ کیلۆمەتر. زەریای Tythis لە ساتەکانی پەرەسەندنی جیۆلۆجیی بە دوو قۆناخی سەرەکیدا تێپەڕی، قۆناخی Geo cyncline کە لە سیفاتەکانیدا بەشێوەیەکی گشتی هەبوونی جێگیریەکی رێـژەیی بوو، کەوا لەم ماوەیەدا ئەو چینە بەردینانەی لێ نیشت کە هەمەجۆرن و ئەوانەش کە کاربۆنین بەهۆی پەرەسەندنی بارودۆخی گەشەکردن و زیادبوونی هەمەجۆری زیندەوەران ئاوی گیانەوەری و رووەکی کە هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و لەژێر باری بەردەوامبوونی کرداری نیشتن کرداری داپۆشینی ملیارات تەن لە پاشماوەکانی مادە ئۆرگانیکیەکان روویدا کە گۆڕانکاریان بەسەردا هات و بوون بە ماددە هایدرۆکاربۆنیەکان لە شوێنە بنچینەییەکانی خۆیاندا کە ئەم جۆرانەی بەرد کە نەوتیان تێدا دروست دەبێت بە بەردی سەرچاوە (source rock) یاخود بەردی

دایک (mother rock) دەناسرێن.
ئەم قۆناخە کۆتایی هات بە تەسکبونەوەی زەریا بەهۆی لێک نزیکبونەوەی کوتەلەکانی دەوروبەری زەریا و هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەشدا چالاکی و تەقینەوە بورکانیەکان (volcanic explosion) و بەرزبونەوەی هەندێک بەشی قوڵایی زەریا رویاندا کە دورگە و زنجیرە چیایەکان بە درێژایی تەوەری زەریا دروست بوون و وایلیۆهات بە چەندین حەوزی لێک جیا یان نیمچە لێک جیا رووبدات و لەم ماوە جیۆلۆجیەشدا زەریا نوێیەکان دروست بوون وەک زەریای ئەتڵەسی و هێمن و ئەوەش لە نیشانە سەرەتاییەکانی هاتنی قۆناخی تازە بوو کە بە قۆناخی ئۆرۆجینی (قۆناخی دروستبوونی زنجیرە چیاکان) ناسرا، کە لەم ماوەیەدا حەوزەکانی ئاو کە پڕبوون لە زیندەوەرە دەریاییەکان نیشتوی دەریایی هەمەجۆری زۆریان تێدا نیشت و هاوکات لەگەڵ ئەم کرداری نیشتنەدا ملیارات تەن لە پاشماوەی ئەم مادە ئۆرگانیکیانە داپۆشران کە لە پاشاندا گۆڕران بۆ مادەی کاربۆهیدراتی و ئەم قۆناخە گەیشت بە سەرەتای قۆناخی کۆتایی کە بووە هۆی کشانەوەیەکی بەهێز و نەمانی ئەم حەوزانەی ئاو و لەبەرامبەردا دروستبوونی چەندین زنجیرە چیا لە هەریەک لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا، کە زۆربەی زنجیرە چیاکان لە هیمالایان و بە زاگرۆس و تۆرۆس و ئەتڵەسی و زنجیرە چیاکانی ئەلپ لە ئەوروپادا تێپەڕ دەبێت کە ئەو زنجیرە چیایانە لە دەرئەنجامی نەمانی زەریای Tythes دروست بوون و کە تا ئێستاش هەندێ بەشی زەریای Tythes ماوەتەوە وەک دەریای سپی ناوەڕاست کە ئەم دەریایەش لە داهاتوودا بە کۆتاهاتنی قۆناخی ئۆرۆجینی نامێنێت، کە هەندێ لە زانایان ڕایان وایە لە پاش نزیکەی ١٠ ملیۆن ساڵی تردا دەریای سپی ناوەڕاستیش نامێنێت و زەریای تازە بە درێژایی شوێنی دەریای سوور دروست دەبێت کە هەندێ لە زانایان بە زەریای عەرەبی ئەفریقی (– African Arabic ocean) ناوی دەبەن.
مەوادی هایدرۆکاربۆنی لەنێو ئەو بەردە نیشتوانەدا هەیە کە لە ساتەکانی دروستبوون و پەرەسەندن و نەمانی (The Tythis Ocean) لەنێو ئەو چین و پێکهاتە جیۆلۆجیانەی کە لە زەمەنی پالیۆزۆیدا (Paleozoic) دروستبوون و هەروەها بڕەکەی لە زەمەنی میسۆزۆی و سینۆزۆیدا زیادی کرد، کە نزیکەی ٥٧٪ لە مەوادی هایدرۆکاربۆنی لە نیشتوەکانی زەمەنی میسۆزۆی و نزیکەی ٢٧٪ لە مەوادە هایرۆکاربۆنیەکان لە نیشتوەکانی زەمەنی پالیۆزۆی دروست بووە و ئەوەی دەمێنێتەوە واتا ١٦٪ ی لە بڕی مادە هایدرۆکاربۆنیەکان لە نیشتوەکانی زەمەنی سینۆزۆیدا دروستبووە. (تەمەنی جیۆلۆجی پالیۆزۆی لەنێوان ٢١٠ بۆ ٥٩٠ ملیۆن ساڵە و تەمەنی جیۆلۆجی سینۆزۆی لەنێوان ٦٥ بۆ ٢١٠ ملیۆن ساڵە)، کەچی نزیکەی ٢٧٪ عەمبارەکانی نەوت لە نێو

نیشتوەکانی زەمەنی سینۆزۆی دایە (کە تەمەنە جیۆلۆجیەکەی نزیکەی ٦٥ ملیۆن ساڵە) و نزیکەی ٥٨٪ لە نیشتوەکانی میسۆزۆیە و بڕی ١٥٪ لە نیشتوەکانی زەمەنی پالیۆزۆی دایە بەهۆی کۆچکردنی نەوت لە قوڵاییەکانەوە بەرەو ئاستەکانی سەرەوەو بەعەمباربوونی لە پێکهاتەجیۆلۆجیە گونجاوەکان، کە لە بەشی سەرەوەی توێکڵی زەوی کە لە بەردی نیشتوو پێکهاتووە قەتیس ماوە، کە ئەستوراییەکەی لە هەندێک جێگەدا دەگاتە ٣٠ کیلۆمەتر و ئەستوریەکەی لە کوردستانی باشووردا دەگاتە نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەش مانای ئەگەری هەبوونی نەوت و گازە لە سنووری ئەم قوڵاییەدا، ئەمە وادەکات کە ئەگەری دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری کێڵگەی نەوت و گاز لەم سروشتەدا هەبێت سەرەڕای هەبوونی لە ناوچە دەشتاییەکاندا کە خاوەن تۆپۆگرافیایەکی نزمە و قەتیسبو لەنێوان زنجیرە چیایەکان وەک ئەم حاڵەتە جیۆلۆجیەی کە لە کوردستاندا هەیە.

دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە جیۆلۆجی و جیۆفیزیاوی و شارەزایە زانستیەکان ئەوەیان دەرخستووە کە کێڵگەکانی پەترۆڵ لەو شوێنانەوە بوونیان هەیە کە لە رابردوودا بە دەریا قوڵەکان داپۆشرابوون و چینی بەردە نیشتوەکان تێیاندا دروست بوون جیاواز لەو شوێنانەی کە بە بەردی ئاگرینی وەک بازلت و گرانایت داپۆشراون، کێڵگەکانی پەترۆڵ لە گشت شوێنەکانی بەردی نیشتودا دروست نابێت، بەڵکو لە هەندێک لەو بەشانەیدا دروست دەبێت کە لە بنچینەدا پەترۆڵی تێدا دروست دەبێت کە بە حەوزەکانی پەترۆڵ ناودەبرێت کە زۆرجاران پەترۆڵ لە تەنیشت ئەم حەوزانەی پەترۆلیی — نەوتیدا کۆدەبێتەوە.

حەوزە پەترۆلیەکان بریتیین لەو شوێنانەی کە رووبەرەکەی لە چەند هەزارێکەوە بۆ سەد هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە یاخود زیاتر دەبێت کە تێیدا ژمارەیەک کێڵگەی پەترۆڵ کە بەشێوەی گورزی پەترۆڵی دابەشدەبن لە سنووری هەر حەوزێکی پەترۆڵدا وجودیان هەیە.

لە رابردوودا زیاتر لە ٦٠٠ حەوزی نەوتی لە جیهاندا دۆزرانەوە کە رووبەری کۆی ئەم حەوزانەی نەوت بە نزیکەی ٧٧٠٠٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەخەملێنرێت و قەبارەکەیان بە ١٦٥٠٠٠٠٠ کیلۆمەتر سێجا دەخەملێنرێت، کە لە دیارترین ئەم حەوزانەی پەترۆڵ (حەوزە پەترۆڵیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمریکای باشوور، چیای ئۆرالا، دەریای قەزوین، نیمچە دورگەی عەرەبی بە کوردستانیشەوە و هەروەها باکوری ئەفریقیایە.

لە دیارترینی ئەم نموونانە، حەوزی کەنداوە کە لە باشووریەوە لە کەنداوەوە بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ/ تورکیا درێژ دەبێتەوە کە درێژیەکەی دەگاتە زیاتر لە ٢٢٠٠

کیلۆمەتر و پانیەکەشی بە ٢٠٠- ٤٠٠ کیلۆمەتر دەخەملێنرێت. کەوا ئەم حەوزەی پەترۆڵ لە دەوڵەمەندترین کێڵگەکانی پەترۆڵ لە ئێران و کوەیت و سعودیە و ئێراق و کوردستان دەگرێتەخۆ، حەوزی کەنداو دابەش دەبێت بۆ ژمارەیەک لە گوررزی نەوتیـی، کەوا لەنێو ئەم سنووورەدا کێڵگەی نەوتیی زەبەللاح وجودی هەیە لەوانە گوررزە نەوتیەکانی کە دەکەونە باشوری ئێراق و ئەو گوررزە نەوتیانەی کە دەکەونە کوردستانەوە.

## کێڵگە نەوتیەکان – Oil fields:

پەترۆڵ لە ئەنجامی شیبونەوەی هەندێک لە زیندەوەرە زیندوەکان و رووەک و گیانەوەرەکان کە لە ملیۆنان ساڵ پێش ئێستاوە لە دەریا کۆنەکانەکاندا ژیاون (وەک زەریای Tythes) دوای مردنیان ئەم زیندەوەرانە کەوتونەتە نێو قوڵاییەکانەوەو بە نیشتوەکاندا دادەپۆشراون (واتا بە نیشتوە هەمەجۆرەکانی دەریا) و کەوتنە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆری گەرمی قەتیسماوی زەوی و دابڕاو لە گازی ئۆکسجین، کە پاشماوەی ئەم زیندەوەرانە گۆڕاون بۆ دڵۆپە پەترۆڵی تێکەڵ بە ئاو و ئەم دڵۆپانەی پەترۆڵ بەنێو ئەو چینە بەردە پڕ بۆشاییەکاندا (porous rocks) دا بڵاوبونەوە کە لەژێرەوەی سەرووی دەریاکاندا پێکدێن و بە کۆبونەوەی ئەم دڵۆپانەی پەترۆڵ شلەی پەترۆڵ پێکهات و ئەم بەردانەی کەوا بەم رێگە بنچینەییە پەترۆڵیان تێدا دروست بوو پێیان دەگوترێ بەردی دایک (mother rock) کەوا ئەم جۆرانەی بەرد بە سروشتی خۆیان بریتیین لە بەردی نیشتوی دروستبوو لە دەریا.

دڵۆپەکانی پەترۆڵ کە لەنێو بـەردی دایک (mother rock) دروست دەبن لە ئەنجامی بڕێکی زۆری پاڵەپەستۆ و پلەی گەرمی هەندێک جاران دەست دەکەن بە جوڵـە و دوورکەوتنەوە لە شوێنە بنچینەییەکەی خۆیان و ئیتر ((mother rock) جێدەهێڵێت و لەو شوێنانە دەگیرسێنەوە کە پاڵەپەستۆ تێیدا نزم بێت و لەنێو ئەو بەردانەدا کە بریتیین لە (porous rock) وەک ساندستۆن (sandstone) کە رێگەدەدات بە جوڵانەوە و گواستنەوەی لە شوێنگەی دروستبونیەوە بۆ شوێنەکانی دەوروبـەری و ئەم دڵۆپانەی پەترۆڵ لە کۆچکردنیاندا بەردەوام دەبن لەنێو بـەردە نیشـتووە پـڕ بۆشاییەکاندا ((porous rock) ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر هیچ بەربەستێک نەهاتە رێگای ئەم کۆچکردنەی پەترۆڵەکان.

واتا لە حاڵەتی توشنەبوون بە چینە جیۆلۆجیە بێ بۆشاییەکان (un porous – un permeable rocks) ئەوا لە کۆتایـی رێڕەوەکەیدا دەگاتە نزیک سەر رووی زەوی یاخـود بە سەر رووی زەوی دەگات، لەم کاتەشدا پەترۆڵەکە سەرزەوی دەکەوێت و ئەسـتێلکی ئەسفەلتی پێکدێت یاخود بەشێوەی کانیاوی گازی سروشتی

دەردەکەوێت، کە لەم کاتانەشدا ئەگەری دروستبوون و پێکهاتنی کێڵگەی نەوت و گاز دێتەکایەوە،بەڵام ئەگەر هەر جۆرێکی بەرد هاتە بەردەم دڵۆپە نەوتیە کۆچکردووەکان و جوڵەی دڵۆپە نەوتەکانی لە کۆچکردندا راگرت ئینجا چ بە ئاراستەی ئاسۆیی یاخود ئەستونیدا بێت، ئەوا ئەم بەردانە پێیان دەگوترێ بەردی داپۆشەر (cover rock) کە پەترۆڵ لەنێو ئەم جۆرانەی بەردا توانای جوڵە و رۆیشتنیان نیە و دەوەستن و قەتیس دەبن. ئینجا لەو کاتدا دڵۆپە نەوتیەکان لە تەنیشت یان لە خوارەوەی ئەم چینە بەردە رێگرەدا (واتا لە تەنیشت یان لە خوارەوەی (cover rock) دا لەگەڵ یەکتردا کۆدەبنەوەو ئەو بەردەی کە برە پەترۆڵەکەی تێدا کۆدەبێتەوە پێی دەگوترێت بەردی عەمباری پەترۆڵ و بە شوێنی هەڵگری پەترۆڵەکەش دەگوترێت عەمباری نەوت (petroleum trap) واتا ئەوەی لە دوا وتەدا باسمان لێوەکرد، بریتییە لە عەمباری نەوت، کاتێ کە بیری نەوت بۆ دەرهێنانی نەوت هەڵدەکەندرێ دەبێت ئەم بیرە هەڵکەندراوە بگاتە ئەم شوێنەوە کە عەمباری نەوتە و لەو عەمبارەی نەوتەوە نەوت دەردەهێنرێت و بەرەو سەر زەوی رادەکێشرێت. هەروەها ئەو مەرجانەی کە دەبێ هەبێ بۆئەوەی ئەم عەمبارانەی نەوت و گاز لەنێو چینە جیۆلۆجیەکاندا دروست بن بریتیین لە (هەبوونی دەریا و بوونی زیندەوەری زیندوو کە لەنێو ئەم دەریایانەدا لە قوڵایی دەریاکەدا دەمرن و لەژێر نیشتوی دەریاییەکەدا دادەپۆشرێن هەروەها هەبوونی چینە بەردە پڕبۆشاییەکان (porous rocks) کە رێگە بە پەترۆڵەکە دەدات لەنێو ئەم بۆشاییانەی چینە بەردەکاندابجولێتەوەو کۆچ بکات و هەبوونی عەمباری نەوت کە نەوتەکەی تێدا کۆدەبێتەوەو تێیدا جێگیر دەبێت و هەروەها هەبوونی بەردی داپۆشەر بۆئەوەی ئەم برە نەوتە لەم شوێنەدا بە قەتیسی بهێڵێتەوە. (هەروەها ئەو کاتەی کە پەترۆڵەکە کۆدەبێتەوە و لە عەمبارە نەوتیەکەدا جێگیر دەبێت پەترۆلەکە لەو ئاوە جیادەبێتەوە کە کە هەندێک جاران لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت و بەهۆی جیاوازی لە چڕیدا کە چڕی نەوت لە چڕی ئاو کەمترە، ئەوا نەوتەکە سەر ئاوەکە دەکەوێت، هەروەها ئەگەر گاز لەگەڵ پەترۆڵەکەدا هەبوو، ئەوا گازەکەش لەگەڵ پەترۆڵەکە جیادەبێتەوەو گازەکە سەر نەوتەکە دەکەوێت لەبەرئەوەی چڕی گاز لە چڕی پەترۆڵ کەمترە. لەبەرئەوە زۆربەی جاران دەبینین کە کێڵگەی پەترۆڵ لە سێ چین یاخود سێ بەش پێکدێت کە لە ئاستی سەرەوەدا گازە و لەژێرەوەی گازەکە پەترۆڵ جێگیر دەبێت و لە ژێرەوەی پەترۆڵەکەشدا ئاو جێگیر دەبێت.

زۆربەی جاران پەترۆڵ لە دوو جۆر عەمباردا کۆدەبێتەوە، جۆری یەکەم پێکدێت لە درز و داشکان و بەرزبونەوەو نزمبونەوەی چینە جیۆلۆجیەکانی توێکڵی زەوی کەوا ئەوەش لە ئەنجامی جوڵەی زەویەوە رودەدات کە دەبێتە هۆکاری بەرزبونەوەو نزمبونەوەی

چینە جیۆلۆجیەکان و دەبێتە هۆکاری دروستبوونی درز و داشکانی چینە بەردیەکان یاخود بەهۆی ئەوپاڵنانە ناوخۆییەی کە لە چینە جیۆلۆجیەکانەوە بە ئاڕاستەی سەرەوە رودەدات، کەوا ئەوەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی عەمباری پەترۆڵ و شێوەی گرد وەردەگرێت کە پێی دەوترێت (anticline) کە پەترۆڵ لە بەشی سەرەوە (لوتکە) ی (anticline) کە کۆدەبێتەوە کە (fold) دروست دەبێت، یاخود عەمباری پەترۆڵی لە ئەنجامی پێکهاتن و دروستبوونی داشکان واتا (fault) وە دروست دەبێت کە کە چینە جیۆلۆجیەکان دوچاری دەبن کە ئەم (fault)ە وا دەکات پەترۆڵەکە بوەستێت و ئیتر کۆچ نەکات بۆ شوێنێکی تر و لەم حاڵەتەدا (fault) شێوەی بەربەست دەبینێت بۆ مانەوەی پەترۆڵ لەم شوێنەدا. هەروەها جۆرێکی دیکە لە عەمبارەکانی پەترۆڵ لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە جیۆلۆجیەوە دروست دەبێت کە حەوزەکانی نەوت لە ماوەی مێژووی پەرەسەندنی جیۆلۆجییەوە دوچاری دەبن، کەوا ئەم بارودۆخە جیۆلۆجییە دەبێتە هۆکاری رودانی گۆڕانکاری لە تایبەتمەندیەکانی هەندێک جۆری بەردەکان وەک بەردی (sandstone) کە بە درێژبونەوەو تێپەڕبوونی کات لە جۆرێکی بەردی پڕ لە بۆشاییەوە (porous rock) دەگۆڕرێت بۆ بەردی بێ بۆشایی (un porous rock) و دەبێتە بەربەست لەبەردەم کۆچکردنی پەترۆڵ و عەمبارێکی پەترۆڵی دروست دەبێت، یاخود هۆکاری دیکەی جیۆلۆجی هەیە کە دەبێتە هۆکاری وەستاندنی کۆچکردن و جوڵەی نەوت لەنێو بەردە پڕ بۆشاییەکاندا (porous rock). ناگونجێ هەردوو جۆر بگۆڕێن بۆ عەمباری پەترۆڵ بەبێ ئەوەی ئەو چینەی بەردە پڕ بۆشاییەی (porous rock) کە پەترۆڵ تێیدا دەجولێتەوەو تێیدا کۆدەبێتەوە بە چینێک یان چەند چینە بەردێکی بێ بۆشایی (un porous rock) دانەپۆشرابێت، (واتا ئەو چینەی کە رێگە بە جوڵە و کۆچکردنی پەترۆڵ نادات و وەک بەربەستێک وایە)، کە بەهۆی ئەم چینە داپۆشەرەوە پەترۆڵەکە لەنێو عەمبارەکە دەمێنێتەوەو جێگیر دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو شوێنی عەمباری نەوت و گازەکە دوچاری گۆڕان و پەرەسەندنێکی جیۆلۆجی بۆوە وەک درزبردن و داشکان (fold) ی قوڵەوە بەشێوەیەک کە ئەم درزو داشکانە چینە داپۆشەرەکە واتا (un porous rock) ببڕێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا پەترۆڵەکە لەرێگەی شوێنی داشکانەکەوە (fold) بەرەو شوێنێکی دیکە دەڕوات و لەم کاتەشدا عەمبارە نەوتەکە گرنگی خۆی لەدەست دەدات و لەم حاڵەتەشدا پەترۆڵەکە بەرەو سەر رووی زەوی کۆچ دەکات و سەردەکەوێت و پاشماوەی پەترۆڵ لەم شوێنەی سەر زەویدا دەردەکەوێت، کەوا ئەم دیاردەیە لە بەڵگە گشتیەکانە کە لەرێگەیەوە لێکۆڵەرەوانی پەترۆڵ دەستنیشانی ئەو شوێنانەیان کردووە بە هەبوونی پەترۆڵ تێیدا، ئەم جۆرە حاڵەتانەش لە هەندێک شوێندا دەبینرێت کە دەکەونە سەرەوەی کێڵگەیەکی پەترۆڵ لە

زۆنەکانی حەوزە نەوتیەکان لە جیهاندا وەک ئەوەی لە زۆنی نەوتیی لە کوردستاندا هەیە بە تایبەت لە کەرکوک.

**پیشەسازی نەوت و گاز – (Oil and Gas industry):**

پیشەسازی نەوت و گاز لە دوو کەرت یاخود لە دوو بەش پێکهاتووە کە ئەوانەی خوارەوەن:

١. Upstream:

ئەو کەسانەی لە بواری پیشەسازی نەوت و گاز دا لە (upstream) دا کاردەکەن، کاریان دۆزینـەوەو بەرهەمهێنانی نەوتی خاوو و گازی سروشتیە.

کردارەکانی جێبەجێکردنی (upstream) لە پیشەسازی نەوتدا کە پێی دەوترێت (The upstream process) پێک دێت لە ٤ قۆناخ کە ئەوانەی خوارەوەن:

a- Exploration: بریتییە لە کرداری گەڕان بە دوای دۆزینەوەی عەمبارەکانی نەت و گاز لەنێو چینە جیۆلۆجیەکاندا کە ئەوەش بریتییە لە لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی کارێکی زۆر و ئاڵۆز و پارەی زۆری پێویستە، ئەو کەسەی یاخود ئەو پسپۆڕێتیەی کە سەرپەرشتی ئەم قۆناخەی کارکردن دەکات جیۆلۆجیەکانن (geologists).

b-Drilling well: بریتییە لە کرداری هەڵکەندنی بیر بۆ دەرهێنانی نەوت یان گاز، کە ئەو قۆناخەی پیشەسازی نەوت گرانترین قۆناخیانە و پارەی زۆری پێویستە، ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئەم قۆناخەی کارکردن دەکات (driller) ە.

c- Development: ئەم قۆناخەی پیشەسازی نەوت بریتییە لە کارکردن بۆ ئامادەکاریەکانی بەرهەم هێنانی نەوت، کە لە کارە زۆر گرنگەکان لەم قۆناخەدا بریتییە لە بنیاتنانی راکێشانی بۆڕی بۆ گواستنەوەی نەوت یان گواستنەوەی گاز، ماوەی تەواوکردنی کارەکانی (development) لە چەند هەفتەیەکەوە بۆ چەند مانگێک دەخایەنێت، قۆناخی (development) واتا قۆناخی چوارەم لە پیشەسازی نەوت لە بەشە زۆر گرنگەکانی بەرهەم هێنانی نەوت و گازە.

d- Production: واتا بەرهەم هێنان، کە دوای تەواوبوونی کارەکانی (development) ئەوا (production) دەست پێدەکات، واتا کرداری بەرهەم هێنان دەست پێدەکات بە رۆیشتنی نەوت یان گاز بەنێو بۆڕیەکانی کە پێشتر بنیاتنرابوون بۆ ئەو عەمبارەی (خزان) کە نەوتەکە یان گازەکە تێیدا بەعەمبار دەکرێت.

**ئایا کۆمپانیاکانی نەوت چۆن نەوت یان گاز دەدۆزنەوە ؟**

یەکەم قۆناخ بریتییە لە (exploration) ئەندازیارانی جیۆلۆجی واتا زەویناسان

دەست دەکەن بە دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی بەرد (rock) و پێکهاتە جیۆلۆجیەکان (geological formation) کە بۆ ئەم مەبەستە تێستی زانستیانە ئەنجام دەدەن بۆ ئـەوەی بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەم بەردانە هایدرۆکاربۆنیان (hydrocarbon) تێدایە یان نا.

**ئایا (hydrocarbon) چیە ؟**

وەڵام: نەوت و گاز لە هایدرۆجین (H) و کاربۆن (C) پێکهاتون و پێیان دەگوترێت (hydrocarbon).

ئایا ئەندازیارانی جیۆلۆجی و شارەزایانی ئەم بوارە دەتوانن لە هەر شوێنێکدا بێت (hydrocarbon) بدۆزنەوە ؟

وەڵام: نەخێر، ئەوان ناتوانن، ئەوان باشترین شوێن دەستنیشان دەکەن بۆ قۆناخی داهاتوو واتا بۆ کاری داهاتوو کە بریتییە لە هەڵکەندن (drilling) ئینجا دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی بیر، کە هەندێک جار بیرە هەڵکەندراوەکە دەگاتە (hydrocarbon) و هەندێک جاریش مەرج نیە بگات بە (hydrocarbon).

**ئایا راستەخۆ دوای هەڵکەندنی بیر نەوت یان گاز بەرهەم دێت ؟**

وەڵام: نەخێر، لە سەرەتادا کۆمپانیاکە دەست دەکات بە تاقیکردنەوە (test) ی زۆر بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەو برە هایدرۆکاربۆنەی کە دۆزراوەتەوە زۆرە یان کەمە، هەروەها ئایا هیچ کێشە و گرفتێک هەیە، ئەگەر ئەنجامی تێستەکان باش بوو و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا کەواتە بیرەکە ئامادەیە بۆ دەرهێنانی نەوت یان گاز لێیەوە، بۆیە راستەوخۆ دەست دەکرێت بە بنیاتنانی بۆری گواستنەوەی نەوت یان گاز، بەڵام تا بیرەکە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و برێکی زۆری هایدرۆکاربۆن تێیدا نەدۆزرێتەوە ئەوا دەست ناکرێت بە ئامادەکردن و کارکردن بۆ راکێشانی نەوتەکە یان گازەکە.

**هەندێک لەو کارو پسپۆرێتیانەی کە لە (upstream) دا ئەنجام دەدرێت:**

١. Crane operator: کارپێکردنی کرێنە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسن و کەلوپەلە بارستە گرانەکان و ئەوە لە کارە زۆر گرنگەکانی پرۆسەی هەڵکەندنی بیری نەوتە، لەبەرئەوەی بارستایی هەندێک لە کەلوپەلە زۆر گرنگ و پێویستەکانی بەکارهێنان لە کرداری هەڵکەندنی بیری نەوت یان گاز زۆر گران و گەورەن.

٢. Driller: هەڵدەستێ بە هەڵکەندنی بیرەکە و سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵکەندن دەکات.

٣. Geologist: هەڵدەستێ بە دیراسەکردنی بەرد و پێکهاتە جیۆلۆجیەکان، کە ئەوە لەپێشەوەی گشت کارەکانە و جیۆلۆجیست سەرپەرشتی گشت کارەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە جیۆلۆجیای شوێنی عەمباری نەوت یان گاز دەکات و گشت زانیاریەکانی تایبەت بە هەبوون یان نەبوونی هایدرۆکاربۆن دەخاتە بەردەست.

٤. Geotechnician: کارپێکردنی ئامێرەکان بۆ یارمەتیدانی جیۆلۆجیەکان.

٥. Maintenance technician: ئەو کەسە لەگەڵ تیمی هەڵکەندن و لەژێر سەرپەرشتی (driller) کاردەکات.

٦. Pipe-fitter: لەحیمکردن و پێکەوەنوساندنی بۆریەکانی گواستنەوەی نەوت یان گاز بۆ مەبەستی گواستنەوەیان.

٧. Production operator: چاودێری کردن و کارپێکردنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان.

٨. :Roughneck هەڵدەستێ بە چاکردنەوەی ئامێر و کەلوپەلەکان.

٢. Downstream:

- ئەو کەسانەی لە پیشەسازی نەوت و گاز دا لە (downstream) دا کاردەکەن، کاریان بەرهەم هێنانی زۆر جۆر بەرهەمی دیکەیە لە نەوتی خاوەوە بۆ نموونە وەک سوتەمەنی (fuel) بۆ کارپێکەر و ئامێرەکانی وەک ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فڕۆکە و ...هتد. واتا جیاکردنەوەی جۆرەکانی سوتەمەنی و مادە کیمیاویە هەمەجۆرەکان لە نەوتی خاوەوە و ئامادەکردنیان بۆ بەبازاڕکردنیان.

کارگە پترۆکیمیاویەکان (Petrochemical plants) لە هایدرۆکاربۆنەوە مادده کیمیاویەکان بەرهەم دێنن. ئەم کارگانە لەرێگەی پاڵاوتنی نەوتەوە واتا دوای (refinery) هایدرۆکاربۆناتی سوک بەرهـەم دێنن، هەروەها $C_2H_4$ (Ethylene) و ماددەی کیمیاوی دیکەی گرنگ بەرهەم دێنن، زۆر لە بوارەکانی پیشەسازی ئەسیلین ($C_2H_4$) بەرهەم دێنن بۆ نموونە: $C_2H_4$ (Ethylene) بەکاردەهێندرێت بۆ دروستکردنی پلاستیک (plastics) و خاوێنکەرەوەکان (detergents) و تایەی ئۆتۆمبێل (car tyres). ئەم بەرهەم هێنانەی مادە کیمیاویانە لە نەوتی خاو و گازی سروشتیەوە کردارێکی ئاڵۆزە و ژیانی ئەم سەردەمە بەبێ ئەم بەرهەمانە ناچێت بەرێوەو رۆژ دوای رۆژیش لە پەرەسەندن دایە و ژمارەی کارگەکانیش رۆژ دوای رۆژ لە زیادبوندایە.

بەرزبونەوەی بەرهەم هێنانی گاز (Gas – going up):

کۆمپانیاکانی نەوت و گاز پلانی بەرزکردنـەوەی گازیان هەیە لە جیهاندا بەشێوەیەک کە بەر لە ساڵی ٢٠٣٠ بەرێژەی ٥٠٪ بەرزببێتەوە. وڵاتە بەرهەم هێنەرە گەورەکانی گاز

وەک روسیا و سعودیای عەرەبی و قەتەڕ و ئێران و ئیماڕاتی عەرەبی بەشێوەیەکی خێرا بەرهەمهێنانی گازیان زیاد کرد، هەروەها لە ئەفریقیا و ئەوڕوپا و ئاسیا و ئەمریکاش بەشێوەیەکی خێرا بەرهەم هێنانی گاز زیادی کرد.

**بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ ئەم وڵاتانە ئەم سیاسەتە جێبەجێ دەکەن ؟**

لەبەرئەوەی دەرکەوت کە گاز زۆر گرنگە بۆ زۆر مەبەست کە کارگە پترۆکیمیاویەکان بڕە گازێکی زۆر بەکاردەبەن کە پیشەسازی پترۆکیمیاویش گەشەی سەندووە، دەبێ ئەوە بزانین کە نرخی نەوت زۆر گرانە بۆیە لە زۆر جۆر پیشەسازیدا بەکاربردنی گاز بە باشتر دادەنرێت. هەروەک ئاشکرایە کە ($CO_2$) مەترسیدارە بۆ ژینگە و دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕێژەی بەرهەم هاتووی ($CO_2$) لە گازدا کەمترە وەک لەو ڕێژەیەی کە نەوت بەرهەمی دێنێت. کەوا ئەوەش خاڵێکی زۆر گرنگە، کە زۆر لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە جیهاندا بەکاربردنی جۆری سوتەمەنیەکانیان بۆ کارپێکردنی وێستگەکان لە نەوت و رەژووی بەردیەوە بۆ گاز گۆڕی.

**ڕێگەکانی دۆزینەوەی نەوت:**

لە رابردوودا دۆزینەوەی پەترۆڵ هەردەم لەو ناوچانەوە دەستنیشان و دیاری دەکرا کە بەڵگە و نیشانەکانی پەترۆڵی لێ دەست دەکەوت (واتا لە شوێنی هەبوونی پاشماوەی نەوت لەسەر زەوی) وەک پاشماوە نەوتیەکانی خانەقین. هەروەها لەو ناوچانەوەش کە گازی سروشتی لێیەوە دەردەچو (وەک ئەو ئاگرەی کە لە گازی سروشتیەوە دەردەچێت لە کەرکوک – بابە گوڕگوڕ) هەروەها ڕێگەیەکی دیکەی کۆن بۆ دەستنیشان کردن و دۆزینەوەی نەوت، ئەو بیرە ئاوانەن کە بە هەڵکەندنیان ئاوێکی سوێر لەم بیرانەی ئاو بەرهەم دێت کە تێکەڵە بە پەترۆڵ.

ئەم سیفەتانە لە زۆر شوێنانی حەوزەکانی نەوتدا دەبینرێت، ئەو ڕێگایانەی کە لێکۆڵەران دەیگرنەبەر بۆ هەبوونی پاشماوە نەوتیەکان، کە توانرا لە ساڵی ١٨٥٨ لە پۆڵەندا و لە ساڵی ١٨٥٨ لە کەنەدا و لە ساڵی ١٩٥٨ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە ساڵی ١٩٦٠ لە رۆمانیا و لە ساڵی ١٨٦٣ لە پیرۆ و لە ساڵی ١٨٦٦ لە روسیادا نەوت بدۆزرێتەوە. کردارەکانی دۆزینەوەی پەترۆڵ لەدوای دیراسەکردنی ئەنجامەکانی هەڵکەندنی بیرەکان لەو ناوچانەدا و شیکردنەوەی سیفاتەکانی چینە جیۆلۆجیەکان کە پەترۆلیان تێدایە لە کاتی دروستبونیەوە و جۆرێتی پێکهاتەی چینە جیۆلۆجیەکان و دیراسەکردنی ئەو چینە جیۆلۆجیانەی کە پەترۆل تێیاندا دەبینرێت کردارەکانی دۆزینەوەی پەترۆلیان زۆر فراوان کرد و هەروەها ئەم لیکۆڵینەوەو دیراسە جیۆلۆجیانە

یارمەتیدەرێکی زۆر گەورە بوو بۆ تێگەیشتن لە سروشتی جیۆلۆجی ئەو شوێنانەی کە پەترۆڵ تێیاندا دروست دەبێت و بە عەمبار دەبێت.
لێکۆڵینەوە جیۆلۆجیەکان لەژێر ڕۆشنایی مەفهومی جیۆلۆجیی لە سروشتی ناوچە نەوتیەکانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە بەڵگەی پاشماوەکانی نەوت تێیاندا دەرناکەوێت درێژەی کێشا، ئەوەش بەبەکارهێنانی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کە پشت دەبەستێت بە مەفهومی جیۆلۆجیی بۆ پێکهاتن و کۆبونەوەی پەترۆڵ، کە پێویستی بە هەبوونی مەرجی دیاریکراو دەبێت لەوانە هەبوونی چینی ئەستور لە بەردی نیشتوو (thick beds of sedimentary rock) بۆئەوەی پەترۆلی تێدا دروست بێت و بۆ ئەوەی لەنێوان ئەم بەردانەدا چینی پڕ لە بۆشایی (porous) هەبێت وەک ساندستۆن (sandstone) بۆ بەعەمبارکردنی پەترۆڵ و بوون بە شوێنی کۆبونەوەی نەوت و هەروەها هەبوونی چینە جیۆلۆجیە بێ بۆشاییەکان (un porous rock) ی وەک قوڕ و خوێ (mud & salt) کە دەبنە بەربەست لەبەردەم کۆچکردنی پەترۆڵە بەعەمباربوەکە، هەروەها هەبوونی شوێنگەی کۆبونەوەی نەوت تێیدا، لەسەر ئەم بنچینەیە کرداری گەڕان بەدوای دۆزینەوەی پەترۆڵ ئەم هەنگاوە گرنگانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
١. دیارکردنی شوێنەکانی بەردی نیشتوی ئەستور (thick sedimentary rocks)کە چینە پڕ لە بۆشاییەکان (porous beds) ی تێدابێت هەروەها چینێکی تری بێ بۆشایی (un porous rock) لەرێگەی لێکۆڵینەوە لە پێکهێنەرەکان و پێکهاتووی بەردەکانی سەر ڕووی زەوی و شیکردنەوەی نموونە بەردە دەرهێنراوەکان لە بیرە هەڵکەندراوەکانەوە.
٢. گەڕان بەدوای عەمباری نەوت و دیاری کردنی شوێنەکەی و سنوورەکەی و ئەوەی کە لەسەرەوەی ڕووی زەویەوە دەردەکەوێت و بەرێگەی بەکارهێنانی ڕوپێوی جیۆلۆجی یان بەکارهێنانی وێنەی ئاسمانی کە وێنەی خێرا و گشتگیری ئەو شوێنانە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ئەوەش وادەکات کە کەسی جیۆلۆجی بتوانێت بەخێرایی دیاریکردنی شوێنی عەمباری کۆبونەوەی پەترۆڵ ئەنجام بدات، هەرەها لەو شوێنانەی کە بەردی سەر ڕووی زەوی دەرناکەوێت (وەک بیابانەکان و حەوزەکانی ئاو) کە لەم حاڵەتانەدا پێویستە ڕوپێوی جیۆفیزیایی بەکاربهێنرێت کە پشت بە پێوانەی سیفاتە سروشتیەکانی چینەکانی زەوی دەبەستێت وەک پلەی موگناتیسی و هێزی کێشی زەویەوە یاخود خێرایی تێپەڕبوونی لەرەلەر بەنێو چینە جیۆلۆجیەکاندا بەبەکارهێنانی ئامێری تایبەت وەک ئامێری موگناتیسی (magnetic) یان ئامێری کێشکردن (gravity) یاخود ئامێری سایزمۆگرافی (seismic).

٣. دیاری کردنی عەمباری گونجاوو پێویست بۆ مەبەستی هەڵکەندنی بیر بۆ دۆزینەوەی پەترۆڵ، دیاری کردنی عەمبارەکەی نەوت پشت بە لێکۆڵینەوەی گشتی جیۆلۆجی شوێنەکەی دەبەستێت، سەرکەوتوترین عەمباری نەوت نزیکترینیانە لە حەوزی نەوت، ئەوەی لەسەر ئەندازیاری جیۆلۆجی پێویستە دیاری کردنی وێنەیەکی روونە لەسەر قەبارە و دووریـــەکانی حەوزی پەترۆڵ، لەدواییدا دیارکردنی باشترین و گەورەترین عەمباری نەوتی نزیک لە حەوزەکە بۆ مەبەستی هەڵکەندنی بیری نەوت (هەڵکەندنی بیر بۆ مەبەستی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت).

٤. قوڵی بیری هەڵکەندراوی کە بۆ مەبەستی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت هەڵدەکەنرێت لە چەند سەد مەترێکەوە بۆ چەند هەزار مەترێک دەبێت، کە قوڵی بیرەکە پشت بە قوڵی ئەو چینە جیۆلۆجیانەوە دەبەستێت کە پەترۆڵ تێیاندا کۆبوەتەوە، هەروەها ئەو کاتەی کە تەئکید لەسەر هەبونی نەوت دەکرێت ئەوا کاری گەڕان و دۆزینەوەی نەوت کۆتایی پێدێت. لە دوای ئەوەوە کاری پشکنین (test) دەست پێدەکات بۆ مەبەستی دیاری کردنی بڕی ئەو نەوتەی کە بیرەکە بەرهەمی دێنێت. ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی کە لە بیرەکەوە بەرهەم دێت بڕێکی گونجاو بوو بۆ بەکارهێنانی ئابووریانە، ئەوا لەو کاتدا لەدایکبوونی کێڵگەیەکی تازەی نەوت رادەگەیەنرێت، یاخود لەوانەیە ئەو بڕە پەترۆڵەی کە لەم بیرەوە بەرهەم دێت بڕێکی نا ئابووری و کەمە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دۆزینەوەکەی نەوت بەکارێکی سەرکەوتووی بەرهەم هێنان ناژمێردرێت و دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە شوێنی تردا.

مەترسیەکان و تێچووی دۆزینەوەی نەوت:

گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت لە ترسناکترین ئەو کارانەیە کە خەرجی تێبچێت، لەبەرئەوەی رێژەی سەرکەوتنی ئەو بیرە نەوتانەی کە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت هەڵدەکەنرێن کەمە، کەوا ئەو خۆدانە بەرمەترسیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەپێی سروشتە جیۆلۆجیەکەی جیاوازی هەیە، کەوا حاڵات هەیە سەرکەوتوو دەبێت و بەشێوەیەکی خێرا نەوت دەدۆزرێتەوە و ئەم شوێنانە بە شوێنی بە پیتی نەوتی دەژمێردرێن، کەچی هەندێ حاڵەت بەر لە دۆزینەوەی نەوت پێویستی بە کاتێکی درێژ و سەرمایەکی گەورە هەیە. زۆری تێچووی کردارەکانی پشکنینی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی و کرداری هەڵکەندنی بیر بۆ مەبەستی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت مەترسیەکان زیاتر دەکات بەتایبەت ئەگەر ئەم کردارانە لە لە شوێنێکی دووردا ئەنجام بدرێت خەرجیەکی زیاتری پێویستە، کە بڕی تێچووی هەڵکەندنی بیری نەوت لە نێوان ١٠٠٠٠٠ جونەیە تا ١٠٠٠٠٠٠ جونەیە دەبێت، لەراستیدا بڕی ئەو پارەیەی کە لە کرداری هەڵکەندنی ئەو بیرانەی کە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت خەرج دەکرێت کەوا کەم

جار هەیە کە ڕێژەی سەرکەوتن دەگاتە ٤٠٪، بۆ نموونە ١٨٦٥ بیر بۆ مەبەستی گەڕان بەدوای نەوت لە ئەفریقیادا هەڵکەنرا، کەچی نەوت لە تەنها ٥١٨ بیردا دۆزرایەوە واتا ڕێژەی سەرکەوتن بریتیی بوو لە ٢١.٧٪ و ئەم ڕێژەیە لەماوەی ١٥ ساڵدا ئەنجامدرا لە ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٦٥. کە لە هەمان ماوەدا ٣٢٦٣ بیر بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەڵکەنرا کەچی لەم ژمارەیەدا تەنها لە ٥٢٣ بیردا نەوت دۆزرایەوە، واتا ڕێژەی سەرکەوتن بریتیی بوو لە ١٣.٨٪ لە بەرامبەر ئەم تێچووە زۆرەی پارە.

قازانجی بەرهەمی نەوت زۆر بەرزە کە بە ڕێژەیەکی تێکڕایی دەگاتە ٤ یان ٥ بەرامبەر ئەوەندەی قازانجی پیشەسازیەکانی دیکە، کە ئەوەیە وای لە کۆمپانیاکانی نەوت کردووە بەردەوام بن لە گەڕان بەدوای نەوتدا و دەرهێنانی لەگەڵ گرنگی پێدانێکی زۆر بە وردەکاری زانیاریە زانستیەکان بەر لە بڕیاردان بە هەڵکەندنی بیر بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوتدا ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەم هێنانی نەوت.

کرداری گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بەرزبوەتەوە، کە لە گرنگترینیان (پێشکەوتنی هۆکارەکانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و پشت بەستن بە ئامێرە ئەلیکترۆنیە هەستیارەکان کە پێویستی بە شارەزایی وردو تایبەت هەیە بۆ کارپێکردنیان و چاکردنەوەیان و ئەنجامدانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت لە جێگە دوورەکاندا (وەک بیابان و دارستانەکان و شوێنە دەریاییەکان، بڵاوبونەوەی کرداری گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت لە شوێنە دەریاییەکاندا بی تێچووی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ کرداری گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت لەسەر وشکاییدا.

تێکڕای گشتی بڕی تێچووی تیمێکی بچوکی ڕوپێوی جیۆلۆجی (geological survey) لەنێوان ٥٠٠٠ – ١٢٠٠٠ دۆلار دەبێت مانگانە، هەروەها ئامادەکردنی وێنەی ئاسمانی بۆ هەر کیلۆمەتر چوارگۆشەیەک بە پێوانەی وێنە ١:٥٠٠٠٠ نزیکەی ١.٥ دۆلاری تێدەچێت، کە ئەمە کەمترین بڕی تێچووی کرداری پشکنینی جیۆلۆجیە، بەڵام بڕی تێچووی ڕوپێوی جیۆفیزیایی پشت بە جۆری ئەو ڕێگەیە دەبەستێت کە بەکاردەهێنرێت. کە بڕی تێچووی کرداری ڕوپێوی موگناتیسی (magnetic survey) لەنێوان ٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠ دۆلار دەبێت مانگانە. کەچی بڕی تێچووی ڕوپێوی کێشکردن (gravity survey) لەنێوان ٢٠٠٠٠ – ٦٠٠٠٠ دۆلار دەبێت مانگانە. هەروەها تێکڕای بڕی تێچووی یەک تیمی ڕوپێوی (seismic survey ) لەسەر زەویدا دەگاتە نزیکەی ١٠٠٠٠٠ دۆلار مانگانە، کەچی بەکارهێنانی هەمان ڕێگەی ڕوپێوی سایزمۆگرافی (seismic survey ) بۆ یەک تیم لە شوێنی دەریاییدا دەگاتە نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ دۆلار مانگانە.

بڕی تێچووی هەڵکەندنی بیری نەوت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیە،

بەپێی دووری لە سەنتەری کارەکە و ئاسانی یاخود زەحمەتی کاری گواستنەوە لە گەورەیی ئەو ئامێرانەی کە دەبێ بگوازرێنەوە هەروەها ئەو کارانەی کە ئەنجام دەدرێن، بڕی تێچووی ئامێری کارپێکردنی هەڵکەندنی قوڵ لەنێوان ١٠٠٠٠٠ — ٢٠٠٠٠٠ دۆلار دەبێت مانگانە، ئەمە تایبەت بە ئامێری گەورەی هەڵکەندن کە قوڵی هەڵکەندن دەگاتە ١٥٠٠٠ پێ، کەچی بڕی تێچوو بۆ ئامێری هەڵکەندن لەناو دەریـادا دەگاتە ٣٠٠٠٠٠ — ٥٠٠٠٠٠ مانگانە، هۆکاری ئەم بڕە زۆرەی تێچوونی پارە لە هەڵکەندنی دەریاییدا دەگەڕێتەوە بۆ پێویست بوونی دروستکردنی شۆستە (platform) ی تایبەت لەنێو ئاودا کە ئامێرەکانی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکەی لەسەر جێگیر دەکرێت ئینجا لەوانەیە ئەم (platform)ە جێگیر بێت یاخود ناجێگیر بێت واتا بتوانرێت بجولێنرێتەوە هەروەها ئەو خەرجیـەی کە لە یەکەپاڵپشتیکەرەکاندا سەرف دەکرێت، هەروەها ئەو خەرجیـەی کە بۆ چاکردنـــەوەو گواستنەوەی (platform) لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە سەرف دەکرێت و ئەو خەرجیەی کە لە مەترسیەکانی کە دوچاری دەبێتەوە لە ئەنجامی بوونی شـەپۆڵە دەریاییە زۆر گەورە و کاریگەرەکان کە دەبێتە هـۆی تێکدان و وێرانکردنی (platform)ەکان و تێکدانی ئامێری هەڵکەندن. بۆیە کرداری دەرهێنانی نەوت لەناو دەریادا خەرجیەکی ئێجگار زۆری پێویستە بۆیە بڕی تێچووی هەڵکەندنی دەریایی نزیکەی چوار تا پێنج بەرامبەر خەرجیەکانی هەڵکەندنی بیری نەوتی سەر زەوی دەبێت.

**لەبارەی (Offshore and Onshore) وە:**

Onshore: کـرداری دەرهێنان و بەرهەم هێنانی نەوتە لە سەر زەوی، لەسەر وشکانی، هەروەک ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە گشت کردارەکانی دەرهێنان و بەرهەم هێنانی نەوت بریتیین لە (Onshore).

Offshore: کـرداری دەرهێنان و بەرهەم هێنانی نەوتە لەنێو دەریـادا، لە جیهاندا هەندێک لە کردارەکانی دەرهێنان و بەرهەم هێنانی نەوت لەنێو دەریا و زەریاکاندان و کارکردن لە (Offshore) گرانتر و مەترسیدارترە وەک لە کارکردن لە (Onshore)، کە لەم خاڵانە روونی دەکەمەوە:

١. کەس ناتوانێت لە (Offshore platform) دا کاربکات بێ ئەوەی هەندێک راهێنانی سەلامەتی ئەنجام دابێت. کارمەندان بەر لە چونیان بۆ کارکردن لە (Offshore platform) دەبێ پشکنینی پزیشکیان بۆ بکرێت، هەروەها دەبێ ئەو کەسە بەشداری بکات لە خولی تایبەت بە ئاگر کوژێنەوەو هەڵاتن و خۆدەربازکردن لە کاتی ئاگرکەوتنەوەو مەترسیەکانی دیکە کە بەرورووی ئەو (platform) دەبێتەوە

کە کاری لەسەر دەکرێ.
٢. ئەو کەسانەی کە لە (Offshore) دا کاردەکەن دەبێ لەرووی جەستەییەوە گونجاو بن لەبەرئەوەی ماندووبوونی زۆرە.
٣. ئەو شوێنەی کە کرداری دەرهێنان یان بەرهەم هێنانی نەوتی لەسەر ئەنجام دەدرێت پێی دەگوترێت (Platform).
٤. بەشێوەیەکی گشتی رووبەری (Platform) هەمان رووبەری گۆڕەپانێکی تۆپی پێیە.
٥. رووبەری هەریەک لە پلات فۆڕمی دەرهێنانی نەوت (Oil drilling platform) و پلات فۆڕمی بەرهەم هێنانی نەوت (Oil production platform) لەیەکتر جیاوازن، کە رووبەری (Oil drilling platform) بچوکترە لە رووبەری (Oil production platform) لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە لە (Oil production platform) کاردەکەن ژمارەیان زیاترە و کارەکەش فراوانترە.
٦. لە ناوچەی (process area) کە بەشێکی (Platform) ە، کرداری لێکجیاکردنەوەی نەوت لە گاز و ئاو لەم شوێنەدا ئەنجام دەدرێت.
٧. لە (Utilities area) کە بەشێکی (Platform) ە، وزەی کارەبای لێیەوە دابین دەکرێت بۆ (Platform).
٨. لە (Offshore platform) دا شوێنی تایبەت بە نوستن و خواردن و خواردنەوە هەیە پێی دەگوترێت (accommodation area).
٩. (derrick) شوێنێکی بەرزە لە بەشی سەرەوەی تاوەری هەڵکەندنی بیر کە لەوێوە کۆنتڕۆڵی شۆڕکردنەوەی بۆڕی و هەندێک کاری دیکەی دەکرێت و راستەوخۆ دەکەوێتە سەرەوەی ناوچەی سەرەکی بیر (well head area)، بەرزایی بەرزترین شوێنی (derrick) لە بەرزایی بینایەکی ٢٠ نهۆمی زیاترە.

**دەرهێنانی پەترۆڵ-:**

پیشەسازی دەرهێنانی پەترۆڵ چەندین تایبەتمەندێتی هەیە کەوا ئەم تایبەتمەندێتیانە وایان کردووە کاری پیشەسازی نەوت لە گشت پیشەسازیەکانی دیکە جیاواز بێت، لە گرنگترین ئەم تایبەتمەندێتیانە لە خوارەوە کورت کراوەتەوە:
١. پەترۆڵ لەنێو عەمبارەکانی نێو چینە جیۆلۆجیەکاندا لە قوڵایی هەزاران مەتر دایە لەسەر رووی زەویەوە، بە هەمان شێوە ئەگەر پیشەسازی دەرهێنانی پەترۆڵ لەنێو دەریادا ئەنجام بدرێت، قوڵـی پەترۆڵ لە ژێرەوەی دەریاوە تا دەگاتە عەمباری پەترۆڵ هەزاران مەتر دەبێت، هەروەها مرۆڤ کار لەگەڵ ئەم عەمبارانەی نەوتدا دەکات بێ

ئەوەی بیانبینێت یاخود بتوانێت دەستی پێیان بکەوێت هەروەها بۆ ئەوەی لە راستیەتی قەبارەکەیان بزانێت، کەچی مرۆڤـ بەبەکارهێنانی (theory) یە زانستیە پێشکەوتوەکان و شارەزایی پراکتیکی دورو درێژ کار لەگەڵ ئەم عەمبارانەی پەترۆڵدا دەکات.

٢. رێگەکانی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نەوت سادە نین و ئاڵۆزن و پێویستی بە خەرجیەکی ئێجگار زۆر هەیە لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندی ئەو رێگەیەی کە بەکاری دێنین لەرووی زانستیەوە پێشکەوتووتر بێت، کەچی دێتای تەواو دڵنیاکەرەوەمان دەست ناکەوێت لەبارەی هەبوونی عەمبارەکانی پەترۆل لە شوێنێک لە شوێنەکان، لەبەرئەوە بۆ مەبەستی تەئکید کردن پێویستە دەست بکرێت بە هەڵکەندنی بیر، هەروەها ئەوەی کە کارەکە زۆر ئاڵۆزتر دەکات روداني جوڵەی چینە جبۆلۆجیەکانە.

کە لە ئەنجامی ئەم جولانەدا جوڵەی چینە جیۆلۆجیەکانە کە لە ئەنجامی ئەم جولانەدا بە چەندین داشکان و درز و (fold)ی هەمەجۆر لە قەبارە و ئاراستە کە لە زەمەنە جیۆلۆجیە لێک جیاوازەکاندا رویانداوە، ئەوە سەرەڕای ئەو کارلێکانەی کە دەبنە هۆکاری روداني بوونی جیاوازی گەورە لە تایبەتمەندێتی لە پێکهاتەی جیۆلۆجی و تایبەتمەندێتی لە عەمبارەکانی نەوتدا.




٣. کۆبونەوەی نەوت راستەوخۆ لەنێو عەمبارەکان یاخود دەریا یان روبارە ژێر زەویەکاندا بوونی نیە وەک ئەوەی هەندێک لە خەڵک وا وێنای دەکەن، بەڵکو کۆبونەوەی نـەوت

لەنێو بۆشاییەکانی بەردی نیشــتوودا هەیە ئینجا ئەگەر بێت و ئەو شوێنە شوێنی بنچینەیی (original place) بێت یاخود شوێنێکی لاوەکی بێت بەهۆی روداني جوڵە لە چینە جیۆلۆجیەکان یان بەهۆی کارلێکە کیمیاییەکانەوە بێت یاخود روداني درزی بەردی ئاگرینەوە (Igneous rock cracks) بێت کە لەژێر بارێکی دیاریکراوەوە رویدابێت، کە هەردەم ئەم کۆبووەوە نەوتیانە لەگەڵ مەوادی دیکە دەبینرێت وەک (ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان، گازەکان، شەوائب – tarnishes) بۆیە بڕی پەترۆلەکە ١٠٠٪ قەبارەی ئەو بۆشاییە ناداتە دەست کە لە عەمبارە نەوتەکەدا هەیە ئینجا ئەگەر پێکهاتەیی یاخود نیشتویی بێت، سەرەڕای

ئەوەش، هەمان ئەو پلەی تێرێتیەی پەترۆڵ لەنێو بۆشاییەکانی بەردەکان (واتا پلەی تێرێتی شلەی پەترۆڵی کە وەک مادەی خاوی پەترۆڵ پشتی پێببەسترێت) دابەش دەبێت بۆ ئەو بڕە پەترۆڵەی کە  کە لە توانادا هەیە بە بەرهەم بێت و بڕەکەی دیکە کە بەسەر رووی ئەو  تەنۆلکەکانەوە لکاوە کە پێکهێنەری بەردەکانن کە جۆری پێوەلکانەکە کیمیاییە بۆیە بەبێ ئەنجامدانی ئەو کردارانەی کە پارەیەکی زۆری تێدەچێت ناتوانرێت ئەم بڕەیەی پەترۆڵ لەنێو بۆشاییەکانی بەردی نیشتودا دەربهێنرێت و سوودی لێ وەبگیرێت، ئەویش لەبەر ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر تایبەتمەندێتی پێکەوەلکانەکەدا دێت.

٤. دەبێ بزانین کە تەنها ئەنجامدانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت بەس نیە، لەبەرئەوەی ئەم کارە تێڕوانینێکی روون و ئاشکرا نادات بەدەستەوە بەو پلەیەی کە دڵنیاییمان پێبدات لە خەمڵاندنی پشکنینەکە بۆ دیاری کردنی ئەو بڕە پەترۆڵەی کە لەتوانادایە دەربهێنرێت، یاخود بۆ دیاری کردنی قەبارەی چاوەڕوانکراوی عەمبارەکەی کە پەترۆڵی تێدایە.

هەندێک خەڵک وا هەست دەکەن کە دەتوانرێ بە هەڵکەندنی بیرە نەوت و ئینجا بە شیکردنەوەی سامپلەکانی بەرد بۆ دیراسەکردنی تایبەتمەندیەکانی ئەو چینە جیۆلۆجیەی کە هەڵگری پەترۆڵەکەیە و هەروەها روونبونەوە و ئاشکراکردنی سیفاتی عەمباری چاوەڕوانکراو و  بڕی ئەو یەدەگەیەی پەترۆڵ کە دەتوانرێت دەربهێنرێت  و گشت زانیاریە پێویستەکان وەدەست بکەوێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە هەڵکەندنی بیردا هەرچەندی قەبارەی ئەنجامە شیکراوەکانی پێکهێنەری بەردەکان زیاتر بێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر نیە لە ١ لە ٤٠ یاخود ٥٠ ملیۆن بە بەراوردکردن بە کۆی قەبارەی بەردی ئەو چینەی کە دەبێ دیراسە بکرێت، کە دەتوانرێت زۆر بە سادەیی ئەم زانیاریانە بچوێندرێ بە (کاتێ یەکێک چاوی تەنها بە کەسێک دەکەوێت لە وڵاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی زیاترە لە ٤٠ ملیۆن کەس، وا دادەنرێ کە ئەو کەسە گشت خەڵکی ئەو وڵاتە دەنوێنێ لە رووی شێوەو سروشت و ئاستی رۆشەنبیری و فێرکردن کەوا ئەوەش لەتوانادانیە و راست نیە.

## کرداری هەڵکەندن – The drilling process:

کرداری هەڵکەندنی بیری نەوت لە گرنگترین و مەترسیدارترین پڕۆژەکانە و زۆرترین بڕی پارەی تێدەچێت، هەڵکەندنی بیر تاکە تەکنیکە کە بتوانرێت لە رێگەیەوە نەوت لە قوڵایی زەویەوە دەربهێنرێت، کەوا ئەم پڕۆسەیەش لە رێگەی چوار قۆناخی سەرەکیەوە جێبەجێ دەکرێت:

A. هەڵکەندنی بیری نەوت – Oil well drilling:
کرداری هەڵکەندنی بیری نەوت لەڕێگەی هەڵکەندنی (Rotary Drilling) ئەنجام دەدرێت، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامێری بیر هەڵکەندن band-stand بەکاردەهێندرێت، کە لە خوارەوە قۆناخەکانی باس دەکەم:
* ئامێری بیر هەڵکەندن (drilling well instrument):
ئامێری هەڵکەندنی بیری نەوت بەڕێگەی کرداری خولانەوە بیرەکە هەڵدەکەنێت و لەم بەشە سەرەکیانەی خوارەوە پێک دێت:
١. تاوەری هەڵکەندن (derrick):
بریتییە لە تاوەرێکی لە کانزا دروستکراو بۆ کرداری جێگیرکردنی بۆڕی هەڵکەندن و بەیەکەوە بەستنی بۆریەکان لەگەڵ یەکتردا بەکاردەهێنرێت، لە پاشان پاڵنانی بەرەو خوارەوە بە ڕێگەی حەلەزۆنی.
٢. بۆڕی هەڵکەندن – Pipe drilling:
بریتییە لە بۆڕی کانزایی زۆر رەق کۆتاییەکانی بە بەستەر کۆتایی دێت بۆ بەستنەوەی بۆڕیەکان لەگەڵ یەکتردا بۆئەوەی ببێتە بۆریەکی بەیەکەوە بەستراوی درێژ و ناو بۆش بۆ تێپەڕبوونی قوڕی هەڵکەندن (drilling mud) بەناودا.
٣. سەری هەڵکەندن یان کونکەر – Bit:
بریتییە لە کوتلەیەکی کانزایی کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی جیاواز دروستکراوە، تەنیشتەکانی (bit) تیژ و دداندارن و لەکاتی هەڵکەندندا کرداری وردکردنی بەردەکان ئەنجام دەدات و ناو بۆشە و لە خوارەوەیدا چەندین کونی تێدایە کە لەڕێگەیانەوە پاڵنانی قوڕی هەڵکەندن بۆ بۆشاییە هەڵکەندراوەکە بە ئەنجام دەگات.
٤. قوڕی هەڵکەندن – drilling mud:
بریتییە لە مەوادی کیمیایی وردکراو و تێکەڵ بە ئاو دەکرێت بۆئەوەی ببێتە شلەیەکی پەیت، لە کاتی کرداری هەڵکەندنی بیردا قوڕی هەڵکەندن – drilling mud بەهۆی ترومپای زۆر بەهێزەوە لەڕێگەی بۆشاییەکەوە کە دەکەوێتە ناوەوەی بۆڕی هەڵکەندنەوە ڕەوانەی ناو بیرە هەڵکەندراوەکە دەکرێت بۆئەوەی بگاتە سەری هەڵکەندنەوە، کە لەڕێگەی هەندێک کونەوە بۆئەوەی لەوپەڕی قوڵی بیرەکەوە بەرەو سەرەوە پاڵبنرێت و تا دەگاتە سەر رووی زەوی و لەگەڵ خۆیدا ئەو وردە بەردانە دێنێتە دەرەوە کە لە ئەنجامی کرداری هەڵکەندنەکەدا بەهۆی هێزی ئامێری هەڵکەندنەوە بەردەکان ورد دەکرێت، هەروەها لە سەرەوەدا قوڕی هەڵکەندن – drilling mud بە مورەششەح (filter)ە کەدا تێپەڕ دەبێت و بەوەش وردە بەردەکان لە قوڕەکە جیادەبێتەوە. لەدواییدا جارێکی تر قوڕەکە بەرەو بۆشایی بۆڕیەکەی هەڵکەندن پاڵدەنرێت و بەمەش دەوترێت خولی

قوڕی هەڵکەندن. شایانی باسە قوڕی هەڵکەندن لە پێویستیە زۆر گرنگەکانی کرداری هەڵکەندنی بیری نەوتەو بەبێ قوڕی هەڵکەندن کرداری هەڵکەندن ناتوانرێت ئەنجام بدرێت، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی کە لە کەرتی نەوتدا کاردەکات زانیاریەکی لەبارەیەوە هەبێت.

### سوودەکانی قوڕی هەڵکەندن –advantages drilling mud:

١. کۆنترۆڵکردنی پاڵەپەستۆی ژێرەوەی سەر رووی زەوی.
٢. ساردکردنەوەی ئەو بەشەی ئامێری هەڵکەندن کە پێی دەوترێت (bit) واتا ئەو کونکەرەی کە لە کانزایەکی ئێجگار رەق دروستکراوەو لەپێشتردا ئاماژەمان پێیکرد ، کە بەهۆی لێکخشان لەگەڵ بەردی چینە جیۆلۆجیەکاندا لە ساتی کرداری هەڵکەندندا پلەی گەرمیەکەی زۆر بەرزدەبێتەوە.
٣. هێنانەدەرەوەی بەردە وردبووەکان کە لەئەنجامی کرداری هەڵکەندنەکەدا لە چینە جیۆلۆجیەکاندا لێدەبنەوە ئەو کردارەش لەو کاتەدا روودەدات کە قوڕی هەڵکەندن لە قوڵایی بیرە هەڵکەندراوەکەوە بەرەو سەرەوە پاڵدەنرێت، کە هێزی دیواری بیرە هەڵکەندراوەکە زیاد دەکات بۆ دانەڕوخانی دیواری بیرەکە لە ساتی هەڵکەندندا و گرنگی نەدان بە هاتنەدەرەوەی ئەو گاز و شلانەی کە لەنێو ناخی زەویدا لەژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆردا بوونیان هەیە کە دەبێتە هۆکاری تەقینەوەی بیرەکە، ئەوەش لەرێگەی هاوسەنگ بوونی بارستایی قوڕی هەڵکەندن لەناو بیرەکە بۆ پاڵەپەستۆی گاز و شلەکانی ناو چینە بەردە جیۆلۆجیەکان.
٤. پێدانی وزەی هایدرۆلیکی بە ئامێرەکانی خوارەوەی بیری هەڵکەندراو.

### :B. Well Casing

کاتی گەیشتنی هەڵکەندن بە قوڵاییەکی دیاریکراو دەست دەکرێ بە روپۆشکردنی بیرە هەڵکەندراوەکە بە بۆڕی لە ستیل دروستکراو کە پێی دەوترێت (casing) کە بە شۆڕکردنەوەی بۆڕیەکە لە سەرەوەی بیرەکەوە بەرەو قوڵاییەکەی و بە تێکردنی جۆرێکی تایبەت لە چیمەنتۆ لە بۆشایی نێوان دیواری بیرکە و بۆڕیە شۆڕکراوەکە (case)، کە بەوەش (casing) بە دیوارەکەوە جێگیر دەبێت. کە ئەم بۆڕیە نایەڵێ بیرەکە توشی داڕۆخان بێت و لە داڕوخان دەیپارێزێت، هەروەها رێگە دەگرێت لە بەفیرۆچوونی قوڕی هەڵکەندن لەکاتی سەرخستنی بۆ سەر رووی زەوی ئەوەش بە رێگەگرتن لە چونی برێکی قوڕەکە بۆ نێو کون و کەلەبەری دیوارەکە (بەتایبەت ئەگەر بەردەکان بۆشاییدار بن) یان لەو کونە ئەشکەوتیانەی کە لە هەندێک شوێنی هەڵکەندندا هەیە.
لەبەرئەوە ئەم بۆڕیە رێگە دەگرێت لە رۆچوونی ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان (ئاوی

ژێر زەوی) بۆ نێو بیرەکە. هەروەها تیرەی بۆڕییەکە لە سەرەوەیدا گەورەیە و وردە وردە لەگەڵ زیاتر چوونە خوارەوەی بۆ نێو قوڵایی بیرەکە تیرەکەی بچوکتر دەبێتەوە.
هەروەها پێش دەستکردن بە هەڵکەندنی قۆناغێکی تازە لە بیرەکە بۆڕی روپۆش (casing) لە دوای جێگیرکردنی بە چیمەنتۆ بە سەری بیرەکە دەگات لە ژێرەوەی منەیەی تاوەری هەڵکەندن. کە سەری بیرەکە پێکدێت لە کۆمەڵێک لە رۆخ (flanges ) و بەستەر و سەرە بۆڕی (valves) کە لەلای سەرەوەدا بە ئامێری رێگرتن لە تەقینەوە دەگات (Blow out prevent, Bop) کە دەتوانرێ بەهۆی ئەوەوە رێگری لە هاتنەدەرەوەی گاز و نەوت و ئاو بگیرێت لە ساتی کرداری هەڵکەندندا تا ئەو کاتەی کاری هەڵکەندن و روپۆشکردن و کارەکانی دیکە بە سەلامەتی تەواو دەبن.

## هەڵکەندنی بیری نەوت – Drilling well:

## هەڵکەندنی بیری پشکنین – Explorative well drilling:

هەڵکەندنی ئەم جۆرە بیرە بۆ مەبەستی پشکنین و تێستە پێش ئەوەی ١٠٠٪ دڵنیایی هەبێت کە لەژێرەوەی ئەو شوێنەدا عەمباری بەرهەمداری نەوت یان گاز هەیە. دوا بە دوای ئەنجامدانی روپێوی جیۆفیزیایی و دراسات و لێکۆڵینەوەی فیزیاوی کە بەهۆیانەوە دەتوانین باشترین و گونجاوترین شوێن وەک کێڵگەیەکی بەرهەم هێنی نەوت یان گاز دیاری بکرێت، ئینجا دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی یەکەم بیری دۆزینەوەیی کە بە بیری Wild Cat Well نادەبرێت، ئەوەش بەپێی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی ورد و تێروتەسەل بۆ شوێنی هەڵکەندنی بیرەکە و هەروەها بۆ ئەو قوڵاییەی کە پێویستە پێی بگات، لە پاشاندا تۆمارکردنی ئەنجامەکان لە دیۆکۆمێنتی تۆمارکردنی بیر واتا (well logging) کە ئەوەش دیاریکردنی جۆری چینە جیۆلۆجیەکە و ئەستوریەکەی و خەملاندنی تەمەنی بەرد و چینە جیۆلۆجیەکان بەپێی ئەو بەردبوانەی (fossils) کە لەناو هەر چینێکدا هەیە دەردەخات، ئەوە سەرباری پێوانەکردنی بەرگری کارەبایی و چالاکی تیشکدەرانە و بڵاوبونەوەی شەپۆڵە دەنگیەکان بەنێو چینە جیۆلۆجیە جیاوازەکان و چڕێتی بەردەکان و بە دیاریکردنی سیفاتە سروشتیەکانی وەک (porosity) و (permeability) و بە سیفاتە کیمیاویەکان کۆتایی دێت.
هەروەها لە ساتی هەڵکەندنی بیری پشکنین (explorative well) دەستدەکرێت بە چاودێری کردنی شیکردنەوەی یەک بە یەکی سامپڵە وەرگیراوەکانی نێو چینە جیۆلۆجیەکان بە ئامانجی زانین و دیاریکردنی بەدوای یەک داهاتنی چینە جیۆلۆجیەکانی بەردی نیشتوو (واتا تەمەنی چینە جیۆلۆجیـەکان) لە کێڵگە نەوتیە چاوەڕوانکراوەکە.
هەردەم بیری پشکنینی یەکەم (first explorative well) لەسەر تەپۆڵکەی ئەو

پێکهاتە جیۆلۆجیە هەڵدەکەنرێت کە مەبەستە بدۆزرێتـەوە، یاخود لەسەر ئەو شوێنی کە لەرووی تیۆریەوە (theoretically) وا خەملێنراوە کە لەتوانایدا بێت گەورەترین بەرهەمی هەبێت. هەروەها پێویستە هەرچەندی بکرێت دەبێ کونی بیرە هەڵکەندراوەکە ئەستونی بێت (vertically) و هەروەها هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوون لەگەڵ زیاتر قوڵکردنی بیرەکە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەو چاککردنەوانەی کە دەبێ ئەنجام بدرێت لە کاتی پێویستدا تێستی گۆشەی لاری بیرەکە دیاری بکرێت. لەگەڵ ئەوەی کە یەکەم بیری هەڵکەندراو بەڵگەی هەبـوونی پەترۆڵ و پێکهاتەی عەمباری پەترۆڵ و قوڵایی چینەکانی کە نەوتیان تێدایە هەروەها سیفاتەکانیمان دەداتەدەست.
کەچی دیاریکردنی کێڵگەی پەترۆڵ و حیساب کردنی ئەو برە پەترۆڵەی کە چاوەروان دەکرێت بەبەرهەم بێت و خەملاندنی برِی پەترۆڵی یەدەگی ناجێگیر لە کێڵگەکەدا پێویستیان بە هەڵکەندنی بیری پشکنینی دیکە هەیە لە دەوروبەری بیرەکەی یەکەمدا، کە زۆر جاران هەڵکەندنی بیـری زۆر قوڵ پێویستە لەو شوێنانەی کە گونجاون بۆ کۆبونەوەی نەوت و گاز، ئەوەش بۆ دیراسەکردن و لێتۆژینەوەی پێکهاتەی جیۆلۆجی و بارودۆخی هایدرۆلۆجی پێکهاتەی چینە نیشتوەکە، هەروەها هەڵکەندنی بیری (Para metric) بۆ وردبینی کردنی زانیاریـەکانی تایبەت بە پێکهاتەی جیۆلۆجی بەردەکان لە شوێنی توێژینەوەی پشکنینەکە.

## ڕێگەی تۆماری بیر – well logging:

ئەم ڕێگەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەر لە هەڵکەندنی بیری پەتـرۆڵ و لەکاتی هەڵکەندن و دوای هەڵکەندنیشی بۆ مەبەستی دیاریکردنی سیفاتی فیزیاوی لێکجیاوازی چینە جیۆلۆجیـەکانی ژێر زەوی بەکار دەهێندرێت، ئەوەش بە ئەنجامدانی شۆڕکردنەوەی ئامێری پێوانەیی هەمەجۆر بۆ نێو بیرەکە بۆ مەبەستی دیاریکردنی بەرگری جۆرێتی کارەبایی، توانستی خۆیی و کاریگەرێتی و خێرایی دەنگیی و چرِیەتی و سیفاتی موگناتیسی و هاوێشتنی فۆتۆناتی گامـای سروشتی، یاخود دروستکردنی شەپۆلی گاما وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هاوێشتنی نیوترۆنەکان.
تۆمارکردنە کارەباییەکان (سەیری شێوەی ڕێگەی تۆماری بیر بکە) پێوانی بەرگری جۆرێتی بەردەکان و وێنەی سنووری نێوان چینە جیۆلۆجیەکان و دیاریکردنی شوێنەکانی هەڵقوڵانی شلەکان و دیراسەکردنی ئاوی نێو چینە جیۆلۆجیەکان (ئاوی ژێر زەوی) و دیاریکردنی ڕێژەی سوێرێتیەکەیمان دەداتێ. کە بەمەش دیاریکردنی ئەو چینە جیۆلۆجیانەی کە شلەکانیان لێیەوە ڕۆدەچێت و هەروەها رووەکان و ئەو ڕۆخانەی کە دەوریان دەدەن ئاسان دەبێت، هەروەها ڕێگەی کارۆموگناتیسی (electromagnetic

جیاوازی لە سیفاتی کاریگەرێتی بۆ سەر بەردەکانی ژێرەوەی سەر رووی زەوی (way) ئاشکرا دەکات.
هەروەها رێگەکانی بەرگری جۆرێتی و کارۆموگناتیسی زەوی (earth magnetic & quality resistant ways) لە روسیا لە قۆناخی پشکنینە سەرەتاییەکانی پەترۆڵ بۆ دروستکردنی نەخشەی چینە جیۆلۆجیە نیشتووەکان بەکارهێنرا، هەروەها فرەنسا رێگەی کارەبایی (electric way) بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کانزا رەقەکان و چاودێری کردنی وزەی گەرمی زەوی بەکارهێناوە. کەچی تۆمارکردنی چالاکی تیشکدەری سروشتی بەردەکان بە بەکارهێنانی ئامێری پشکنینی تیشکدەری هەمەجۆر لەسەر زەوی و لە ناو بیرەکان و هەروەها لە روپێوی تیشکدانی ئاسمانی ئەنجام دەدرێت. هەروەها سەرچاوەی تیشکدانی نیوترۆنی وەک تێکەڵەیەک لە بریلیۆم و رادیۆم بەکار دەهێنرێت، هەروەها وەرگرتنەوەی ئەو شەپۆڵەی کە لە بەردەوە دەردەچێت هەروەها پێوانی پلەی مژینی نیوترۆن لەرێگەی ئایۆناتی ئەو هایدرۆجینانەی کە لە پەترۆڵکە یان لە ئاوەکە یاخود لە گازەکەدا هەیە. هەروەها دیراسەکردنی چالاکی تیشکدەری بەردەکان بۆ ناسینی پێکهاتەی بەردەکان و چەندی بڕی هەبوونی شلە تێیاندا و هەروەها هەبوونی گازی سروشتی و بڕی بۆشایی نێو بەردەکان سوودی لێوەردەگیرێت، هەروەک تیشکی گاما بۆ پشکنینی Oil shale بەکاردەهێنرێت، هەروەها روپێوی تیشـکدەرلە باشترین رێگەکانی دیاریکردن و بەهێزکردنی نیشتوەکانی کانزا تیشکدەرەکانی ژێر زەویە ئینجا ئەوەی کە یۆرانیۆمی (Uranium) تێدایە یاخود (Thorium). هەروەها تۆماری بڵاوبونەوەی دەنگ بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی خێرایی رۆیشتنی شەپۆڵەکانی دەنگ بە هەر چینێک لە چینە جیۆلۆجیەکان بە جیا. هەروەها بۆ دیاریکردنی جیاوازی لەنێوانیاندا سەبارەت بە بەرگری دەنگیی (Acoustic Impedance) کە یارمەتیدەریشە بۆ زانینی بۆشاییەکانی (porosity) بەردەکانی ژێر زەوی.

### جۆرەکانی هەڵکەندنی بیری نەوت (Types of drilling oil well):

١. هەڵکەندنی ئەستونی (Vertical drilling):

هەڵکەندن یاخود کونکردنی زەوی بەشێوەی ئەستونی و روپۆشکردنی ئەم کونە هەڵکەندراوە بە بۆریەکی کانزایی بۆ بەرهەم هێنانی نەوت یان گاز، تا پێش ساڵی ٢٠٠٦ زۆربەی هەڵکەندنەکانی بیری نـەوت و گاز بەشێوەی ئەستونی (vertical) بوون. بەڵام لە دوای ئەم کاتەوە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای تازە هەڵکەندنی بیری ئاسۆییش (horizontal) بەشێوەیەکی بەربڵاو دەرکەوت.

٢. هەڵكەندنی ئاسۆیی (Horizontal drilling):

ئەم جۆرە هەڵكەندنەی بیری نەوت و گاز لەسەرەتادا بەشێوەی ئەستونی دەست دەكرێت بە كرداری هەڵكەندنی بیرەكە و كرداری هەڵكەندن بەشێوەی ئەستونی بەردەوام دەبێت و تا دەگاتە ئاستی ئەو عەمبارە نـەوت یان گازەی كە مەبەستە، لەو شوێنەوە ئاڕاستەی هەڵكەندنەكە دەگۆڕڕێت بۆ ئاسۆیی و بەم شێوەیە كرداری هەڵكەندنەكە بەردەوام دەبێت تا بەو عەمبارەی نەوت یان گازە دەگات كە مەبەستە دەربهێنرێت.

هۆكارەكانی هەڵكەندنی بیری ئاسۆیی (Causes of drilling horizontal well ):

- ئەو شوێنەی كە پێویستە بیرەكەی لێیەوە هەڵبكەندرێت بریتییە لە شوێنێكی گرنگی ڕۆخ دەریا كە پڕپەتی لە مەرجان، یاخود شوێنێكی گەشتیاری جوانە، یان شوێن (گوندێكی) كەلەپوری كۆنی گرنگە، یاخود ئەو شوێنە دەریاچەیەكە، یان شوێنێكی ژینگەییە كە نابێ بەهۆی هەڵكەندنی بیر بۆ دەرهێنانی نەوت یان گاز ئەو شوێنە گرنگە تێكبدرێت و خاپور و وێران بكرێت، بۆیە لە دووری ئەو شوێنە گرنگەوە دەست دەكرێت بە هەڵكەندنی بیرەكە و لەسەرەتادا بەشێوەی ئەستونیەكی تەواو هەڵكەندنەكە دەست پێدەكات و تا گەیشتن بە ئاستی ئەو عەمبارەی كە مەبەستە نەوت یان گازی لێیەوە دەربهێنرێت، ئینجا ئاراستەی هەڵكەندنەكە دەگۆڕڕێت و دەبێتە ئاسۆیی و ئیتر هەڵكەندنەمە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە عەمبارەكە و بەمەش ئەو شوێنەی سەر زەوی كە پاراستنەكەی بە گرنگ دادەنرا پارێزراو دەبێت، واتا لەم حاڵەتەدا دوو كار ئەنجامدرا یەكەمیان، بەرهەم هێنانی نەوت یان گازە، دووەمیشیان پاراستنی ئەو شوێنە گرنگەیە كە پێویستە لە تێكدان و وێرانكردن بپارێزرێت.

هەندێك لەو كێشانەی كە بەرەو ڕووی هێڵی بۆڕی گواستنەوی نەوت دەبێتەوە:

Some of the problems face to pipelines of oil transportation

پشتیوانی جیهانی هێڵی بۆڕی :Pipeline Support Global (SPG)-

خزمەتگوزاری خاوێنكردنەوەی هێڵی بۆڕی- pipe line cleaning services:

بەهۆی بەردەوامی گوێزانەوەی نەوت بەنێو هێڵی بۆڕی گواستنەوەدا، كە لەوانەیە ئەو هێڵی بۆڕیە دوو وڵات ببڕێت یان چەندین وڵات ببرێت تا دەگاتە شوێنی مەبەست بۆیە وایلێدێ كە لەم ماوەیەدا لە هەندێك جێگەی نێو بۆریەكەدا خەڵتوخاڵ بنیشێت و بە زۆربونی بڕی ئەو نیشتوانەی ناو بۆری گواستنەوەی نەوت كاردەگاتە ئەوەی كە خێرایی گواستنەوەی نەوتەكە هێواش بێتەوە بەشێوەیەك كە هەندێك جاران هێواش بونەوەكە دەگاتە ڕادەی بەتەواوەتی بلۆك بوونی بۆریەكەی گواستنەوە و بەمەش ئاستی بەرهەم زۆر دادەبەزێت، بۆیە لەم كاتانەدا دەبێ دەست بكرێت بە ئەنجامدانی كارە

خزمەتگوزاریەکانی خاوێنکردنەوەی هێڵی بۆڕیەکە لە نیشتوەکانی ناوی.
(Pipeline support global) دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە خزمەتگوزاریانەی خوارەوە:

- پشکنینی بۆڕیەکان (inspect pipes).
- پلانی خاوێنکردنەوەی هێڵی بۆڕیەکان (plan pipeline cleaning).
- دیزایین کردن و دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستی خاوێنکردنەوە (design and make cleaning tools).
- بەڕێوەبردنی خاوێنکردنەوەی هێڵی بۆڕی (manage pipeline cleaning).
- خاوێنکردنەوەی شوێنی کار (clean up the site).

خاوێنکردنەوەی هێڵی بۆڕی گواستنەوەی نەوت لەرێگەی (inspection gauge) واتا گێچی پشکنین ئەنجام دەدرێت کە هەندێک جار پێی دەگوترێت «pig» کارکردنی گێچی پشکنین بەم شێوەی خوارەوەیە:

- دانانی هاوێژەر (launcher) و وەرگر (receiver) لەناو سیستەمی هێڵی بۆڕیدا.
- دانانی ئامێرێکی تایبەت (device) لە هێڵی بۆڕیدا.
- پاڵەپەستۆی نەوت لەناو هێڵی بۆڕیەکەپاڵ بە ئامێرەکەوە (device) دەنێت.
- دیسکەکان (discs) و فڵچەکان (brushes) بۆریەکە خاوێن دەکەنەوە.
- ئامێرەکە (device) پاڵ بە نیشتوەکەوە دەنێت بۆ دەرەوەی بۆڕیەکە.
- لە کۆتاییدا لە وەرگرەکەوە (receiver) ئامێرەکە (device) وەردەگرینەوە.




# بیبلیۆگرافیای
# رۆژنامەنوسی کوردی
# لە کەلار

## ١٩٩١ – ٢٠١١

**سەباح عەلی جاف**

کەلار یەکێک لە شارە گرنگەکانی گەرمیان و کوردستانی باشور ، لە رووی مێژوو و شوێنەوارەوە بۆخۆی خاوەنی رابردوویەکی گەشە بەو پێیەی چەندین شوێنەوار و سەرچاوەی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە کە گەواهی بۆ دیرۆکی ئەم شارە دەدەن کە هەندێکیان مێژووەکەیان بۆ پێش زاین دەگەڕێتەوە و هەندێکی تریان بۆ سەردەمی ساسانی و هاتنی ئیسلام و پاشتر، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا کەلار بە پێی سەرچاوەکان ئاوەدان کردنەوەی بۆ سەدەی ١٨ دەگەڕێتەوە و لێرە بەدواوە وردە وردە گەشەی کردووە بە تایبەت دوای ئەوەی کە بەگزادەی جاف توانیان گەشە بە گوندی (کەلاری کۆن) بدەن کە ئێستا گەڕەکێکی گەورەی شارەکەیە، لە ساڵی ١٩٣١ یەکەم قوتابخانە لە کەلار دەکرێتەوە ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاتر گەشانەوەی لایەنی رووناکبیری کەلار بە جۆرێک ئەم قوتابخانەیە چەندن منداڵی پێگەیاندووە و لە بواری روناکبیری و راگەیاندندا رۆڵییان هەبووە .
لە پاش ئەوەی بە مەرسومی کۆماری کەلار لە ١٩٧٠/٢/٢٨ دەبێتە قەزا زیاتر گەشە دەکات، ئەمەیش کاریگەری لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکان هەبووە بە تایبەت کایەی مەعریفی، لە سەردەمی بە قەزابوونی کەلاردا لەم شارەدا چەندین کەس کاری راگەیاندیان کردووە و لەو رووە ناویان دیارە بەڵام لە پاش راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ زیاتر ئەم شارە بەرەو پێش دەچێت، یەک لەو لایەنانە بواری راگەیاندن و رۆژنامەوانیە بە تایبەت رۆژنامەنوسی کە هەر لە سەرەتاکانی راپەڕیندا یەکەمین بڵاوکراوە لێرەوە دەردەچێت بە ناوی (میلکان)، قوناغ بە قوناغ کاروانی رۆژنامەنوسی لەم شارەدا زیاترچڕۆ دەکات بە شێوەیەک ساڵانە ژمارەی رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی بە تەواوەتی زیادی کردووە .
لەم بیبلۆگرافیەدا من هەوڵم داوە کار بکەم بەشێوەیەک بە پێی توانا لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١ – ٢٠١١ ئەوەی کە دەست کەوتووە بە تەواوی (٦٥) بڵاوکراوەم کۆکردوەتەوە و هەوڵم داوە لێرەدا بیخەمە روو، بە هیوام ئەم کارەی من سەرەتا بێت لەم رووە و هەر بڵاوکراوەیەکی تر لەو مێژووەدا هەبێت بخرێتە روو چونکە دڵنیام کە بڵاوکراوەی تر هەبووە و رەنگە من دەستم نەکەوتبێت بۆیە دەکرێت ئەم کارە درێژەی هەبێت، من ئەم کارە بۆ خۆم زۆر بە پیرۆزی دەزانم وە ناوم لێدەنێم (بیست ساڵ خەباتی قەڵەم

له کەلار)، سەرباری کار کردنم لەو بوارەدا هەندێک تێبینی و سەرەنجم لا گەڵاڵە بوو کە لێرەدا دەیخەمە روو وەک بەرچاو روونی بۆ خوێنەران و ئەوانەی لە داهاتوودا لەم رووە کار دەکەن:

١ – لە کەلار لە سەروبەندی راپەڕیندا یەکەم بڵاوکراوەی کوردی تێیدا دەر دەچێت بە ناوی (میلکان) کە ژمارە سێی لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٩١ دەرچووە، من تەنها ئەو ژمارەیەم دەست کەوت واتا ژمارە یەکی ئەو بڵاوکراوەیە پێشتر دەرچووە و رەنگە ژمارەی زیاتریشی لێ بڵاوکرابێتەوە، بەم شێوەیە دەر دەکەوێت لە کەلار یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە دوای راپەڕین لەم شارەدا دەرچووە.

٢ – لەم ببیلۆگرافیەدا کە من کارم لەسەر کردووە سنورەکەی بریتیە لە سنوری فەزای کەلار بە هەر دوو ناحیەی (پێباز، رزگاری) واتا سنوری کارکردن لەم رووە دیارە، بە هەمان شێوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ تا کۆتای ساڵی ٢٠١١ هەر بڵاوکراوە و رۆژنامە و گۆڤارێک دەرچوبێت و بەردەست کەوتبێت لێرەدا خراوەتە روو.

٣ – هەندێک لەو بڵاوکراو و رۆژنامانە بە ناوی گەرمیان یان بە ناوی شوێنی ترەوە دەرچوون بە تایبەت لەسەرەتای راپەڕینەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆ نمونە هەبووە لەسەری نوسراوە لە لایەن (لقی خانەقین) ەوە دەرچووە لە کاتێکدا ئەو شارە لە کاتی راپەڕیندا بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد کرا و جارێکی تر لە لایەن بەعسەوە دەستی بەسەردا گیراوەتەوە، وەک ووتم ئەو بڵاوکراوەنە لە کەلار کاریان بۆ کراوە و زۆریشیان هەر لێرە بڵاوکرانەتەوە و لەم شارەدا دەرچوونە بۆیە لەسەر کەلار حیساب دەکرێن.

٤ – هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سنوری کەلار تەنها یەک ژمارەیان لێ دەرچووە و لە دەرچوون وەستاون ئەمەیەیش هۆکارەکەی بە زۆری بۆ لایەنی ماددی دەگەڕێتەوە.

٥ – هەندێک لە بڵاوکراوەکان (مێژووی دەرچون) یان روون نیە بە تایبەت لە ژمارەیەکی ئەو بڵاوکراوەیەدا نەنوسراوە لە کەیدا دەرچووە، هەر بۆیە لەم رووە کەم و کورتی بەدی دەکرێت و بۆ ئەمەیش پشت بە زانیاری کەسەکان بەسراوە یان لە ژمارەی پاشتری ئەو بڵاوکراوەدا نوسراوە کە یەکەم ژمارەی ئەو رۆژنامە کەی دەرچووە.

٦ – بەشێک لە بڵاوکراو و رۆژنامەکان بە شێوەیەکی رێک و پێک و خولی دەرنەچوونە ئەمەیش بە گرفت دادەنرێت، بە نمونە رۆژنامەیەک یان بڵاوکراوەیەک کە لەسەری نوسراوە مانگانە دەردەچێت کەچی ژمارەکانی بە رێک و پێکی بە دوای یەکدا دەرنەچوونە واتا بە شێوەیەکی خولی رێک و پێک نەبووە.

٧ – بەشێک لە بڵاوکراوەکان ناوی ستافی لەسەر نیە یان لەم رووە تێکەڵ و پێکەڵیەک بەدی دەکرێت بە تایبەت ئەو بڵاوکراوانەی لەسەرەتای راپەڕیندا دەرچوون ناوی کەسیان

وەک ستاف لەسەر نیە.
٨ — قەبارە و سایزی بڵاوکراوەکان جۆر بە جۆرن واتا هەندێکیان زۆر بچوک یان ناوەند و گەورە هەر بۆیە قەبارەوە بڵاوکراوەکان جۆر بە جۆرن، روون نیە ئەم بڵاوکراوانە لە رووی تیراژەوە چەند دانەیان لێ دەرچووە هەر چەندە لەسەر بەشێک لە رۆژنامەکان تیراژەکەی نوسراوە.
٩ — ئەو بڵاوکراوە و رۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا لە کەلار دەرچوونە ژمارەیان (٦٥) بڵاوکراوەیە، هەر بۆیە بڵاوکراوەی تر لەو مێژووەدا دەرچووە و رەنگە بەردەستی من نەکەوتبێت، ئەو بڵاوکراوانە کە دەرچوون هەمە جۆرن لە رووی ناوەرۆک و سیاستەوە واتا زۆر لایەنی ژیانیان گرتوەتەوە، بەشێک لەو بڵاوکراوانە لە لایەن حزبە کوردستانیەکان بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوونە، ئەمە سەرباری ئەوەی لە بڵاوکراوەی ئازاد و سەربەخۆیش دەرچوونە بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ دەنگە ئازادەکان زیاتر دەر کەوتون، هەر چەندە لە سەرەتاوە بڵاوکراوە و رۆژنامەکان گشتی بوونە بەڵام پاشتر دەبنە تایبەت مەند واتا رۆژنامە و بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان و گەنجان و قوتابیان و خوێندکاران، یان بڵاوکراوەی تایبەت بە ئەنفال دەرچوە، هەندیک لە بڵاوکراوەکان لە بۆنە و یادێکدا تەنها ژمارەیەک یان دوانیان لێ بڵاوکراوەتەوە.
١٠- سەر باری ئەو بڵاوکراوانەی لێرەدا خراونەتە روو لە بواری نوسراودا، بە هەمان شێوە سنوری کەلار لە بواری رۆژنامەوانی نوسراو و بینراویشدا گەشەی کردووە بە شێوەیەک لە ١٩٩٣/٦/١ لە کەلار رادیۆی گەرمیانی مەڵبەندی کەلار دەستی بە پەخش کردووە کە بە دوایدا چەندین رادیۆی تر لەم شارە پەخشیان کردووە کە هەندێک لەوانە تا ئێستایش لە پەخش کردن بەردەوامن، ئەو رادیۆیانەیش (ئازادی حزبی شوعی، دەنگی یەکگرتوو رادیۆی یەکگرتووی ئیسلامی ، رادیۆی تەوار دەنگی یەکێتی ژنان « یەکەم رادیۆی تایبەت بە ژنان لە کوردستان و عێراقدا «، دەنگی کۆمەڵ رادیۆی کۆمەڵی ئیسلامی، رادیۆی دەنگ « یەکەم رادیۆی ئەهلی لە سنوری گەرمیان ، رادیۆی کازیوەی پارتی دیموکرات.
لە دوای ساڵی ٢٠١١ ەوە ئەم کاروانە درێژەی هەیە بە شێوەیەک جگە لەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەی لێرەدا ناویان هاتووە بڵاوکراوەی تر دەرچوون کە بەشێکیان بەردەوامن لە دەرچوون بۆ نمومە وەک (گەڕان، رایەڵ، رۆژ، هەڵمەت، روانینی نوێ، گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان ، پێشەنگ، هیوا , هێما، ئیلیان...).

**١- میلکان:**
بڵاوکراوەیەکی سیاسی ئەدەبییە — لقی حانەقینی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات، ژمارە سێ (٣) ی ئەم بڵاوکراوەیە کە بەردەستە لە (١ ی تەموزی ١٩٩١) دەرچووە.
لەم ژمارەی میلکاندا ناوی کەسی وەک ستاف لەسەر نیە، بەڵام بە قەبارەی بچوک بە دوانزە لاپەڕەی رەش و سپی بڵاو کراوەتەوە، هەر چەندە ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن لقی خانەقینی ئەو پارتەوە دەرچووە بەڵام زۆر تر لە کەلار دەرچووە و کارەکانی لە کەلاردا بووە چونکە ئەم شارە لە راپەڕیندا بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد بوو زۆرێک لە ئیش و کارەکانی ئەم شارە لە کەلار رای دەکرا بە تایبەت کارە حزبیەکان (ئەم بڵاوکراوەیە بە یەکەم بڵاوکراوەی کەلار و گەرمیان دادەنرێت کە لە پاش راپەڕین لە سنورەکە دەرچووە، واتا پێش ئەو بەروارە ئێمە بڵاوکراوەی ترمان بەرچاو ناکەوێت، گەر ئەم بڵاوکراوەیە مانگی جارێکیش دەرچوو بێت ئەوا ژمارە یەکی لە مانگی ئایار دەرچووە).
میلکان بابەتەکانی بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکراوەتەوە، کە زۆر تر بابەتەکانی ژمارە سێ بە زمانی عەرەبی بووە، مانشێتی ئەم ژمارە بریتیە لە « الحكم الظاتي هو اقل مما يطالب به شعب كردستان».

**٢- پەیامی ئازادی:**
ئۆرگانی ناوەندی لقی دیالی / حزبی سۆسیالیستی کوردستان / عێراقە، ژمارە (٢) ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە دووی کە بەردەستە بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی بە زمانی کوردی دەرچووە.
لە پەڕەی یەکەمی ژمارە دوودا چەندین بابەت بەرچاو دەکەون لەوانە: سەروتار کە لە لایەن شێروان شێروەندیەوە نوسراوە، هەروەها وێنەیەکی سەیدا ساڵح یوسفی بەدی دەکرێت کە لە ژێر وێنەکەدا نوسراوە «دامەزرێنەری حزبی سوسیالیستی کوردستان / عێراق، شەهیدی نەمر سەیدا ساڵح یوسفی».
پەیامی ئازادی بە هەمان شێوەی میلکان لە بڵاوکراوە یەکەمینەکانی سنوری گەرمیان دادەنرێت کە بە ناوی دیالە و خانەقینەوە بڵاوکراوەتەوە بەڵام وەک ووتمان بە هۆی گرتنەوەی خانەقین لە لایەن رژێمی بەعسەوە، کارەکانی ئەو شارە لە کەلار بووە بۆیە ئەم بڵاوکراوەیە بە دووەمین بڵاوکراوەی پاش راپەرین لە گەرمیان و کەلار دادەنرێت.

**٣- تیشک:**

تیشک گۆڤارێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە هەموو مانگێک لە لایەن قوتابی عادل مەلا سالحەوە دەردەچێت، ژمارە چوار (٤) ی لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە (ئەم گۆڤارە بە دەست نوسراوەتەوە لەسەر دەفتەرێکی قەبارە بچوک و بڵاوکراوەتەوە).

بەڕێوبەری گشتی و سەرنوسەر: عادل مەلا ساڵح، دەستەی نوسەران (عادل نازێی، ئەرسەلان محەمەد رۆستەم).

**٤- وەرزش و گەرمیان:**

بڵاوکراوەیەکی وەرزشییە، یانەی وەرزشی شێروانە مانگی دوو جار دەریدەکات، ژمارە سێی (٣) ی لە ١٩٩٦/٤/١٨ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا نوسراوە، دەستەی نوسەران (حەسەن عەلی سەلیم، عەدالەت عەبدوڵڵا، خەلیل رەفعەت حەسەن)، یەکەی کۆمپیوتەر (کامەران جەمال، هێرۆ ئەحمەد، هەڵاڵە عەلی)، لە مانشێتی ئەم ژمارەیەدا نوسراوە « لە وەرزی نوییدا، باشتر وایە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان کار و پلەی کادیرەکانی هەڵسەنگێنێت».

ژمارە (٥) ی گەرمیان و وەرزش لە ١٩٩٦/٨/١٧ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە، لەم ژمارەیەدا سەرنوسەر: حەسەن عەلی سەلیم، بەڕێوەبەری نوسین: عەدالەت عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری هونەری: خەلیل رەفعەتە، لەم ژمارەیەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چەندین بابەت بەدی دەکرێت و بڵاوکراوەکەیش بووەتە مانگانە.

**٥- کەڵیار:**

رۆژنامەیەکی مانگانەی رۆشنبیری زانستی گشتی خوێندکاریە، لەسەر ئەرکی کۆمەڵێک خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی کەلار دەردەچێت. ژمارە (٠) ی لە ١٩٩٦/٤/٨ بە دوو لاپەڕەی قەبارە بچوک بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١) ی کەڵیار لە ٨ ی تەموزی ١٩٩٦ بە شەش (٦) لاپەڕەی قەبارە گەورە دەرچووە

لە مانشێتی ژمارە (١) دا نوسراوە « دوو پەیمانگا بناغەی زانکۆیەکی مۆدێرنە «، ئەم بڵاوکراوەیە ناوی ستافی لەسەر نیە.

**٦ – فەرتەنە:**

مانگنامەیەکی رەخنەئامێزی خوێندکاری بووە، ژمارەیەک لە خوێندکارانی ناحیەی رزگاری دەریان کردووە بە قەبارەی بچوک و بەدەست نوسراوەتەوە و دواتر چەندین

دانەی لێ کۆپی کراوە.
ژمارە (١) ی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ دا دەرچووە بە چوار پەڕە ، ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن دەستەیەک لە خوێندکارانەوە دەرکراوە لەوانە (حەسەن ئەحمەد، مەحمود ساڵح ، خەڵەف غەفور ، عزەت عەلی، ئارام قادر)، ئەم بڵاوکراوەیە کە بە دەست نوسراوەتەوە و زۆربەی بابەتەکانی رەخنەگرتن بووە لە دۆخی پەروەردە و خوێندن و تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچووە کە ژمارە پێنجی لە ئازاری ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە و دواتر لە لایەن هێزە ئەمنیەکانەوە داخراوە.

## ٧- گۆڤار:

گۆڤار، گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، ژمارە (١) ی لە کانونی دووەمی ١٩٩٨ لە کەلار بە (٥٢) لاپەڕەی رەش و سپی بە بەرگێکی تا رادەیەک رەنگاوڕەنگ بڵاوکراوەتەوە، لەسەر بەرگەکەی وێنەیەکی قەڵای شێروانەی لەسەرە کە لە پاش راپەڕین گیراوە و خەڵکێکی زۆری لەسەرە، بەرگی دواوەی تابلۆیەکی ئیسماعیل خەیاتە.
لە ژمارە یەکدا (سەردار عەبدوڵڵا) سەرنوسەر بووە، دەستەی نوسەران بریتین لە (لوقمان خەیاڵی، مەجید ساڵح، تەها سلێمان، عەدالەت عەبدوڵڵا)، بە ناونیشانی (قسە قسە دێنێ) سەروتارێک نوسراوە.
لە ژمارە دووەوە (رەفعەت عەبدوڵڵا) بووەتە خاوەنی ئیمتیاز، رەحمان خانیش هاتوەتە ناو ستافی نوسینەوە، ژمارە (٢) لە مانگی ئازاری ١٩٩٨ بە (٦٢) لاپەڕە دەرچووە، ژمارە سێ و چوار پێکەوە بە ٥٢ لاپەڕە لە ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە پێنجی بە ٥٠ لاپەڕە لە کانونی دووەمی ١٩٩٩ بە بەرگ و شێوازێکی باشتر و جوانتر دەرچووە.

## ٨- تۆژەر:

تۆژەر وەرزانەیەکی روناکبیری، زانستی، گشتییە، پەیمانگای تەکنیکی کەلار بە زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکا، ژمارە (١) ی لە هاوینی ١٩٩٨ بە پەنجاو هەشت (٥٨) لاپەڕەی رەش و سپی بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیاز: یونس ساڵەی، سەرنوسەر: ئەحمەد باوەڕ، لە بەرگی پشتەوەی ئەم گۆڤارە وێنەی بەشێک لە دەرچوانی پەیمانگای تەکنیکی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٧ – ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە تەنها ئەم ژمارەی دەرچووە.

**٩- پرشنگی نوێ:**
پرشنگی نوێ گۆڤارێکی رۆشنبیری مانگانەی گشتیە کۆمەڵێک خوێندکار لە سمود دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨ بە بیست (٢٠) لاپەڕەی رەش و سپی بە قەبارەی بچوک دەرچووە (ئەم گۆڤارە بە دەست نوسراوەتەوە).
سەرنوسەر: مەریوان حەسەن قادر، جێگری سەرنوسەر: مەحمود سالح قادر، بەڕێوەبەری نوسین: حەسەن ئەحمەد محەمەد، دەستەی نوسەران (عومەر ئەحمەد، ئەیاد ئەحمەد رەشید، هەژار ئیراهیم، دیاری ئەسعەد، ئیبراهیم سدیق، دیار عەلی).
ئەم گۆڤارە کە بە دەست نوسراوەتەوە و کۆپی کراوە تەنها ئەم ژمارەی لێ دەرچووە.

**١٠- سۆز:**
سۆز بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە- بەرنامەی باخچەی ئێزگە لە دەنگی یەکگرتوو رادیۆی کەلار دەریدەکات،ژمارە (١) ی سۆز کە لە شێوەی گۆڤارێکی گیرفانییدا بووە لە دووتوێی چل (٤٠) لاپەڕەدا لە (١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩) دەرچووە، کە هاوکات بوو بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و سەری ساڵی تازەی زایینی ١٩٩٩، ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە هەڵبژاردەی گرنگترین بابەتی ئەو نامەو دەفتەرنامانەی هاوڕێیانی بەرنامەی باخچەی ئیزگە بۆ بەرنامە دەیاننارد.
ئەم بڵاوکراوەیە ژمارە (٤) ی بە (٣٨) لاپەڕەی بچوک (گیرفان) بە هەر سێ رەنگی رەش و سپی و سورێکی کاڵ دەرچووە، (مێژووی دەرچونی لەسەر نیە)، سـۆز (٥) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، لەلایەن هەریەکە لە کارمەندانی ڕادیۆ (عادل حسین قادر، فەریق محەمەد ڕالح، والی محەمەد مەحمود) ەوە بەڕێوەدەبرا.

**١١- پێنووس (پێنوس):**
بڵاوکراویەکی مانگانەیە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان — عێراق، لیژنەی ناوچەی کەلار دەریدەکات، لە ژمارە (٩) یدا نوسراوە بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتییە، لقی کەرکوکی — یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە سەرەتای تەموزی ١٩٩٩ دەرچووە بە قەبارەی بچوک بە (١٢) لاپەڕەی رەش و سپی.
ئەم بڵاوکراوەیە خاوەن ئیمتیازی لەسەر نەنوسراوە بەڵام وەک دەردەکەوێت رێکخراوەکە بووە، سەرپەرشتیار: محەمەد عەزیز، دەستەی نوسەران بریتین لە (ئارام حەسەن، کاروان عەلی، ئازاد عوسمان).
ئەم بڵاوکراویە چەندین گۆڕانکاری بەسەر ستافەکەیدا هاتووە، لە ژمارە (٩) یشدا دەبێـە

ئۆرگانی لقی کەرکوکی ڕێکخراوەکە، لە ژمارە (١٤) دا، سەرپەرشتیار: هیوا محەمەد، سەرنوسەر: ئارام ئیکرام بووە
ئەم بڵاوکراوەیە تێکڕا (١٤) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە کە دوا ژمارەی کە ژمارە (١٤) یە بەهەڵە لەسەری نوسراوە (١٣) لە ئازاری ٢٠٠١ دەرچووە، پاشکۆیەکی بڵاوکردوەتەوە لە ٢٠٠٠/٥/١٥.

**١٢- خەمسەگی (پێنجەم):**
خەمسەگی (پێنجەم) بلاوکراوەیەکی قەبارە بچوکی مانگانە بوو،ژمارەیەک خوێندکاری پۆلی پێنجەمی وێژەی لە دواناوەندی کەلار دەریان کردووە.
خەمسەگی (پێنجەم) ژمارە (١) ی لە کانونی دووەمی ٢٠٠٠ بە چوار پەڕەی بچوک بڵاوکراوەتەوە، ئەم بڵاوکراوەیە بە دەست دەنوسرایەوە و دواتر چەند دانەیەکی لەسەر دەردەکرا کە بابەتەکانی زۆر تر تایبەت بوون بە دۆخی پەروەردە بە زمانی رەخنە و تەنز، ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن ژمارەیە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی وێژەی لە دواناوەندی کەلاری تێکەڵ لە شارەدێی کەلاری کۆن دەرکراوە.
بڵاوکراوەی خەمسەگی (پێنجەم) لە لایەن ژمارەیەک قوتابیەوە دەرکاوە لەوانە (عەلی لەتیف، سەباح عەلی جاف ، سەباح حسێن ، شاخەوان حەسەن...)، ئەم بڵاوکراوەیە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە کە دواین ژمارەی لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە.

**١٣- پژمە:**
پژمە گۆڤارێکی کاریکاتێری واقیعی هەمەڕەنگە، لەسەر بەرگی ژمارە دووی نوسراوە هەرکات ئارەزوومان هەبوو دەریدەکەین،کە لەلایەن ژمارەیەک قوتابی پەیمانگای تەنیکی کەلارەوە بڵاوکراوەتەوە.
پژمە ژمارە (٢) ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی دەرچووە کە بابەتەکانی بە دەست نوسراوەتەوە بە شێوەی تەنز و کاڵتە ئامێز.
خاوەنی ئیمتیازی پژمە: پەیمانگای تەکنیکی کەلار، دەستەی نوسەران: (چۆمان جەمال، زانیار یەلاح، دەروێش فەرەج، دڵشاد شەریف، رێبوار لەتیف، حەسەن رەزا)، پژمە تەنها ئەم ژمارەی بەردەستی منە بۆیە زانیاریەکان لەسەر ژمارە یەکی بەردەست نیە.

**١٤- بزە:**

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی زانستی کاریکاتێریە، لە لایەن ژمارەیەک خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی کەلارەوە دەرچووە، لە بەرگی ژمارە یەک و دوودا نوسراوە (بزە، گۆڤارێکی کاریکاتێری زانستی کۆمەڵایەتییە).

بزە ژمارە یەکی (٠) لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ بە هەشت پەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بە دەست نوسراوە بە شێوەی تەنز و کاڵتەئامێز کە بابەتەکان زۆر تر لەسەر رەوشی خوێندن بە تایبەت لە پەیمانگادایە.

خاوەنی ئیمتیازی بزە: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان — کۆمیتەی پەیمانگاکان، سەرنوسەر: دلاوەر حەمە شەریف ، دەستەی نوسەران: (هەڵگورد حەمید، جۆزیف کەلاری، شارا عەبدولکەریم، سامان محەمەد، جەبار سەمین)، کاریکاتێر: مامۆستا لوقمان حەمە کەریم.

بزە چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (١) ی کە بە کۆمپیوتەری نوسراوەتەوە بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، گۆڕانکاری لە ستافەکەیدا کراوە بە شێوەیەک کە (هەڵگورد حەمید) کراوەتە بەڕێوەبەری نوسین و کۆمپیوتەریش:هێرش محەمەد سەنگەری و پاشتریش کاروان یاروەیسە.

**١٥- گەرمیان:**

مانگنامەیەکی رۆشنبیری گشتیە، مەڵبەندی ١١ ی گەرمیانی (ی. ن. ک) دەریدەکات، ژمارە (٠) ی لە ٢٠٠٣/٣/٩ لە کەلار دەرچوە.ژمارە (٣) ی گەرمیان لە ٢٠٠٣/٨/١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەنگی رەش و سپی و سەوز دەرچووە، لە مانشێتی ئەم ژمارەیەدا هاتووە « لە پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی عێراقدا، پێویستە بایەخی زیاتر بە ئاوەدان کردنەوەی گەرمیان بدرێت «.

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی رێکخستنی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرنوسەر: رزگار حاجی حەمید، جێگری سەرنوسەر: سەلام عەلی، بەڕێوەبەری نوسین: سەلام کەریم.

ژمارە (٩) ی مانگنامەی گەرمیان بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە لە شوباتی ٢٠٠٤ دەرچووە.

### ١٦- پەیامی لاوان (پەیامی گەنج):

ئەم بڵاوکراوەیە سەرەتا لە لایەن ناوچەی رزگاری — یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق دەرکراوە، دواتر راگەیاندنی لقی گەرمیانی یەکێتیەکە دەری کردووە،پەیامی لاوان ژمارە (٠) ی لە مانگی تەموزی ٢٠٠٣ دەرچووە بە قەبارەی بچوک بە (٨) لاپەڕەی رەش و سپی، دواتر ناوەکەی بووە بە (پەیامی گەنج).

ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن ناوچەی رزگاری و لقی گەرمیانی ئەو یەکێتیەوە دەرکراوە کە دەتوانرێت وەک خاوەنی ئیمتیاز دابنرێت، سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە لە سەرەتاوە تا کۆتای (بەهادین کەمال) بووە، دەستەی کاری بریتی بووە لە (سیروان سەعید، نەوزاد فواد

، غازی شکور،...)، پاشتر (شێرکۆ ئەحمەد چوارشاخی) بووەتە جێگری سەرپەرشتیار.

ژمارە (٦) ی پەیامی لاوان لە ئابی ٢٠٠٤ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە.

پەیامی لاوان لە ژمارە (٧) ەوە ناوەکەی بووە بە (پەیامی گەنج) کە لە ٢٠٠٦/٩/١٥ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە.

لە ژمارە (٨)ی پەیامی گەنجدا، سەرنوسەر: بەهادین کەمال، جێگری سەرنوسەر: کاوە گەرمیانی، بەڕێوەبەری نوسین: شوان جەلال بووە.

ژمارە (٨) ی پەیامی گەنج لە ٢٠٠٨/١٠/١٥ بە قەبارەی بچوک بە رەنگاورەنگی بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

### ١٧- کەلار:

کەلار، گۆڤارێکی وەرزییە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی کەلار دەریدەکات، تایبەتە بە کارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و بابەتە هونەری و ئەدەبی و کلتورییەکان، ژمارە (١) ی لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ بە ٣٩ لاپەڕەی رەش و سپی بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە بڵاوکراوەتەوە کە وێنەی قەڵای شێروانەی لەسەرە.

خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن جیهاد ئەمین، سەرنوسەر: سەرکۆ محەمەد رۆستەم، هاوکاران (سالّح هەلاج، سالار مەحمود، سروە جەوهەر)، راوێژکاران (ئیبراهیم باجەلان، ئەحمەد باوەڕ) بووە.

ژمارە (٣) ی گۆڤاری کەلار لە تەموزی ٢٠٠٤ بە هەمان قەبارە و بە ٥٢ لاپەڕە دەرچووە و دەستەی راوێژکاران نەماوە ، هاوکارانیش بوونەتە دەستەی نوسەران (دوا ژمارەی گۆڤارەکە بووە).

**١٨- بەرەوشار:**

بەرەوشار، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی ئەهلی ئازادە کۆمەڵە گەنجێک لە کەلار دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە ١٨ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەنگی رەش و سپی دەرچووە.

ئەم رۆژنامەیە بە چەند قوناغێکدا تێپەڕ بووە لە رووی دەرچوون و ستافی نوسینەوە، لە ژمارە سفردا (عەدنان سەید حسێن) سەرنوسەر، (سامان عەزیز) بەڕێوەبەری نوسین) و ستافی هاوکاران یان دەستەی نوسەران بریتی بوونە لە (محەمەد حسێن، پشتیوان سەعید، حسێن ئەحمەد، سەباح عەلی جاف)، راوێژکاری یاسایی (ئیسماعیل نەجمەدین)، مانشێتی یەکەم ژمارە بریتیە لە « کەلار پێویستی بە خزمەتگوزاری زیاتر هەیە «.

بەرەو شار ژمارە (٤) ی لە ٢٠ ی ئەیلولی ٢٠٠٤ بە هەشت لاپەڕەی رەش و سپی دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز: شێخ سەعید شاکەلی، سەرنوسەر: پشتیوان حەمە سەعید، بەڕێوەبەری نوسین: سامان عەزیز، دەستەی نوسەران بریتین لە (ئەرکان محەمەد رەشید، محەمەد حسێن، سەباح عەلی جاف، مژدە مەحمود جاف، عەدنان سەید حسێن).

بەرەو شار لە خولی دووەمیدا بە ستافێکی ترەوە بڵاوکراوەیەوە، ژمارە (٩) ی لە ٢٠٠٥/١٠/٣٠ بلاوکراوەتەوە کە ستافەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، خاوەنی ئیمتیاز: شێخ سەعید شاکەلی، سەرنوسەر: عەدنان سەید حسێن، بەرێوەبەری نوسین: لاوان ئەحمەد، دەستەی نوسەران: سروە جەوهەر، ئەرکام محەمەد، گەرمیان حەمە خان).

دواین ژمارەی بەرەو شار کە ژمارە (١٤) بوو لە ٢٠٠٦/٤/٢ بە دوانزە (١٢) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەنگی رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە کە (لاوان ئەحمەد) سەرنوسەر، (ساڵح میروەیس) بەڕێوەبەری نوسین، (شیلان رۆژبەیانی، جەلال ئەلیاسی) ی دەستەی نوسەرانن و لە بۆکسی ئەم ژمارەی بەرەو شاردا نوسراوە « لە ژمارەی داهاتودا، بەرە و شار دەبێتە (گەرمیانی ئەمڕۆ)».

**١٩- هەنگاو:**

هەنگاو، بڵاوکراوەیەکی زانستی رۆشنبیری گشتیە، پەیمانگای تەکنیکی کەلار – بەشی ڤێتێرنەری ئامادەی دەکات، ژمارە (٠ – ١) ی لە ئازاری ٢٠٠٤ بە بیست (٢٠) لاپەڕەی قەبارە بچوک بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: بەشی ڤێتێرنەری، سەرنوسەر: د. عەلا حسێن، دەستەی نوسەران (والی خالد، کاروان کەریم، مقداد کاکە عەبدوڵڵا، شێروان حەمە ئەمین، باوەڕ رەسوڵ)، راوێژکاران (د. مەحمود حەسەن، د. سەردار محەمەد).

ژمارە (٢) ی هەنگاو بە بیست پەڕە بە رەنگی شین و پەمەیی دەرچووە.

**٢٠- هەشتاوهەشت:**

وەرزە گۆڤارێکی روناکبیریە، تایبەتە بە ئەنفال، ژمارە (١) ی لە بەهاری ٢٠٠٤ بە قەبارەی گەورە بە بەرگێکی رەنگاورەنگ و بە (٢٢٤) لاپەڕە دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: مەحمود سەنگاوی، سەرنوسەر: سالار مەحمود: دەستەی نوسەران (ئەحمەد باوەڕ، تەها سلێمان، رزگار حاجی حەمید، سەلام عەلی)، لە ژمارە یەکیدا سەرنوسەر لە ژێر ناونیشانی (١٩٨٨، وونبونی مانا.. مردنی ژیان) نوسیوە، ئەم گۆڤارە پاشکۆیەکی هەبووە هەر بە ناوی هەشتاو هەشت لە قۆناغەکانی ئەنفالدا لە شێوەی رۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، (هەشتاوهەشت)، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە قۆناغەکانی ئەنفال (پاشکۆی وەرزە گۆڤاری هەشتاوهەشت)، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٦/٢/٢٣ بە (٨) لاپەرەی رەنگاوڕەنگ لە کەلار دەرچووە، سەرنوسەر: سالار مەحمود، ژمارە چواری رۆژنامەی هەشتاوهەشت لە ٢٠٠٦/٥/٣ بە هەشت لاپەڕە دەرچووە.

ژمارە (١١) ی گۆڤاری هەشتاو هەشت لە بەهاری ٢٠٠٩ بە (٢٨٥) لاپەڕە دەرچووە، ستافەکەی بریتیە لە، بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنوسەر: سالار مەحمود، جێگری سەرنوسەر: سەلام عەلی، بەڕێوەبەری نوسین: لەتیف فاتیح فەرەج.

**٢١- ئەفراندن:**

ئەفراندن بڵاوکراوەیەکی رەخنەی مانگانەیە بەشی رۆشنبیری لقی گەرمیانی یەکگرتوی قوتابیان سەرپەرشتی دەکات، ژمارە (٠) ی لە ٢٠٠٤/٤/١ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی دەرچووە.

ئەم بڵاوکراوەیە ستافەکەی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە ئەم کەسانە ستافەکەی بوونە، لە ژمارە (٠ — ١) دا سەرنوسەر: ئاکۆ هۆرێنی، بەڕێوبەری نوسین: برهان محەمەد، دەستەی نوسەران (سارا مەجید، بیلال سەعید، حەمید عەلی)، دیزاین: سامان مەجید.

لە ژمارە (٦) دا ستافەکە بریتیە لە، سەرنوسەر: حەمید عەلی، بەڕێوەبەری نوسین: سردار سالّح، سیامەن سەلام، لەگەڵ دەستەی نوسەران.

لە ژمارە (١١) دا ستافەکە بریتیە لە، سەرنوسەر: سیامەن سەلام، بەڕێوەبەری نوسین: جەلال جومعە، لەگەڵ دەستەی نوسەران.

دواین ژمارەی ئەفراندن کە ژمارە (١٤) یە لە تەموزی ٢٠٠٥ بە شەش لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.

**٢٢- خەڵک:**

خەڵک مانگنامەیەکی گشتی ئازادە و لە گەرمیان دەردەچێت، ژمارە (١) ی لە کۆتای نیسانی ٢٠٠٤ بە هەشت لاپەڕەی رەش و سپی بە قەبارەی گەورە دەرچووە، حەوت لاپەڕە بە زمانی کوردی و یەک لاپەڕە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

خاوەنی ئیمتیاز: عەلی ئەحمەد کەریم، سەرنوسەر: تەها سلێمان، سکرتێری نوسین: هۆشیار عەبدولعەزیز، دەستەی هاوکاران (کامەران یاروەیس، سەردار رەحیم، هیوا محەمەد، ساڵح عەلی، کامەران ئەدیم، سەهەند عەبدوڵڵا) ، لە ژمارە (٢) کە لە کۆتای ئایاری ٢٠٠٤ بە دوانزە لاپەڕەوە دەرچووە ئەو دەستەیە بوونەتە ستافی نوسەران ، هەر لەم ژمارەیەدا پاشکۆیەکی عەرەبی بە ناوی (ملحق عربی) خەڵک بە یەک پەڕە بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (٢٠) ی خەڵک کە لە کۆتای کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ دا دەرچووە، پەڕەکانی بوەتە بیست (٢٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە، ژمارە (٢٢) ی لە کۆتای شوباتی ٢٠٠٦ دا بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە، ستافی نوسینی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، خاوەنی ئیمتیاز: عەلی ئەحمەد کەریم، سەرنوسەر: هۆشیار عەبدولعەزیز، جێگرانی سەرنوسەر (عەلی نارێنی، سەلام عەبدوڵڵا) ، بەڕێوەبەری نوسین بۆ کاروباری سیاسی: هیوا محەمەد، بەڕێوەبەری نوسین بۆ کاروباری ژنان: مژدە مەحمود جاف، بەڕێوەبەری هونەری: حەسەن عەبدولخالق.

**٢٣- کەنار:**

مانگنامەیەکی ئەهلییە گروپێک گەنج لە گەرمیان دەری دەکەن، یەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٤/٧/١٥ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوکی رەش و سپی دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: بێستون ژاڵەیی، بەڕێوەبەری نوسین: فەریق حەمە یاڵح، کارگێڕی و دارایی: والی محەمەد،دەستەی نوسەران (عادل حسێن، سوعاد حاتەم، دلێر عەبدولڕەحمان، پەیمان عەبدولڕەحمان، حەمید عەلی، هەردی مەهدی، هێمن بابان)، تایپ: دلێر عەبدولڕەحمان.

ژمارە (١١) ی لە ٢٠٠٥/٧/٢٤ بە (١٢) لاپەڕەی رەش و سپی دەرچووە، (کەنار ژن) پاشکۆیەکی ژنانەی تایبەتی مانگنامەی کەنارە، یەکەم ژمارەی لە شوباتی ٢٠٠٦ بە چوار لاپەڕە دەرچووە

سەرپەرشتیار: سوعاد حاتەم، ستافی نوسین (پەیمان ئەمین، چنور بەرزنجی ، شەیما جەمال، روناک محەمەد، شنۆ قادر حەسەن).

ژماره ٢٢ ی کەنار لە ئایاری ٢٠٠٧ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەنگی ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیەدا ستافی نوسین بریتین لە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: بێستون ژاڵەیی، بەڕێوەبەری نوسین: فەریق حەمە ساڵح، کارگێڕی و دارایی: والی محەمەد، دەستەی نوسەران (دڵشاد ئەنوەر، هێمن بابان، حەمید عەلی)، مانگنامەی کەنار لە کەلار خاوەنی یەکەمین پەیجی تایبەت بە خۆی بووە لە ئەنتەرنێت بە ناوی www.knar.org.

**٢٤- داینەمۆ:**

داینەمۆ مانگنامەیەکی گشتی سەربەخۆیە، کۆمەڵێک گەنجی ناحیەی ڕزگاری دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە کۆتای تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە، لە مانشێتی ئەم ژمارەیەدا هاتووە « لە سنوری ناحیەی ڕزگاریدا، ٧٨ گوند بێبەشن لە خوێندنگا، بنکەی تەندروستی، ئاو، کارەبا، ڕێگاو بان «.

سەرنوسەر و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبردن: ڕێبین تەها لێخوڕەی، دەستەی نوسەران (کوردۆ عەزیز، ئەرکان محەمەد ڕەشید)، ئەم مانگنامەیە لە ژمارە (١) ەوە کە لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی ئیمتیاز: سەباح عەلی جاف، سەرنوسەر: ڕێبین تەها لێخوڕەی، جێگری سەرنوسەر: ئەرکان حەمە ڕەشید، بەڕێوبەری نوسین: کوردۆ عەزیز.

داینەمۆ لە ژمارە (٩) یدا کە لە سەرەتای نیسانی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە نوسراوە (مانگنامەیەکی گشتی سەربەخۆیە کۆمەڵێک گەنجی ناحیەی ڕزگاری هەر کاتێک پەرەیان هەبوو دەریدەکەن)، ژمارە ١١ ی داینەمۆ لە ئەیلولی ٢٠٠٦ بە دوانزە (١٢) لاپەڕە دەرچووە کە پاشکۆی (نەعلەشۆ) یشی لەگەڵدایە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: ڕێبین تەها، بەڕێوبەری نوسین: دەشتی ئەنوەر لێخوڕەی، دەستەی نوسەران (سەیوان خەلیل، کاوە ئەحمەد، سۆران حەمە سەعید).

نەعلەشۆ هەر چەندە ژمارە یەکی بە جیاواز و سەربەخۆ دەرچووە بەڵام ژمارە دووی لەگەڵ داینەمۆدا بڵاوکراوەتەوە، نەعلەشۆ، نەعلەتنامەیەکی عامە بڕێ نەعلەتی لە گەرمیان هەر کاتێک هەوەسیان بوو نەعلەت ئەوەشێنن، ژمارە (١) ی لە یەکەمین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٦ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.

ستافەکەی بریتین لە، نەغلەتکاری عام: ڕێبین تەها، مەسولی پارە و پول: کاوەی مالیە، نەعلەتکارە فەرعیەکان (عەدنان مەلا ساڵح، حەیدەر محەمەد، شاهۆ عەبدوڵڵا).

**٢٥- شکۆفە:**

پەیڤنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ناوبەناوە، نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوکی ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە.

دەستەی ئامادەکاری شکۆفە بریتیە لە (هێڤی، زانا، هەنسک)، لە مانشێتی یەکەم ژمارەدا نوسراوە « یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دەنگ دەکڕێت بە پارە.. «.

ژمارە (٢) ی شکۆفە لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥ بە چوار پەڕەی قەبارە بچوک بڵاوکراوەتەوە.

**٢٦- زیپان:**

زیپان گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کۆکراوەیە، لقی کەلاری – بنکەی ئەدەبی روناکبیری گەلاوێژ بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردوەتەوە، ژمارە (٠) ی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە قەبارەی بچوک بە ٣٢ لاپەڕەی ڕەش و سپی دەری کردووە (ئەم گۆڤارە لە ژمارە سەرەتایەکانیدا بابەتەکانی بە زمانی عەرەبی لە سایتەکانی ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە).

زیپان ژمارە (١٠) ی لە پایزی ٢٠١١ بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بە (٤٠) لاپەرە بە بەرگێکی ڕەش و سپیەوە بڵاوکراوەتەوە، سەرپەرشتیار: ئەحمەدی خۆشنوس، بەڕێوەبەری جێبەجێکار: ئاسۆ وەهابە.

**٢٧- شێروانە:**

شێروانە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی روناکبیرییە، دوو مانگ جارێک شارەوانی کەلار دەریدەکات، ژمارە (٤) کە لە شوباتی ٢٠٠٥ لەسەر بەرگی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە نوسراوە، بە ٤٨ لاپەڕەی ڕەش و سپی بە بەرگێکی ڕەنگاورەنگەوە دەرچووە (بەو مانایەی درێژە پێدەری گۆڤاری پێشووی کەلار بوبێت).

خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەیەری دەستەی بەڕێوەبردن: سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، دەستەی بەڕێوەبردن (سالار مەحمود، جەمال ئەکبەر، مەجید ساڵح، ئەرکان محەمەد رەشید، کاروان یاروەیس، عەبدوڵڵا حەسەن و گوڵاڵە عەزیز) بووە، ئەم ژمارەیەکی بە ٥٢ لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرکراوە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ کە وێنەیەکی قەڵای شێروانەی لەسەرە.

گۆڤاری شێروانە لەژمارە (٥) دا کاروان یاروەیس بووەتە سەر نوسەری و دەستەی بەڕێوەبردن کراوە بە دەستەی نوسەران، ژمارە (٣) ی ئەم گۆڤارە کە دەکاتە ژمارە (٦) ی پێشوو لە پایزی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەدا (سەلام عەلی محەمەد)

کراوتە خاوەن ئیمتیاز. ژمارە (٤) کە دەکاتە ژمارە (٧ ) لە بەهاری ٢٠٠٦ دا بە ٦٤ لاپەرە بڵاوکراوەتەوە.

**٢٨- پەیامی خوێندکار:**

بڵاوکراوەیەکی خوێندکاری ئازادە، کۆمەڵێک خوێندکاری سەربەخۆ لە کەلار دەریدەکەن، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٥/٤/١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی دەرچووە.

سەرنوسەر: گەرمیان حەمە خان، بەڕێوەبەری نوسین: کاوە ئەحمەد، دەستەی نوسەران (ئاسود کوردستانی، ماریا کەمال) تایپ: کۆماجی لالە فەیاق، لە مانشێتی ئەم ژمارەدا نوسراوە « لە ئەنجامی راپرسیەکدا: خوێندکارانی کەلار گەشبینن بە پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو «.

ژمارە (٥) ی ئەم بڵاوکراوەیە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی ئیمیتاز: کاوە ئەحمەد، سەرنوسەر: گەرمیان حەمە خان، دەستەی نوسەران (محەمەد ئەمین، شاهۆ عەبدوڵڵا، عەباس ئەنوەر، ماریا کەمال، سۆما عەبدوڵڵا، ئاکۆ ئەحمەد، دەشتی ئەنوەر).

**٢٩- کۆست:**

کۆست بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە کۆستی ئەنفال، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٥/٤/١٤ بە دوانزە (١٢) لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی لە ژێر مانشێتی « ماڵێکی ئەنفالانە « بڵاوکراوەتەوە.

کۆست لە لایەن لیژنەی باڵای مەراسیمی حەڤدەهەمینساڵیادی ئەنفالەوە لە گەرمیان ئامادە کراوە، ئەم بڵاوکراوەیە لە رۆژی ٤/١٤ دا لە مەراسیمی ئەنفالدا بڵاوکراوەتەوە.

**٣٠- ئایندەی گەرمیان:**

بڵاوکراوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی گشتییە راگەیاندنی مەڵبەندی (١١) ی رێکخستنی گەرمیان دەریدەکات، ژمارە (٠) ی لە ٢٠٠٥/٦/٢٥ بە (٨) لاپەڕەی رەش و سپی لە کەلار دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: راگەیاندنی مەڵبەندی (١١) ی رێکخستنی گەرمیان، سەرنوسەر: مەجید ساڵح، جێگری سەرنوسەر: رزگار حاجی حەمید، بەڕێوەبەری نوسین: ئاسۆ وەهاب.

ئایندەی گەرمیان ژمارە (١٦) ی لە ٢٠٠٦/٦/١ بە هەشت لاپەڕە بە بەرگێکی

ڕەنگاوڕەنگەوە دەرچووە، ئەم ژمارەیەی تایبەتە بە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی، ستافەکەی بریتیە لە سەرنوسەر: مەجید ساڵح، بەڕێوەبەری نوسین: ئاسۆ وەهاب، دیزاین: ئاسۆ وەهاب.
ژمارە (٢١) ی ئایندەی گەرمیان لە ٢٠٠٦/١٢/٢٦ بە هەشت لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە کە لە خولی دووەمیدا ستافەکەی بەم شێویە بووە، خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی ١١ ی ڕێکخستنی کەلار، سەرپەرشتیاری گشتی: کاروان یاروەیس، جێگری سەرنوسەر: ئاسۆ وەهاب.
ئایندەی گەرمیان ژمارە (٥٤) ی لە شوباتی ٢٠١٠ بە هەشت لاپەڕە دەرکردووە بە مانشێتی « گەرمیان هەر قەڵا سەوزەکەی جارانە »، کاروان یاروەیس سەرنوسەری بووە.
ژمارەیەک لە پاشکۆکانی ئایندەی گەرمیان:
ژن پارێزی، پاشکۆیەکی تایبەتە بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە گەرمیان بە هاوکاری ئایندەی گەرمیان دەریدەکات، ژمارە (١) دیسەمبەری ٢٠٠٨.
٤/١٤، پاشکۆیەکی تایبەتی ئایندەی گەرمیانە بە یادی ٢٢ ساڵەی ئونفال، نیسانی ٢٠١٠، سەرنوسەر: کاروان یاروەیس، سەرپەرستیاری پاشکۆ: ئاوارە جاف، سەرپەرشتیاری هونەری: ئارام کەمال دەلۆ.

**٣١- گەرمیانی وەرزشی:**
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی مانگانەیە کۆمەڵێک وەرزشکار لە گەرمیان دەری دەکەن، ژمارە (٠) ی لە ٢٠٠٥/٨/١٥ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەنگی ڕەش و سپی دەرچووە، مانشێتی ئەم ژمارەیە بریتیە لە « گەرمیانی وەرزشی ماڵی دووەمی وەرزشکارانە ».
خاوەنی ئیمتیاز: کاوە ئەحمەد شەریف، سەرنوسەر: ئەرکان محەمەد ڕەشید، دەستەی نوسەران (فەتاح وەلی شاواز، ئەسعەد ئەحمەد، ڕەنجدەر عەلی، دەشتی ئەنوەر، هەڵۆ مەحمود).
ژمارە (٢) گەرمیانی وەرزشی لە ٢٠٠٥/١٠/٢٥ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە کە فەتاح وەلی شاواز لە دەستەی نوسەراندا نەماوە.

**٣٢- خوێندنی نوێ:**

مانگنامەیەکی خوێندکاری ئازادە، کۆمەڵێک خوێندکاری سەربەخۆ مانگی جارێک دەریدەکەن، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٥/١٢/١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: گەرمیان حەمە خان، بەڕێوەبەری نوسین: دەشتی ئەنوەر، ستافی نوسین (ماریا کەمال، عەباس ئەنوەر، شاخەوان عەبدوڵڵا، سوما عەبدوڵڵا).

ژمارە (٤) ی لە حوزەیرانی ٢٠٠٦ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورەی ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.

**٣٣- گۆڤاری گیرفان:**

وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، کۆمەڵێک روناکبیر لە گەرمیان دەریدەکەن، ژمارە (سفر) ی لە مانگی (١٢) ی ٢٠٠٥ دەرچووە (هەر چەندە لەم ژمارەیەدا مێژووی دەرچوونی لەسەر نیە).

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: مەلا تەحسین گەرمیانی، بەرێوەبەری نوسین: ئومێد بەرزان برزۆ، دەستەی نوسەران (ئیبراهیم ێدیق، سامان کەریم، شیلان مەجید رۆژبەیانی).

ژمارە یەکی گۆڤاری گیرفان بە قەبارەی بچوک (گیرفان) بە ١١١ لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە.

گۆڤاری گیرفان ژمارە (٢١) ی لە ساڵی ٢٠١٣ بە قەبارەی بچوک بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە بە (١٠٠) لاپەڕە دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: مەلا تەحسین گەرمیانی، جێگری سەرنوسەر: عومەر عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری نوسین: د. ئومێد بەرزان برزۆ، دەستەی نوسەران (سامان کەریم، ساڵح هەلاج، بەناز عومەر، ئاسۆ وەهاب، رەحمان عەلی، پەخشان محەمەد).

**٣٤- نەسیم:**

بڵاوکراویەکی رۆشنبیری، پەروەردەییە کۆمەڵێک قوتابی مانگانە دەری دەکەن، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە بە قەبارەی بچوک

خاوەنی ئیمتیازی ئەم بڵاوکراوەیە: ناوەندی گەرمیانی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان، سەرنوسەر: هاوکار خۆشناو، بەڕێوەبەری نوسین: ئەرکان دارا، ستافی کارا (سەردەست محەمەد، بیخاڵ خالید).

دوا ژمارەی نەسیم کە ژمارە (٣٢) لە شوباتی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە بەقەبارەی بچوک بەشێوەی رەنگاورەنگی بە (١٦) لاپەڕە.

### ٣٥- وەرزشكاران:

وەرزشكاران رۆژنامەيەكی وەرزشی مانگانەيە كۆمەڵێك وەرزشكار لە كەلار دەريدەكەن، ژمارە (٢) ی لە ئازاری ٢٠٠٦ بە چوار لاپەڕەی رەش و سپی قەبارە گەورە دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: ئەركان محەمەد رەشید، دەستەی نوسەران (مەریوان ئەحمەد، رەنجەدەر عەلی، گۆران محەمەد، هەڵۆ مەحمود)، لە ژێر لۆگۆی رۆژنامەكەدا نوسراوە « یەكەم رۆژنامەی وەرزشی سەربەخۆیە لە كوردستان».

### ٣٦- مودەڕیس:

مودەڕیس بڵاوكراوەيەكی تایبەتە بە مىهرەجانی (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس) لیژنەی باڵای مىهرەجان دەریدەكات، ئەم بڵاوكراوە تایبەتە لە ٢٠٠٦/٣/٣١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەنگی رەش و سپی بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی بڵاوكراوەتەوە بە مانشێتی « مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس چرایەك بۆ شەوی یەڵدای كورد «.

ستافی كار بریتین لە (مەجید ساڵح، ئەحمەدی خۆشنووس، جەمال ئەكبەر، سۆییبە عوسمان)، ئەم بڵاوكراوەیە لەسەر ئەركی كۆمەڵەی روناكیری و كۆمەڵایەتی كەركوك چاپ كراوە.

### ٣٧- ئاتیە:

ئاتیە، بڵاوكراوەيەكی رۆشنبیری گشتیە مانگانە راگەیاندنی ناوەندی گەرمیانی رێكخراوی قوتابیانی كوردستان دەری دەكات، ژمارە (٢) ی لە ٢٠٠٦/٤/١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوك بە رەنگی رەش و سپی بڵاوكراوەتەوە.

سەرنوسەر: راویار یاسین، دەستەی نوسەران (ژیار تەنیا، ئامانج كەلاری، ئارام محەمەد، حسێن محەمەد، هونەر عەزیز).

### ٣٨- شێخ لەنگەر (سۆراخ):

شێخ لەنگەر مانگانەيەكی ئەهلی سەربەخۆی گشتیە لە ئاوای شێخ لەنگەر دەردەچێت، ژمار (١) ی لە ٢٠٠٦/٤/٢٢ بە هەشت (٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە بەرگێكی رەنگاوڕەنگەوە بڵاوكراوەتەوە.

خاوەنی ئیمتیاز: سەلاخ خورشید، سەرنوسەر: محەمەد سابیر، جێگری سەرنوسەر: ئومێد شێخ لەنگەری، بەڕێوەبەری نوسین: پارێزەر خەبات رەشید، ئەنجومەنی نوسین

(ئارام ئیکرام، ئەحمەد عەزیز، کاوە ئەحمەد، پشتیوان ئەحمەد، عومەر محەمەد، فایەق نامیق، بەختیار سەعید، شەماڵ ئەحمەد، قانع خورشید، سیروان نامیق)، راوێژکاران (چیا قادر، ئاریان ساڵح)، دیزاین: ئەحمەدی خۆشنووس.
شێخ لەنگەر ستافەکەی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ژمارە (١٦) ی لە حوزەیرانی ٢٠١٢ بە هەشت لاپەڕە دەرچووە، کە لە ستافەکەیدا تەنها ناوی خاوەن ئیمتیاز: سەلاح خورشید، سەرنوسەر: ئومێد شێخ لەنگەری نوسراوە.
مانگانەی شێخ لەنگەر لە ژمارە (١٧) ەوە ناوەکەی دەبێتە (سۆراخ) کە لە تەموزی ٢٠١٢ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەش و سپی دەرچووە، کە ستافەکەی وەک ژمارە (١٦) یە.

## ٣٩- گەرمیانی ئەمڕۆ:

مانگنامەیەکی ئەهلی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٦/٥/٥ بە (١٢) لاپەڕەی رەش و سپی لە کەلار دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیاز: شێخ سەعید شاکەلی، سەرنوسەر: لاوان ئەحمەد، بەڕێوەبەری نوسین: ساڵح میروەیس، دەستەی نوسەران (جەلال ئەلیاسی، شیلان رۆژبەیانی، عەباس ئەنوەر)، مانشێتی ژمارە (١) ی بریتیە لە « لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەماندا، ئەندامانی پەرلەمان کۆکن لەسەر دوورخستنەوەی موستەشار و جاشەکان «.
گەرمیانی ئەمڕۆ ژمارە (٤٧) ی بە دوانزە لاپەڕە لە ئەیلولی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیەدا، سەرنوسەر: لاوان ئەحمەد، بەڕێوەبەری نوسین: ساڵح میروەیسە، ژمارە (٥٦) ی لە تەموزە ٢٠١١ هەشت لاپەڕەی رەش و سپی دەرچووە.
گەرمیانی ئەمڕۆ چەندین پاشکۆی هەبوە لەوانە:
پاشکۆی وەرزشی،پاشکۆی گەرمیانی ئەمڕۆ، ژمارە (١)، ئامادەکردنی: یاسین محەمەد کەلاری.
پاریا، پاشکۆی ئافرەتانەی مانگنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ، ژمارە (١ ) لە ئازاری ٢٠٠٧، ژمارە (٣) ی لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دەرچووە، سەرپەرشتیار: سارا مەجید، دەستەی نوسەران (شنۆ قادر، ئیمان جەبار)
الحوار، ملحق العربی لجریده، ژمارە (٠) لە شوباتی ٢٠٠٨، ئامادەکردنی: لاوان ئەحمەد.
پاشکۆی وەرگێران، پاشکۆی رۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆیە، تایبەت بە وەرگێڕان، ژمارە (١) لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩، سەرپەرشتیاران (رزگار فایەق سەعید، ئاسۆ وەهاب).
رۆژی جیهانی کتێب، پاشکۆیەکی تایبەتە بە رۆژی جیهانی کتێب، ژمارە (١)، نیسانی

٢٠١١. سەرپەرشیتاری پاشکۆ (لاوان ئەحمەد، ساڵح میروەیس)، هاوکاری کارا: کازم جەباری.
چواردەی چوار: پاشکۆیەکی گەرمیانی ئەمڕۆیە تایبەتە بە تاوانی ئەنفال، نیسانی ٢٠١٠، بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوکی رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.
تیپی شانۆی مناڵانی گەرمیان، پاشکۆیەکی گەرمیانی ئەمڕۆیە تایبەتە بە مێژووی تیپی شانۆی مناڵانی گەرمیان، ژمارە (١)، تەموزی ٢٠١١ ، سەرپەرشتیارانی پاشکۆ (محەمەد سابیر کەمەر، لاوان ئەحمەد، ساڵح میروەیس).
توێژینەوە: پاشکۆیەکی تایبەتی گەرمیانی ئەمڕۆیە، ژمارە (٣) ی لە کانونی دووەمی ٢٠١١ بە چوار لاپەڕە دەرچووە، سەرپەرشتیاری پاشکۆ: م. عەباس مەحمود، ستافی بەڕێوەبردنی پاشکۆ (سادق ئەحمەد، کارزان فواد، حەیدەر عەلی، کارزان ئازاد، عومەر عەبدولکەریم.
ئەم بڵاوکراوەیە کە پێشتر لە شێوەی رۆژنامە دەردەچوو بەڵام ژمارە (٩١) ی لە شێوەی گۆڤاردا بە بەرگێکی رەنگاورەنگەوە بە (٤٠) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە کە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری (لاوان ئەحمەد) بووە، ژمارە (٩٢) ی ئەم بڵاوکراوەیە لە ئابی ٢٠١٥ وەک دوا ژمارە دەرچووە.

**٤٠- چرای باوەنوور (چرا):**
چرای باوەنوور بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە کۆمەڵێک گەنج لە باوەنور دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە ئەیلولی ٢٠٠٦ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بە رەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.
خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نوسین: عەتا محەمەد (باوە)، سەرنوسەر: هیوا ئەحمەد، جێگری سەرنوسەر: شۆڕش مەحمود، سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدوڵڵا رەشید، دەستەی نوسین (سیامەند حسێن، هیوا ئەحمەد، عەتا محەمەد، کەریم فەرەج، شۆڕش مەحمود)، هاوکاران (لێزان عەلی، باوان حەمە ساڵح) « لەو ناوانەدا لە دەستەی نوسیندا خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نوسین لەگەڵ سەرنوسەردا هاتووە کە ئەمە جێگەی تێبینییە »، لە مانشێتی ئەم ژمارەیەدا هاتووە « سەرۆکی شارەوانی پێباز: بە هۆی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە پرۆسەی دابەش کردنی زەوی دواخراوە... ! ».
چرای باوەنور لە ژمارە (٢) ەوە ناوەکەی بووە بە (چرا) و لە ئازاری ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە و ستافەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە هەشت لاپەڕەیش بڵاو کراوەتەوە، (مامۆستا حەمە ساڵح هارونیش) یش بوەتە خاوەنی ئیمتیازی، بەردەوام ستافی نوسین گۆڕانی

بەسەردا هاتووە.
ژمارە (١٥) ی چرا لە ئازاری ٢٠٠٩ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بڵاو کراوەتەوە، بڵاوکراوەکە لەسەری نوسراوە (بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشتی سەربەخۆیە لە باوەنوور دەردەچێت).

**٤١- کوردەمیر:**
کوردەمیر گۆڤارێکی زانستی ساڵانەیە تایبەتە بە شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان، بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری گەرمیان لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەریئەکات.
ژمارە (١) ی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بە قەبارەی گەورە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە کە وێنەی (کێوی کەرەفتو) ی لەسەرە، بە (١٦٦) لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە.
خاوەنی ئیمیاز: محەمەد شاکەلی، سەرنوسەر: کەمال نوری مەعروف، بەڕێوەبەری نوسین: حەسەن عەلی سەلیم، دەستەی نوسەران (محەمەد مەردان، شوکر محەمەد حەیدەر)، راوێژکاران (جەمال عەبدول، عەبدوڵڵا قەرەداخی، سەعید شاکەلی).
ئەم گۆڤارە کە تایبەتە بە شوێنەوار و کەلەپوری کورد تەنها ئەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٤٢- بارین:**
بارین، یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلی لە گەرمیان، (ئەم ڕۆژنامەیە پێشتر وەک پاشکۆ بە ناوی کەناری ژن لە گەڵ ڕۆژنامەی کەنار دەردەچوو)، ژمارە (١) ی لە ٨ ی مارسی ٢٠٠٧ بە چوار لاپەڕەی ڕەش و سپی بە قەبارەی گەورە دەرچووە.
ڕۆژنامەی بارین (سوعاد حاتەم) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن بووە و ناوی کەسی تر لەسەر ئەم ژمارەیە بەدی ناکرێت، ژمارە (٢) ی لە نیسانی ٢٠٠٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە کە بەشێکی زۆری بابەتەکانی تایبەت بە (مەرگەساتی ئەنفال)، ئەم ژمارەی بارین بە هەشت لاپەڕەی گەورەی ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، ستافی نوسین پێک هاتووە لە (شەیما جەمال، ساجیدە قادر).

**٤٣- رازی گەنج:**
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ژمارە (١) ی لە ئەیلولی ٢٠٠٧ لە کەلار بە قەبارەی بچوک بە (٤٠) لاپەڕەی ڕەش و سپیەوە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: فەتاح تەنیا، دەستەی هاوکاران (ڕەمەزان ئەمین، دلێر عومەر، ڕێباز کەلاری).

رازی گەنج لە ٢٠٠٨/٤/١٤ پاشکۆیەکی دەرکردووە بە ناوی (ئەنفال) کە لە (٢٨) لاپەڕە پێک هاتووە لەگەڵ بەرگەکەیدا بە ڕەنگاوڕەنگی، سەرپەرشتیاران (فەتاح تەنیا، سۆران حەمە سەعید).

### ٤٤- ڕوانگە:

بڵاوکراوەیەکی زانستی ڕۆشنبیری مانگانەیە، کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ لە کەلار دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە شوباتی ٢٠٠٨ بە دوانزە (١٢) لاپەڕە لەگەڵ بەرگەکەیدا بە قەبارەی بچوک بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە.
سەرنوسەر: مەریوان حەسەن، دیزاین و هونەری: عەلی ڕەسوڵ قادر، لە ژمارە یەکدا ستافی نوسینی لەسەر نەنوسراوە بەڵام لە ژمارە دوو (٢) دا کە لە ئایاری ٢٠٠٨ دەرچووە ستافی نوسین بریتین لە (هەردی غازی، هاوکار حەسەن، عومەر محەمەد ئەمین، هەژار زەبیحی).
بڵاوکراوەی ڕوانگە ناوی خاوەنی ئیمتیازی لەسەر نیە و تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە کە دواین ژمارەی ژمارە (٢) یە و بە شانزە (١٦) پەڕەی قەبارە بچوک چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

### ٤٥- کەلاری:

کەلاری بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە چلەی ماتەمینی کادر و پێشمەرگەی دێرینی کوردایەتی و ڕوناکبیر هەڤاڵ (ئەحمەد کەلاری)، ئەم بڵاوکراوە تایبەتە لە ٢٠٠٨/٤/١٩ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بڵاوکراوەتەوە.
ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتە لە لایەن ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ١١ ی ڕکخستنی کەلاری (ی. ن. ک) ەوە لە چلەی ماتەمینی کادر و پێشمەرگەی دێرینی کوردایەتی و ڕوناکبیر هەڤاڵ (ئەحمەد کەلاری) ئامادەی کردووە، بە سەرپەرشتی (مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، کاروان یارەویس، ئەحمەدی خۆشنووس، ئومێد ئەکرەم، جەمیل محەمەد ئیبراهیم).

### ٤٦- هاوبەش:

بڵاوکراوەیەکی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی گەرمیانە، ساڵانە لە یادی دامەزراندنیدا دەریدەکات، ژمارە یەکی لە ٢٠٠٨/٤/٢٢ دەرچووە.
ئەم بڵاوکراوە ناوی ستافی لەسەر نیە تەنها ناوی دیزاینەر نەبێت کە (سەرداری مەلا ێاڵح) ە، بڵاوکراوەکە بە قەبارەی بچوک بە (١٢) لاپەڕەی ڕەش و سپی و بە بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە دەرچووە.

**٤٧- چاو:**
چاو گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری گشتی ئازادە، ژمارە (١) ی لە نیسانی ٢٠٠٨ بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە بە (٦٤) لاپەڕەی رەنگاوڕەنگ و رەش و سپیەوە بە قەبارەی گەورە دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیاز: عومەر شەریف، سەرنوسەر: ئارام ئیکرام، بەڕێوەبەری نوسین: هێمن بابان رەحیم، لەم ژمارەیەدا خاوەنی ئیمتیاز ووتارێکی نوسیوە لەژێر ناونیشانی (بۆچی چاو... ؟).
ژمارە (٣١) ی گۆڤاری چاو لە شوباتی ٢٠١١ بە (٤٨) لاپەڕەوە دەرچووە، لەم ژمارەیەدا ناوی بەڕێوەبەری نوسینی لەسەر نیە، راوێژکاری یاسایی زیادی کردووە بە ناوی (سەرکەوت نەجمەدین) .

**٤٨- راساڵ:**
راساڵ بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری ئیسلامی سەربەخۆی مانگانەیە کۆمەڵەی فیردەوس دەریدەکات، ژمارە (٢) ی لە ٢٠٠٨/٧/١ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی دەرچووە.
راسال ناوی ستافی لەسەر نیە جگە لە دوو ژمارە مۆبایل و ئیمێڵێک کە لەسەری نوسراوە، لە لایەن کۆمەڵەی فیردەوسەوە دەرکراوە.

**٤٩- بانەڕۆژ:**
بانەڕۆژ گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک – نوسینگەکانی کفری و کەلار بە هاوبەشی دەریدەکەن، ژمارە (٣٥) ی لە نیسانی ٢٠٠٨ بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، بە بەرگێکی رەنگاوڕەنک و بە (٩٢) لاپەڕەی رەش و سپی دەرچووە (ئەم گۆڤارە بە موڵکی هەریەکە لە کفری و کەلار دادەنرێت، واتا بە هاوبەشی لە لایەن رۆژنامەنوسان و نوسەرانی ئەو دووشارەوە دەرچووە).
خاوەنی ئیمتیاز: سەلاحەدین عەبدولحەمید، سەرنوسەر: لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەری نوسین: شکور حەمەی هەیەر، جێگری بەڕێوەبەری نوسین: ساڵح هەلاج، دەستەی نوسەران (رەحیم حەمید عەبدولکەریم د.عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی، ساهر عەلی جاسم، ئەحمەد باوەڕ، نیشتیمان بێ نەوا)، راوێژکاران (شێخ سەعید شاکەلی، عەبدولمەجید زەنگەنە، ئیبراهیم کوێخا، چیمەن سەعید جەعفەر، سامان کەریم، سەلاح گەرمیانی)، لەسەریشی نوسراوە ناونیشان: کفری - نوسینگەی کۆمەڵەی روناکبیری

، کەلار- نوسینگەی کۆمەڵەی روناکبیری، کەرکوک — بارەگای کۆمەڵەی روناکبیری بەرامبەر قەڵا.

ئەم گۆڤارە بەردەوام ستافەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە تایبەت لە ژمارە (٥١) ەوە کە لە ئەیلولی ٢٠٠٩ دەرچووە، بەم شێوەیە:

خاوەنی ئیمتیاز: سەلاحەدین عەبدولحەمید، سەرنوسەر: لەتیف هەڵمەت، ئەنجومەنی باڵای گۆڤار (شێخ سەعید شاکەلی، ساڵح هەلاج، شکور حەمەی هەیەر)، دەستەی نوسەران (رەحیم حەمید عەبدولکەریم، زەینەب ئەرکەوازی، دکتۆر عەبدولکەریم حاجی، عەلی حسێن ساڵح، سەیفەدین سابیر).

ژمارە (٥٨) ی بانەرۆژ لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ بە شەست (٦٠) لاپەڕە دەرچووە وەک گۆڤاری هاوبەشی هەردوو نوسینگەی کەلار و کفری کۆمەڵەی روناکبیری، ستافەکەی جارێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی لە لایەن کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک لە شاری کەرکوک دەرچووە و ئێستا وەک گۆڤاری ئەم کۆمەڵەیە بەردەوامە لە دەرچوون.

**٥٠- تەما:**

تەما بڵاوکراوەیەکی گشتی سەربەخۆیە، دەستەیەک فێرخوازی زانکۆ هەموو (٧) ی مانگێک دەریدەکەن، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٩/٢/٧ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەش و سپی بڵاویان کردوەتەوە، وەک دەردەکەوێت ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆلێژی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەتی کەلار و ئادابی خانەقین بڵاوکراوەتەوە.

ستافی کار- کۆلێژی بنەڕەتی کەلار : دلاوەر نوری، محەمەد حەسەن، زیاد کەریم کۆلێژی ئادەبی خانەقین: دڵشاد جەلال کارێزی، کۆلێژی پەروەردەی کەلار: رێبەر عەباس. بڵاوکراوەی تەما لە ژمارە (٥) یدا کە لە ٢٠٠٩/١١/٧ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بڵاوکراوەتەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: دلاوەر نوری، جێگری سەرنوسەر: دڵشاد جەلال کارێزی، بەڕێوەبەری نوسین: محەمەد حەسەن، دیزاین: زیاد کەریم، هاوکاران (رێبەر عەباس، سەلاح هەولێری).

لە ژمارە (٧، ٨) ی ئەم بڵاوکراوەیەدا هەڵە روویداوە و لە هەردوو ژمارەکەدا نوسراوە ژمارە (٥)، دواین ژمارەی تەما، ژمارە (٨) وەک ووتمان نوسراوە ژمارە (٥) لە ٢٠١٠/٢/٥ بە هەشت لاپەڕەی رەش و سپی لە قەبارەی ژمارەکانی پێشتر کەمێک گەورە تر دەرچووە، لەگەڵ ئەم ژمارەدا لە ساڵیادی دەرکدنی تەمادا پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەی بە ناوی (پاشکۆی تەما) بڵاوکراوەتەوە.

**٥١- ناسنامە:**

ناسنامە گۆڤاری پاشماوەی ئەنفالکراوەکانە، ڕێکخراوی چواردەی چوار دەریدەکات، دەکرێت لە ئاییندەدا بەردەوام بێت، ژمارە (١) ی لە ٢٠٠٩/٤/١٤ بە بیست (٢٠) لاپەڕە و بەرگێکی ڕەنگاورەنگەوە دەرچووە.

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و سەرنوسەر: فەتاح تەنیا، ئەم گۆڤارە ڕێکخراوی چواری چوار لە رزگاری ساڵانە دەری کردووە.

ژمارە (٣) ی ناسنامە لە ٢٠١١/٤/١٤ بە بیست و هەشت (٢٨) لاپەڕە و بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بڵاوکراوەتەوە.

**٥٢- تراژیدیا:**

بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ساڵیادی (ئەنفال)، لە ٢٠٠٩/٤/١٤ دا بە (٨) لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە، بە مانشێتی « ئەگەر کورد جاشی نەبوایە، ئەنفال بەو شێوەیە نەدەبوو «.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: سەیوان عومەر، دیزاین: لاوان ئەحمەد.

**٥٣- کۆنفرانس گەرمیان:**

کۆنفرانس گەرمیان ڕۆژانەی تایبەتی کۆنفرانسە، لیژنەی ڕاگەیاندی کۆنقرانس « بەرەو بەهێز کردنی پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا « دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٩ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەنگاو ڕەنگی دەرچووە.

ستافی کار بریتین لە (ئاری عوسمان خەیات، هەڤاڵ ئیبراهیم، جیهان محەمەد، کەنعان سەعدوڵڵا، ئەرکان محەمەد ڕەشید)، ئەم بڵاو کراوەیە لە ڕۆژانی کۆنفرانسی بەرەو بەهێز کردنی پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا دەرچووە کە بەشی کاروباری کچان و ژنانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ئەنجانی دابوو لە کەلار.

**٥٤- گەرمیان پۆست:**

بڵاوکراوەیەکی سیاسی، فکری، کۆمەڵایەتی گشتییە لە گەرمیان دەردەچێت، ژمارەی (ئەزمونی) لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە کەلار بە (٨) لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە، مانشێتی ژمارە یەکی بریتیە لە « جارێکی تر چارەنوسی ئیدارەی گەرمیان کەوتە نادیاریەوە «.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: سەیوان عومەر، جێگری سەرنوسەر: حسێن عەزیز، بەڕێوەبەری نوسین: کاوە گەرمیانی، ستافی کارا (هەردی مەحمود، ڕۆژان مستەفا).
ژمارە (٤٠) ی لە ئابی ٢٠١١ بە دوانزە (١٢) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگ و پەڕەکانی ناوەوە بە ڕەش و سپی دەرچووە و خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری (سەیوان عومەر) ە.
ژمارە (٩٢) ی گەرمیان پۆست کە تایبەتە بە ساڵیادی ئەنفال لە نیسانی ٢٠١٣ بە (٢٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر: سەیوان عومەر، دەستەی نوسەران و هاوکارانی ئەم ژمارەیە بریتین لە (بڕیار محەمەد، خێلان عەلی،کۆسار عومەر، چیا شێخ لەنگەری، هەوراز ئەحمەد، شنۆ محەمەد، ئومێد شێخ لەنگەری).

**٥٥- سروشت:**

بڵاوکراوەیەکی زانستی گشتیە، (ئامادەی برایەتی) دەریدەکات، ئەم بڵاوکراوەیە لە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارەوە دەرچووە، ژمارە (١) ی لە ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ بە چوار لاپەڕەی قەبارە بچوک بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە. لەم ژمارەیەدا ناوی ستافی نوسینی لەسەر نیە و زۆربەی ژمارەکانی ئە هەمان پەڕە و قەبارە بلاوکراوەتەوە.
بڵاوکراوەی سروشت، ژمارە (١١) ی لە ٢٠١٠/٤/١٤ لە یادی (مەرگەساتی ئەنفال) دا بە دوانزە (١٢) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بڵاوکراوەتەوە، لە ڕوپەڕەی ئەم ژمارەیەدا نوسراوە (سروشت، ئامادەیی برایەتی بە چاودێری و هاوکاری بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی گەرمیان دەریدەکات)، خاوەنی ئیمتیاز: ئامادەیی برایەتی، سەرنوسەر: سەعدوڵڵا محەمەد، بەڕێوەبەری نوسین: سۆران عەلی، دەستەی نوسەران (هاوار حەمید، شاخەوان ساڵح)، تایپ: زیاد فایەق.

**٥٦- هەفتانەی بەمۆ:**

بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی زانستی گشتیە لە لایەن خوێندکاران و مامۆستایانی ئامادەیی بەمۆوە دەردەچێت، ئەم بڵاوکراوەیە لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار دەرچووە، ژمارە (١) ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ بە دوو پەڕەی قەبارە بچوک بە ڕەنگی ڕەش و سپی بلاوکراوەتەوە.
ژمارە (٦) ی هەفتانەی بەمۆ لە ٢٠١٠/٢/١٧ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوک بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، ئەم بڵاوکراوەیە جگە لە ئیمیڵ و ژمارە تەلەفۆنێک ناوی ستافی لەسەر نیە.

**٥٧- هەتاو:**

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە، کۆمەڵێک قوتابی و خوێندکاری زانکۆ دەریدەکەن، ژمارە (١) ی لە کانونی دووەمی ٢٠١٠ دەرچووە، ژمارە یەک بە قەبارەی بچوک بە (١٦) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە بە ڕەنگاوڕەنگی بە تایبەت ڕەنگی نیلی.

دەستەی سەرپەرشتیاران بریتین لە (هۆشمەند ئەحمەد، دەشتی ئەحمەد، کازم جەباری، فارس ئەحمەد)، هۆشمەند ئەحمەد لە ژمارە یەکدا وتاری ژمارەی بە ناونیشانی (هەتاو... بۆ ؟) نوسیوە.

**٥٨- رووناکی:**

رووناکی مانگانەیەکی تایبەتە کۆمپانیای روناکی دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە کانونی دووەمی ٢٠١٠ بە چوار لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگای قەبارە گەورە دەرچووە.

ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتە بە کارو پڕۆژەکانی کۆمپانیای روناکی، سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی و دیزاین: سەیوان ئەمین. ژمارە دووی رووناکی لە شوباتی ٢٠١٠ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بە ڕەنگاوڕەنگی بڵاوکراوەتەوە.

**٥٩- داری خلە:**

داری خلە مانگانەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی شەهیدانی (داری خلە)، ئەم ژمارە تایبەتە لە شوباتی ٢٠١٠ بە چوار لاپەڕەی بەرگ بە ڕەنگاوڕەنگی و ناوەوە بە ڕەش و سپی بە قەبارەی گەورە دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە ناوی کەسی وەک ستاف لەسەر نیە.

**٦٠- داکۆکی:**

داکۆکی گۆڤارێکی ساڵانەیە هەموو ٤/١٤ کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی قوربانیان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان لە گەرمیان دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە ٢٠١٠/٤/١٤ بە سی و شەش (٣٦) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپی و بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی قوربانیان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان لە گەرمیان، سەرنوسەر: هاوڕێ پێشڕەو، جێگری سەرنوسەر: شوان محەمەد ڕۆستەم.

**٦١- مەودا:**
مەودا بڵاوکراوەیەکی رۆشنیری گشتی سەربەخۆیە، کۆمەڵێک خوێندکار و قوتابی زانکۆ دەریدەکەن، ژمارە (٤) ی لە ئایاری ٢٠١٠ بە سی و دوو (٣٢) لاپەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی بە بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە دەرچووە.
دەستەی سەرپەرشتیاران بریتین لە (دەشتی ئەحمەد، کازم جەباری، فارس ئەحمەد).

**٦٢- زانست:**
زانست بڵاوکراوەیەکی زانستی و رۆشنبیری ئاینی بێ لایەنە، دەستەیەک لە دەرچوان و فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەریدەکەن، ژمارە (٠) ی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠ بە شانزە پەڕەی قەبارە بچوک دەرچووە
سەرنوسەر: عەدنان بارام، دەستەی نوسەران (عەلی محەمەد، هاوار عەبدوڵڵا، رزگار محەمەد، فەلاح حەسەن).
ژمارە (٣١) ی زانست لە ٢٠١٤/٣/١ بە (٢٤) پەڕەی قەبارە بچوک بە رەنگی رەش و سپی دەرچووە، ستافەکەی بریتیە لە، سەرنوسەر: عەدنان بارام، دەستەی نوسەران (جیهاد قادر، بلال جەلال، هێمن عەبدولکەریم، پشتیوان حەسەن).

**٦٣-هاتوچۆ:**
بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە، بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج دەریدەکات، ژمارە (١) ی لە سەرەتای کانونی دووەمی ٢٠١١ دەرچووە.
سەرنوسەر: ئومێد عەلی، بەڕێوەبەری نوسین: هونەر عەلی، دەستەی هاوکاری (کیفاح ئەحمەد، سەردار مەلا ڕاڵح).
ژمارە یەکی هاتوچۆ بە قەبارەی بچوک بە (١٢) لاپەڕەی رەنگاوڕەنگ دەرچووە، ژمارە (٢) ی بە (١٢) پەڕەی رەنگاوڕەنگی قەبارە بچوک لە مانگی دواتردا دەرچووە بەڵام لەسەری نوسراوە (هاتوچۆ، بڵاوکراوەیەکی هۆشیاری هاتوچۆیە، کۆمەڵێک لاوی سەربەخۆ لە گەرمیان دەریدەکەن).

**٦٤- لاو:**
رۆژنامەیەکی خوێندکاری سەربەخۆیە، بە هاوکاری کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی کەلار دەردەچێت، ژمارە (٠) ی لە شوباتی ٢٠١١ بە قەبارەی بچوک بە شەش (٦) لاپەڕەی رەنگاوڕەنگ بڵاوکراوەتەوە.

خاوەنی ئیمتیاز: دلێر کەمال مەحمود، سەرنوسەر: سوارە بورهان عەبدولکەریم،، بەرێوەبەری نوسین: زمناکۆ کەریم محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕی: داود ئەحمەد محەمەد، هاوکاران (زانا حەسەن، کارزان نەعمان، زانا مەحمود)، مانشێتی ژمارە یەکی بریتیە لە « کردنی پەیمانگای تەکنیکی بە کۆلێژ بڕیارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ گەرمیان «، لە دوا لاپەڕەی هەمان ژمارەدا جگە لە ووتارێک، کاریکاتێرێک و ریکلام بەدی دەکرێت.
لاو لە ژمارە دووە لەسەری نوسراوە (ڕۆژنامەیەکی خوێندکاریە، کۆمەڵێک لاوی سەربەخۆ لە شاری کەلار دەریدەکەن)، ژمارە سێ (٣) ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ئایاری ٢٠١١ بە هەشت لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ وەک دواین ژمارەی (لاو) بڵاوکراوەتەوە وەک ستافی ڕۆژنامەکە وەک « دوا ووتە « ئاماژەیان بۆ کردووە.

### ٦٥- نانۆ ریکلام:

گۆڤارێکی وەرزییە تەکنەلۆژیای نانۆ دەریدەکات، تاکە گۆڤاری تایبەتە بە ریکلام لە گەرمیان، ژمارە (٠) ی لە زستانی ٢٠١١ بە ڕەنگاورەنگی بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە.
خاوەنی ئیمتیاز: نەبەرد خالد، سەرنوسەر سەیوان ئەمین، بەڕیوەبەری کارگێڕی: هێمن ئەحمەد. سەیوان ئەمین لە ژمارە یەکی نانۆ ریکلامدا ووتارێکی نوسیووە بە ناونیشانی (نانۆ ریکلام بۆچی ؟).

لیستی بڵاوکراوەکانی شاری کەلار لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ — ٢٠١١ دا

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ژمارە | کاتی دەرچون ڕۆژ | مانگ | ساڵ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | میلکان | ٣ | ١ | ٧ | ١٩٩١ | |
| ٢- | پەیامی ئازادی | ٢ | | ١٠ | ١٩٩١ | |
| ٣- | تیشک | | | ٤ | ١٩٩٤ | |
| ٤- | وەرزش و گەرمیان٣ | | ١٨ | ٤ | ١٩٩٦ | |
| ٥- | کەڵیار٠ | ٨ | | ٤ | ١٩٩٦ | |
| ٦- | فەرتەنە | ١ | | ١١ | ١٩٩٦ | |
| ٧- | گۆڤار١ | | | ١ | ١٩٩٨ | |
| ٨- | تۆژەر١ | | | هاوین | ١٩٩٨ | |
| ٩- | پرشنگی نوێ | ٠ | | ١٢ | ١٩٩٨ | |
| ١٠- | سۆز ١ | ١ | | ١ | ١٩٩٩ | |
| ١١ | پێنووس (پێنوس) ١ | | | ٧ | ١٩٩٩ | |
| ١٢ | خەمسەگی (پێنجەم)١ | | | ١ | ٢٠٠٠ | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | پژمە | ٢ | | | | | ٢٠٠٢ |
| ١٤ | بزە | ٠ | | | سەرەتای | | ٢٠٠٣ |
| ١٥ | گەرمیان | ٠ | ٩ | | ٣ | | ٢٠٠٣ |
| ١٦ | پەیامی لاوان (پەیامی گەنج) | | | ٠ | ٧ | | ٢٠٠٣ |
| ١٧ | کەلار | ١ | | | ١٢ | | ٢٠٠٣ |
| ١٨ | بەرەوشار | ٠ | ١٨ | | ١ | | ٢٠٠٤ |
| ١٩ | هەنگاو | ١- | | | | ٣ | ٢٠٠٤ |
| ٢٠ | هەشتاوهەشت | | ١ | | بەهار | | ٢٠٠٤ |
| ٢١ | ئەفراندن | ٠ | ١ | | ٤ | | ٢٠٠٤ |
| ٢٢ | خەڵک | ١ | | | | ٤ | ٢٠٠٤ |
| ٢٣ | کەنار | ١ | ١٥ | | | ٧ | ٢٠٠٤ |
| ٢٤ | داینەمۆ | ٠ | | | | ١١ | ٢٠٠٤ |
| ٢٥ | شکۆفە | ١ | | | | ١٢ | ٢٠٠٤ |
| ٢٦ | زیپان | ٠ | | | | | ٢٠٠٤ |
| ٢٧ | شێروانە | ٤ | | | | ٢ | ٢٠٠٥ |
| ٢٨ | پەیامی خوێندکار | | ١ | ١ | ٤ | | ٢٠٠٥ |
| ٢٩ | کۆست | ١ | ١٤ | | | ٤ | ٢٠٠٥ |
| ٣٠ | ئایندەی گەرمیان | | ٠ | ٢٥ | ٦ | | ٢٠٠٥ |
| ٣١ | گەرمیانی وەرزشی | | ٠ | ١٠ | ٨ | | ٢٠٠٥ |
| ٣٢ | خوێندنی نوێ | | ١ | ١ | ١٢ | | ٢٠٠٥ |
| ٣٣ | گۆڤاری گیرفان | | ٠ | | | ١٢ | ٢٠٠٥ |
| ٣٤ | نەسیم | ١ | | | | | ٢٠٠٥ |
| ٣٥ | وەرزشکاران | | ٢ | | ٣ | | ٢٠٠٦ |
| ٣٦ | مودەرپیس | ١ | ٣١ | | ٣ | | ٢٠٠٦ |
| ٣٧ | ئاتیە | ٢ | ١ | | | ٤ | ٢٠٠٦ |
| ٣٨ | شێخ لەنگەر (سۆراخ) | | ١ | ٢٢ | ٤ | | ٢٠٠٦ |
| ٣٩ | گەرمیانی ئەمڕۆ | | ١ | ٥ | ٥ | | ٢٠٠٦ |
| ٤٠ | چرای باوەنوور (چرا) | | | ٠ | ٩ | | ٢٠٠٦ |
| ٤١ | کوردەمیر | ١ | | | ١٠ | | ٢٠٠٦ |
| ٤٢ | بارین | ١ | ٨ | | ٣ | | ٢٠٠٧ |
| ٤٣ | رازی گەنج | | ١ | | ٩ | | ٢٠٠٧ |
| ٤٤ | روانگە | ٠ | | | ٢ | | ٢٠٠٨ |
| ٤٥ | کەلاری | ١ | ١٩ | | ٤ | | ٢٠٠٨ |
| ٤٦ | هاوبەش | ١ | ٢٢ | | ٤ | | ٢٠٠٨ |
| ٤٧ | چاو | ١ | | | ٤ | | ٢٠٠٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٨ | راساڵ | ٢ | ١ | ٧ | ٢٠٠٨ |
| ٤٩ | بانەڕۆژ | ٤٢ | | ١٢ | ٢٠٠٨ |
| ٥٠ | تەما | ١ | ٧ | ٢ | ٢٠٠٩ |
| ٥١ | ناسنامە | ١ | ١٤ | ٤ | ٢٠٠٩ |
| ٥٢ | تراژیدیا | ١ | ١٤ | ٤ | ٢٠٠٩ |
| ٥٣ | کۆنفرانس گەرمیان١/٢٢ | | | ٤ | ٢٠٠٩ |
| ٥٤ | گەرمیان پۆست | | ١ | ٦ | ٢٠٠٩ |
| ٥٥ | سروشت | ١ | | ١١ | ٢٠٠٩ |
| ٥٦ | هەفتانەی بەمۆ | | ١ | ١٢ | ٢٠٠٩ |
| ٥٧ | هەتاو | ١ | | ١ | ٢٠١٠ |
| ٥٨ | ڕووناکی | ١ | | ١ | ٢٠١٠ |
| ٥٩ | داری خلە | ١ | | ٢ | ٢٠١٠ |
| ٦٠ | داکۆکی | ١ | ١٤ | ٤ | ٢٠١٠ |
| ٦١ | مەودا | ٤ | | ٥ | ٢٠١٠ |
| ٦٢ | زانست | ٠ | | ١١ | ٢٠١٠ |
| ٦٣ | هاتوچۆ | ١ | | ١ | ٢٠١١ |
| ٦٤ | لاو | ٠ | | ٢ | ٢٠١١ |
| ٦٥ | نانۆ ریکلام | | ٠ | زستان | ٢٠١١ |

sabahalijafs@gmail.com
نوسەر و رۆژنامەنوس لە گەرمیان



# مۆڵ

# وەك قیبلەی نوێی بەرخۆرەكان پاش خوێنەوەی كۆمەڵی بەرخۆر

نووسینی: ژان بودریارد
لێكدانەوە و ڕانان: بەیان سەلمان

پاش شەڕی جیهانی دووهەم گشەکردنی ئابووری زۆر زیادیکرد، ئەمەش خووی خەڵکەکەی گۆڕی، لەوەدوا گەلەبەرخوری بەکۆمەڵ پەیدادەبێ. چۆن ئەمە هاتە ئاراوە چۆن تاکو ئێستا بەردەوامە؟
بێگومان ناتوانین باسی ئەو گەشە ئابووریە بکەین بێ ئاماژەکردن بە زەمینەی پێش ئەو کە شۆڕشی پێشەسازیی هێنایە ئاراوە. داهێنانی ئامێر و ماشێن ئەگەر نەڵێین کاری دەستی و دەسترەنگینیی سڕییەوە ئەوە ئێجگار کەمیکردەوە. گەشەی ئابووری بواری ئیشی زیاترکرد، پارەی بەدوادا هات. لەلایەکی دی بە خودی بەرخوریی و کڕینی ئامێری ناوماڵ کارو ئەرکەکانی ژنان کەمبوونەوە و لەسایەی ئەمە هەلومەرجی ژنان بەرەو باش چوو و سەربەستیی زیاتریان وەدەستهێنا. هەموو ئەمانە بوونە فاکتەرێکی سەرەکیی بۆ خەرجکردن؛ لێرەوە گەلەبەرخور پەیدا بوون. پەیدابوونی تەلەڤیزیۆن لەگەڵ خۆیدا شۆڕشێکی کلتووریی هێنا، بە ملیۆنەها کەس لە شاشەکانییەوە تەماشای ژیانی نوێ و کلتووری جیاوازی میللەتان دەکەن، ئەمەش مەیل و خەون دروستدەکات. بە هاتنی کۆمپیۆتەر و ئینتەرنێت و ئای فۆن و ئای پاد ئەم شۆڕشە چەند ڕەهەندێکی تری خستە سەر ئەو تێڕوانینە و وای کرد کە کلتووری نێونەتەوەیی تەنها بە چەند هەنگاوێک لێمانەوە دوور بێت. بەرخوریی، بەدەر لە تێرکردنی پێداویستیەکانمان، بە تایبەتی بۆ ئەوەش بەکەڵک دێت خۆمان لەوانی دی پێ جودابکەینەوە، بەوەی ئەو شتانە بکڕین کە تاکێتی»من«ی پێ دەسەلمێ.

فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگی فەرەنسی ژان بودریار لە کتێبی کۆمەڵی بەرخور لە ساڵی ١٩٧٠ بەوردیی و قووڵیی باسی ئەم گەشەکردنەی کردووە. لێرەدا کۆمەڵێک لەو تێڕامانانەی بودریارد دەخەینە بەرچاو بە هەندێ لێکدانەوەی تایبەتی و تێکەڵی دەکەین بە بۆچوونی کەسانی دی کە لە فیلمێکدا بە ناونیشانی پەرستگاکانی بەرخور لە دەرهێنانی هێلێن کلۆداڤیسکی، قسەیان کردووە.

کۆمەڵی بەرخور هاتۆتە ئاراوە تاکو تاکەکان لە ڕێی خەرجکردنەوە خۆیان لەوانی تر جیابکەنەوە، تایبەتمەندی ئەم جیاکردنەوەیەش جێی ئەو جیاوازییە ڕاستەقینەییەی

نێوان تاکەکان دەگرێتەوە کە لە سروشتیاندا جیاوازن. بودریارد لە سێ تەوەری سەرکییدا بۆچوونەکانی ڕووندەکاتەوە: یەکەمیان، دەیخاتە پێش چاومان کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەرامبەر بە مادە خۆی دەکێشێتەوە و تەنیاییە. ڕوونیدەکاتەوە، چەندە نیشانەکان هەمەچەشنن، تا ئەو ڕادەییەی بەشێکیان بەردەوام لە تارماییدا دەمێننەوە و دەرناکەون. کەچی زاڵبوونی هەستی ترس لەوەی چیتر نەتوانین خەرج بکەین، وادەکات کە ئەو بەشی تارماییەی هێندە بەهێزە داپۆشێ و تەنها دەسەلاتی ئەو بەشە ڕووناک و جوانەمان دەخاتە ڕوو کە بەهەرچ نەرخێک بێت دەبێ هەر خۆی نوێ بکاتەوە. لێرەوە کۆمەڵی بەرخور بەردەوام پێویستی بە بەرهەمهێنانی کاڵای نوێیە تاکو دواتر لەناوییبدات و بە هی نوێ جێیبگرێتەوە، بەمەش بوونی سیستەمەکەی دەسەلمێنێ و مسۆگەری دەکات.
لە تەوەری دووهەمدا دەڵی، بەرخوریی سەرچاوەی وابەستەییە. لێرەدا بودریارد لۆژیکی کۆمەڵایەتی بۆ وابەستبوونمان بە خەرجکردنەوە نیشان دەدات. لە کۆملی دیموکراسیدا ئامانجی سەرەکیی بەرەو ئەولایە دەمانبات کە هەموو مرۆڤ یەکسانن و دابینکردنی پێداویستیش لەو یەکسانییە بەدەر نییە.

لە تەوەری سێهەمیشدا، بودریارد ئاماژە بەو هاندەرانە دەکات کە کاریگەرییان بەسەر بەرخورییەوە هەیە. لێرەدا نووسەر دەڵێ، ژن بین یان پیاو، پیربین یان گەنج، کەسمان ناتوانین لە بازنەی بەرخور دەربازبین، چونکە میتۆدی جیاواز بەکاردەهێنن و کارمانتێدەکات، بە ئەختەبوتێک دەچێ پەلەکانی بە هەموو لایەکدا بهاوێژێ. سەرتاپای جەستەمان دەبێتە ئەو پاژنەییەی ئەشیل (ئەخیلۆس) و خۆی لەو خاڵە لاوازە تیاماندا جێگیر دەکات کە ئێمەش وەک هەمووان خەرجبکەین تاکو ‹‹ببین››، بوونمان بسەلمێنین. بە کورتیی، هەموو تەورەکانی بودریارد لەوەدا چڕدەبێتەوە کە هەرچی کاریگەریی سۆسیۆلۆژی و تاک ڕەوییە لە پێناو یەک ئامانج فشار دەخەنە سەرمان ـ هەتا دەتوانین زیاتر خەرجبکەین هەر بەم هۆیەشەوە هەردوو ڕووی خۆکێشانەوەو وابەستەییشمان بە کاڵاوە دەبەستین.

لەم سەردەمەی ئێمەدا سەنتەری کۆمێرسیالcentre commercial، یاخود مۆڵ گەورەترین شوێنی بەرخوری بەکۆمەڵە. مۆڵ ئەو شوێنە گەورە و داخراوەیە کە خەڵک لە دەور خۆی خڕدەکاتەوە و دەسوڕێنێتەوە، ئەو قیبلە نوێیەیە کە پێکەوە بۆی دەچن، ئەو پەرستگا نوێیەیە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بە جانتا و جزدان و دروشکەی

کاڵاکڕین زیارەتی دەکەن. ئەم بەهەشتە داخراوە، ئەم بەهارە هەمیشەییە کە کەشوبای بەردەوام خۆشە، دەچین و شت لەوێ دەکڕین، پیاسەی لە نێودا دەکەین، منداڵانی پێ ئاشنا دەکەین، چاوپێکەوتن و دیدارەکانمان لەوێیە و یەکتری تێدا دەبینین، خۆشمانی تێدا وندەکەین. ئەم شانەی هەنگە ئەلتەرناتیڤی شارە (میکرۆکوزمی شارە)، داخستنە بەرامبەر بە کرانەوەی پانتایی بازاری پێشووی نێو شار. ئەمەش مەسەلەی پاراستن و کۆنترۆڵکردنی خەڵک ئاسانتر دەکاتەوە. لە مۆڵەکانی ئەورووپا و ئەمریکا کۆنترۆڵکردنێکی تەواویی مۆڵەکان هەیە بە شێویەکی نادیار لە پشت شاشەی تایبەتی و کامێراکان. ئێمە دەچینە مۆڵەکان بۆ شتکڕین، واتە ئەگەر کەسێک ڕەوتی ئەو شتکڕینە تێکدات لە ئاست خۆی دەیوەستێنن.

مۆڵ خەڵک لە خۆی کۆدەکاتەوە؛ لە ناوەوەش، تەواو لە نێوەندیدا دووجار خەڵکی لە بازنەیەکدا خڕدەکاتەوە، بە کۆ شمەک دەکڕن و بە کۆ پارە خەرجدەکەن.

مۆڵ بەرهەمی فیکری تەنیاکانیشە کە تەنها لەو بەکۆمەڵایەتیبوونەدا دەتوانن ببنە کەسێک، لە نێو کۆی جەماوەردا ببن. لە سارو سڕیی تەنیاییدا باوەش بەگەرمای ئەو خەڵکەدا بکەن کە هەموو پێکەوە بۆ یەک ئامانج و لە یەک جێ ئامادەن. بەرامبەر بە یاری تۆپی پێ (فوتبۆڵ) کە بە بەرفراوانی جەماوەری ناسراوە تەنها مۆڵ تەنیایی تاکەکان دەکرێتەوە. ئێمە تەنانەت بە ئۆتومبیل هاتوچۆ دەکەین تاکو بەتەنیا بین. کڕینی ئۆتۆمبیل بەشێکی تەواوکەرە لە پرۆسەی بە تەنیایی بوون و تەواوکەری خەرجکردنە، کڕینی پانتایی جێیەکە بۆ خۆ جوداکردنەوە، بە ونبوون لە نێو کۆی ئەو ئۆتۆمبیلانەی تەنیاکانی تر لێیدەخورن. مۆڵ چارەسەری بۆ ئەوەشمان دۆزیوەتەوە، پارکی ئۆتۆمبیل لە نزیک و بەژێر هەموو مۆڵێکەوە دروستکراوە، ئێمە تەنیاین و لە نێو خەڵکداین، ئامادەین و وونین، ئامادەبوون لە یەک شوێن بۆ مەبەستێکە- پێکەوە خەرجکردن. کاتێ وونبوون لە پێناو داهێناندا بێت ئەمە جودایە لەگەڵ ونبوون بۆ ئەوەی خەرجبکەین. پانتایی مۆڵ ئەوەشە کە لە یەککاتدا ڕاکەڕاکەت لەکۆڵ دەکاتەوە و خۆشت لە نێو کۆی ئەوانی تردا قبوڵدەکەی.

بە پێی تیۆلۆژیناس و سۆسیۆلۆگ ژۆن پاڵ (Jon Pahl) لە فیلمی پەرستگاکانی بەرخوریی، بیناسازیی مۆڵەکان درێژەپێدانی پەرستگایە. لە هەموو مۆڵێکدا ئاو و نافورەی لێیە، وەک سیمبولی خاوێنبوونەوە، بە وێناکردنی شت و ئاو، ئێمە بێ ئاو ناژین، واتە بێ شتکڕین ناژین، ئەوێ جێیەکە بۆ خەرجکردن، بەو جۆرە مۆڵ وەک هەرچ

پەرستگایەک یاسای خۆی دەسەپێنێ. هەمان بیرۆکە بۆ ڕووناکی وەک ووزەیەک، لە هەموو لایەکی مۆڵەکانەوە تیشکی خۆر بە تیژیی دێتە ناوەوە و بە گڵۆپی هەمەجۆر ڕووناککراون. (لە ئێستادا مۆسیقایەکی ئارامبەخشیش لە پیانۆی ئۆتۆماتیک لێدەدرێ).
هەر وەک بەرزیی بنمیچەی کلێسەکان هی مۆڵەکانیش بەرزن؛ لە ناویاندا مرۆڤ خۆی بە بچووک دەبینێ، واتە لە ئاست گەورەیی مۆڵدا ئێمە میناتۆرەکانیین، بچووکین، هەر چۆن بەرامبەر بە یەزدان ئێمە بچووکین، بەرامبەر بە مۆڵیش وەهاین، تەنها بە کڕین و خەرجکردن گەورەدەبین. ئەمەش وێنەیەکە لە دەسەڵاتی گەورە بەرامبەر بە نەبوونی دەسەڵات لەلای ئێمەی بچووک. دار و درەختەکانی نێو مۆڵەکانیش هەردەم گەشن، مایەی بەختەوەریی و ئاسایشن و ئەو لایەنە ناسکو هەستیارەمان دەپارێزن، وێنەیان پێمان دەڵێ کە لە ناوەندی مۆڵدا ئێمە دەتوانین گەشەکەیەن، گەورەبین و نەمرییمان دەخەنە بەرچاو. خەرجکردن تەنها پرۆسەیەکی فرۆشتن نییە، بەڵکو کارکاردنێکی تۆکمەیە لەسەر بزاوتنی هەستەکانی مرۆڤ تاکو بەرەوپیری مۆڵەکان بچێت و لەوێ گیرفانی بەتاڵکات و بەیانی بچێتەوە سەر کار و دیسان گیرفان پڕکات و لە کۆتایی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکەدا هەر بکڕێ و بکڕێ، خەرجبکات، خۆشڕابوێرێ، گەشت بکات و حیسابی بانکی بێتەوە ژێر سفر.

ژان بۆدریارد لە کتێبی کۆمەڵی بەرخور دەڵێ: لەگەڵ مۆڵدا نەک تەنها شار دەگۆڕێ بەڵکو تێڕوانینشمان بۆ جیهان دەگۆڕێ. ئەم پانتاییەی بەگشتیی بۆ خەرجکردن تەرخانکراوە، دەبێتە پانتایی تەواوی بەسەربردنی ژیان. ئەم مۆلانە بەرەو کوێ دەمانبەن؟
ساڵانە بە ملیۆنەها کەس بۆی دەچن و پارەی تێدا خەرجدەکەن، ئاماری ئەم جۆرە مۆڵانە ئەگەر بە مۆزەخانەی لووڤەری پاریس و مۆمای نیۆیۆرک بەراوردی بکەین سەرسامدەبین لەوەی ژمارەی هاتوچۆکەرانی مۆڵەکان زۆر زۆر زیاترن، لە هەندێ ولاتەدا ساڵانە دەگاتە ٢٥٠ ملیۆن کەس.
دەکرێ بپرسین کۆمەڵی بەرخور بە خودی پرۆسەی بەرخوربوونی قەیرانێکە؟ ئەم پرسیارە ناکاتە ئەوەی خەرجکردن بە ئازادیی لە مرۆڤ قەدەغەکەی. هەموو دەزانین کە کۆمەڵی سەرمایەداریی کار لەسەر پێداویستی دەکات، بەو واتایە دروستیاندەکات، بەرهەمیاندەهێنێ تاکو خەرج بکرێ. ئەوەی خەرجی ناکات دەچێتە پەراوێزەوە، لێرەشەوە کۆمەڵی بەرخور بەرەو بیرۆکەی دروستکردنی سەنتەری کۆمێرسیال (مۆڵ) دەچێ. هەر بۆیە وێنەی پێشووی کەسە زاناکان و ناودارەکانی مێژوو دەگۆڕێ بۆ ئەستێرەکانی سینەما و وەرزش و شازادەکانی جیهان. وێنەی ئەمانە زاڵدەبێ کە لە ریکلامێکدا و

لە ژیانی ڕۆژانەیان لە گۆڤارەکان و سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان بەتەوژم نمایشی مارکەی شمەک و کاڵایەکی تایبەت دەکەن، ئەوەی ئەوان نمایشی دەکەن ئێمە پارەی بۆ خەرج دەکەین تاکو دەستمانکەوێ. خودی ئەم خەرجکردنە پاراستنە لە پراوێزبوون و بەخشینی هەیبەتێکە بە کەسەکە؛ بەو شێوەیە ئامێری جلشۆڕدن و هەرچ ئامێرێکی تر دەوری ئیسراحەت بەخش دەبینێ و لە هەمانکاتدا وێنەیەکە کە خاوەنەکەی لە کەسێکی دی جودا دەکاتەوە کە نییەتی و بە خودی ئەم وێنەیە ئەوی دی خۆی پاراستووە و ئەوی تریشیان کە نێیەتی دەکەوێتە پەراوێزەوە.

جگەلەوەی وەها تێدەگەن کە خەرجکردن تێرکردنی پێداویستیەکی سەرەتاییە. بودریار وەک ئاگادارکردنەوەیەک دەڵێ کە ئەمە پێداویستی ڕاستی و سروشتی نییە کە لە ناخی پێویستی تاکەکانەوە هەڵقوڵابێ، چوونکێ ئەمە پێداویستی سیستەمێکی بەرهەمهێنانە کە کۆمەڵێ واتای لە خۆ گرتووە و زمانێکی تایبەتی بۆ پەیوەندی لە نێوان تاکەکاندا پێکهێناوە کە کار بە کۆمەڵێ جفرە دەکات. ئەو زمانە هێزی ریکلام و پرپاگەندە و میدیاکان بە ڕێوەی دەبەن و تاک لەو سیستەمەدا تەنها دەبێتە وەرگرێک (متلقي) و دەبێتە نیشانەیەک. لە ئاکامیشدا تاکەکان وابەستەی بەرخوریی دەبن و سەربەخۆییان لەدەستدەدەن، چونکو جۆری پێداویستیەکان سیستەمێک دایهێناون کە دەزانێ چۆن کڕیاری خۆی بۆ دروست بکات و دواجار هەر ئەوانیشن دەست بەسەر بازاردا دەگرن و تەنانەت کاریگەریی گەورەشیان هەیە بەسەر زەوق و چێژی کۆمەڵدا؛ کەسەکان تا ڕادەیەک ملکەچی ئەو کەلوپەلەن کە لە بازاردا بۆیان نمایشکراوە. ئەمەش کۆنسێپتی بە خاوەنبوونی سڕییەوە، لەبری ئەوە کۆنسێپتی چێژ و حەز و خەرجکردن جێیدەگرێتەوە، کە تۆ خاوەنی شمەک بیت ئەمە دەمانباتەوە بۆ تێگەیشتن لە هەڵگرتن و بەردەوامیی بەکارهێنانی کاڵاکان، لە کاتێکدا تێکڕای کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکان کار لەسەر تێرکردنی حەز دەکەن، ئەم تێرکردنەش دوایی نییە، ناشبێ دوایی هەبێ. بەو شێوەیە ئێمە هەڵبژاردنمان لەبەردەمدا نییە، ئەوان حەزو ئارەزوومان لەلا دروستدەکەن، تێری دەکەن و دەیگۆڕن بۆ شتێکی دی، پرۆسەی بەرخورییش هەر بەردەوام دەبێ.

بەرخوریی لە سەرەتاوە ڕێکخراوە کە لە خودی خۆیدا ببێتە گوتارێکی سەربەخۆ. بەرخورەکان لە هەمانکاتدا باڵادەستییان هەیە (چوونکە کڕیارەکان و خەرجکەرەکان ئەوانن)، بە مەرجێ باڵادەستییان لەسەر ڕووبەری کۆمەلایەتی نەبێ، واتە کاریگەرییان لە بڕیاردان نەبێ، ئەوان تەنها حەزێک بن و تێربکرێن، باڵادەستی ڕاستی بۆ بەرهەمهێنەرانە.

دروستکردنی کۆمەڵی بەرخور لە ڕێگای ئەو گوتارەوە ئەنجام دەدرێ کە خەون و خەیاڵ بەخشە، تاک چیدی هەوڵ نادات خۆی بسەلمێنێ، بەڵکو تێدەکۆشێ کە ئەوانی دی رازی بکات. بەو شێوەیەش مێگەلێک لە تاکەکان دروستدەبێ کە هیچ دژایەتی ئەو سیستەمە ناکات و رەخنەیەکی نییە ئاراستەی کۆمەڵی بکات. لەوانەیە بە ملیۆنەها کەس لە ریکلامەکانی تەلەڤیزیۆن نارەحتبن، کەچی ریکلامەکان هەر بەردەوامیشن، چونکو خەمی سەرەکی کەسەکان خەرجکردنە؛ بەهەرحاڵ کراوە بە خەمێک. خەرجکردن دەبێتە ئەو دوا ئاینە گەورەییەی بە هەموو زمانێک دادەبەزێتە خوارەوە و قسە دەکات، هەموو کەسیش لێی تێدەگات و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی و یاساکانی دەکات. دەبێتە یارییەکی گەورە هەموو کەس پێیخۆشە تێدا بەشدار بێت، لاسایی ئەویدی بکاتەوە و مەبەستێتی وەک ئەو هەمان کالآی هەبێ. تەنانەت دەبێتە یارییەکی ترسناک کە کلتوور و رۆشنبیری بەرێوە دەبات، ئەگەرچی زمانی نوێشی بۆ داهێنێ. رۆشنبیریی دەبێتە کالآ، دەگۆڕێ بۆ رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە بەرخورە؛ وەک نمایشی بەرگ دەبێتە جۆرە مۆدەیەک هەموو کەس پێی خۆشە لەبەریدابێت. بەو پێیەش دەیسەلمێنێ کە لەو کۆمەڵەدا خۆی گونجانووە. هەرچی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریە دەگۆڕێ بۆ ژیانی تایبەتی لە کار و خێزان و گەشتکردن و پشوودان و خۆشگوزاریی کە بەختەوەرییان بۆ مسۆگەر دەکات. هەرچی نائارامی و هەژاریی ژیانی خەڵکی ترە کە لە میدیاکاندا دەیبینن (وەک برسێتی لە ئەفریقا، بومەلەرزە لە هاییتی...)، بە سەرقاڵبوونی ئەمان بە خەرجکردنەوە چارەسەر کراوە و ئاشتییەکی ناوخۆیی دەستکردەیان پێ دەبەخشێ کە هەمووان بڵێن: ئۆخەیش ئێمە دوورین لەو کێشە و قەیران و هەژاریی و نائارامییە.

کۆمەڵی بەرخور بەرپرسیارێتی خۆی دەگرێتە ئەستۆ بەوەی ژیانێک بۆ کۆمەڵ مسۆگەر دەکات؛ ئەمە تێپێکە لە ژیان، واتە ژیانێک بە پێی قاڵبی بەرخوریی بۆیان ئامادەکراوە، پێوانەی تایبەتی خۆی هەیە و کەس ناتوانێ لە یاساکانی لادات و کەسیس نایەوێ لێی لادات.

مێژووی شت چۆن دەستی پێکردووە؟ یاخود کڕینی هەندێ کەلوپەل کە پاش بەکارهێنان دواتر فڕێی دەدەین چۆن بەرهەمهاتووە؟

ئانی لیۆنارد (Annie Lionard)، لە فیلمێکی کورتدا باسی مێژووی ‹‹شت›› دەکات و دەڵێ: شتەکان لە سیستەمێکدا جێگیربوونە بە نێوەندی دەرهێنان بە تێپەڕبوون بە بەرهەمهێنانیان و دابەشکردنیان و خەرجکردنیان و تێکشکانیان. ئەمەش پێی دەوترێ ئابووری مادە. لە ڕاستیدا وەها ئەم پرۆسەیە دەبینین وەک بڵێی سادە بێت و بە

چاکیی کاربکات، تەواو بێ کێشەیە؛ وەلێ وەها نییە، ئەم پرۆسەیە ئاسان نییە. لە نیوان هەر قۆناغێکیدا مرۆڤ کار دەکەن، هەندێکی ئەو مرۆڤانەش ئەرکیان لەوانی دی زۆرترە، کاری زۆرتر دەکەن؛ جگە لەوەی هەر یەک لەو قۆناغانە سنووری خۆی هەیە کە لێی دەوستێ. قۆناغی دەرهێنان، واتە (سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی سروشتی)، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ژینگە وێران بکرێ تاکو مۆڵی لەسەر دروستبکرێ. چوونکو لەم جۆرە پرۆژانەدا هەموو قۆناغی کارێک پێویستە و دەشکرێ. هەرچی سەرچاوەی ئاوە بەکاردەهێندرێ، چیاکان دەتەقێندرێنەوە تاکو سوود لە کانزایان وەرگیرێ و ڕێی هاتو چۆ خۆشبکەن، ئاژەڵ بە هەموو جۆرێک کەمدەبێتەوە و لەناودەچن (پێستەیان، فەرەوکانیان، عاج، ددان، ئیسک بەکاردەهێندرێ...)، داری دارستانەکان دەبڕێن...هتد. ئەوە جارێ هەر لێرەدا بەشێکی گەوەرەی ژینگە وێرانکرا و بۆ داهاتوو نوقسانی بێ وێنە دروستدەبێ. ئاکامی ئەم نوقسانییەش لە شوێنێک پاڵ بە خەڵکەکەوە دەنا بەرەو شوێنی تر بڕۆن و سوود لە خاکی ئەوانی تر ببینن، ئەم خاڵەش داگیرکردنی خاکی دی پێشنیار دەکات. کە ئەم قۆناغەش ئەنجامدرا، ئینجا بەرەو بەرهەمهێنان دەچن. لێرەشدا، بۆ ئەم قۆناغەش پێویست بە سووتەمەنی و ووزەییە، کێشەش لەوەدایە بۆ ئەم مەبەستە ووزەی سروشتی تێکەڵ بەو بەرهەمە کیماوییانە دەکرێ کە ژهراوین بۆ ئەوەی زۆرترین ووزە و بۆ درێژترین ماوە دەستکەوێ. لە دەرئەنجامدا، بەرهەمێکی زۆری ئەو کەلوپەلانە پەیدا دەبن کە مادەکانی لە پێکهاتەیەکی خراپ دروستکراون و زیان بە تەندروستی دەگەیەنن. بەو جۆرە بەرهەمی خراپ دەچێتە ناو بەرهەمهێنان و لەوسەریشەوە بەرهەمی خراپیش دەردەچێ.

ئامانجی سەرەکیش لەم هەموو کارە خۆشگوزەرانیە، بە دوی خۆشییدا بگەڕێ تاکو زۆرتر خەرج بکەی. هەموو بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرەش لە خزمەتی زیادکردنی مانەوەی خەڵکە لەو مۆڵانە. هەتا ماوەیەکی زۆرتر بمێننەوە زیاتر خەرج دەکەن، ئەمەش ئامانجی بەرهەمهێنەران و بازرگانەکان دەپێکێ. مۆڵ ئەو شوێنە داگیرکەرەیە کە لە قازانجی جوانییەکی دەستکرد سروشت دەسڕێتەوە. لە مۆڵێکی تایبەتی لە ئاریزۆنا لە ئەمریکا بەشێکی زۆری جۆری ئەو ئاژەڵ و باڵندە مردوـ زیندوانە تێیدا دروستکراوە کە وێنەیەکی ساردە لە تابلۆی سروشتی مردوی هونەرمەندێک، بە تەنیشتیانیشەوە چەک فرۆشێک ترسناکترین چەکی کاریگەر بۆ کوشتنیان دەفرۆشێ. ئەم جۆرە هاودژییە وێنەیەکە لە فرۆشتنی خەونێکی ترسناک.

پێداویستی لە کۆمەڵی بەرخور بەدەر لە خواردن و پێداویستی سەرەکیی وەها کاری تێداکراوە کە بەردەوام بە پێی زەوق و چێژ و ئارەزوو و خۆتازەکردنەوە بە دوی

پێداویستی نوێدا بگەڕێی. ئەو حەزو ئارەزووەش تەنها لە وێنەیەکی هزردا هەیە کە بەرهەمی خەیاڵە. ئەو جۆرە پێداویستیەش بەهایەکی ئاڵوگۆڕکەر و سیمبولیی هەیە نەک بەهایەکی بەکارهێنان. دروستکردنی پێداویستی نوێش مەرجی بەردەوامبوونی کۆمەڵی سەرمایەدارییە کە بەردەوام بە دوی بازاری نوێدا دەگەڕێ بۆ خەرجکردنی شمەک و کاڵاکانیان لە هەموو بوارێکدا، بە گەشتکردن و رابواردنیشەوە. هەر بۆیە کردنەوەی مۆڵ لە هەرچ کوێیەکی جیهاندا بێت بە قازانجی ئەمان دەگەڕێتەوە، چوونکو دەبنەوە بازارێک بۆ خرجکردن. لەم روانگەیەوە مرۆڤی بەرخور مرۆڤێکی چالاکە و لەگەڵ سیستەمی ئاماژەکانی بەرخوریی بەشووناس دەکرێ و خۆشی بێئاگایە لەو بەشووناسکردنە. بانکەکانیش هاوکاریی ئەو سیستەمە دەکەن، تاکو قەرزبدەن بەوانەی پێویستیان بە خەرجکردنی زیاترە. بودریارد دیسان مرۆڤی بەرخوردە وەک ماشێنێکی بەرخور و تێربوون دادەنێت کە دەبێ شاد و بەختەوەر بێت و بەو دۆخە رازی بێت، ئەوەی رازی نابێ، بە لادەر دادەنرێ لە سیستەمەکە. بە پێچەوانەی وتەی هەندێ سۆسیۆلۆگەکانیش، پۆست مۆدێرنیزم دانەتاشراوە لە ئایدۆلۆژی، ئەم تەنها ئایدۆلۆژی سیاسی وەرگێراوەتە سەر دۆخێکی تر، هەموو کۆمەڵێک بنچینەیەکی باوەڕ و میتی (mythe) خۆی هەیە، بەم واتەیەش ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە.

بۆدریارد ئاماژە بەوەش دەکات کە بەرخوریی هەڵگری گوتارێکی ئازادییە لە ڕێگای ئاماژە و ڕۆڵ ئەنجامدەدرێ. گوتارێکە ژن ئاراستەی ژنی دەکات، گەنج ئاراستەی گەنجی دەکات. هەر ئەم ئازادییە فەرمی و نارسیسیەشە (narcissique) کە ڕێ لە ئازادیی راستی دەگرێ. کاتێ گەنج و شۆڕش یەکسان دەکەین بەیەک، دوو چۆلەکە بە بەردێک دەکوژین: گەنج دەبێتە سیمبولی یاخیبوون بۆ هەموو گەنجانی دی لە کۆمەڵ، بەو شێوەیە یەکەم لە ڕێگای تیپێکی (فەرمی) دەستنیشانکراو لە کۆمەڵ کە تیپی «گەنجە» ئامانجەکە دەپێکێ. ئەوی تریشیان رۆڵی گەنجە کە بە وێنەی یاخیبوون و ڕاپەڕین و شۆڕشەوە گرێی دەدرێ. ئەم ئازادییە بۆ ژن ئاڵۆزترە، ژن لە ڕێگای ئازادیی سێکسواڵەتییەوە دەبێتە بەرخوری لەشی خۆی. ئازادیی سێکسواڵەتیش لە ڕێگای ژنەوە بەرخور دەکرێ. لێرەشەوە کۆمەڵی بەرخور ئێش لەسەر هەموو ئەو جفرانە دەکات، بە وردیی حیسابیان بۆ دەکات، توێژینەوە و لێکۆڵێنەوەی بازار و بەرهەمهێنان و حەز و چێژی کڕیار لێکدەداتەوە و جفرەی تایبەتیان بۆ دادەنا، کلیلی ئەو جفرانەش لە گیرفانی ئەو سیستەمە ئابوورییەیە.

دونیای ئەمڕۆ بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا بەرەو دروستکردنی سەنتەری کۆمێرسیال (مۆڵ) دەچێ. تەنانەت نزیک گوندە دوورەکانیش مۆڵی لێیە تاکو شار و گوند دابرانی تێدا نەبێ و لە هەموو لایەکەوە پارەی تێدا خەرجکەن. ئەم دەردە نوێیە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتۆتەوە و کوردستانیش بەدەر نییە لەوە. لەگەڵ جیاوازیی ئەوەی کورد تایبەتمەنی خۆی لەکیسدەدات بە نەمانی قەیسەری و بازاری نەریتی و خواردەمەنی خۆماڵیی و شمەک و کاڵای خۆماڵیی، چوونکو وەک کۆمەڵێک ئێمە بەرهەمان نییە، یان نەماوە، ئێمە بێ کەسین، ئێمە بازارێکی بەتاڵین بە بەرهەمی وڵاتانی دی مۆڵە دەستکردەکان پڕ دەکەینەوە. خواردنی پلاستیکی و دەیان جار ‹‹ڕیسایکلکراو›› و گۆڕانی ‹‹ژینەتیکی›› کراو لە بری خواردنی خۆماڵیی تەندروست دەخۆین، پرۆژەی مۆڵ پلانێکی ستراتیژیە، ڕووە ناشرینەکانی شەڕی پێ دادەپۆشن، دونیای ئەمڕۆ چیدی بێ مۆڵ وێنا ناکرێ. پەلی ئەو ئەختەبوتە ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر دەگاتە ئەو شوێنانەی خۆیان بە عاسی دەزانن.

دواجار بێزاربوونی مرۆڤ پاڵی پێوە دەنا بە دوی وێنەی نوێ و شوێنی تردا بگەڕێ. هەندێ کەسیش حەنینیان بۆ ئەو وێنە کۆنەی پێشوو لەسەر شوێن هەیانبوو، تووشی قێزوەنی و نامۆییان دەکات، ئەوەی لە کاتی منداڵی ئەودا جێی خۆشگوزەرانی بوو و جوانی بوو، لە سەردەمی گەورەبوونیدا وێرانەیە. مۆڵ خۆنوێکردنەوەی پێویستە، ڕۆژێکیش دێ کە مۆڵی کۆنیش بۆ نوێ چۆڵدەکرێ، کەسی تێدا نامێنێ و کارمەندەکانی پێشویشی لە ئێستای ئەو ساتەدا دەچەنە پاڵ بێکارەکانی تر دونیا.

## سەرچاوەکان:


- Jean Baudrillard, La Socit de consommation, d gallimard, Paris, ١٩٧٠.
- Les Temples de la consommation, film d’Helene Klodawsky, crite et commente par Ariel Wiezman, Canada, ٢٠٠٨.
- Histoire des choses, Annie Lionard. http://www.terre.tv/fr



# دەلـــوێ بگوترێ

# شیعری مێینە و

# شیعری نێرینە؟!!

**موحسین ئاوارە**

## دەستپێک

ئەم بابەتە لێدوان و لێکۆڵینەوە و بە دوا چوونی زۆر هەڵدەگرێ، هەر چەندە گفتوکۆی زۆری لە سەر کراوە و نووسینی هەمە جۆریش لەم بارەیەوە بڵاو کراوەتەوە، من پێم وایە بۆ ئەم مەسەلەیە دوو بەرە و دوو نێوەندیشی لێ دەکەوێتەوە، جا لە نێوەندی (دەلوێ و نالوێ)دا هەن دەڵێن وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، ئەگەر چی ئاماژەی وا هەیە بسەلمێنێ کە بڵێین بەلێ دەلوێ و هەیە، هەن دەڵێن نەخێر ئەم جۆرە لێکرازانە نییە، یەکێک لەوانە من بەش بە حاڵی خۆم ڕام وایە (نەگونجاوە و ناسازێ بگوترێ شیعری مێینە و شیعری نێرینە)، چونکە راستکردنەوەی ئەم دیوارە لە نێوەندی ئەو دوو رەگەزە کە شیعرێک هەبێ تایبەت بە ئافرەت و ئافرەتیش ئیلتزامی پێوە بکات و پەیوەست بێ بەو پرانسیپەوە، ئەمەیان کاری ناڕەوایە، بە هەمان پێوەر بۆ پیاوانیش، بەڵام حاڵەتە تایبەتمەندیەکان لە لایەنی سایکۆلۆژی وبایالۆژی ژن و کۆژانەکانی و ئەو کۆت و پێوەندە کۆمەلایەتیە و داب و نەریتانەی بە سەر ئافرەتاندا سەپێندراوە بە شیوە گشتییەکە لە زۆر لایەنەکانی ژیاندا کە وەک پیاو ئازادیان بۆ دەستەبەر نەبووە بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، هەر چەندە لە ریزبەندی قۆناخەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە پێی سەردەمەکان و شوێنگەکان و بار ودۆخەکانی کۆمەڵایەتی لێرە و لەوی گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بەڵام هەمیشە لە روانگەی پیاوسالارییەوە سەیری ژن کراوە لە نێو بازنەیەکی تەسکی پەیوەست بە کاریگەری داب و نەریت و ئاین و ئەو پاشخانە مێژووییە دێرینەی بە دەر لە مافە مرۆڤایتییەکان وەک ئەوەی ئافرەت لە نێوەندی بەرداشی غەریزەکانی ژیان و مەرگدا خوڵ بخوات، ئافرەت وەک جەستە و کۆیلە و سەبایە و خزمەتگوزار و بەرهەم هێنەری وەچە و منداڵ بەخیوکەر مامەلەی لە گەڵ کراوە بە تایبەتی لە دورگەی عەرەبی و لە وڵاتانی رۆژ هەڵات بە گشتی، بۆیە تەماشا دەکەین لە ناواخنی شیعرەکاندا، کــــێ قسە دەکات، شاعیر خودی خۆیەتی ئەویش ژنە، واتە رەنگدانەوەیەک هەیە

بە جۆرێک ئەگەر ناوی شاعیریشی بە سەرەوە نەبێ، ئەوە ئاشکرایە کە ئەم هۆنراوەیە ژنێک نووسیویەتی، خۆ ئەگەر شاعیرانی رەگەزی ژن بە جورئەت و رادیکالیانە بە دەر لە شەرم و ترس و بڤە و عەیبە و بە لە خۆ بـردوویی ناخی خۆیان دەربڕن، ناوەڕۆکی شیعرەکانیان پڕن لە غەریزەی ناوپۆشراو، ئیرۆسیەت، سێکس، دڕدۆنگی، خەون و خەیاڵ، وزەی گەرم و حەزی خەفەکراو و باکگڕاوندە کلومدراوەکان بە شێوەیەک لە نێو سووچ و گۆشە و کەلەبەرە نهێنییەکاندا وەک مێرووله مەسەلەکانیان بە لاپەڕەکان هەڵدەگەڕێن و پەردەکان وەلاوە دەنێن بەرە و جەوهەر و واقیع هەڵدەکشێن هەر وەک (مارتن هایدگەر) دەڵێت (لە کوێدا ئاشکرا بوون هەبێ، شاردنەوەش هەیە) خۆ پێچەوانەکەیشی هەر وا دەکەوێتەوە (لە کوێدا شاردنەوە هەبێ ئاشکرا بوونیشی دەبێ) واتە ئاساییە لە شیعری ژناندا مۆرکی مێبوونی پێوە دیار بێ، بەڵام ئەوە ناگەێنێ کە دوو ئەدەبی جیاواز هەبێ، ئەگەر چی نکووڵی لە بوونی دوو رەگەز ناکرێ کە هەیە، وەک نموونەیەک ئەگەر لە نێوەندی دوو گروپی دانشتوان گوێ رادێرین کە گروپێکیان لە رەگەزی پیاو و ئەوەی تریان ژن، دەبینین ژنەکان زیاتر باس لە شتی ژنانە دەکەن وەک (جل و بەرگ و خشل و جورەکانی خواردن و شێوەی دروست کردن و زگ و زا و منداڵ و کەرەستەکانی جوانکاری و ژیان و خاوخێزان و ماڵ و... هتد)، کەچی پیاوەکانیش زیاتر باس لە کاری رۆژانە و بژێوی و سیاسەت و باری ئابووری و بازرگانی و سەفەر و رووداو و کوشتن و کوشتاری لە ناوەوە و دەرەوەی گشت جیهاندا و زۆر شتی تری پەیوەست بە پیاوان .. هتد) ئەگەر سەرتاشخانە بۆ پیاوان هەبێ (ئارایشگا) بۆ ژنان هەیە، بایەخ بە جوانکردنی ژنان دەدرێ بۆ بکێشکردنی سەرنجی رەگەزی ئەوەی دی، ژن ژنایەتی خۆی دەکا و ئەگەر پێی بگووترێ تۆ پیاوانەی تورە دەبێ و پێی ناخۆشە، دەبێ پێی بڵێی ژنانەی، هەر وەک ئەوەی بە پیاوێک بڵێیت تۆ ژنانەی نەک هەڵدەچێت و تورە دەبێت بگرە دوور نییە دەستیش بوەشێنێ، کەواتە پێویستە دان بەم واقیعەوە بنێین کە ئەمە یاسای خۆڕسکی سروشتە، نێر ومێ هەیە و جیاوازیش لە نێوانیاندا لە هەندێ رووەوە هەیە، ئەگەر چی هەر دوو لا مرۆڤن کە ئەمەیان بنەچە و ڕەگە سەرەکییەکەیە، تەواوکەری یەکترن و کەسیان بە بێ ئەوەی تر هەڵناکا، واتە لە یەک سەرچاوەدا یەک شتن ئەویش ئەوەیە مرۆڤن، بەیەکەوەش نەبن تەرازووی ژیان لا سەنگ دەبێ .. ئەوەتا (شبنگلز) دەڵێت (پیاو فرۆکەیە و ئافرەت پەروانەکەیەتی) بەڵام لە دەربڕیندا شاعیرانی رەگەزی مێینە گەلێ جاران ئەو دەستەواژە و کەرەستە و وشە و ڕستانەی بە کاری دەهێنن بابەتی ژنانەن کە لە ناخەوە هەڵیانگرتوون و دایدەڕێژن چ وەک کەرەستەکانی جوانکاری یان هەڵچوونێکی یاخیبووانەی دەروونی تایبەت بە خویان

سەبارەت بە نەبوونی ئازادی و سەربەستی و چەوسانەوەیان بە دەست پیاوسالاری و داب و نەریتی دواکەوتوانە و خێلەکیانە بە بوونی گازندە و داواکاری و جۆرێک لە هەڵگەڕنەوەیان بەرامبەر بەو ستەم و ستەمکاریەی ئازاریان دەدات لە پاڵ خەونە خۆش وخولْیا و خەیاڵ و ئەوین و سۆزە هەڵچووەکانیان بە تەقاندنەوەی ئەو راز و نهێنیانەی پەردە پۆشیان کردوون ئەویش لە روانگەی رێبازی ئەدەبی فێمێنیست و جێندەری یان سروشتی .. بۆ ئەوەی وێنەی ژنان لە ئەدەبیاتی پیاواندا کە جار جار جیاوازیەکەی لێ بەدی دەکەین و خاڵ بە خاڵ وەک نمونە بیخەمە بەر چاو چونکە بابەتێکی سنووردار نییە و زۆر هەڵدەگرێت بە باشم زانی ئەو بابەتە بە هەندی هەڵگرم و پیاچوونەوەیەکی تێر و تەسەلی بۆ بکەم .

## ژن و هۆنراوە و تایبەتمەندیـەکانی

ئەگەر چی نێرینە و مێینە، هەناسەدانیان لە نێوەندی زەوی و ئاسماندا یەک هەوا هەڵدەمژن، مەرگیش یەک مەرگە لە ناوەوە و دەرەوەی ژیاندا، بەڵام هەست و سۆز و سروشت و حەز و ئارەزووەکانیان لە لایەنی بایالۆژی و فیسۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە جیاوازێکی لێ بەدی دەکرێت، لە پاڵ بوونی رێسای کۆمەڵ و داب و نەریت و باری کۆمەڵایەتی و کەلتووری کە کاریگەریان بەجێهێشتووە بە سەر دەروونی ژن، هەر چەندە لێرە و لەوێ مەسەلەکان وەکو یەک نین واتە بە پێی گۆڕانکاریەکان پێمان دەڵێن تا چەند ژنەکان ئازادن یان چەوساوەن ئەمەیان شێوە گشتیەکە وەردەگرێ، هەروەها تا چەندیش دیاردەکان لە هۆنراوەکانیان رەنگی داوەتەوە بە شێوەیەک ئەگەر هۆنراوەیەکمان خوێندووەوە ناوی شاعیریش بە سەریەوە نەبێت بزانین ئەم هۆنراوەیە ئافرەتێک نووسیوویەتی چونکە ئەو دەستەواژە و کەرەستانەی پەیوەستن بە ژیان و کۆژان جۆری تیرِوانین و ژینگە و رۆژگار و رۆژانەیان لە دێڕە شیعرەکانیاندا دەردەکەون، ئەگەر بە مێژووی دێرینی شاعیرانی جیهانی ژنەکاندا بچینەوە و ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە، بە بۆ چوونی مێژوونووسانی ئەدەب دەردەکەوێ چەندین سەدە بەر لە زایین شاعیرانی ژن هەبووە کە سەرەتاکەی لە ناوی (ئینهێ دۆنا) کە ئەو خاتوونە خودای کۆنترین شیعری جیهان بووە، خۆی کاهینێک بووە لە شاری ئوور دەژیا، دواتر (سـافۆ) کە لە شاعیرانی یونانی لە چاخی حەوتەمی بەر لە زایین بە شاعیری ئەوین و سێکسی لە قەڵەم دەدرا .. یان (بیلیتیس) و (نانا ئاخماتووا) و (مارینا تێسوێ تایوا) و (ئیمیلی دیکنسۆن) و (مارگوت بیکێل) و (ئیدیت سودر گران) و (ویسواوا شـیمبۆرێسکا)و (مەستورەی ئەردەڵانی)و ... دەیانی تر بەڵام ژمارەیان و دەنگیان بە

شێوە گشتیەکە کەمتر لە ئاست شاعیرانی پیاو دەرکەوتوون بە تایبەتی لە رۆژهەلات و وڵاتە دواکەوتووەکان، دەکرێ ئەوەش بڵێین ئەو هۆنراوانەی لە لایەن ژنانەوە بەرهەم هاتوون تا رادەیەک کە جێی گوتن بێت زیاتر لاسایی پیاوانیان کردۆتەوە، هەر وەک شاعیر و نووسەر (حەمە سەعید حەسەن)ەڵێت:

(کاتێک ژن لە دەرگەی ماڵی زمانی دا، لە مێژ بوو پیاو خاوەنی ماڵی زمان بوو، لە مێژ بوو زمان ژنی دەچەوساندەوە، کەلتووە جیاوازەکان هەموویان ژنیان سەرکوت دەکرد، لەو پەڕی دلۆڤانیاندا، ژنیان پەراوێز دەخست، ئاخر لە کن هەموو کەلتوورەکان، پیاو ئاوەز و ژن جەستە بوو، ئاخر هەر لە سوکرات و پلاتۆن و داروین وشۆبنهاوەر و نیتشەوە، تا عەققاد، ژنانیان پێ نوقسان بوو، بۆدلێر دەیگوت:

**ئەی مێ، ئەی شاژنی وڵاتی گوناه**

**ئەی شکۆمەندیی نـــزم**

**ئەی شـــەرمی بـالآ ٠**

مەی زەیادە دەبێژێت: (ئەی پیاو ! ئا من بە دەست تۆوە زەلیل بم، تۆش زەلیل دەبیت،تا من ئازاد نەبم، تۆش ئازاد نابی) * (١)

*بەڵێ هەر ئەم فاکتەرە لاوازانەیە هۆکارن کە پیاو بەرامبەر بە ژن هەیبووە یان هەیەتی، بە هەمان شێوە بیر و بۆچوونی ژنیش بەرامبەر بە پیاوان وا هەست پێکراو بووە، بۆیە تایبەتمەندێک و جیاوازیەک لە بەشێکی هۆنراوەکانی ژنان بە شێوازێکی تایبەت پەیوەست بە ژنانەوە بەدی دەکرێت، کە دەڵێم بەشێک چونکە ژنە شاعیرەکان، هەست و دەربڕینەکانیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی لێ بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە رۆژهەڵات لە گەڵ رۆژئاوادا سەبارەت بە لایەنی ئازادی دەربڕین و گەلێ بواری دی، بۆ نموونە لەو شیعرانەی باس لە جەستە و ئیرۆتیک و پۆرنۆگرافیک دەکرێت، کاتێ ژنێکی شاعیر جورئەتی ئەوە بکات هەستی خۆی لەم رووەوە دەربڕێت بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵـگەیەکی داخراودا ئەوە بە پاڵەوان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام باجەکەیشی دەدات، کەچی شاعیرێ لە رەگەزی پیاو ئاساییە بۆ هەمان مەسەلە ناخی خۆی دەربڕێ و هیچ سانسۆڕ و باس خواسێک بە سەرەوەی نییە ٠٠ ئەوەتا یەکێک لە شاعیرە ژنەکان کە ناودارە (ساڤۆ) لە سەردەمی چاخی حەوتەمی بەر لە زایین لە سەردەمی کەونارادا کە مەزنترین شاعیر بووە، تایبەترین هەستەکانی لە شیعری ئەویندارانەی ژنانەی لە شیعردا دەردەبڕی لە پەنای هەستی تاکە کەسی خۆیەوە، کەچی پیاوێکی ئاینی ناوداری ئاشووری بە ناوی (تا تیانووس)، (ســـاڤـۆی) تاوانبار کرد وەک سۆزانییەک و شێتی ئەوین و ئەو کەسەی بە خراپەی خۆیدا هەڵدەڵێ ئاوا ناوی دەبات، هەروەها تاقمێک

له نووسه‌ران وا باسیان کردووه که هۆگری هاوجنسخوازییه واته هاوجنسی ژن له گه‌ڵ ژندا ... (تا تیانووس) نووسیوویه‌تی که له ساڵی (٣٨)ی زایینیدا، ئۆسقۆفی شاری کۆنستانتینۆپۆل (قوسته‌نته‌نییه) سێنت گریگۆریۆس، فه‌رمانی ده‌رکرد هه‌موو په‌رتووکه‌کانی شیعری ساڤۆ بسوتێنن، ئه‌و کاره‌شیان کرد و گڕیان له خه‌رمانی به‌رهه‌مه‌کانی ئه‌و یه‌که‌م ژنه شاعیره‌ی جیهانی که‌ونارا به‌ردا، هه‌روه‌ها له ساڵی (٧٢٠) ی زایینی، جارێکی تر پاشماوه‌ی په‌رتووکه‌کانی ساڤۆ له سه‌ر فه‌رمانی (پاپ گری گۆریووس)ی حه‌وته‌م له رۆم و قوسته‌نته‌نییه گڕی تێبه‌ر درا، دیاره شیعری ساڤۆ ئه‌و کاته‌ش هه‌ر له به‌ر ده‌ستاندا بووه ... که‌چی به شایه‌دی نووسراوه‌کانی و به گوته‌ی (سیموونه فریلینگ) ساڤۆ ئه‌و جۆره نه‌بووه، هه‌روه‌ها که فێمێنسته‌کانی ئه‌مڕۆ باسی ده‌که‌ن ئه‌و شاعیره شیعره‌کانی خۆی بۆ ستایش و رێزلێنان له پله و پایه‌ی ژنان ته‌رخان کرد بوو .

بەڵێ ئه‌مڕۆش وه‌ک (٢٥٠٠) ساڵ له‌مه‌و به‌ر، بیر و شیعری هه‌ر نوێیه، ئه‌گه‌ر هاوجنسخواز بوو بێ یان راهیبه .

ئه‌گه‌ر چه‌ند نموونه‌یه‌کی زیندوو له شیعره‌کانی (ساڤۆ)دا بخینه به‌ر دیدی خوێنه‌ران هه‌ست ده‌که‌ین که زۆربه‌ی شیعره‌کانی ئه‌و ژنه باس له ئه‌وینێکی توند و به‌هێز و حه‌ز وئاره‌زووه‌کان ده‌کات، که هه‌ندێ جاریش لار ده‌بێته‌وه بۆ لایه‌نی ئیرۆتیکی و جنس و توانه‌وه له نێو خۆشه‌ویستێکی راسته‌قینه ...

چه‌ند کۆپله‌یه‌ک له شیعره‌کانی

---

**خۆشم ده‌وێ**
**هه‌ر شتێک منی خۆش بوێ**
**من پێم وایه**
**ئه‌وین**
**به‌شێکی له هه‌تاو پێ براوه**
*******
**تامه‌زرۆم و**
**له تامه‌زرۆیی دا بوومه خه‌ڵوز**
**تۆ ئه‌و که‌سه‌ی**
**که‌بابم ده !!**
*******

**من پێم وایــە کە تەنانەت**
**ناتوانم**
**ئاسـمان بگرمــە ئامێز**
*****
**هۆ وشـــەکان**
**ئەگەر ئێوەش هێز و گوڕێکتـان تێدا بــێ**
**زمانی من نەمــرتان دەکـا ... هتد * (٢)**

*بە هەمان شێوەی مامەلە کردن، بۆ چوونەکان بەرامبەر بە شیعری ژنان، لێرەدا باس لە بیر و ڕای (فرووغی فەڕڕوخ زاد) بەرامبەر بە شاعیرێکی تری ژن کە زۆربەی شاعیرانی جیهان توانای لە رادەبەدەری (بیلیتیسیان)یان ستایش کردووە، جا (فرووغ) دەڵێت: ـ تەنیا کتێبێک کە هەرگیز لە خوێندنەوەی ماندوو نابم گۆرانییەکانی بیلیتیسە، شیعری بیلیتیس وەک شیعری ســافۆ پڕە لە هەسـتی ژنانە و شێوە دەربڕینە بە درێژایی مێژوو کێشە هەڵایسێن بووە و زۆر کۆمەڵگا وەک تانو پۆ و بڤە لێیان ڕوانیوە، هەر بۆیە بە پێی ڕوانگەی کلتوورە جیاوازەکان و تاکە جیاوازەکان، ناسناوی جوداشیان بە بیلیتس داوە، لە سۆزانییەوە تا خاتوو خودای هونەر و ئەوین .

ئەگەر وەک نموونەش شیعرێکی (بیلیتیسان) وەرگرین، ئەوەتا لە شیعری (بێ ئۆقرەیی دا) لەم چەند دێڕەدا، هەستی ژنانە و ئارەزووەکانی دەخاتە ڕوو .

**لەو هەموو گریانەی رشتمە ئامێزییەوە**
**کڵپەی دڵم دێتەوە بە سەر شانییەوە**
**بەر لەوەی لە ترسان زمانم بگەڕێ**
**ئاخ کە من منداڵۆچکەیەکم و**
**پیاوانی شۆخ بە بێ ڕوانین لە لامەوە تێدەپەڕن**
**کەی دەتوانم دوو مەمـکم هەبێ و جوان و تورت بن وەکو هی تۆ**
**کە کراسەکەم بدڕێنێ و**
**پیاوان لە دین وەرگەڕێنــێ ... هتد * (٣)**

*بە شێوەیەکی گشتی لە هۆنراوەکانی ژناندا، شیعرەکانیان زیاتر لایەنی (سۆزێکی ڕۆمانسیانە ــ ناسکی ــ خەون و خەیاڵ ــ نەرم و نیانی ـ دلۆڤانی ــ لاواندنەوە و گریان ــ گازاندە و سەرکۆنە و چاوەڕوانی ــ جار جارە یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە لە پاڵ بە باوەش چوونەوە بەرە و خۆشەویستێکی پاک و دلسۆزی و وەفا و توانەوە بۆ تێر کردنی نەستە ئالۆزاوییەکانیان و قەرە بوو کردنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان ... بە

هەمان بیر و بۆچوون، بە هەمان نەرم و نیانی و ئەوینەوە نەک هەر شیعرەکانیان بۆ ڕامکردن و بکێشی هەستی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ نەهێشتنی دەمار گرژی و خوێن ڕشتن و رق و کینە و هێور کردنەوەیان بگرە ئەگەر بە مێژووی مرۆڤایەتی و کارەساتەکاندا بچینەوە دەبینین چۆن لە حەکایەتەکانی (هەزار و یەک شەوەدا)، شەهرەزادی ژن، توانی شەهریاری پیاو ڕام بکات و سروشتی بگۆڕێ لە خوێن ڕشتن و سەر پەڕاندن و رق و کینە کە لە دڵیدا چەکەرەی کرد بوو، دەبووایە هەموو شەوێک سەری کچێک بپەڕێنێ بە ئامانجی خوین مژین و مێینە قڕ کردن، کەچی شەهرەزاد بە توانا و لێهاتوویی خۆی توانی گیانی نەک هەر کچانی لە ریز بەندی دوای خۆی رزگار بکات، بەڵکو کۆی کچانی دواتر کە بەر شەرانگێزانەی شەهریار دەکەوتن رزگار بکات، رۆح و دڵی شەهریار بەرە و ئاقار و بەندەرەکانی عیشق و خۆشویستن و گیانی مرۆڤایەتی بەرێت، کە ئەمەیە دلۆڤانی ژن، هەڵبەتە شیعرەکانیشیان تایبەتمەندێکی تیایە لە شیعری پیاوان جیا کرێتەوە، تا ئاستێک ٠ *لە ئیمرۆماندا لەو سەردەمە پێشکەوتووە و بە جیهان بوونەی دنیادا، بە دەستەبەر کردنی ئازادی تاک و هاتنە ناوەوەی ئافرەت بۆ نێو دەسەڵات و بەرێوە بردنی کار و باری دام و دەزگاکانی وڵات لە گشت جومگەکانی ژیان و ئالودە بوون بە مافە ڕەواکانیان تا ئاستێکی فرە، کە ناتوانم بڵێم رەها، لێرە و لەوێ، بەو پێیەی شیعرەکانیان، نووسینەکانیان، جموجۆلی و خەبات و داواکاریەکانیان لە پەرە سەندن دایە، هەر چەندە زەمەنێکە جەنجاڵ و ناڕەحەت، بە حاڵەتە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکەیەوە نەک هەر شاعیرانی ڕەگەزی مێینە بگرە پیاوانیش یاخیبوون و رەتکردنەوە و نامۆ بوون بە شیعرەکانیانەوە بەدی دەکرێ، خۆ هەر ژن بەرگری لە مافەکانی خۆیان ناکەن بگرە زۆر جار پیاوانیش دەچنە پاڵ داواکاریەکانی ژنان و بەرگری لە مافی ژن دەکەن، ئەمەش وەستاوەتە سەر ئاستە رۆشنبیرییەکە کە بەرەو پێشچوون و لە بە هاوچەرخ بووون دایە، گەر ئاماژەیەک بە بۆچوونی نووسەری ناوداری عەرەب (د ٠ علی جعفر العلاق) بکەین کە دەڵێت: ــ (بەو پێیەی کە شاعیران لە جیهانێکی هاوچەرخدان بە رەگاژۆیی رۆشنبیری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەکەیدا بە هاودەمی رێکەوتن یان رەتکردنەوە و یاخیبوون لەو کۆمەلگەیە و سروشتی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوانیادا هەیە لە پاڵ نهێنیەکانی نێو ئەو گەردوونەی تیایدا دەژین، گۆڕانکاریەکان لە بەردەوامیدا دەبێت ٠) * (٤)

*پێکهاتەیی بونیاتی سایکۆلوژیەتی ژن زۆر تایبەتە بە جۆرێک بە دەیان نووسەری گەورە و فەیلەسوف و شاعیران ئاماژەیان بەوە کردووە کە ناتوانن بە تەواوەتی لە ناخی ژنان بگەن، بەڵێ ئەگەر بڵێن ئافرەت تا رادەیەک مەخلوقێکی غەریبە، هەن هەنگوین و

هەن ژەهر، هەن ژەهر و هەنگوین بە تێکەڵاوی (نیتشە) دەڵێت (ئەوانە ژنن کە لە هەر شوێنێکییەوە بگەڕێیت بە دوایدا دیوی ناوەوەی نادۆزییەوە) یان دەڵێت (ژن ماسک لە دوای ماسک کردوویەتییە دەم و چاوی)، (ئەنتۆنی فرود) یش دەڵێت (شەیتان، ئافرەتی قووت دا، بەڵام پێی هەزم نەکرا) ٠

* مامۆستا (دڵنیا عەبدوڵڵا) وەک ژنێک لە بارەی سایکۆلۆژیای ژن و پیاو، دەڵێت: ـ (پیاو قەوارەیەکە سایکۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە خاسیەتە بایلۆژیە تایبەتیەکانی هەیە و جیاواز لە ژن، (ژن) ئەو قەوارە تەم و مژاوییەیە کە پیاو لێی تێناگات، ئەو رووبەرە فراوانەیە کە لا جیاوازەکانی هەیە، جارێک تەم ومژاویەکی ئاشکرای پێوە دیارە وەک ئەو دارستانەی درەختەکانی لێک ئاڵاون، جاریکی دی وەک خۆر ڕوون و ئاشکرایە و وەک دەریا قووڵە و وەک دار خورما بەری هەیە ٠

پێکهاتە بایەلۆژییەکەی و ئەو فەرمانەی خودا لە پێناویدا دروستی کردووە، وایلێکردووە کە بونیادی لاواز بێت لە چاو پیاودا، ژن گۆڕانکاری بە سەر بونیادی جەستەیی و دەروونیدا دێت کاتێک باڵق دەبێت، رۆژگارێکی بە سەردا دێت کە تیایدا باری دەروونی تێک دەچێت بە هۆی چالاکی هۆرمۆنییەوە هەموو مانگێک لە کاتی سوڕی مانگانەدا، لە کاتی سک پڕ بوون و منداڵ بووندا، هەر وەها لە تەمەنی نائومێدیدا، کە چالاکی هۆرمۆنەکان جیاوازن، بۆیە لە باری دەروونی ژن تێناگەین ئەگەر لە سروشتە بایەلۆژیەکەی تێنەگەین ٠ * (٥)

(نەزار قەبانی) شاعیر لە شیعری (خۆیندکار)دا ئەم حەقیقەتەی سەرەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە نازانێ چ لە مێشکی ژندا هەیە و تێی ناگات کاتێ دەڵێت: ـــ

**پەنجا ساڵ بە خۆشەویستییەوە گیـرۆدە بووم**
**ئێستاش نازانم چی لە مێشکی ژناندایە**
**چۆن بیر دەکـــەنەوە**
**چۆن نەخشـە دادەڕێـژن**
**چۆن مەمکەکانیان مەشق دەدەن**
**لە سەر هیرش و پاشەکشێ و داگیرکاری و تاڵان و ئاشتی و شەڕ و**
**مردن لە گۆڕەپانی لووتبەرزیا**
**کتێبی مێینەیم خوێندەوە پیت بە پیتـی**
**ئێستاش شتێک فێـر نەبووم لە ئەبجەدی ٠٠٠ هتد * (٦)**

*بۆ هەمان مەبەست بیرو ڕای شاعیرێکی ژن دەخەینە روو لە پاڵ شیعرێکی کە بڵاو بۆتەوە و بۆ هەمان بابەت شیاوە، ئەوەتا لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ نووسەر (ئەحمەد رەزا) لە گەڵ شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) چاوپێکەوتنێکی ئەنجام داوە و لێی دەپرسێ: ـ

پ ـ (د ٠ مالک المطلبی ) لە کتێبی (وهم الحدث) دەڵێ، فاشلترین رەخنەگر،رەخنەگری سایکۆلۆژییە، چونکە توانای شێکردنەوەی سەرجەم شیفرە دەروونییەکانی نییە، پێت وایە تێڕمان و خەیاڵی شیعریی ئەوەندە ئاڵۆز بێت کلیلی جیهانبینی نووسەر بشارێتەوە و نەکرێ کشف بکرێت ؟

و ـ کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت: ــــ

کەی پیاوان توانیان لە ژنان تێبگەن ئەو کاتە پەی بە کلیلی جیهانبینی ئەم هێزە گەورە و نووستووەی ژنان ببەن و بیدۆزنەوە کە ناوی (ژن)ە، ئینجا بە پێەی ئەو وتەیە بێت کە دەڵێت (ژنی شاعیر دوو جار ژنە) کەوا جیهانبینی ژنانی شاعیر لەو دیو تەمومژێکی خەستترەوە لە چاو کەسانی تردا، ئەمەش ئەوەیە کە باڵا دەستیی پیاو لە دنیادا دروستی کردووە ٠٠٠ هتد) * (٧)

لە نووسینێکی تردا (کەژاڵ ئەحمەد) دەڵێت: ـ

(من ژنم و کۆمەڵێ خواست و خەسڵەتی ژنانەیی خۆم هەیە و ئەمەش ئەکاتە ئەوەی من شوناسێکی سەربەخۆی ژنانەم هەبێ) یان دەڵێت: (سەرنج بدەن ئێمە هەندێ گۆرانیبێژی ژنانمان هەیە گۆرانییەکانیان بە سەر ژندایە (مانای ژن بۆ ژن گۆرانی دەڵێ) ئەمەش شتێکە تەنیا لە کەلتوری ئێمەدا ئاوا بە ئاسانی وەردەگیرێت کە لە بنەڕەتدا دژی هەموو خواستە خودییە ژنانەییەکانە، بەردەوام دەبێ و دەڵێت، بە داخەوە پێیان وایە ئەگەر ژن تەعبیر لە خۆیان بکەن ئەوا قاڵبی لاوازی بە خۆوە دەگرن، کە بەڕای من بە پێچەوانەوەیە، ئەگەر ژنێ مەسخی خەسڵەتە ژنانەییەکانی بکات ئەو پەڕی لاوازییە) * (٨) ٠٠٠ هەروەها لە شیعری (سفر)یشدا (کەژاڵ)خان /ی شاعیر بە هەمان شێوەی وتەکانی باس لە ئەو جیاوازییە دەکات کە ژن لە گەڵ پیاودا هەیە، کە هەندێ جار نێوەندێکی زەحمەت دروست دەبێت بە هۆی دەسەڵات و سالاری پیاو و ئەو داب و نەریتەی نێو کۆمەڵگاکەمان کە بەسەر ڕەگەزی مێینە قورس کەوتۆتەوە و زیاتر ژن باجەکەی دەدات کاتێ دەڵێت: ــــ

**لە شوێنێکی گشتی پیاسەم لە گەڵدا بکەیت**
**ناتوانی وەکو هەر پیاوێ**
**سەرەڕای ئەو هەموو مرواری ئەوینەی لە دڵتایە**
**وەک سندبات لە سەر بەڕەی ئەفسوناوی بمخوازیت**

**من كە مانگم، خۆرەکەی تۆم بۆ چییە**
**هەڵەی من ئەوەیە نەمزانی**
**لە گەڵ تۆ بوون ئەوەندە زەحمەتە ... هتد * (٩)**

*دەگەڕێمەوە و ئەوەش دەڵێم، زۆر جار ئافرەت لە بەر کەمزانی و ساویلکەیی خۆی، فریو دەدرێ و پەی پێ دەبردرێت و فێڵی لێ دەکرێ تووشی هەڵە و زیانیش دەبێ لە پاڵ ئەم هەموو وردبینی و قووڵیەی هەیەتی .. دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین لە لایەنێکی بایەلۆژی یان بڵێین لایەنی جنسەوە، پیاو و ژن ڕێژەیەک لە ژنایەتی یان پیاوەتی لە دەروونی هەر دوو ڕەگەزدا هەیە، هەر وەک (کارل گۆستاف یۆنگ) ی دەروونناس کە بە تیۆری (ئەنیما و ئەنیمۆس) ناوبانگی دەر کردووە، کە ئەم دوو زاراوەیە پەیوەندی بە جنسی مرۆڤەوە هەیە، کە چ ژن و چ پیاو، ڕێژەیەک لە ژنایەتی یان پیاوەتی تیا هەیە، واتە دەروونی ژنانە بە ئەنیما و دەروونی پیاوانە بە ئەنیمۆس دادەندرێت، واتە ئەگەر پیاو لەو بەشە مێینەییەی خۆیدا پەیڕەوی بکات، ڕێژەی مێینەیی (خنوسە) زیاد دەکاو پیاوێکی ژنانە (مایع) دەردەچێت، لە لایەن ژنانەوە خۆشەویست نابێت و رقیان لێ دەبێتەوە، بە هەمان پێوەر ئەگەر ژن پەیڕەوی هەڵس وکەوتی پیوانەی کرد و خۆی وەک پیاوێک ناساند و نەرم و نیانی و ناز و جولە و جوانی ژنانەی لە دەست دا بەو پێیەی ڕێژەی پیاوانەی لە دەروونیدا زیاد بووە، ئیتر لە لایەن پیاوانەوە ئەو بایەخەی نامێنێ کە وەک ژنێک ژیانی لە گەڵ پەیڕەو بکرێت .

* ڕا و بۆچوونی شاعیران ونووسەرانی ژن لە گەڵ چەند نموونەیەکی پێویست .

*لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکان و دواندنی ئافرەتانی نووسەر و شاعیران و رۆشنبیرانیان بە تایبەتی، هەتا لە شیعر و نووسینەکانیاندا، ژن دەخەنە خانەی ستەم لێکراو و ماف زەوت کراو، سەر کوتکراو، دەکەونە بەرەی بەرگری لە مافەکانیان کە بەدەست پیاوسالارییەوە چەوسێندراونەتەوە .

* لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ شاعیر (دلسۆز حەمە)دا، لە وەڵامدانەوەیەکیدا دەڵێت: ـ (زۆرێک لە ژنە نووسەرە جیهانی و گەورەکانی دنیا فێمێنست نەبوون وەکو (ئیزابێل ئەلەندە ــ غادە سمان ـ ئەحلام موستەغانمی) بەڵام جوانترین و بەهێزترین دەقیان نووسیوە لە سەر پەنهانەکانی ژن وەکو ئینسان، لە سەر ئازارەکانی و ئازادانە توانیویانە گوزارشت لە ئاڵۆزترین دۆخی ژیانی ژنان، هەست و سۆز و عەشق و جەستە و هەموو ئەو هەست و پارادۆکسانە ئازاراویانەیان بکەن کە پەیوەستە بە واقعی ژیانی ژنانەوە .) * (١٠)

*ئەگەر نموونەیەک بە هۆنراوەیەک و زیاتر بهێنینەوە کە بە هۆنراوەیەکی (دلسۆز حەمە) دەست پێبکەین کە لە گەڵ ڕا و بۆ چوونەکانی ڕێک بکەوێت، تەماشا دەکەین ئەو هەستە کەم مافبوونەی تیا بەرجەستە دەبینین کاتێ بە هۆنراوەش دەریبڕیوە ٠٠ بە تایبەتی تێبینیم کردووە، نەک هەر لە هۆنراوەی دلسۆز حەمە بگرە لە زۆربەی شاعیرە ژنەکان ئەو تۆمەتە ئەزەلیەی وەک مۆرکێک بەسەریانەوە چەسپاوە خۆشیان بە لەکەیەکی دەزانن کە بە نێو چاوانیانەوە نووساوە و لە هۆنراوەکانیاندا باسی دەکەن، ئەویش ئەو لەتە سێوەیە کە دایکە (حەوا) دەرخواردی باوکە (ئادەم)ی داوە و لە بەهەشت دەرکراوین بۆ سەر زەمین، کە بە خاڵێکی نێگەتیف دراوەتە پاڵ ژن، گوایە ئەگەر بوار بە ژن بدرێت پیاو فریو دەدات و تووشی هەڵەی دەکات، کە ئەم ڕووداوە پشتاو پشت و گوریسا و گوریس شۆڕبۆتەوە، بووە بە کارتێکی فشار بە دەست پیاوانەوە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت و بێدەسەڵات کردنیان و ناجۆرییەک لە پێکهاتەیی سایکۆلۆژیەتی ڕەگەزی مێینە بەر جەستە بووە کە هەست بە کەمییەک بکەن و لە هۆنراوەکانیشیاندا ڕەنگ بداتەوە بە جۆرێک کە هۆنراوەکانیان دەخوێنینەوە سەیر دەکەین، هۆنراوەیەکی ژنانەیە، یان بە واتەیەکی تر بڵێین ئەم هۆنراوەیە ژنێکە نووسیویەتی ئەگەر ناویشی لە سەر نەبێ دەزانین ئەم هۆنراوەیە هی ژنێکە ٠٠ ئەوەتا لەم هۆنراوەیەدا (مارینا تێسوێ تایوا)ی کە یەکێکە لە شاعیرە ژنە بە ناوبانگەکانی روسیا، سەبارەت بە مەسەلەی ئەو لەتە سێوە و کاریگەرییە هەمیشەییەکەی بە سەر ڕەگەزی ژن لە لایەنی سایکۆلۆژییەوە کە لە شیعرەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە، کاتێ لە شیعرێکدا لە ژێر ناونیشانی (قەت لە دۆزەخ ڕزگار نابین) لەم چەند دێڕەدا دەڵێت:

**سەرەتا بە جلکی شڕ و دڕ داپۆشراو**
**پاشان بە تاجێکی پرشنگدار لە سەر بسکەکانمانەوە**
**لە بەندیخانە و لە جەژنەکان دا**
**ئێمە بەهەشـتمان لە کیس چووە**
**لە هەمبەر نیوە شەوە پڕ ئەستێرەکان و**
**باخە (سـێوە) بەهەشتی یەکان**
**خوشکە بەڕێزەکانی من، ئەی کیژۆڵە نەجیبەکان**
**بێ شک خۆمان لە دۆزەخ دا دەبینینەوە٠٠٠هتد* (١١)**

(دلسۆز حەمە)ش ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کاتێ لە قەسیدەی (تاقانە یاردا) لەم چەند دێڕەدا هەستی خۆیمان بۆ دەخاتە روو دەڵێت: ـ

**من کە سەر بە نەژادی پایـز و**
**نەوەی (دارسێوێک)ی تەنهام**
**دڵم بەخشی بە خەیاڵ**
**بە سێبەری شاسوارێکی قەت نەهاتوو**
**یان ....**
**من کە ژنێکی عەسریم**
**لە گەڵ رەنگ و عەتر و ملوانکە گیانی بە گیانیم**
**واتلێکردووم، نازانم چی لە بەر کەم**
**قژم چۆن و، کامە عەترە و، کام گوارەیە و**
**کامە پێڵاوانەم لە پێکەم ... هتد * (١٢)**

هەر وەها (گرانـاز مووسـەوی) ژنە شاعیری ناوداری فارسی لەم چەند دێڕەدا وا هەستی ژنانە دەردەبڕێ لە ژێر ناونیشانی (گوناە)دا کـە دەڵێت: ـ

**کاتێ هەندێ دوورتـر**
**هەموو جیهان هەر ئەمەیـە**
**کە (حەوا) (سـێو) ئەداتە ئادەم**
**هەر لەم نزیکییەوە، هێشتا هەموو گوناە هەر ئەمەیە**
**لە ئامێزی تۆدا ئارام بگرم و، بڵێم چەند هیلاکم**
**لە بیستنی جەنگەڵ، کە تـەور**
**تـەور**
**ئەمـرێ * (١٣)**

یـــان لە هۆنـراوەی (مـن)دا دەڵێت: ــ

**من مرۆڤم نـە چۆلەکـە**
**رووداوێـکی بچـووکـم**
**هەر جارێک کە ئەکەوم، دووکەرت ئەبم**
**نیوەم با ئەیبات**
**نیوەکەی تر پیاوێک، کە نایناسـم * (١٤)**

*نموونەیەکی تر کە شاعیرە ژنەکان لە هۆنراوەکانیان ئاماژەی پێ دەکەن ئەویش وشەی (سێوە)ە کە لە پێشدا دیرۆکی ئەو مەسەلەیەمان خستە بەر چاو کە تا چەند هۆنراوەکان

شوناسی ژنیەتیان نیشانمان دەدەن ‥ (ناڵە عەبدوڵرحمان) ی شاعیر لە شیعری (شەڕ لە نێوان ژن و خوایە، پیاویش ناوبژیوانێکی درۆزن) دا دەڵێت: ـ

**رۆڵە کچی قەلەندەرم**
**بێ هیدایەت خوای ئاسمان**
**فڕێی داویتە گۆشەیەکی بێزراوی زەمین**
**ئاخر بە لەتێ (سێو)ی حەوایەکەوە**
**ئێمەش سووتاین ‥‥ هتد * (١٥)**

*یان بە هەمان مەبەست و دەربڕین، ئافرەتە شاعیرەکان کە هەست و ناخی خۆیان ئاواڵا دەکەنەوە بە تایبەتی بەرامبەر بە پیاو و هێز و دەسترۆی ئەوان و سالاریان ئەوەتا (رۆژ هەلەبجەیی) شاعیریش دەڵێت: ـ

**درەختی (سێوەکە) سوور بوونی کەوتۆتە وێڵی**
**سوور کەوتۆتە خوارەوە**
**سوور رووومەتەکانی خەڵتانی سمێڵە**
**منیش سوڕ دەزانم، ئەوە دوا نیشتنەوەی**
**خەراباتەکانی تۆن دێڕێک دەکێڵێ**
**لە لێوی کچێکا ‥‥ !! * (١٦)**

*راستە ئەدەبێک نییە بە ناوی ئەدەبی پیاوان و ئەدەبی ژنان بەڵام نکولی لەوە ناکرێ کە لە زۆر لایەن و لە زۆر شتدا وەک سروشت لە پیاو و ژن جوداوازیەک هەیە، لە رووی تایبەتمەندی و شێوازی دەربڕین لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانیان و تەوزیف کردنی ئەو وشە و کەرستانەی پەیوەستن بەو دوو رەگەزە، هەر وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێکردووە، ئەمە و دەگەڕینەوە سەر چاوپێکەوتنێک لە گەڵ شاعیرێک (چنار نامق) وەک ژنێک بزانین بیرو بۆچوونی ئەوان چیە لەم رووەوە، کە لە گۆڤاری گزنگ، چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کراوە، یەک لە پرسیارەکان ‥

پ ـ ئایا شتێک هەیە بە ناوی ئەدەبی ژنانە و پیاوانە ‥ چۆن جیا دەکرێنەوە ؟
و ـ ئەدەب کردەی مرۆڤەکانە، کەوا بوو هەر دەقێکی بەرهەمهێنراو کە نووسەر بەرهەمی دەهێنێ جا چ شیعر بێت یا چیرۆک و هتد ‥ زادەی هزری نووسەرەکەیەتی، هەر بۆیە لە ستایل و شێوازی تایبەت بە نووسەر وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست دەکەوێت، پۆلینکردنی ئەدەبیات بۆ ئەدەبیاتی ژن ‥ پیاو ‥ منداڵ ‥ دیاردەیەکە لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە نەکراوە بە زمانی گەورە بۆ منداڵ بنووسرێت، یان منداڵێک چیرۆک وەک گەورە بنووسێت، بە شێوەیەکی سروشتی ژن و پیاو لە زۆر شتدا لێک

جودان، بگرە تێفکرین و تیڕوانینیشیان لە زۆر شتدا یەک ناگرێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە منی مرۆڤـ وەک خۆم بیر ئەکەمەوە چوون خۆم دەربڕینەکانم دەنووسمەوە، هەر ئەمەشە لە یەکترمان جویێ دەکاتەوە و پۆلینێکی سرووشتیمان بۆ دەخاتە روو لە دەق بە شێواز و تایبەتمەندێتی کەسایەتی دەناسرێتەوە لە رێگای دەستەواژە و، دەربڕین و ویناکردنی وێنەی شیعری جودا کە تایبەتمەندی کەسی تێدا رەنگ دەداتەوە، کەوا بوو لە ستایلی نووسەرەوە ڕەگەزەکەشی بە ئاسانی لای خوێنەر بەر جەستە دەبێت ٠ *(١٧) *ئەم بیر و ڕایەی شاعیرێکی ژن بۆ ئێمە گرنگ بوو، کە لە سەرەوەدا بە دیارمان خست، بۆیە دەکرێ چەند شیعرێکی ژنەکان بە نموونە بهێنینەوە کەئەو دەستەواژە و وشانەی لە شیعرەکاندا بەر جەستە بووە، بە شیعری ژن دەناسرێتەوە، واتە شاعیرێکی ژن نووسیویەتی ئەگەر ناویشی لە سەر نەبێ ئەوە هەر بۆ ئەو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە ٠
لە شیعری (عەشـقی ئاگر) شاعیر (مەهاباد قەرەداغی) دەڵێت: ـ

**ئاسمان دەسماڵە شینەکەی کۆڵی منە**
**کوردستانم وەک جلی بووکێنی خۆم تیا داناوە**
**هەوار هەوار لە گەڵ خۆمدا دەیگەڕێنم**
**لە شەوی شەهید بوونمدا**
**ئەو شەوە ئەلقە ناسکە شیعرییەکانم**
**شەهیدێ دەیکاتە پەنجەم**
**منیش دەسماڵە شینەکەم دەکەمەوە و**
**کوردستانم، وەک جلی سووری بوکێنی لە بەر دەکەم**
**ئاڵاکەشی وەکو تــارا لە سەر دەکەم ! *(١٨)**

لەم چەند دیڕەی سەرەوەدا، کە ئەو پەڕی شۆرشگێڕی و بەرەنگاربوونەوە و دلسوزی تیایە، بەڵام سەبارەت بە بابەتەکەی ئێمە کە مەبەستمانە بیسەلمێنین کە ئەم هۆنراوەیە ئەگەر ناوی (مەهاباد قەرەداغی) یشی لە سەر نەبێ دەزانین ئەوە ژنێک نووسیوویەتی، یان بڵێین هۆنراوەیەکی ژنانەیە، چونکە وشەکانی لێ بەکار هاتوو وەک (دەسماڵە شینەکە ــ جلی بووکێنی ــ تــارا٠٠ هتد) کە بۆ خۆی منی ژن گەڕاندۆیەتیەوە ٠
یــــــان بە هەمان شێوە شاعیر (گوڵناز عەلی) بالەتەیی، لە هۆنراوەی (خوەداوەندێ لا بیرەنتان)دا دەڵێت: ـــ
**د ناڤـ زنارێن ئشقێ دە**
**شەڤەکە راوەستایی ل بەر دەرگەهێ تەمە**

**پەرداخم، ژ بەر شەراب تە درەڤم و**
**د گەل خوە شەڤێ د بم**
**تنها خەونەکێ د ناڤ سیناریۆیا ژیانا من دە یی**
**ئاواز، چیڤانۆکێن گرنژینا (مێبوونا) من دە بهوژی**
**تۆ سەر تیپا خەمێ یی، گیانەکی د بیرا من دە**
**مینا تە ژ رۆژئاڤاییێ حەز دکم**
**سنگێ من، لە بەر سروودێن گریێ تە**
**مێرگەکە بێهنڤەدایی ٠٠٠هتد * (١٩)**

سەیر دەکەین لە هۆنراوەیەی سەرەوەدا (گوڵنان)خانیش کە دەڵێت (مێبوونا من) یان سنگێ من، میرگەکە بێهنڤەدایی ٠٠ دەگەرێتەوە سەر دێرِی یەکەمی (د ناڤ زنارێن ئشقێ دە)ئیتر هۆنراوەکە شوناسی هۆنراوەیەکی مێنە وەردەگرێ وەک نموونەیەکی تر بۆ بابەتەکەمان ٠

یـــــــــــان لە هۆنراوەی (بە ئافرەت بوونم ئەنازم) ی شاعیر (کوێستان ـ غەمسار) دا دەڵێت: ــ

زۆر ئاسوودەم کە خوای گەورە بە ئافرەتی خەڵــق کردووم
لە کتێبی ئاسمانیدا، بە گوڵی ژیان ناوی بردووم
جار جار زۆر بە خۆم ئەنازم
کە ئەو ناوەم بەر کەوتووە
ئیتر بۆچی بێ باک نەبم، لەوەی پیاوان
چییان بە ژنبوون وتووە
لە ئەفراندن هەتا مردن، ئەو بەهرەیە بە من درا
پێناسەی میهرەبانی و سۆز بە بەرۆکی منا کرا
من ئەو گوڵەم، ماڵەکان بۆزێنمەوە
لە هەر سووچێک بوونم هەبێت، غەمەکان ئەرەوێنمەوە ٠٠ هتد * (٢٠)

وا بزانم ئەم هۆنراوەیەی سەرەوەی (کوێستان)خان روون و ئاشکرایە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کە ژن نووسیویەتی و پێناسەی ژنیش دەکات، کەچی لەم دوو دێرەی خوارەشدا لە ژێر ناونیشانی (بێدەنگی) کە دەڵێت: ــ

فەرهادەکەی من، ئەمڕۆ بێدەنگ بوو
بۆیە گشت دنیام لە لا ڕەشرەنگ بوو * (٢١)

ئە لەم دوو دێرِەداشدا دەردەکەوێ شاعیرەکە ژنە، چونکە دەڵێت فەرهادەکەی من، واتە

خۆیشی (شیرین)ە کەیە ٠

پیاو لە هۆنراوەکانی شاعیرە ژنەکاندا وەک دوژمن و خۆشەویست

ئەگەر بە وردی سەرنجی زۆربەی ئەو هۆنراوانە بدەین کە شاعیرە ژنەکان لە ناخەوە دەریدەبڕن باس لە پیاو سالاری و توند وتیژی و چەوساندنەوە و دەرگە و پەنجەرەی داخراو و بە زۆرەملێ بە شودان و رەچاو نەکردنی تەمەن لە بەشودانداو هەڵـگیرسانی شەڕ و جەنگ و وێرانی کە لە لایەن پیاوەوە سەر هەڵدەدا و کێشە و ناخۆشیەکانی بۆ ژن جێدێڵن، هەر وەها بێ متمانەیی و درۆ کردن و هێنانی دوو ژن و زیاتر لە لایەن پیاوەوە کە ئەنجام دەدرێ ٠٠ لە پاڵ ئەم هەموو هەستە دوژمندارییە کە لە شیعرەکاندا شاعیرە ژنەکانمان دەریدەبڕن بە تایبەتی شاعیرانی رۆژ هەلات، بەڵام ناتوانن خۆشەویستێک و توانەوەیک بۆ ئەو بەرامبەرەی کە رەگەزی پیاوە بشارنەوە، بە هاوسەر و هاوگیان و هاو ژیانیان دادەنێن، چونکە تەواوکەری یەکترن بە بێ یەکتر هەڵناکەن، نموونەشمان زۆرن کە بە شیعرەکانیانەوە دیارە ٠

* (غادە السمان) کە نووسەر مستەفا سالح کەریم نووسیویەتی تیایدا دەڵێت: ـ

(غادە السمان، وەک چیرۆکنووس و رۆمانووسێکی بە توانا وبوێر لە جیهانی ئەدەبیاتدا لە لوبنانەوە تیشکی جیهانی وشەی خاوێنی رازاندەوە، یەکەم بەرهەمی ئەو کە بە ئێمە گەیشت بەم ناونیشانە بوو (چاوەکانت قەدەری منن) ئەم بەرهەمە تا ئێستا (١٣) جار چاپکراوە، هەروها ٠٠ شاعیرێـکی باڵا دەستە، درێژە بە وتەکانی دەدا و دواتر دەڵێت: نووسەری ئەدەبیی پاشکۆی رۆژنامەی (المدی) نووسیوویەتی و دەڵێ: (غادە) لەم بەرهەمەیدا بە ناونیشانی (عاشقی ئازادی)، وێنەی رووخساری پیاوێکی رۆژهەڵاتی کێشاوە، هەموو ئەو حاڵەتانەشی بەر جەستە کردووە کە بە هۆیانەوە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بە سەر ژندا بسەپێنێ تا رادەی ترساندن و تۆقاندن ٠

هەر لەم بەرهەمە نوێیەیدا لە ژێر ناونیشانی ((ئەو خۆشەویستمە و خۆشەویسترین دوژمنیشە)) غادە السمان دەڵێ:

**وێنەی چۆلەکەیەکم بۆ دڵدارەکەم رەسم کرد**

**ئەو قەفەسێکی بۆ رەسم کردم**

**وێنەی ژنێکم کرد**

**ئەو کۆت و زنجیری بۆ رەسم کرد**

**وێنەی دەریا و ئاسۆم بۆ کێشا**

**ئەو زیندانێکی رەسم کرد**

**کۆلارەیەکی کاغەزم دروستکرد و سواری بووم و دام لە شەقەی باڵ**

**ئەو وێنەی تفەنگێکی کرد و لوولەی کردە کۆلارەکەم**

(لە گەڵ ئەم هەموو دیمەنە دژ بە خواست و حەزی نووسەردا کە بە بۆچوونی ئەو پیاو بەرامبەر بە ژنی دەکا، کەچی هێشتا (غادە) دڵی نایەت نەفرەت لە پیاو بکات و بە دوژمنی دابنێ، بەلکو دان بەوەدا دەنێ کە پیاوی خۆش دوێ (هەر چەندە خۆشەویستترین دوژمنیشیەتی) * (٢٢)

لە هۆنراوەیەکی شاعیر (لازۆ)دا هاتووە کە دەڵێت: ـ

**گەر تۆ بمریت**
**من دەبمە چا گێڕی ئەو پیاوانەی**
**هیچ نازانن، شـەڕ نەبێت**
**هیچ نازانن، تووڕەیـی نەبێت**
**هیچ نازانن، کوشـتن نەبێت**

***

**گەر تۆ بمریت**
**ئیتـر من حەوشەکەمان گسـک نادەم**
**قاپەکان ناشـۆم، منداڵەکان ژێـر ناکەم**
**قـژم شـانە ناکەم، سووراو ناکـەم و**
**وەک قەرەجێکی بێ ئیش بە کۆلاندا دێم و دەچم ٠٠ هتد * (٢٣)**

لەم چەند دێڕە هۆنراوەیەی لازۆی ژن، لازۆی شاعیر، جگە لەوەی مانا و دەلالەتەکانی ژنانەیە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە پیاو وێنا دەکات بە (شەڕانگێزی ـ شەڕ ـ تووڕە ـ کوشتن) کەچی لە گەڵ ئەوەشدا بە خەیاڵی مردنی پیاوەکەی و خۆشویستنی بۆ ئەو پیاوە هەموو لایەنەکانی نێگەتیڤی وەلاوە دەنێ باس لەو ساتانەی دوای مردنی پیاوەکەی دەکات کە چەند بێ تاقەت دەبێ و ئاوا هەستی خۆی دەردەبڕێ کە (حەوشە گسک نادا ـ قاپەکان ناشوا ـ منداڵەکان ژێر ناکاتەوە ـ قژی شانە ناکات ـ سووراو ناکا ـ وەک قەرەجێـکی بێ ئیش بە کۆلانا دێ ودەچێ ٠٠ هتد) ٠

*بۆ هەمان مەبەست، لە هۆنراوەی (شەرمە ڕەشەکان)ی شاعیر (نیگار نادر)دا هاتووە:

**نەوێرام تێر بچمە چاوانتەوە**
**بۆ تەنها جارێک هەست بە گەرمی لەشت بکەم**
**ئای لە ترپە ترپەی دڵـم ٠٠٠**
**کە ئێواران بە بەر دەرگا رادەبووری و**
**دەتنۆڕیمێ، ئەمنیش کێهە بەرگ جوانە دەمپۆشی**

**تا لە پشت دەرگا ئاسنە بڵندەکان**
**لە سیلەوە بە شەرمەوە بزەیەکم پێ دەبەخشی**
**کەنیشکە شەرمۆینەکەی نێو چوار دیوار ...**
**گەرەکم بوو زۆر خەپەتۆڵە بم**
**تا پیاوە چاو بەشقاڵەکان، جارێ لە باڵام هەڵڕوانن و**
**پەسندم کەن بە خۆیان**
**حەزم دەکرد زۆر باڵ بگرم ... هتد * (٢٤)**

ئەگەر لەم چەند دێڕەی شاعیر نیگار نادر ورد بینەوە، سەیر دەکەین یەکەم شت باس لە پیاو سالاری دەکات کە ئازادی لە ئافرەت زەوت کردووە کە چێژ لە هاو ڕەگەزەکەی وەرگرێ و بە سەربستی لێی بڕوانی و تێکەڵ گیانی بە گیانی ببێت و ئارەزووەکانی وەک مرۆڤێک دامرکێنێ، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا کە باس لە دەرگای ئاسنی کلومدراو و درزی پەنجەرە و ترس و لەرز و تۆقاندن دەکات، بەڵام بۆ هەست کردن بە گەرمی لەشی پیاو و لەزت وەرگرتن هەتا رادەی لە سیلەوە بە شەرمەوە بزەیەک ببەخشی یان خۆی جوان بکات، بە جۆرێک ئەگەر پیاوە چاو بەشقاڵەکانیش لە باڵای هەڵڕوانن کە باڵا دەگرێ .

*نموونەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست، چەند دێڕێک لە هۆنراوەیەکی شاعیر (پەری شێخ سالح)ە کە دەڵێت: ـ

**چۆلەکەیەکی پێکراوی مەملەکەتی قەفەزم**
**دەمەوێت تەریقەتی گەڕانەوە فێر بم**
*****
**لە هیچ مەراقێکم توورە مەبن**
**ملوانکە پچڕاوەکەی بەر پێم و**
**پێڵاوە چاو بە فرمێسکەکانم لە ناو ژووری ئازارەکانمدا**
**ئاشتم بکەنەوە جار جارەش**
**لە گەڵ جلە شڕەکانم و**
**بنێشتە جوراوەکەی دەمم بدوێن .. هتد * (٢٥)**

(پەری شێخ سالح)یش باس لە توند و تیژی پیاوان دەکات وەک قەفەزی بەندییەتی ناو ماڵ و پچڕاندنی ملوانکەی و سرواندنی شەق و فرمێسکی رژاوی تا ئاستی تەڕ کرنی پێڵاوەکانی و ... دواتر نەرمی دەنوێنێ و داوای بە دوا چوون دەکات هەتا ئەو ڕادەیەی بنێشتی جوراوی کە فرێیی دەدا، ئەگەر بیدوینن بۆتان باس دەکات، ئەم هەموو حەز وخەیاڵ و نهێنی و ترس و سۆز و خۆشەویستی و ئاواتانەی ناوپۆشراون لە ناخیدا، بەڵێ

له گەڵ ئەم هەست و نەست و بیر و ڕایانەی بە شیعر دەریبڕیوە بەرامبەر بە پیاو لە لایەنی خراپییەوە، کەچی دواتر زۆر بە پەرۆشەوە حەز و ئەوین و سۆز و وەفا و دلسۆزی بەرامبەر بە پیاو دەردەبڕێت لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا لە قەسیدەی (بەس تۆ وەرە) ئاوا راستگۆیانە دڵی خۆی ئاوالّا دەکاتەوە و دەڵێت: ـ

**وەرە، با ئەم چا تاڵەی**
**ناو ئەم پیاڵە نێرجسییەم**
**بەو چەند کڵۆ قەندەی**
**نیـو زارتــەوە**
**بخـۆمــەوە**
*******

**وەرە با دانە دانە**
**گوڵــە بەیبوونە وەریوەکانی**
**بــەر پێت**
**بچنــمەوە ... هتد * (٢٦)**

*لە شیعرێکی شاعیری ناودار (فروغی فروخزاد)دا، لە ژێر ناونیشانی (بـا ئێمە لە گەڵ خۆیدا دەبـا)، ئەویش لەم چەند دێڕەدا، ئەگەر بە چەندین بەرهەم و لە چەندین شیعرەکانیدا باس لە دڵ رەقی پیاو و پێشێڵ کردنی مافی ژنان دەکات، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا ناتوانێ دەستبەرداری ئەوین و عیشق و خۆشەویستی و بیرەوەریەکانی بێت، ئەگەر (با) لە گەڵ خۆیدا ببیات بۆ لای ئەوی دی یان (با) ئەو بهێنێ، کە لەو دیو پەنجەرەدا زۆر شتی هەستەوەر هەیە و هەستی پێدەکات و لێوەوەی دەدوێ کاتێ دەڵێت:

**لەو دیو ئەم پەنجەرەیەدا شەو هەڵدەلەرزێ و**
**زەویش خەریکە لە گەڕان دەکەوێت**
**لەو دیو ئەم پەنجەرەیەدا نـامۆیەک**
**نیگەرانــی من و تـۆیە**
**ئەی هەموو لەشـت سـەوز**
**دەستەکانت وەکو بیرەوەرییەکی بە تین**
**لە دەسـتانی ئەویندارم نێ**

**لێوەکانیشت وەکو هەستێکی ئەویندارمی دانێ**
**(بـا) ئیمە لە گەڵ خۆیدا دەبـا**
**(بـا) ئێمە لە گەڵ خۆیدا دەبا ... * (٢٧)**

بۆچی هۆنراوەکانی شاعیرانی ڕەگەزی مێینە بە لوغز و گرێ یە ؟!

چ وەکو قسە کردن یان بە هۆنراوە دەربڕین دەردەکەوێ کە شاعیرانی ژن چەند هەستەوەرن و ئاسان نین، لوغز و گرێ و ناوپۆشراوییان زۆرە، هەڵبەتە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە، ئەگەر لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەینەوە ...

١ ــ پیاو کە باڵا دەستە و دەتوانێ ماف و ئازادی ژن زەوت بکات، پیاو لە سەرینگانە و، ژن لە پێودانگ لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی و سیاسی و ئاینی و کارەکانی دەولەت ... هتد

٢ ــ لە جل و بەرگ لە بەر کردن وەک پێویستە، ژن ئازاد نییە کە بە ئارەزووی خۆی جل لە بەر کات زۆر جار داب و نەریت و کەلتوور و فەرمانی خاو خیزان و پیاوسالاری بە سەرییەوە زاڵە .

٣ ــ پیاو دەتوانێ ژن بکوژی یا هەتکی بکات و لووت و گوێی ببڕێت بە ناوی سڕینەوەی پنتک و پەلەی ڕەشی شەڕەف، زۆر جاریش ژنان لە ئەنجامی تووڕە بوون و لە دەستدانی کۆنترۆلی خودی خۆیان پەنا دەبەنە بەر خۆ کوشتن و خۆ سوتاندن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن .

* (مەهاباد قەرەداغی) شاعیر و نووسەر دەڵێت: (بە پێی نۆرمەکانی کلتووری باوکسالاریدا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە و وڵاتە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانەکەی خۆمان لە سەر ئاستی خیزاندا، چەند جۆرێک توند و تیژی ڕووبەرووی ژنان دەبنەوە، بەشێک لەوانە دەچنە خانەی توند و تیژی فیزیکییەوە وەکو لێدان بە ناوی تەمبێکردنەوە کە ئەمەیان لە ئایندا جەختی لە سەر دەکرێتەوە و هانی هاوسەر دەدرێت بۆ لێدانی ژن و تەمبێکردنی، بەشێکی تری دەچێتە خانەی توند و تیژی دەروونییەوە، وەک جنێودان، وەک لاواز و گوناە تەماشا کردنی، سوکایەتی، زەلیلکردنی لە ناو قەفەزی جەستەی خۆیدا ... هتد * (٢٨)

٤ ــ ژنان لە هەموو کات و ساتێکدا هەستەوەرن و بە هەستەوە دێن و دەڕۆن و دەخەون، هەمیشە وا هەست دەکەن لە ژێر چاودیری دان، کەسێک بە دواوەیانەوەیە ئەگەر وەکو سێبەریش بێت، ناتوانن بە ئاشکرا و بە ئازادی خودی خۆیانەوە خۆشویستن و دڵداری و دۆستایەتی لە گەڵ بەرامبەرەکەیان بکەن وپەیوەندیەکانیان پەردە پۆشن .. بۆیە دەبینین لەم هۆنراوەیەی (ژاوێن شاڵی) شاعیر، لە قەسیدەی (دەست بە ئاسمانەوە

مەگرە لێگەڕێ تا ئەبەد ئەم بارانەمان لە خۆشکردنەوە بگرێ !)دا دەڵێت: ـ

**ئاخر لە نێوان پرچی درێژی من**
**پەنچە نەرمەکانی تۆ**
**باڵندەی نێو قەفەس هـەیە**
*******
**لە نێوان لێوی من**
**ماچی تـۆدا**
**سورپـتـی حەڕام هەیـە**
*******

**لە مەودای نێو چاوی من**
**روانینی تـۆدا**
**قەدەرێکی نادیار هەیە**
*******
**لە نێوان خەفە کردن و ویستەکان**
**لالەزاری گوزارشـتا**
**زیندانی سـپی هەیە ... هتد * (٢٩)**

٥ ــ بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو جەنگ و شەڕ و ئاشووبانەی لە نیوان تیرە و گوند و شار و شارۆچکە و لە نێوان ولات و ولاتێکەوە و هەرێم و هەرێمێکەوە کە رووی داوە لە ئەجامدا قوربانی یەکەم ئافرەت بووە کە باجەکەی داوە، بۆیە شاعیرانی رەگەزی ژن لە شیعرەکانیان پیاوان تاوانبار دەکەن بە هەڵـگیرسانی شەڕ و نائارامی و قوڕیش بۆ ژنەکان دەگرنەوە ... بۆ نموونە، ئەم چەند دێڕەی (لاندای)یەکانی کچانی پاشتوون، کە نووسەر (محەمەد فەریق حەسەن) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە هەمان مەبەستی سەرەوەمان ...

**ئەی ئەو شەماڵەی وا لە دەم چیاوە هەڵت کردووە**
**کە یارم لێی دەجەنگێ**
**چ نامەیەکت لە گەڵ خۆتا بۆت هێناوەم ؟**
**شـەماڵ دەڵێ: نامەی خۆشەویستە دوورەکەت،**
**بۆن باررووتی تۆپخانە و**
**گەرد و تۆزی کاولکاریم لە تەک خۆمدا هێناوە .. هتد * (٣٠)**

*ئەگەر لە خاڵی (٥) دانەبڕین، واتە شەڕ و جەنگەکان چۆن ئافرەت دەبێتە قوربانی وەزعەکە بە تایبەتی لە لایەنی دروستبوونی زەبر و زەنگ و توند و تیژی و دەستدریژی کردنە سەر ئافرەت لە هەتک (اغتیاب) و تاوانی سێکسی و ئابروو تکاندن و کوشتنیان یان بە دیل گرتن و بە سەبایە و جیهادی نکاح حیساب کردن ٠٠ هتد، بۆیە مێینە بەرامبەر بە رەگەزی نێرینە بە پارێز و هەست و گومان و ترس و پرسیار و دڵەڕاوکێ و هەڵوەستە و سڵمینەوە بووە، وەک ئەوەی خۆی بە نێچیرێک دانابێ لە دارستانێکا و پیاویش راوچییەکی برسی و هەندێ جار دڕندە و هیزداریش ٠

(پەروین هەمەدانی) نووسەر لە نووسینێکی لە ژێر ناونیشانی (دەستدرێژی سێکسی، یەکێکە لە شێوەکانی سەرکوتکردنی ئافرەتان، کە تیایدا بە ئامار و ژمارە نموونەیەکی زۆری هێناوەتەوە کە دەڵێت: ــ

((ژوونیەی ساڵی ١٩٩١ لە قوتابخانەی (سنت کیتـرۆس) کچان لە کینیا (٧٠) کیژە لاو لە لایەن تاقمێک لە پیاوە هاوپۆلەکانیانەوە دەستدرێژیان کرایە سەر، ئەم پەلامارە دڕندانەیە بوو بە هۆی مەرگی (١٩) کچ بە پێی راپۆرتی بڵاوکراوەی رۆژنامە ناوخۆییەکان)) * (٣١)

(گالیسا دلتاقۆ) ئەو ژنە لێتۆژەرەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (توند و تیژی خێزانی) دا دەڵێت: ((ساڵی ١٩٩٤، چوار ملیۆن رووداوی توند و تیژی خیزانی دژ بە ئافرەتان لە ئەمریکا روویداوە، سەدا بیستی لە رووداوەکان برینەکانیان کاریگەر بووە)) * (٣٢)

ئەمە مشتێکە لە خەروارێک وەک نموونە دەنا هی دەستدرێژیەکانی (داعش)کانیش ماوە ئامارەکانی تاوانەکانی بەرامبەر بە ژن بخرێتە روو لە ئایندەدا ٠

*ئــێ کە ئەم وەزعانە بەرامبەر بە ئافرەتان لە ئارا دابێ، چۆن لە دەربڕیندا جیاوازیەک لە بابەتەکانیان بەدی ناکرێ، کە بە شیعری ژن بناسرێتەوە، کە شاعیرێکی ژن نووسیویەتی ؟

* (ئێدیس سۆدیر گران) شاعیرێکی ژنە، فینلەدایی سوێدییە لە چەند دێرێکی قەسیدەیەکیدا دەردەکەوێ، شاعیر بە دەر لە نوزانەوە و گلەییەکانی، ئازادانە و ئازایانە دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێ: ــ

**من تۆڕێکم بۆ هەموو ماسییە چاو چنۆکەکان**
**من پێکێکم لە شانازی هەموو ژنان**
**من هەنگاوێکم بەرە و رێکەوت و وێرانیی**
**من چرپە چرپی خوێنم لە گوێی پیاودا**
**من هەڵــلەرزینی رۆحـم و**

**جەستەی تامەزرۆییم و ڕەتکردنەوەم ٠٠ هتد * (٣٣)**

٦ ـ بابەتێکی تر کە ڕەنگی دابێتەوە لە شیعری شاعیرانی (ژن)دا، مەسەلەی بە شو دانی کچە کە هۆکارێک بووە کە شاعیرە ژنەکان لێی بێنە دەنگ و شیعر، ئەویش بە زۆرەملێی باوک وخاوخیزان و کەس وکاری کچ کە میرد بە پیاوێک بکات بە بێ ڕەزامەندی کچەکە، یان دەدرایە پیاوێکی بە تەمەن کە بە دەیان ساڵ لە کچەکە گەورەتر بوو، یان گەورە گچکەی پێ دەکرا (بن پشک) یان بۆ مەسەلەی فرۆشتن و شیرباوی و وەرگرتنی پارە و سامان و بازرگانی کردن بە ژن ٠٠ هتد

(نەزەند بەگیخان)ی شاعیر جگە لەو بەهرەمەندییەی لە شیعردا هەیەتی سەبارەت بە (بزوتنەوەی فێمینیزم) ڕۆڵێکی بەر چاوی هەیە، شیعرەکانیشی بەرگری لە مافی ژنان دەکات و هەمیشە داوای یەکسانی و دادوەری و ڕەوا بوون دەکات، بۆ نموونە لە هۆنراوەیەکیدا باس لەو کچانە دەکات کە بە خواستی خۆیان بە میرد نادرێن، لە پیرە مێردێک مارە دەکرێن، گوڵی تەمەنیان دەژاکێ کە دەڵێت:

**دواتر سەربازێک هاتە ناو باخچەکەم**
**گوڵە بەیبوونە سپییەکانمی برد و**
**وەرزەکانمی هەڵوەراند**
**ئیتجا ئەوان هاتنە گۆ و وتیان**
**ئەمە تاوانی خۆی بوو**
**منیان خستە ناو دەستی پیرەمێردێک**
**چنگی تاریکی ڕژاندە سەر گەنجییەتیم**
**ئۆقیانووسێکی سوور سەری کرد بە باکوورمدا**
*******
**هێی هێی هێی هێی**
**گوڵێکی سپی بووم**
**لە گەڵ با، لە گەڵ باران، لە گەڵ عەشقدا هاودەم بووم**
**بای بۆر، قورس، ناگەهان**
**بە بەرگی پیاوانەوە هات**
**کرم کرم ئەستێرەکانمی شکاند و**
**کانیەکانمی هەڵوەراند ٠٠٠ هتد * (٣٤)**

*هەر وەها بۆ هەمان مەبەست لە نموونەیەکی دی چەند دێڕێک لە هۆنراوەیەکی (سۆزان مامە)ی شاعیر کە لە ژێر ناونیشانی (جوملەیەک لە خەزان)دا بڵاوی کردۆتەوە، وەک

شاعیرێکی ژن هەستی خۆی دەربڕیوە کە دەڵێ: ـ

**خودایە ٠٠ سنووری جوگرافیای ژنایەتیم**
**نەزیفی باڵای شکۆفەکانە**
**کە پێش باڵــق بــوون**
**مارە بڕان لە سمێڵی بارووتی و**
**لە دۆزەخــی نــەریــت ٠٠ هتد * (٣٥)**

*هەر لەم بارەیەوە ئەگەر نموونەیەکی دی بخەینە بەر دیدی خوێنەران لە کۆمەڵە شیعری (لە ماسی بوون پەشیمانم) ی شاعیر (فاتمە فەرهادی) کە لە پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی و ئەم چەند دێڕەم لێ هەڵبژارد کە دەڵێ: (هەموو هەوڵێکم ئەوەبوو کە زمان، زمانی من بێت لە فەزایەکی ژنانــە و تاکە کەسیدا) ٠ جا لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا ئاوا هەستی خۆی دەردەبڕێت لە مەسەلەی بە میردانی کچان بە ئارەزووی باوکان و ٠٠٠ دەڵێت: ـــ

**لە پشت خەرمانی گەنمەوە بانگت ئەکـا**
**((چاو شین      چاو شین))**
**سەوەتەی بیرەوەرییەکانت لە سەر شان دائەنێیت و**
**بە دوای دەنگدا چاو ئەگێڕیت و**
**هــۆ کیژۆڵــە چاو شینەکە !**
**لەو کاتەوە ئەنگوسـتیلەی چاوی بـاوکـم**
**دەسـتی تـۆی کـرد بە نیشـانە**
**لەو کاتەوە تارای بووکینیت دا بە سەرتا و**
**لە چاوی گەورە کچانا، بووی بە تـانـە ٠٠٠هتد * (٣٦)**

٧ ـــ هۆکارێکی دی کە شاعیرانی ژن هەست بە نیوەیی کۆمەڵ نەکەن لە شیعرەکانیاندا ئەوەندەی پیاوان خاوەن ماڵ و مولک و سەروەتن، لە دابەشکردنی میرات و بەشە ماڵ و مولکیشدا، دوو بەش بۆ پیاوانە، بەشێک بۆ ژنانە، دوو ژن بە شایەدەک دەچن لە دادگاکان، لە کارە سەرەکییەکانی دام و دەزگاکانی دەوڵەت زیاتر کارەکان بەر پیاو دەکەوێت، ژن ڕێژەکەی لە خوار پیاو دایە، ئەگەر چی لەم ساڵانەی دواییانەدا هەندێ لە پۆستە باڵاکان بەر ژن کەوتووە، بەڵام ئێستاش لە گەڵدا بێ دیکتاتۆریەتی پیاو وەک سیستەمێکی تۆلیتاریدا پەیڕەوی هەیە، ئەرکی بە خێو کردنی منداڵیش هەر لە ئەستۆی ژناندایە و زۆر جاریش لە لایەن پیاوەکانەوە وتەیەک دوو پات دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە بە ژن دەڵێن (بگەڕێوە نێو چێشتخانەکەت) ٠

(گالیسا دلتاڤـۆ) ی نووسەر دەڵێت: ـ
((لە بەر ئەوەی ماڵ ئەو شوێنەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی پیاو دایە، جێی سەر سوڕمان نییە ئەگەر پیاو وا هەست بکات جێگەی ژن ماڵەوەیە، ئەگەر بۆ کارکردن بچێتە دەرێ، ئەوە پیاو تووشی ئیرەیی و بێزاری دەکات، لە هەر هەمووی خراپتـر ئەوەیە کە کرێیەک وەردەگرێ زۆر لە کرێی پیاو کەمترە، ئێستا وا بزانە تۆ قوربانی کاری دەستدرێژیت، ئەگەر ماڵ بەجێهێشتنت لە بەر دەمدایە و بێ لانە بیت، دەبێت خەمی منداڵەکانیشت بخۆیت) * (٣٧)
بۆ نموونە (چنوور نامق) شاعیر کاتێ هەستی مێینەیی و شوناسی خۆی دەردەبڕێت کە ژن چەند نائازادە و بە دەستی پیاوەوە دەچەوسێندرێتەوە، دیارە زۆرینەی ژنان ئەم هەستەیان لە ناخدا داخوون بووە، لەم هۆنراوەیەیدا دەڵێ: ـ

**باسی سەربەستیم بۆ مەکە و**
**بە دەستە بەڕەڵڵاکانی ڕۆییین**
**کلی چاوم مەفـڕێنە**
**هێشتا ئاسۆی فڕین دوورە و**
**ئاشنا بوونم لە ڕۆخی دیلێتیی جاراندا شاردۆتەوە**
**هێشتا لێوم لە جێی سـووراو**
**تامی وشە پچڕ پچڕەکانی پێش ئازادی دەدا ٠٠ هتد * (٣٨)**

٨ ـ سەبارەت بە خوازبینی کچان کە لە چاوەڕوانیدا وەک ئەوەی لە وێستگەیەک دانیشتبن کەی قسمەت دێ، هەڵبەتە ئەم چاوەڕوانیە وەک کێشەیەکی دەروونییە بۆ ڕەگەزی مێینە
بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵـگەی ئێمەدا کە تاکو ئێستاکەش بە شێوەیەکی فراوان بوونی هەیە، چونکە بۆی نییە کچ یان کوڕ بە خواستی خۆیان هاوسەرگیـری بکەن کە لەوەشدا (یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە ٠٠ نازی کچی هەڵـگرتووە)، هەڵبەتە ئەم وێستگەیە، ئەم ئەم بەخت و نەخت و چاوەڕوانییە، پڕ لە مەینەت و ئازارە، کەی دێ ٠٠ کەی دێ ٠ بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین (ئەکرەم قەرەداغی) ئاوا بیر و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت لە ژێر ناونیشانی (دوو کێشەی ژن لە وڵاتی ئێرەدا) دەڵێت: ـ (بەشێکی زۆری ئەو کچانەی پلەی خوێندن تەواو دەکەن، خۆیان بەر بەستن لە بەر دەم ئەو کوڕانەی دەیانەوێت ژیان هاوسەریان لە گەڵدا دروست بکەن بە هۆی ئەوەی کە هەر یەکەیان لە خەیاڵیی خۆیدا نموونەیەکی تایبەتی بۆ ئەو کوڕە کێشاوە کە دەیەوێت هاوسەری لە گەڵدا بێکبهێنێت، لە بەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەوانە ڕەفز دەکەنەوە کە بەرەو ڕوویان دێن و هەر یەکە

به بیانوویەک، بەڵام ئەمە تا سەر بەردەوام نابێت، بویە کاتێک دەگەنە تەمەنێک ئیتر داواکارەکان نامێنن و خۆشیان ناگەن بەو نموونەیەی لە خەیاڵیاندا دروستیان کرد بوو٠ هەر وەها لە مەسەلەی (ریزبەندی)یشدا دەڵێت:

تا ئێستا لە زۆرێک لە خیزانەکانماندا ئەو نەریتە دواکەوتووە هەر ماوە کە دەڵێن تا کچی گەورەتر شوو نەکات نابێ کچی دواتر شوو بکات، لەوانەیە وا رێکبکەوێت کە خوازبینی کچە گەورەکە نەیەت بەوەش کچەکانی تر دەمێننەوە) * (٣٩)

*کەواتە دیسان دەگەڕینەوە سەر وێستگە و چاوەڕوانی کەی دێ ٠٠٠

(تریفە دۆسکی) شاعیر، لە هۆنراوەی (سێ نامەدا)دا، لە نامەی دووەمدا دەڵێت: ـ

**کەنگی دێ هێی**
**سنۆرێ زەمەنی د گەل من**
**ب گولێن عومر درێژ بشکێنی**
**هەناسان تێکەلکەین**
**وەک رەنگین تابلۆیەکا هەرزەکار بفڕین**
**بتنێ چ دوو بێ باڵ، بێ هزر، بێ کەلەخ، بێ تپل**
**بتنێ ئەز دناڤ تەدا**
**بتنێ تۆ دناڤ مندا**
**بچین سەمایەکا بلەز بکەین**
**فریشتە، ستێر، هەور، ئاسمان**
**هەمی تەماشەڤانێن مەبن**
**ئەم ژی دوو سەماکەرین دین بین**
**کەنگـــــــی دێ هێـــــی ٠٠ ؟ ٠٠٠ هتد * (٤٠)**

٩ ـ شاعیرە ژنەکان لە بەر شەرم ترس و عەیبە و لێپرسینەوە و داب و نەریت و کەلتوورەکەیان، ناتوانن ناخی خۆیان بە تەواوی دەربڕن و خاوەنی دەنگ و رەنگی ژنانەی خۆیان بن وەک پێویستە، باس لە غەریزە و هەست و ئەوین و عیشقێکی پاک و یان ئیرۆسیەت و ئیرۆتیک و گیانی تێنوویان بکەن لە هۆنراوەکانیاندا، بۆیە نەبوونی ئەو بوارە بە ئازادی دەربڕین کێشەی دەروونی و هەستەوەریان تا ئاستێکی زۆر چەکەرەی کردووە لە نێو گیان و ژیانیان کە بە دەستە و نەزەر و هەڵوەستە بن بەرامبەر بە پیاوان، زۆر جاریش ئاڵۆز و گۆشە گیر و خەمۆکی، هەمیشە ناتوانن رۆحی خۆیان بەراو کەن، نهێنیەکانیان پەردە پۆش و نایدرکێنن، واتە ئەو ژنە شاعیرەی ئەو دیو پەردە و پەنجەرە و نێو قەپێلک، کە نەیتوانیوە ناخی خۆی بە ئازادی دەربڕێ و تیکەڵی نێو

کۆمەڵ و ڕەگەزەکەی ئەوی دی بێت، من ناڵێم هەموو، بەڵام زۆرینە تا ئێستاش قوفڵی زمانیان نەکراوەتەوە، ئەم هەموو حەز و ئارەزووە و حەڕامبووانەی لە دڵ مێشکیاندا بە شاراوەیی ماوەتەوە، جار جار وەکو تیشکۆ و ترووسکێک ئەگەر خۆ دەربخات ٠ ئەوەتا (فرۆیـد)دەڵێ: (دەتوانین لە پشتی پەردەی قەدەغە کردنەوە هێزی حەز کردن لە حەڕامکراوەکان ببینین) * (٤١)

*بۆ بە دیار خستنی هەمان مەبەستی سەرەوەمان ئەگەر وەک نموونەیەک بخەینە روو لەم چەند دێڕ شیعرەی شاعیری عەرەب (ئەمەل ئەلجبوری)دا کە ژنە و لە ژێرناونیشانی (حیجابی نهێنییەکان)دا دەڵێ:

**نهێنی جانتاکان، پڕە لە شوێنەواری دزراو**
**نهێنی خیانەتێکە لە پریاسکەی گرێدراودا**
**نهێنی ئەو ژنە شەرمنانەیە کە لە تاریکیدا**
**خۆشەویستی دەکەن**
**نهێنی بۆن وبەرامەی نانێکی گەرمە**
**بۆ مەعیدەیەکی برسـی ٠٠٠ هتد * (٤٢)**

*هەر چەندە شاعیرانی ئافرەت، خەون و خورافات و فاڵ و نووشتە و سیحر و ئەفسانە و خوێندنەوەی بەخت و رمڵ هەڵدان و خەیاڵی پڕ و پوچ رەت دەکەنەوە، خۆیان بە دوور دەگرن لەو مەسەلانە، بەڵام هەتا ئێستاش بە رێژەیەکی ئێجگار زۆریش ئەم بڕوا پێبوونە لە نێو رەگەزی ئافرەتاندا بە شێوەیەکی گشتی زۆر زۆرە و، هۆکارەکەیشی پەیوەستە بە سرووشتی ئافرەتان کە لە حاڵەتی چاوەڕوانی و ئایندەخوازیان، وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد لە وێستگەی چاوەڕوانی و کەی دێ ٠٠ ئەوەتا لە دەقێکی شاعیر (ژوان ئاوارە)دا، ئەم واقیعەمان بۆ دەسەلمێنێ لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا کە دەڵێ:

**ژنە فاڵچییەکەی هاوڕێم دەیگوت**
**(بەر لە تۆ ژنێکی تر)**
**لە بەر دەم وەرزە ساردەکانی عەشقدا و**
**لە سەر دوواهەمین پلیکانەکانی غوربەتدا**
**لە چاوەڕوانـی پیـاوێکدا**
**ببوورە لە چاوەڕوانی کەسێکدا**
**بەر لەوەی گوڵە سپییەکانی ئەکاکیا ورد بکا و**
**بەر لەوەی عەورەتـی ئەستێرەکان**
**لە نیگاکانیدا زەخرەفە بکات ٠٠٠ هتد**

یان دەڵێت:

**من خـــەونم دیـوە کەســێ دێ**

**کەســێ دێ ٠٠ کەسێکی تر**

**کەسێکی باشــتـر ٠٠٠ هتد * (٤٣)**

١٠ ــ کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی شاعیرانی ژن (فرمێسکە) هەڵبەتە ئەو توند و تیژییەی بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجام دەدرێ، کۆژان و ئازارەکانیان لە دڵ و دەروونیاندا جینگڵ دەدا و لە هەڵچووندا ئەو فرمێسکە گەرمانە کە هەمیشە ئامادەیە و بە گوڕ دێتە خوار بە سەر گۆناکانیان، ئەی چۆن دامرکێنەوە ؟ ٠٠٠ فروغی فروخزادە دەڵێت: (ئەگەر نەگریامایە دەخنکام)، دیارە ئەم لاوازییە و دەستە و ئەژنۆیەش وەکو خۆی نەماوە، وردە وردە بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان و دەستەبەر کردنی ئازادییەکان، گۆڕانکاری بە سەر ئەم کەم دەسەلاتدارییەی ژنان دادێ و، بوونیان لە گۆڕەپانی بکەر و کارادا لە بەرەو پێشچووندایە، فرمێسکە ناچارییە ڕژاوەکانیان کەمتر دەبێتەوە ٠

(فرمێســـک مســـتەفـا) لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ ٠٠٠

**تــــۆ**

**دڵـــرەقـیـت دەمـوەرێنیـت**

**بـــــا**

**دەمهێنێتـەوە بــــــــۆ لای**

**تــــۆ**

**بـێ تـۆیـی ســـرم دەکــــات**

**بـەفــــر**

**دەمباتــەوە بــەر پـەنجەرەکـــــــەی**

**تــــــۆ**

**بـــــێ باکیــت دەمــگرێـنـێــت**

**باران لە دڵمدا**

**دادەکــــاتـەوە ســــەر ئـەشــــــقی**

**تەنیا تــۆ ٠٠٠ * (٤٤)**

١١ ــ (ئاوێنە) بۆ ڕەگەزی مێینە کات کوژە و وەڵامی ڕۆژانەی پرسیارەکانی ئافرەتان دەداتەوە هەمبەر جوانی و گۆڕانکاریەکانی و هەمیشە ئامادەیە لە ئاست وەدەر خستنی

جوانی و رووخساری ژنانی بەر دەمی، ئاوێنە لە مۆنۆپۆلکردن و کۆنترۆلکردنی ئافرەتان کەم تەرخەم نەبووە، بۆیە ئاوێنە لە زۆربەی شیعرەکانی ژنان بوونی هەیە ٠

*پیکاسۆ دەڵێت (ئەگەر ئاوێنە نەبووایە هەمیشە خۆم بە گەنج دەزانی ٠)

*برناردشۆ دەڵێت (ئەگەر ئافرەتێک ئاوێنەیەکی شکاند، ئەوە بزانە کە تەمەنی لاوێتی بە سەر چووە ٠)

لە قەسیدەیەکی (ئەرخەوان)ی شاعیردا، بە ناونیشانی (منی ژن، تۆی پیاو)دا، لە لەم چەند دێڕەدا دەڵێت:

**تۆ پیاوێکی لە عەقڵ**
**نیوەی کاتت لە بەر دەم**
**ئینتەرنێتا بە سەر ئەبەی**
**منیش ژنێکم لە جوانی**
**نیوەی تەمەنم لە بەر ئاوێنەدا**
**بە سەر ئەبەم ٠٠٠ *(٤٥)**

*لەو چەند خاڵانەی سەرەوەماندا کە ئاماژەمان بە چەند نموونەی زیندووی شاعیرە ژنەکان کرد، کە بۆچی ئەو وشە و دەستەواژنەی بە کاریان هێناوە (ژنانەیە) لە پاڵ نیشاندانی هەم زوڵم و پیاوسالاری و چەوساندنەوەیان و پێشێل کردنی مافەکانیان، کەچی وایان نیشانداوە کە بە بێ پیاو هەڵناکەن و هەمیشە خۆشەویستی و دلسۆزی خۆیان دەردەبڕن بۆ رەگەزی ئەوی دی ٠

(سیمۆن دۆ بۆڤوار) ئەو ژنە فەیلەسووفە فەڕەنسیە لەو باوەڕە دایە (پیاوان ژنانیان خستۆتە شوێن (ئەوی دی) و، لە یەک ئاسۆدا دایانناوە، هیچ دانپیانانێکی پۆزەتیڤیان نییە بو (ئەوی دییە)دا، ئەگەر مێینەیەتی قۆناغێک لە دەسەڵاتی بە خۆیەوە دیبێت وەکو لە هەندێک ئایینە دێرینەکان و لە بوونی خوداوەندە مێینەکان و خواکانی جوانیدا دەبینین، بەڵام ئەمە بە مانای ئازادی ژن نایەت، بەڵکو جۆرێکە لە بەتاڵکردنەوەی ژن و مرۆڤایەتیش مانای ڕاستەقینەی خۆی ٠ * (٤٦)

*جا (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)ی شاعیریش سەبارەت بەو ناجوری و پێکهاتەیەی خولقاوە بە شیعری ناو نیشان (بە پێنووسی ژنێک)، بەم چەند کۆپلەیەی خوارەوەدا هەستی خۆی دەردەبڕێت:

**سەیرە من گوڵم و تۆ هەنگیت**
**هەنگ لە پێناو گوڵدا گیان دەبەخشێ**
**من لە پێناو تۆدا تیرۆر دەکرێم**

**ژن لە رووبارێک دەچێ**
**نە (تێنووێتی)یان لێ دەشکێ، نە کەم دەکات**
**بەڵام کامتان دەتوانن**
**مەلەی تیا بکەن و نەخنکێن**
*******
**ئاواتم بوو**
**تۆ ژن بوویتایە و منیش پیاو**
**بەڵام جیاوازییەک نەبوو**
**ئەو کاتە من تۆم دەچەوساندەوە ٠٠٠ * (٤٧)**

*لە گەڵ هەموو جیاوازییەکانیشدا عیشق و ئەوین، لەمپەرەکان دەسڕێتەوە ٠

وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد لە شیعری شاعیرانی هەر دوو رەگەز ئاساییە شیعرەکان بە ناوەڕۆک مێینەیی و نیرینەیی لێ بە دیار بکەوێ، ئەگەر چی لە هۆنراوەکانی ژناندا زیاتر باس لە مافی زەوتکراو و پیاوسالاری و کێشەکانیان دەکەن، بەو پێیەی هەست بە زولم و مەغدوریەتی خۆیان دەخەنە روو، بە شێوە گشتیەکەش کە ئافرەت ئەو مەخلوقەیە زیاتر لە پیاو پەیوەستە بە سۆز و ئەوینی راستەقینە و عیشقێکی پاک، بەو مەرجەی بگاتە راستیەک کە بەرامبەرەکەی یان بڵێین دڵدار و ئەویندارەکەی راستگۆیە و لە دڵەوە خۆشی دەوێت، لە هۆنراوەکانیشی بە دیار دەکەوێت تا چەند سووتان و خۆشەویستیەکی قووڵ هەیە، بە شێوە گشتییەکە، ژن لە ژیانیدا هەمیشە هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات، تەنیا بە برادەرێک، دوستێک، دڵدارێک، یان هاوسەرێک، ئەو بۆشاییەی ژیانی پڕ دەکاتەوە، وەک چۆن لە هۆنراوەدا دلسۆزی تا ئاستی ئامادەیی خۆ بەخت کردن هەیە

بەو وشانەی دەریدەبڕیت، بە کردەوەش سەلماندوویەتی، بە هەزاران ئافرەت کەس وکار و خاو خێزانی جێهێشتووە و رەدووی ئەویندارەکەی خۆی کەوتووە، یان بووە بە قوربانی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، هەر دوو ڕەگەز ئەگەر لە گەڵ یەکیش هەڵنەکەن و ئەو جیاوازیەش هەیە بەڵام بە بێ یەکتر هەڵناکەن و تەنیایی هەر بۆ خوای گەورە باشە، پیاویش بە ئافرەتەوە جوانە و کاریگەری ئافرەتە وای لێ دەکات کە ببێتە داهێنەرێک،

*مەکسیم گۆرکی راستی فەرمووە (لە پشت لە هەر پیاوێکی مەزندا ژنێک هەیە)٠

*ئەراگۆن لە ناو چاوی ئەلیزەدا هەموو دنیا دەبینێ ٠

*شیعرەکانی نالـی نانێکی ڕەق بوو ئەگەر (حەبیبە) نەیرشاندبووایە ٠

*ئەو شینەی نەزار قەبانی بۆ بەلقیسی کرد، جیهانی پڕ هەور و باران کرد ٠

*مەولەوی، شاخی (بەمۆ)ی بە شیعر گوڵڕێژ نەدەکرد ئەگەر عیشقی (عەنبەر خاتوون)ی لە پشت پەڕامووچەکەی نەبووایە ٠

*لە ژێر ڕۆشنایی چاوانی (پیاتریس)یش بوو (دانتی) توانی گەورەترین شاکاری جیهانی بەرهەم بێنی و (کۆمیدیای خواوەند)ەکەی پێشکەش بە سەردەمی خۆی و نەوەکانی دوای خۆی بکات ٠

* (فەرهاد)یش شاخی بێستوونی بنکۆل نەدەکرد ئەگەر هێزی عەشقی (شیرین) قوڵینگەکەی پڕ خوێن و وزە نەکردبا ٠

* (وەلی دیوانە) دێوانەیی لێ نەدەهات ئەگەر گڕی مۆمی (شەم) باڵی پەپوولەکانی ناخی نەسووتاندبایە ٠

*ئەوەتا عیشقی (هۆڵدرین و سۆزان) (لیدیا و ماتیس) (ئۆلغا و بیکاسۆ) (سارتەر و لینا زۆنیتا) (پۆل ئێلوار و گالا) (مەلایی جەزیری و سەلما) (مەم و زین) (خەج و سیامەند) ٠٠هتد

بەڵێ بە هەمان پێوەر و زیاتریش، لە هۆنراوەی مێینەدا هەست و ڕەگ و خوێن و سووتان و ئەوین و خۆ بەختکردن و وەفا و دڵسۆزی و عیشق وقووڵبوونەوەی هەیە بۆ ئەوی دی ٠

* (حەیات مەجید پەرخی) شاعیر لە قەسیدەی (پیاوێک لە مندا سەما دەکا)دا دەڵێ:

**پیاوێک لە مندا سەما دەکا**
**پەنجەکانی دەئاڵێنێ لە پەنجەمەوە**
**بە خۆی و سێبەرەکەیەوە هەڵدەزەنێ بە بەرۆکمدا**
**تا کوشتنی تەنیایی خۆی، بە منێک دەسپێرێت**
**شەرمنتر لە تکە تکی توانەوەی چلوورەی**
**گوێسەوانەی تەمەنێ لە تەنیاییم، ٠٠٠ هتد * (٤٨)**

*یـان (سـمین چایـچی) شاعیر، لە هۆنراوەی دیـاری ٢ دەڵێت:

**هاتیتەوە و بۆمت هێنا**
**عەترێکی تایبەتی، خۆش بوو**
**بەڵام هیچ عەتر و گوڵاوێ**
**نادا بۆنی هەناسەی تـۆ**
*****

**هاتیتەوە و بۆمت هێنا**
**ئەڵقەی و ملوانکەیەک زێڕین**
**نامەوێ زێڕ و عەتر و گوڵ**
**هەر تۆم دەوێ لە باتی ژین ...هتد * (٤٩)**
*نەک هەر ژن، شاعیرە پیاوەکانیش بەرگری لە مافی ژنان دەکەن بە هۆنراوە و نووسینەکانیانەوە .

*ژن لە لای پیاوانەوە بە چەند جۆرێک تەماشا کراوە و مامەلەی لە گەڵدا کراوە، هەر وەها بە چەندین قۆناغی جیا جیا تێپەر بووە لە مێژووی ژیانی سەردەمەکان و ساڵ و مانگ و رۆژەکان، لێرە و لەوێ، دیارە لە وڵاتە دوا کەوتووەکان و ولاتە پێشکەوتووەکان، لە نێو خێڵ و بیابان و لادێ و گوند و شارۆچکە و شارەکان، لە هەر شوێنێک لە شوێنەکان، بە پێی رێژەی عەقلیەتی کەسەکان و دانشتوان و کەلتوور و داب نەریت و ئەو جێگایانە یان ئەو هەرێم و وڵاتانە، رێز و پایە و جیاوازیەکان هەبووە و هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە لای شاعیر و رۆشنفکر و نووسەران و هونەرمەند و عەقلمەندان پتر بایەخ بە ئافرەتان دراوە و رێزی زیاتریان لێ گیراوە و نەک هەر بە نیوەی کۆمەڵ بگرە لە لای هەندێکیان بەها و گەورەییان لەو رێژەیە زیاتر تێپەڕی کردووە
بۆ نموونە (عەبدوڵلا پەشێو) شاعیر، لە شیعرەیدا دەڵێت:
**لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا**
**تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای**
**لە گێژەنی تاریکیدا**
**تۆ بریسکەی بەفری چیای**
**لە بیابانا، هاژەی چەم و**
**لە نەهاتا، هەڵمی نان و**
**لە غوربەتا، داڵدە و پەنای**
**کلیلداری بەهەشتی تۆ**
**تۆ نەک نیوە، هەموو دنیای ... * (٥٠)**
(بێکەس حەمە قادر) ی شاعیریش لە هۆنراوەی (ژنێک هەمیشە وەک سێبەر بە سەر سەرمەوەیە دەڵێ:
**لە دونیای من، هیچ شتێک**
**لە تۆ گرانبەهاتر نییە، ئەی ژن**

**ئەی لە هەموو ئەفسانەکان گەورەتر**
**ئەی نیشتمانی من**
**بە تـۆوە کۆیلەیەکی سەربەست و**
**سەربەستێکی کۆیلـەم**
**کە تۆ دیار نیت، دەڕوانمە رووخساری ئاوێنە**
**کە تۆ دیار نیت، هەموو هەستەکانم پێم دەڵێن**
**تۆ هێشتا دوور نیت، ئەی ژن**
**تۆ لە گەڵمی لە هەموو شوێنێک**
**نە کات و نە زەمەن دەڵێی سـێبەری**
**لە کاتی درەوشانەوەی هەتاو**
**لێم جیا نابیتەوە ... * (٥١)**

*بەڵێ ئافرەت وەکو دایک، خوشک، دەستگیران، هاوسەر، شێرەژن، ئاودەنگ و ئاوەدانی، خیزان و نیشتەجێیی، رێکخەر و تەواوکەری ژیان، نێوانگیر و هێورکەرەوە، جوانی و سۆز و ناسکی، چێژ و ئەوین، پارسەنگـ، کانی، خێر و بێر، زاو زێ و خاکێکی بە پیت و بەرهەم، تەڕێتی لە بیابانی وشک و برینگ .. هتد . ئەوەتا (ناسح حوسێن سلێمان)ی نووسەریش ئاوا باس لە ئافرەت دەکات: (مرۆڤی کۆن هەمیشە ویستوویەتی هەموو شتێک بەر جەستە بکات، بۆیە ئەفسانەی سۆمەری و ئاشووری و گریکی و رۆمانی، دەیەها ئەفسانە و داستانی تر، لەهزر و بیری خۆیاندا زەوی دەکەن بە (مێینە) و ئاسمان بە (نێرینە)، ئەم بەر جەستە کردنە جۆرە لێکدانەوەیەکی هزری مرۆڤایەتی بووە بۆ ئەو دیاردە و بوونەوەرانەی کەوتوونەتە بەر چاوی ئەو کات، هەر لەم ئەفسانەوە تاکو هزری پۆستمۆدێرنزمی جیهانی، ئەمڕۆ چەمکی (ئافرەت) لە هەموو چەمکێک پتـر بە مێینە نیشاندراوە (هەق، جوانی، زاوزێ، خێر و بێر، شوێن، خاک، بەهرە، بەخشین .) ئەمانە هەموویان رەنگدانەوەی پارچەیەکن لە پارچەکانی هونەر، نەک رەنگدانەوەی تاوان و رووتبوونەوە .

جەلالەدینی رۆمـی دەڵێت: (ئافرەت تیشکێکە لە رووناکـی خودا)

(ئیبن عەرەبی)یش دەڵێت (حەق بە تەواوی لە ئافرەتدا دەبینرێت) لە ئاینە کۆنینەکانیش ئافرەت بایەخێکی گرنگی هەبووە، بووە بە خواوەند، واتە لووتکەی دەسەڵاتی رەها بۆ زاوزێ و جوانی، بەهرە بەخشین هەر لە خواوەندی (ئیناتا)ی عەشتار و (ئەستەر) ی تەورات و (ئەفرۆدیت)ی گریکی و (ڤینۆس)ی رۆمانیەوە تا دەگاتە (کاووشکا)ی هۆرییەکان، ئەمانە هەموویان ئافرەت بوون، هەر یەکەیان دیاردەیەکی ژیان بوون، بەم

شێوەیە بەر جەستە کراوە ٠ * (٥٢)
*شاعیر لە شیعرەکانیان و نووسەر لە نووسینەکانیان و هونەرمەندان لە کارە هونەرییەکانیان ٠٠٠ ئافرەت دەکەنە سیـمبۆل و خۆراکی ڕۆح، جوانیان، ناسکی و لەنجە و لار و خەند و وتە شیرینەکانیان و جەستە و ڕووخسا و چپە و جلو بەرگی ئاڵ واڵ و، ڕەنگ و دەنگ و پووزی گۆشتن و لەرەی مەمک و ٠٠٠هتد، بە پیاهەڵدان و ستایشکردن و وێنا کردنیان و بوونیان بە خوانی دیدگایی و ڕەوینەوەی غەریزە و بەراو کردنی تێنوویێتیان، بە جۆرێک دەنگی ناڕەزایی و تووڕەیی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت لە لایەن ئافرەتانیانی ئەوێی لێ کەوتۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە هەندێک لە ئافرەتانی ئەو وڵاتانە لە ڕێکخراوەکانی شارشتانی و فێمێنستی دەنگ هەڵبڕن و سـکاڵا تۆمار بکەن بەو ناوەی کە بۆچی ئافرەت ببێتە کاڵا و خۆراک و خوانی چاو و جەستە بۆ بەراوکردنی چێژ وەرگرتنی پیاوان کە لە لایەن شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان ئەم پرۆسەیە بەردەوامی هەیە، بەو شێوەیە ئافرەت لە بابەتەکان و هەتا لە پەیکەر و تابلۆکاندا ئاوا تەوزیف بکرێت، بە دەر لە لایەنی ڕەچاو کردنی ئافرەت کە هیچ جیاوازیەکی لە گەڵ پیاواندا نییە لە لایەنی مرۆڤایەتی وەک مرۆڤ و ڕەگەزێکی کارای ئەکتیڤی نێو کۆمەڵ و یەکسان لە ماف و هاوژینێتی، بە تایبەتی هەندێک جاران ئافرەت وەک جەستە و ڕووتەنی و سێکس لە شیعر و نووسن و وێنە و پەیکەرەکان نیشان دەدرێن ٠
* لە گەڵ ئەوەشدا کە دەنگی ناڕەزایی هەیە لەم بارەیەوە بە تایبەتی لە لایەن هەندێک لە ژنانی ئەورووپا کە پێیان وایە ئەم ستایشکردنە و ئەو پیاهەڵدانەی شاعیرە پیاوەکان بۆ ژنان دەیکەن، جۆرێکە لە سووکایەتی پێکردن ٠٠ بەڵام مەرج نییە ئەم بیر و بۆچوون و ڕا و سەرنجانە گشتگیری بێ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان خۆیان ئارایش و جوان دەکەن و قەت پێیان ناخۆش نییە بە بەژن و باڵا و جوانیان هەڵدەن، بەڵام لە سنووری ئاداب و ئەخلاق دەرنەچێ، دەنا ئەم پیاهەڵدان و ستایشکردنە جۆرێکە لە بایەخ پێدان وخۆشەویستی و ئیعجاب و گەورەییەک کە بە ئافرەت دەبەخشن ٠
شاعیری ناودار (ئەدۆنیس) لە شیعری (یادەوەری ــ شوناس ـ مۆرک)دا دەڵێت:

**ژن، بە دەم عیشقەوە سەما دەکات، دەفڕێت**

**کەچی بۆ جارێکیش نەیپرسیوە:**

**ئەوە منم بە کۆت و پێوەندەوە سەما دەکەم**

**ئەوە منم لە قەفسـدا دەفڕم ؟**

*******

**خەمەکانی ژن، جووتێک چاویان هەیە**

**تەنها فرمێسک دەیانبینن ٠٠ هتد * (٥٣)**
(قوبادی جەلی زادە) ی شاعیریش لە شیعری (تەنیا ژن)دا، ئاوا هەستی خۆی دەردەبڕێ کاتێ دەڵێت:

**خۆزگە تەنیا ژن، ژن باخەوان دەبوو**
**دڵنیام ٠٠ پەرژینیان لە سۆز هەڵدەچنی**
**زیکزیکەیان فێری مۆزیکا دەکرد**
**خۆزگە ژن، تەنیا ژن باخچەوان دەبوون**
**کە لە درەختێک توورە دەبوون**
**بە فرمێسک، گەڵاکانیان تەڕ دەکرد**
**گەڵاسالاری بکردایە، گوڵێک**
**بە مەمک هەڕەشەیان لێ دەکرد**
**ئەوساکە هەنگ نەیدەزانی**
**شیلەی گوڵ هەڵمژێ ٠٠ یا شیلەی مەمک ٠٠٠ * (٥٤)**

*کاتێ شاعیرانی ڕەگەزی نێرینە لە شیعرەکانیاندا، لە غەزەل و پیاهەڵدان و قوڵبوونەوە تا ئەو پەڕی خۆ بە قوربانکردن و داشکاندنەکانی نەفسیەتی خۆیان یان بڵێین موبالەغە کردن، یان سۆز و ناخێکی بێ پەروای هەڵچوونێکی کاتی، وایان لێ دەکات شیعرەکانیان ببێتە جێگای متمانە پێکردنی بەرامبەرەکیان و خوێنەران، کە تا چەند سووتاو و دلسۆزن بۆ ئەوین و عەشق و خۆشەویستەکانیان ٠٠٠ قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور ٠٠٠ دیارە

ئافرەت لە جۆشدانی کورەی دڵی پیاوانی بەهرەدار و بلیمەت و داهێنەر، داینەمۆی وزە بەخشین و هێزدار کردنیەتی، ئەگەر نا هۆنراوە و نووسینەکانیان وەک بیابانە وشک و برینگەکان تەڕیەتی لێ بەدی ناکرێت ٠

*نووسەری ناودار (هاشم سالح) دەڵێت:
(ئایا ڕۆڵی ئافرەت لە جۆشدانی پرۆسەی داهێنان لای پیاوانی بەهرەدار چییە، بە تایبەتی لای پیاوە بلیمەتەکان، بە شێوەیەکی خێرا دەتوانین بڵێین پیاوە بلیمەتەکان دوو هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئافرەت هەیە، یا بایەخدانی زۆر، یاخود پشتگوێخستنی زۆر ٠٠

بۆ نمونە زۆر دەگمەن ژیانی شاعیرێک هەبێت خۆشەویستیەکی شێتانە یان حەزلێکردنێکی سەرگەردانانەی تێدا نەبێت، زۆر جار ئەو خۆشەویستییە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە بەخشینی بەهرە بە شاعیرەکە و دەرکەوتنی بلیمەتییە خەفەکراوەکەی ٠

لە جێگایەکی تردا دەڵێت:
(پێدەچێت هەندێ لە خانمە شۆخ و شەنگ و جوانەکان، ڕۆڵێکی سیاسی یان تەنانەت ڕۆڵی هەواڵگریان بۆ بەرژەوەندی دامودەزگاکانی سۆڤیەت گێڕا بێت، لەو چەند جوانە ئەو جاسوسە ناسک و نازدارەی وەک ئاوریشم لە نێوان هەر دوو دەستتدا دەخزێت و لە یەک کاتدا هەم ژەهرە و هەم هەنگوینت دەداتێ،
ــــ لای کەس شاراوە نییە ئەلیزا کە عەقل و دڵی (ئاراگۆن)ی نەهێشتبوو، لە لایەن ناوەندەکانی فەڕەنساوە تومەتی ئەوەی خرا بووە پاڵ کە سیخوڕی ڕوسیایە، لە ڕاستیدا ئەوە ئەلیزا بوو هاوسەرەکەی خۆی هێنایە ناو حزبی شوعیەوە، پێشتر ئەراگۆن کەسێکی سوریالی بووە و مانای زەبت و ڕەبتی نەزانیوە،
ــــ هەر لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانەی هۆگری ئافرەتانی روس بوون لەوانە (ئولغا)ی هاوسەری بیکاسۆ ··· (گالا) کە پۆل ئیلواری خۆشدەویست پێش ئەوەی بکەوێتە داوی (سلفادۆر دالی)یەوە، (گالا) بەهرەی پۆل ئیلواری تەقاندەوە ··· بۆ نموونە چەند دێڕێک لەو هۆنراوەیەی بە ناونیشانی (گۆرانییەک بۆ گالا) کە دەڵێت:

**لە ژیانمدا تەنها گالام خۆشویستووە**
**من گەر تەواوی ئافرەتانی دیکە ڕەتدەکەمەوە**
**بۆ ئەوەیــە بسـلمێنم**
**لە جیهاندا هیچ ئافرەتێکی دیکە نییە گالا نەبێت ··· هتد**

**(لیدیا)** کە ئیلهامی بەخشییە هونەرمەندی گەورە ماتیس ··· (مایـا) کە بەم شێوەیە دڵـی (ڕۆمان ڕۆلان)ی داگیر کرد بوو، وای لێ کرد سڵ لەوە نەکاتەوە کە هاوسۆزی و ملکەچی خۆی بۆ جۆزیف ستالین پێشکەش بکات، ڕاستە خۆشەویستی کوێر و کەڕت دەکات ··· نابێت (جان پۆل سارتەر)ی ڕابەری بونگەرایی فەڕەنسیمان لە یاد بچێت، چەند سەرکێشی هەبووە، لەوانە چیرۆکی خۆشەویستییەکی شاراوە یان نیمچە نهێنی لە گەڵ خانمێکی رووسی بە ناوی (لینا زۆنینا) ٠ ❊ (٥٥)
❊ئەوەتا بۆ هەمان مەبەست شاعیرێکی خۆمانەش (تـەیـب قـادر) لەم شیعرەی خوارەوەدا، بەرامبەر بە ئافرەت هەستی خۆی دەردەبڕێ و وا نیشان دەدا کە پیاو بە بێ بوونی ئافرەت، بە بێ ڕووخسار و سیحر و جوانی بکێشی چاوانی ئافرەت، بە بێ ئەو پەنجەرانەی کە ئافرەت لە پشتەوەیدا وەستاوە، دنیا و ژین و ژینگە بیابانێکی ڕووتەڵەی جەهەنەمییە، دەڵێت: ـ

**که دەست دەکەیتە گەسک و**
**غەمی دڵـی پیاو دەماڵی**
**که لە سەر شەقامی زیندەکی ئەوەستی و**
**دەست لە نیگای پیاو بڵند دەکەی**
**تۆ ئەتوانی جەنگی ئاو و ئاگر بەرپـا بکەی**
**تۆ دەتوانی زەوی، ئاسمان، لە یەک بدووری**
**تۆ هەر که هەناری نیگات وەراند**
**دۆزەخییەکان و فردەوسییەکان لە ئەشق وەردەدەی**
**تۆ کلیلێکی، دەرگای دڵی پیاو بە تۆ نەبێ ناکرێتەوە**
**تۆ شەڕابی پشوو بۆ ژیان دەگرێتەوە و شەربەتی جەنگیش دەڕژێنی**
**وەرە نێو ماڵی دڵی من وەرە**
**نە من بۆنی تۆم لێدێ و نە پەنچەرەی تۆم بۆ کراوەتەوە**
**وەرە ئاوەدانم بکە ٠٠ ئاوەدان ٠ * (٥٦)**

*لەم سەر و بەندانەی که تا ئێستا یەکاڵامان کردۆتەوە دەردەکەوێ جیاوازی بەدی دەکرێ لە پرۆسەی نووسین و لە شیعرەکاندا که تا ئاستێک بڵێین شیعری ژن و شیعری پیاو لە ناوەڕۆک و سەر و سیمادا دەردەکەوێ، هەر چەندە لە هەر دوو رەگەزدا ئەو قوربانییە و دلسۆزی و خۆشەویستییەی هەیە که بە شیعرەکانەوە دیارە، ناتوانین بە رەهایی ئەو ناوەی لێ بنێین واتە (شیعری نێرینە و مێینە) ٠

لە کاتێکدا گوتمان دەرئەنجامی ئەوەی ژنان هەست بە مەغدوری و چەوسانەوە دەکەن لە چەندین رووەوە، ٠٠ هتد، که لە پێشدا ئاماژەی زۆرترمان هەبوو و خستمانە روو بە دوور و درێژی، که هەر ئافرەت بەرگری لە خۆی ناکات بەڵـکو شاعیرانی بە ڕگەز پیاویش بە شیعرەکانیان قسەی خۆیان هەیە ٠

* (موحسـین ئاوارە) ی شاعیریش لە هۆنراوەی (پۆلیـن)دا بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێت، دەڵێ: ــ

**ئەمیان وەک (داڵ)ێکی پیـر لە ئاست گوڵێـکی پشـکوتوو**
**نینـۆک تـیـژ**
**ئەویان لە پارچە مەرجـانێـک و مانگێـکی کەوانـەیـی**
**تیشـکی قـەرز کردووە**
**ئەمیان دەست بە خـوێـن**
**ئەویـان دەسـت بـە خــەنــە**

ئەمیان سمێڵی باداو دەماری گرژ کرد
ئەویان قژی زێڕینی بەرداوە و
خەندەی دڵڕفێنی پەخش کرد
ئەمیان بە دەنگێکی بەرزەوە، دوو بەردی تووڕەیی پێک دادا
ئەویان هێوربوونەوەیەکی شینی خستە دڵی سروشتەوە
ئەمیان ناوی پیاو بوو
ئەویان ژن ٠٠ * (٥٧)

*زۆرمان باسی لایەنی ئەکتیڤی ژن کرد، بە نووسینەکان و شیعرەکان چ لە لایەن ژنەکانەوە گوترابێ یان پیاوەکان، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کە ژن بە فریشتە لە قەڵەم دەدەین، هەموو پۆزەتیڤات و پاکیزەیی و جوانی و هێوری و بەرەکەت و بەرهەمهێنەر و هەروەها بە مەغدور و بە نێوانانگیری خیرخوازی دادەنێین، کەچی دەبێ ئەوەش بڵێین،لایەنی (نێگەتیڤی)یش و نەباشی لە زۆرێک لە ئافرەتان هەیە، هەن بە فیتنە و جوانی و ئافات و وێرانکەر ناوی دەبەن، نەک هەر پیاو لەو باسەدا بەشدارە بگرە زۆر جاران ژنان لە باسی ژندا زۆر بە پەرگر و خراپ لە ئاکاری ژنان بە رقەوە دەدوێن کە گوایە دنیایەکی غەریب ئەتوارن، واتە نەک بە رەهایی بەلکۆ هەندێک یان بەشێک لە ژنان بۆ نموونە شاژنی جوان و جوانکیلە لە جیهانی سەردەمی خۆی (برجیت باردۆ) ی هونەرمەندی فەڕەنسایی، ئاخۆ لەو کاتەی رقی لە هەلس و کەوتی چ ژنێک هەڵساوە دەڵێت (من لە بەر ئەوە پیاوم خۆش ناوێ چونکە نێرینەیە، بەڵکو لە بەر ئەوە خۆشم دەوێت چونکە ژن نیە) ٠

ئەگەر بە داستانەکان و میژووی مرۆڤایەتی دا بچینەوە و بڵێین ڕاستە زۆر ژن هەبووە بووە بە مایەی فتنە و شەڕانگێزی و ئاشووبی گەورە بۆ نموونە:

((کاتێ ٠٠٠ (هێلینا) ژنی مینیلاوسی ئەسپرتەی یونانی ڕەدووی (پاریس)ی کوڕی پریامی پاشای تەڕوادە کەوت، یونانییەکان بە سەرۆکایەتی (ئەگامەمنوون) لەشکر کێشییان کردە سەر تەڕوادە و دە ساڵ ئابڵووقەیان دا، لەو شەڕە درێژخایەنەدا خودانەکانی یونانییەکانیش بەشدار بوون، بوون بە دوو بەشەوە، هەر هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ لایەک، جا ئەم شەڕە، هەندێ دیمەنی کاریگەر دەخاتە پێش چاو کە بەرد دەتوێنێتەوە کە ئەنجامی ئەو شەڕەی لێ کەوتەوە بۆ نموونە: (دیمەنی جەرگبڕی پیرەمێردێکی وەک پریام پاشا واتە باوکی پاریس و پیرەژنێکی وەک هیکۆبای شاژنی تەڕوادە دایکی پاریس کە هێلینی هەڵگرتبوو، یەک لە دوای یەک منداڵەکانیان لە بەر سکی دایک و باوکیان هەڵگیراو و کوژران و تووشی زگسووتان هاتن) * (٥٨)

*هەروەها (کیلۆپاترا) شاژنی میسر بوو لە سەردەمی بتلیسەکان، حەزی لە یولیوسی قراڵ دەکرد، پاشان بە هۆی سیاسییەوە وازی لە قەیسەر هێنا و مارکو ئانتۆنیوسی سەرۆکی رۆمای خۆشویست، شەڕی بە ناوبانگی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا لە سەر ئەو هەڵگیرسا و بووە مایەی شکست و مەرگی ئانتۆنیوس، لە ئەنجامدا خۆی کوشت بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر دەستی ئۆکتاڤیوس ٠ * (٥٩)

## ئــەنـجـــام

دوای وردبوونەوە و قووڵبوونەوەیەکی زۆرو فراوان، بابەتیانە، تاوتوێ و شەن و کەوی ئەو مەسەلەیەمان کرد کە ناونیشانێک لە خۆی دەگرێت (دەلوێ بگوترێ شیعری مێینە و شیعری نێرینە ؟) خۆی لە خۆیدا ئەم پرسیارە وەلامێکی زۆر و پانتاییەکی زۆری داگیـر کرد وەک لە پێشدا بە نموونەی زیندوو، بە شیعری شاعیرانی ژن و شیعری پیاوان پاساومان هێنایەوە، لە پاڵ چەندین بیرو بۆچوونی نووسەر و رۆشنفکر و شاعیرانی ناودار لە هەر دوو ڕەگەزدا کە دەتوانین بڵێین لە دوو خاڵی سەرەکی گیرساوەتەوە ٠

١ ـــ ناگونجێ و نالوێ و نا ڕەوایە دیوارێک لە نێوەندی ئەو دوو رەگەزە قیت کەینەوە و بڵێین شیعری ئافرەتان و شیعری پیاوان، چونکە لە رووی بوون و مرۆڤایەتی و ژیان و بژیویان، کە تەواو کەری یەکتـرن ئەویش مرۆڤــن، هەست و نەست و هەناسەدان و غەریزە و ئارەزووەکانیان بۆ ژیان و ژین و ئایندە و ئاسۆکان لە سەر یەک ئەرز و لە ژێر یەک ئاسمان دایە، یەک سروشت کۆی کردونەتەوە و لە یەک (سروشت)یش دەدوێن بە شیعر بێت یان هەر بابەتێکی تر ٠٠٠

٢ ـــ بەڵام ٠٠ وەک ڕا و سەرنج و بیر و بۆچوونی خۆم و نووسەر و شاعیر و رۆشنفکرانی ژنان و پیاوان چ لە چاوپێکەوتن و نووسینەکانیان یان شیعرەکانیاندا کە بە نموونە خرایە بەر چاو، دەرکەوت کە لە شیعری ژنان جیاوازیەک بەدی دەکرێ لە گەڵ شیعری پیاوان کە بتوانین کەسایەتی و شوناسی ژن لە شیعرەکاندا بەدی بکەین و بە هەمان شێوە لە شیعری پیاواندا، ئەویش هۆکاری خۆی هەیە جگە لە لایەنی فیسۆلۆژی و بایالۆژی، لایەنێکی بنەڕەتی دی ئەویش (سایکۆلۆژی)یە کە کەلتوور و داب و نەریت و ئاین و کۆت و پەیوەند و نــا ئازادی و نــا سەربەستی و کۆمەڵ و کۆمەڵـگەی داخراو و پیاوسالاری و مێژوویەک پڕ لە تاوان و زوڵم وسەرکوتکردن هەبووە و هەیە کە ئافرەت وەک کۆیلە و سەبایە و جیهادی نکاح و بێ نرخی و بێ بایەخدانی

سەپاندوویەتی  بە سەر ئەم رەگەزە واتە رەگەزی مێینە، هەڵبەتە لە شوێنێکەوە یا لە هەرێم و وڵات و ئەرز و خێڵ و خێوەت و رەشماڵێکەوە، لە وڵاتە دواکەوتووەکان و پێشکەوتووەکانەوە،جیاوازی و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەڵام بە شێوە گشتیەکە ئەم هۆکارانەی سەرەوە و زیاتریش وای کردووە کە شاعیرە ژنەکان کاتێ شیعرێک دەنووسننەوە، دەر دەکەوێت کە ئەم شیعرە، شیعرێکی ژنانەیە،  مێنەیی پێوە دیار بێ، چ وەک فێمینستێک بدوێن و بەرگری لە خۆیان بکەن یـان ئاسایی باس لە ژیانی کۆیلەیی و پیاو سالاری و بێ بەشیان لەو  ئازادییەی کە پیاو هەیەتی و ئەوانیش لە وێستگەی چاوەڕوانی و نا ئومیدی و کەی دێ و نایێ و هەڵـگرتنی ئازاری جەنگەکان و بەخێو کردنی منداڵ و دەیان کێشە و گرفتی تر لە شیعرەکانیان رەنگ بداتەوە، جگە لە وشە و دەستەواژە و کەرەستانەی ژنانە کە لە نێو دێڕە شیعرەکاندا دەبیندرێ ٠٠ ئەمە و شاعیرانی رەگەزی پیاو هەن بە رادەیەکی زۆر چ بە نووسین یان شیعر بەرگری لە مافی ژنان دەکەن بەرامبەر بەو جیاوازیەی هەیە وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی، ئەگەر زۆرتر درێژی نەکەینەوە چونکە لە نێو بابەتەکە بە فراوانی باس کراوە، دیارە بەو پێیەی لە خاڵی دووهەمیندا ئاماژەمان بە چەند هۆکارێک کرد  (دەلوێ بگوترێ جیاوازی هەیە لە نێوانی ئەو شیعرانەی ژنان دەینووسننەوە  لە گەڵ ئەو شیعرانەی لە لایەن پیاوەکانەوە بەرهەم دێن یان هاتوون ٠) ٠

تبینی // بەشـــێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە گۆڤـاری کاروان ژمارە  (٢٢٤) لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، لە لاپەڕە  (٦)دا بڵاو کراوەتەوە ٠

## سەرچاوەکان:


* (١) ڕۆژنامەی باس ژمارە (١٧٤) لە ٢١ / ١ / ٢٠١٤ نووسینی / حەمە سەعید حەسەن / ل ١٨ ٠
* (٢)کتێبی (شیعری ژنانی جیهان) تۆژینەوە و وەرگێڕانی لەیلا سالحی / لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە ل٦٧ ــ ٧٥ (ساڤۆ و شیعر)
* (٣) هەمان سەرچاوە / شیعری (بیلیتیس) ل ٩٩ ٠
* (٤) کتێبی (من حداسە النص الشعری) لە بڵاوکرتوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا / ١٩٩٠ / ل ١٧ ٠
* (٥) گۆڤاری وەشت ژمارە (١٥) سڵی ٢٠١٢ (سایکۆلۆژیای ژن و پیاو) نووسینی م ٠ دڵنیا عەبدوڵڵا / ل ١١٧ ٠
* (٦) گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی (نزر قەبانی) ئامادە کردن و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی / دیاری عەلی / چاپی یەکەم / ٢٠٠٥ / ل ٨١ ٠
* (٧) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ / ژمارە (٤٤) لە ٢٠٠٧ دا ٠
* (٨) گۆڤاری ئاینده / شیعرستان / ژمارە (٥) تشرینی یەک / ٢٠٠٠ / ل ١٠ ٠
* (٩) هەمان سەرچاوە ل ١٦ ٠
* (١٠) گۆڤاری نوێ ژمارە (٣) لە بڵاوکراوەکانی گروپی ژیر / گفتو گۆیەک لە گەڵ شاعیر دلسۆز حەمە / ل ١١٠ ٠
* (١١) پاشکۆی کوردستانی نوێ / ئەدەب و هونەر / ژمارە (٥٦١١) لە ٢٠ /١٠ / ٢٠١١ / ل٢ / هۆنراوەیەکی دلسۆز حەمە ٠
* (١٢) کۆمەڵە هۆنراوەی (هێڵکاری لە سەر شەو) ی شاعیر (گرناز مووسەوی) وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی (ناهید حوسەینی) لە بڵاوکراوەکانی ڤیستڤاڵی بنکەی ئەدەبی و ڕۆناکبیری گەلاوێژ / ژمارە (٥) لە ٢٠٠٨ / ل ٢٣ ٠
* (١٣) کتێبی (شیعری ژنانی جیهان) تۆژینەوە و وەرگێڕان / لەیلا سالحی / لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە /شیعری (مارینا تێسوێ تایوا) ل ١٥١ ٠
* (١٤) هەمان سەرچاوە ل ٢٨ ٠
* (١٥) گۆڤاری نما ژمارە (٦) لە ٢٠٠٥ تایبەت بە شیعر ل ٧ ٠
* (١٦) ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە (٣٢٢) لە ١٦ / ٧ / ٢٠١٢ / شیعری ڕۆژ هەڵەبجەیی ل ٨
* (١٧) گۆڤاری گزنگ ژمارە (٩٩) ساڵی ٢٠١٢ / ل ١٨٥ / چاو پێکەوتنێک لە گەڵ شاعیر چنار نامق ٠
* (١٨) دیوانی شیعر (مەهاباد قەرەداغی) لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد / مەڵبەندی گشتی / زنجیرە (٥٥) لە ٢٠١٣ / هەولێر / ل ١١٥ ٠
* (١٩) لە کۆمەڵە هۆنراوەی (هەناسەک ژ تیپێن خەونا سنوران)ی شاعیر (گولنار عەلی بالەتەیی) چاپخانا: هاوار ــ دهۆک ــ ٢٠١٢ / ل ٣٠ ٠
* (٢٠) کۆمەڵە هۆنراوەی (فریاد ڕەشەکەی ڕۆحی من) ی شاعیر کوێستان (غەمسار) چاپخانەی ڕۆژهەڵات /هەولێر / ٢٠١١ / ل ٦٤ ٠

* (٢١) هەمان سەرچاوە / ل ٧٦ ٠
* (٢٢) پاشكۆی كوردستانی نوێ / ئەدەب و هونەر / ژمارە (٥٤٤١) لە ٣١ / ٣ / ٢٠١١ / نووسینی / مستەفا سالح كەریم ٠
* (٢٣) پاشكۆی كوردستانی نوێ / ئەدەب و هونەر / ژمارە (٣٩٣٧) لە ٦ / ٤ / ٢٠٠٦ / شیعری لازۆ ٠
* (٢٤) كۆمەڵە هۆنراوەی (بە تاو پێكدا دەبارین)ی شاعیر نیگار نادر / لە بڵاوكراوەكانی / دەزگای ئاراس / ژمارە (٢٨٤) لە ٢٠٠٤ / ل ١٠٤ ٠
* (٢٥) رۆژنامەی كوردستانی نوێ / ئەدەب و هونەر / ژمارە (٦١٧٣) لە ٥ / ٩ / ٢٠١٣ / شیعری (پەری شێخ سالح) ل ٨ ٠
* (٢٦) هەمان سەرچاوە / ژمارە (٥٨٩٠) لە ٢٧ /٩ / ٢٠١٢ / ل٧ ٠
* (٢٧) گۆڤاری رامان ژمارە (٨٠) لە ١/ی شوبات ٢٠٠٣ / شیعری فروغ فروخزاد) ل ١٨١ / وەرگێڕانی لە فارسییەوە (حوسێن جەوانشیر) بۆكان ٠
* (٢٨) كتێبی (شەڕەفنامە) نووسینی (مەهاباد قەرەداغی) لە بڵاوكراوەكانی دەزگای سەردەم / جۆرەكانی توند و تیژی پیادەكراو) ل٩٥ ٠
* (٢٩) كۆمەڵە هۆنراوەی (نە تۆ مایتەوە ٠٠ نە باران) ژاوین شاڵی / لە بڵاوكراوەكانی (یەكێتی نووسەرانی كورد ــ مەڵبەندی گشتی)زنجیرە (٧٥) لە (٢٠١٣) ل ٧٠ و ٧٢ ٠
* (٣٠) كتێبی (زمانێكی نێر سالاری) لێكۆڵینەوەی ئەدەبی / نووسینی ــ مەحەمەد فەریق حەسەن / لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس / ٢٠١٠ / ل٤٥ و ٥٠ ٠
* (٣١) گۆڤـــاری (بـی ــ ســـات) ژمارە سفر لە ٩ / ١٠ / ٢٠٠١ ــ ل ١٥ ٠
* (٣٢) كتێبی (توند و تیژی خێزانی) لە بڵاوكراوەكانی رێكخراوی ئاسودە بە هاوكاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی كوردستان / ٢٠٠٢ / وەرگێڕانی (ئاوات مەحەمەد) ل ٦ ٠
* (٣٣) ئەدەب و هونەر / پاشكۆی كوردستانی نوێ / ژمارە (٣٣٤٢) لە ١٥ /٤ / ٢٠٠٤/ل٢ ٠
* (٣٤) گۆڤاری مێـرگ ژمارە (٧٠) ئاداری / ٢٠١١ / شیعری ـــ نەزەند بەگیخانی ــ لێكۆڵینەوەی / د كەمال مەعروف / ل ٨٨ ٠
* (٣٥) ئەدەب و هونەر / پاشۆی كوردستانی نوێ / ژمارە (٢٦٩٩) لە ٧ / ٣ / ٢٠٠٢ ل٢ ٠
* (٣٦) كۆمەڵە شیعری (لە ماسی بوون پەشیمانم) شاعیر / فاتمە فەرهادی / لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری / بەرێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بڵاوكردنەوە / ٢٠٠٦ / ل ٣ و ٥ و ٦ ٠
* (٣٧) كتێبی (توند و تیژی خێزانی) لە وەرگێڕانی نووسەر (ئاوات مەحەمەد) لە بڵاوكراوەكانی ئاسـودە بە هاوكاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی كوردستان / ٢٠٠٢ /ل ٥٧
* (٣٨)گۆڤاری نووسەری نوێ / ژمارە (٣٦) ئاداری ٢٠٠٧ / ل ١٤٤، شیعر (چنوور نامیق)
* (٣٩) گۆڤاری تەوار/ ژمارە (١٧) لە ٢٠٠٧ / ل ١٦ ــ ١٧ / نووسینی (ئەكرەم قەرەداغی)
* (٤٠)گۆڤاری رامان / ژمارە (٨٠) لە شوباتی ٢٠٠٣ / ل ١٧٤ ٠
* (٤١) كتێبی (پەیامی گەورە پیاوانی فەلسەفە) ئامادە كردنی (شاخەوانی كەریم هەژار) چاپی دووەم / ٢٠٠٦ / ل ١٥ / لە وتەكانی (فرۆید)دا ٠

* (٤٢) دیوانی (حجاب) لە شیعرەکانی (ئەمەل ئەلجبوری) وەرگێڕانی (ئاوات حەسەن ئەمین) لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ژمارە (٧١) ساڵی ٢٠٠٦ / ل ٥٠ ٠
* (٤٣) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ /ژمارە (٣٢ ــ ٣٣) نیسانی ٢٠٠٤ / ل ٣٦ ٠
* (٤٤) ڕۆژنامەی هەولێر / ژمارە (٢٠٩٩) ئاداری ٢٠١٥ / شیعری (فرمێسک مستەفا) ٠
* (٤٥) ئەدەب و هونەر/ پاشکۆی کوردستانی نوێ / ژمارە (٣٤٩٢) لە ٧ / ١٠ / ٢٠٠٤ ــ ل٢
* (٤٦) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ / ژمارە (٣٤) لە حوزیرانی ٢٠٠٤ / ل١٠٩ و ١١٠ / لە ژێر ناونیشانی (فەرەنسا بۆ سیمۆن دۆبۆڤوار زیاتر گریا) وەرگێڕانی (شیرین ک) ٠
* (٤٧) گۆڤاری ئاینده / شیعرستان تایبەت بە شیعر / ژمارە (٥) ت١ / ٢٠٠٠ / ل ٣٩ ٠
* (٤٨)کۆمەڵە هۆنراوەی / پیاوێک لە مندا سەما دەکا / شیعری / حەیات مەجید پەرخی / لە بڵاوکراوەکانی / یەکێتیی نووسەرانی کورد / لقی هەولێر / ژمارە (٢٣) لە / ٢٠١٣ / ل ٤٢ ٠
* (٤٩) کۆمەڵە هۆنراوەی (قومار) شیعری (سمین چایچی) لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری /بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپکردن و بڵاوکردنەوە / هەولێر ٢٠٠٧ / ل ٩١ ٠
* (٥٠) کتێبی (عەبدوڵڵا پەشێو ــ شاعیرێک لە ڕەگەزی سەر بزێوی) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی / زیاد نادر عالڵایی / لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ٢٠١٣ / ل ١٨١ ٠
* (٥١) دیوانی (قاوەیەک تاڵتر لە تەنیاییم) شیعری بیکەس حەمەد قادر / لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد / مەڵبەندی گشتی / ژمارە ١٢٤ / ٢٠١٤ / ل ٢٧١ ٠
* (٥٢)کتێبی (عەبدوڵڵا پەشێو ــ شاعیرێک لە ڕەگەزی سەر بزێوی) کۆکردنەوە و ئامادە کردنی / زیاد نادر عالڵایی / لە بڵاوکردنەوەی خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە / ساڵی / ٢٠١٣٠ / ل ٥٠ ٠
* (٥٣) گۆڤاری سەردەم / ژمارە (٤٥) لە ٢٠٠٦ / شیعری ئەدۆنیس / ل ١١٥ ٠
* (٥٤) دیوانی قوبادی جەلی زادە (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان / ٢٠٠٥ / ل٤٦٠ ٠
* (٥٥) ڕۆژنامەی چاودێر / ژمارە ٤٨٤ / لە ١٧ / ١٠ / ٢٠١١ ــ نووسینی (هاشم سالح) /لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی / هەورەمان وریا قانع / ل ٧ / لە ژێر ناونیشانی (ئافرەت لە سەر ڕێگای بلیمەتەکان)٠
* (٥٦) کۆمەڵە شیعری (لە گیای ئاوەدانی) شاعیر تەیب قادر / لە چاپکراوەکانی سەنتەری ڕۆناکبیری هەتاو / ژمارە (٢٤) / ل ٧ ٠
* (٥٧) دیوانی شیعر (کارێزە مەرجان) شاعیر موحسین ئاوارە / لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد / لقی هولێر / ٢٠١٤ / بەرگی یەکەم / ل١٩٧ ٠
* (٥٨) کتێبی کۆمیدیا / بەرگی یەکەم / نووسینی دانتی ئەلیگیێری / وەرگێڕانی عەزیز گەردی / لە ئینگلیزییەوە / لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٣٦) لە ٢٠١٥ / ل ٧٤ ٠
*هەمان سەرچاوە / ل ٩٣ ٠



# وتاری پیاو
# وتاری ئافرەت

جومعه جەباری

* هەر ئافرەتێک نەزانێت ئامانجی ژیانی چییە، ئافرەتێکی بێ کەڵکە – سوهێر قەلەماوی هەوڵێکی زۆر دراوە لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ نووسین و جیاکاری لە نێوان وتاری ئافرەت و وتار لەسەر ئافرەت، واتە ئەوەی بەرهەمی پیاوانە.. لەم بارەیەوە (مارجۆ بەدران) ئاماژە بۆ جیاوازی هەڵوێستەکانی نێوان هەردوو وتارەکە دەکات و، دەڵێت:

«ئەو کاتەی هەڵوێستی پیاوانی داکۆکیکار لەمافی ئافرەت لەچوارچێوەی کۆنتاککردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، کە ئافرەت تێیدا بەشێوەیەکی گشتی لەبەر چاوان بووە، ئەوا سەرەتای مێینەکان لەلای ئافرەتان دیاردەیەک بوو پێوەست بوو بە چینی بورژوا، لە ئەنجامی فراوانی چوارچێوەکانی فێرکردن و چاودێریکردنی ژیانیان لەکاتی قۆناغەکانی گۆڕانکارییە گەورەکانی ژیانیان.

ئافرەتانی موسوڵمانیش بۆچوونیان وایە کە ئیسلام مافی ئەوانی دابین کردووە، بەڵام بەهۆی دابونەریتی سەپێنراو بەناوی ئایینەوە لێی بێبەش بوونە، بۆیە لەکاتی تێگەیشتن و بەکارهێنانی راست و دروستی تەعالیمەکانی ئیسلام دەکرێت ئافرەت ئەو مافانەی بۆی دانراوەو لێی زەوت کراوە وەریگرێتەوە، ئەو کاتەیش سوودی بۆ خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی خۆی دەبێت».

هەرچی وتاری پیاوانە، کە لە رێگەی چەندین بەرهەمی نووسینی وەک: (رزگارکردنی ئافرەت – قاسم ئەمین)، (ئافرەت لە رۆژهەڵات – مەرقەس فەهمی)، (ئافرەتمان لە شەریعەت و کۆمەڵگەدا – تاهیر حەداد) هەموو ئەمانە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پاشەکشێی کۆمەڵگەی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشێی باری ئافرەتان، کە ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندەوارییان و گیرخواردنیان بەدەست کۆتەکانی کۆمەڵگەوە، وەک: باڵاپۆشین و جیاکردنەوەیان لەنێو چینە ناوەنجییەکان و باڵاکاندا، هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم کارانە ئایین بڕیاری لەسەریان نەداوە و، داوای ئازادکردنی ئافرەتانیان کرد لەو کۆتانە بۆ سوودی وڵاتەکانیان زۆربەی ئافرەتانیش وای دەبینن کە وتاری پیاوان وتارێکی سوودمەندی بووە، چونکە ویستوویانە لەو قۆناغەدا ئافرەتان وەک ئامرازێکی چاکسازی بەکاربهێنن.

لەوەتەی ئافرەت هەوڵی خۆجێگیرکردنی داوە لەناو کۆمەڵگەدا، وتاری پیاوان مۆڵەق بووە لەنێوان پشتگیریکردنی و رەتکردنەوەیدا، ئەوەتا لە چلەکاندا — بۆنموونە- دەبینین پێکدادان لەنێوان هەردوو ئاراستەکەدا هەیە، چونکە کاتێک نموونەیەکی زۆری ئەو پیاوانە دەبینین کە لە دۆزەکە گەیشتوون و هەوڵیان داوە رای خۆیان لەسەری دەربڕن، هاوکات گروپێکی تریان دەبینین هەموو ئەوانە رەت دەکاتەوە.

لێرەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێک لە رای ئەو بیرمەندانە دەخاتە روو، کە زۆر هەوڵیان داوە بۆ هاندانی ئافرەتان و پشتگیریکردنی دۆزی یەکسانی، ئینجا هەندێک دەقی تریش دەهێنێتەوە کە ئافرەتان وەڵامی ئەو کەسانەیان داوەتەوە کە دژی رۆڵی مێژووییان بوونە.

**زەکەریا ئیبراهیم دەڵێ:**

«سەرەڕای زۆری ئەو گفتوگۆیانەی کە وروژێنران سەبارەت بە کامیان باشترە پیاو یان ئافرەت، یان یەکسانی لە نێوانیاندا، کەچی هێشتا چارەسەری دۆزی ئافرەت چەقیبەستووە، چونکە باری خودی گرفتەکە لە بارێکی نا تەندروست دایە، لە راستیشدا هەموو ئەو گفتوگۆیە ئفلیجانە زیاتر گرفتەکە قووڵتر و ئاڵۆزتر دەکاتەوە، چونکە ئافرەتان رووبەڕووی پیاوان دەکاتەوە و، کۆشش لەبەرامبەری دەکات و داکۆکی لەخۆی دەکات وەک بڵێی لەبەرامبەر دوژمنێکی نالەباردایە، بەڵام کارەکە وا نیە، چونکە ئەو پێوەندییەی لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدایە پێوەندیی هەلاوێردن نییە، بەڵکو پێوەندییەکی تەواوکارییە، چونکە هەر هەلاوێردنێک لەنێوان ژن و پیاودا کارێکی بێ سوود و ئەنجامە، چونکە بواری کارکردنی هەر یەکێکیان جیاوازە لەگەڵ ئەوی تریاندا. لەبەر ئەوەی هاوسەرگیریش ئەو یەکەیەیە کە هەردوو رەگەز بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوا ئەو کەموکوڕییەی لە ئافرەتدا هەبووە لەکاتی یەکگرتنی لەگەڵ پیاودا نامێنێت، هاوکات ئەو کەموکوڕییەی لە پیاودا هەبووە لەکاتی یەکگرتنی لەگەڵ ئافرەتدا نامێنێت».

بیرۆکەی تەواوکاری نێوان ئافرەت و پیاو، کە بیرمەند زەکەریا ئیبراهیم دەریخست، بینینێکی لۆژیکیانەی ئاراستەکراوە بۆ هەردوو لایەنی ئپۆزیسیۆن و داواکارانی یەکسانی، وادیارە لەکاتێکی زوودا لەساڵی (١٩٤٤) ئاراستەی کرد بەهۆی هەڵاوسانی کێشەکە و لێکەوتنەوەی چەند ئاراستەیەک، کە لەکاتی باسکردنی وتاری هەردوو کۆششکار (دورەییە شەفیق، ئینجی ئەفلاتۆن) بەدیاردەکەوێت. بەتایبەتی کاتێک هەردووکیان لەدوای ئەوە واتە لەنێوان ساڵانی (١٩٤٩ — ١٩٥١) رەخنەیان لە بیروڕاکانی نایەکسانبوون و گیرکردنی ئافرەت لەماڵەوە گرت، هەروەها زەکەریا ئیبراهیم هەنجەتی بۆ پێویستبوونی بیرۆکەی هاوسەرگیری هێنایەوە، کە لەباوەڕی پیاواندایە گوایە ئەمەیش کارێکە بۆ کۆیلەکردنی ئافرەتان، بەڵام ئەو وای بۆچوو کە ئەوە بیرۆکەی تەواوکردنی یەکترە.

وتارێکی دیکە هەیە هی رووناکبیری پێشکەوتنخواز (سەلامە موسا)یە دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٤٨ کە تێیدا داوای ئازادکردنی ئافرەتان دەکات، کە ئەمەیش وامان لێدەکات چاوێک بە رای بیرمەند (قاسم ئەمین)دا بخشێنینەوە، کە داوای هەمان شتی کرد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، سەرەڕای ئەوەی نیوسەدە لەنێوان داواکەی قاسم ئەمین و داواکەی ئەمدا هەیە، کەچی ئەوەی سەرنجڕاکێشە هەردووکیان هاوڕان لە داواکارییە رووناکبیرییەکانیاندا.

**سەلامە موسا دەبێژێت:**

«کاتێک تەماشای گەلانی عەرەبی دەکەین، کە رزگاری بوو لەدەست ئیستیعماری بەریتانی و فەرەنسی، دەبینین لە هەڵسانەوەیدا چەند ئامانجێکی کردووەتە مەبەست، یەکەمیان پەروەردەی گشتییە، دووهەمیان پیشەسازییە، سێهەمیشیان رزگارکردنی ئافرەتە... ئەم هەڵسانەوەیەش لەلای هەموو کەسێکی رووناکبیر خۆشەویستە، چونکە دیارترین جیاکەرەوەی نێوان گەلانی عەرەبی و رۆژئاوایی باری ئافرەتەکانیانە، رستەی (رزگارکردنی ئافرەتان) کۆمەڵێک واتا لەخۆ دەگرێت: واتای ئەوە دەبەخشێت کە ئافرەت بە فێرکردن لە نەزانی رزگاربکرێت، رزکارکردنی لە دابونەریت بە نەهێشتنی باڵاپۆشی، ئینجا یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا لە مافە دەستووری مەدەنییەکاندا.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، ئافرەت دوای نیوسەدە لە پاڵپشتیکردن و کۆششکردن لەگەڵ پیاودا لەپێناو دۆزکانی رزگاربوون و فێرکردن و ئازادیبوون، کەچی هێشتا نەک هەمووی بەڵکو بەشێکیشی وەرنەگرتووەتەوە، راستی ئەم قسەیەش وتاری خودی رووناکبیرە پیاوەکانە کاتێک داوای مافەکانی دەکەن.

وتاری سێیەم، وتاری رووناکبیر (ئیسماعیل مەزهەر ١٨٩١ — ١٩٦٢)ە، کە وتارەکەی لەو دووانەی پێشووتر کارەساتئامێزتر بوو، چونکە روانینێکی مێژووییانەی بۆ بارە ناهەمووارەکەی ئافرەتان هەبوو، لەرێگەی چەند پرسیارێکی ئاراستەکراو بۆ کۆنەپەرست و پاشڤەرۆیانی کۆمەڵگە، مەزهەر دەڵێت:

«با باسی ئەو پلە بەرزەی سروشت بۆ ئافرەتی داناوە نەکەین، کە کردوویەتی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەکردنی منداڵ و سەروەری بوونەوەران، با بێین پرسیار بکەین:

- کێ ماسولکەکان و عەقڵ و دەروونی ئافرەتی پووچاندەوە و نەیهێشت لەگەڵ پیاودا بەشداری دروستکردنی شارستانی بکات؟

- کێ بوو کۆیلەیکرد و هەستەکانی خامۆشکرد و عەقڵی لاوازکرد و ماسولکەکانی بێهێزکرد؟
- کێ بوو زیندەبەچاڵی کرد، بۆ ئەوەی هەست بکات بوونەوەرێکی بێ فەڕە و هیچ سەنگێکی لە ژیاندا نییە؟
-کێ بوو وەک نەزانێکی لاواز لەخۆی گرت و نەیهێشت سۆز و ئارەزووەکانی بەدەرخات و را و بۆچوونەکانی بێ قیمەت کرد؟
-کێ بوو وەک لێبووک و وازییەک لە وازییەکانی بۆخۆی گلیدایەوە؟
- کێ بوو هەستی خۆشەویستیی لەناخی ئەودا دەسخەڕۆکرد و، بەو هۆیەشەوە زەلیلی کرد و لەدواییشدا بێ وەفابوو بۆی؟
- کێ بوو وایلێکرد هەست بکات ئەو بوونەوەرێکی بێ توانا و بەستەزمانە؟
- کێ بوو ئارەزووەکانی تێیدا ژیاند و عەقڵی تێیدا کوشت؟
- کێ بوو هانی دا بۆ فێڵبازی و مەکر و حیلەکردن؟
- کێ بوو وای لێیکرد پشت بە چەکی فرمێسک و هەنسک ببەستێت؟

وابزانم کۆنەپەرستەکانمان وەڵامی ئەمانەیان لەلایە».

سەرەڕای ئەوەی زمانی ئیسماعیل مەزهەر زمانێکی گاڵتەجاڕییە، بەڵام جەخت لەسەر ئەو جۆرە تەماشاکردنەی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت دەکاتەوە، سەرباری ئەو پرسیارە رەتکارییانەی کە دەیسەلمێنن چ زوڵمێک پیاو بەرامبەر ئافرەت دەیکات لەکۆنەوە تا ساڵی ١٩٤٩ کاتی لەچاپدانی کتێبەکەی، کە ئەمەیش گەواهیە لەسەر بڵاوبوونەوەی کۆنەپەرستی لە کۆمەڵگەدا و راکێشانی بەرەو دواوە ئەمە لە لایەک و، دانپێنانی کە تاوانبار کۆمەڵی پیاوانە لەلایەکی ترەوە، باشترین گەواهیش لەسەر ئەوە کۆتاییهێنانی وتارەکەی بە چەند رستەیەکی زۆر کاریگەر گوێچکەی ئەو کۆمەڵەیە کەڕەدەکات: «ئێمەی پیاوان بە نەخۆشییەکانی ناخمان ئافرەتانمان فڕێ دا و، رۆچووین بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پێیان بڵێین ئێوە خەلقێکی لە ئێمە کەمترن».

ئەمە سەبارەت بە را و بۆچوونی پیاوان. ئەی سەبارەت بەهامان تەوەر ئافرەتان رایان چییە؟

لەم بارەیەوە لە ژێر ناونیشانی (قسە بۆ ئەوە- ١٩٤٥) نووسەر (عایشە عەبدلەحیم- کچی کەناردەریا) باس دەکات و دەلێت: «ئەگەر هەڵسانەوە و راپەڕینەکەیش شارستانی بێت و، ئافرەتی لەماڵ هێنایە دەرەوە، کەچی هەر پیاو خاوەن بانگەوازی هاتنەدەرەوەیەتی و، ئەو ئاراستەی دەکات و، پێشڕەوی دەکات و دەیبات بۆ ئەو شوێنەی خۆی ئارەزووی لێیەتی، ئینجا دوای ئەوە لێیپێچینەوە و دەمودۆ سووکایەتیی لەگەڵ دەکات، ئەویش هەر ئەو پیاوەی جارانە کە بانگەوازەکەی کرد و ئاراستە و پێشڕەوییەکەی بۆی کرد.. قەت پیاو هەستی

بەوە نەکردووە ئافرەت لە پێش چاوی شتێکە و، لەپێش چاوی خودی ئافرەتەکەیش شتێکی ترە، بەڵام ئێمەی ئافرەتان خۆمان بینییەوە و خۆمان رۆشنبیر کرد تا گەیشتینە ئەو پایەیەی بتوانین لە هەستەکانمان بگەین و کەسایەتی خۆمان دیاری بکەین، ئێمە دووبارە چاو بەو نووسینانەی لەسەرمان نووسراوە و دەنووسرێت دەخشێنینەوە، دەبینین کەمیان لەوانەی رای پیاوانن دەربارەی ئێمە و نوێنەرایەتیمان دەکەن، زۆربەی زۆریشیان تێکەڵاوێکی پێکەنیناوی و دەجەل و بوختانە... نەخۆشیە کوشندەکەی رۆژهەڵات خۆی لەوانەدا دەبینێتەوە کە خامەیان هەڵگرت و بەهەموو شوێنێکدا پێی سووڕان و گەڕان و خۆیان لە قەرەی هەموو بابەتێک دا و خۆیان کردە سوارچاکی هەموو دۆزێک و چیرۆکەکەی ئافرەتیشیان بە بێ زانست و بەبێ لێهاتوویی گێڕایەوە، ترسناکی ئەمانەیش لەوەوە دێت - کاتێک خامەیان هەڵگرت - خۆیان کردە پێشڕەوانی کۆمەڵایەتی، بۆیە تاوانیان دەرهەق بە میللەت کرد بەبۆنەی باسکردنێکی سەقەتیان بۆ کەرەستەیەکی ئێکسپایەر و، دەجەلێکی سووک و چروکیان خستە مێشکی گەنجەکانیان و، هەرزەکارانیان فێری حوکمی هەڵە و گومڕایی کرد..!

وتاری (کچی کەنار دەریا) لەگەڵ وتاری پیاوە روناکبیرەکانی سەردەمی خۆیدا لەزۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە و لە کەمێکیدا یەکدەگرنەوە، واتە ئەو جەختی لەسەر ئەو کەسانە کردەوە کە بەبێ زانایی باسی ئافرەت دەکەن و، کردەوەکانی پۆلێن دەکەن لەرێگەی کاردانەوەکانی خۆیان، بۆیە لێرەدا لە وتارەکەیدا بە شێوەیەکی گشتی هیچ کەیسێک لە کەیسەکانی زوڵمکردن کە ئافرەت چۆتە ژێر بارەکەیەوە بەبۆنەی کۆتەکانی خودی ئەو پیاوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ ەوە داواکاری رزگارکردنی دەکات، بۆیە هێرشەکانی (کچی کەنار دەریا) بەشێوەیەکی گشتی کراوەتە سەر گشت خامەکان بەبێ دیاریکردن.

هەروەها قۆناغی چلەکان جگە لە گرنگترین رووداوی ئەو سەردەمە کە کۆچی دوایی پێشەنگی نیشتیمان پەروەرانی میسری بوو خاتوو (هودا شەعراوی) ساڵی ١٩٤٦ کەچی نەوەیەکی نوێ لە قوتابییە کچەکانی زانکۆ لەدایکبوون و بەردەوامییان بە خەبات لە پێناوی ئافرەتدا دا، بۆیە لێژنەی نیشتیمانی قوتابیان و کرێکاران دروستبوو، تێیدا (لەتیفە زەیات) وەک نوێنەری قوتابیانی زانکۆ بۆ لێژنەکە هەڵبژێردرا.

هەروەها (زەینەب غەزالی) کۆمەڵەی (ئافرەتانی موسڵمان)ی دامەزراند، کە بێلایەن بوو لەگەڵ ئیخوان موسلمین. تەنانەت دکتۆرە (دورییە شەفیق) یەکێتی (کچی نیل)ی ساڵی ١٩٤٩ دامەزراند و، گۆڤارێکی بەهەمان ناو دەرهێنا، دەقی پەیڕەو و پرۆگرامەکەیشی لەسەر ئەم خاڵانە بنەمای گرتبوو:

٦- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خێزانی میسری (پیاو+ ئافرەت، وەک تەواوکەری یەکدی) لەرووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە.
٢- هەوڵدان بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پاڵپشتی تۆکمەبوونی خێزان دەکەن و دووری دەخەنەوە لە کەرتبوون و لێکترازان، لەڕێگەی بەستنەوەی تەڵاق و هێنانی زیاتر لە ژنێک، بەشێوەیەک تەنیا لە باری زۆر پێویستدا ببێت، بۆ ئەوەی خێزان بپارێزرێت لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئەو مۆڵەتە شەرعییە، بەم شێوەیەش ئاسایش و پارێزگاری بۆ دایکایەتی و منداڵان دابین دەکەین، ئامرازیشمان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکان و نوێنەرایەتیان بۆ گەل کۆدەبێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت داکۆکی لەمافی ئافرەتی میسری بکات و، هاوکاربێت لە دەرکردنی تەشریعێک ئەو مافانەی بۆ مسۆگەربکات و جێگیری بکات و بڵاوبیکاتەوە.

هەرکە دورەییە لەساڵی ١٩٤٨ بڕیاری دا کار لەسەر ئەوە بکات، ئیتر ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ «هەڵکێشانی ئافرەتی میسری لەو قەیرانانەی کە چەندین سەدەیە بەدەستییانەوە دەناڵێنێت، دەرئەنجام کاری جێبەجێکردنی یەکسانبوونی ئافرەت لەگەڵ پیاو بوو بە میحوەری ژیانی ئافرەتی میسری هاوچەرخ، کە بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکات هەرچەندیش بچووک بێت.

دۆزی ئافرەت و سیاسەتیش هەردەم لەسەرووی وتارەکانی دورەییە بوو، زۆر جار وتاری وای بڵاوکردۆتەوە باسی لە نەبوونی رۆشنبیری سیاسی لەنێو ئافرەتاندا کردووە بەهۆی ئەوەی سیاسەت لەگەڵ بارودۆخی ئافرەتدا ناگونجێت. لێرەوە، دورەییە رەخنەیەکی توندی لە ئافرەتان دەگرت، کە خوێندەواری هەیە، کەچی لەرووی رۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کەموکوڕی هەیە:

«ئافرەتانی هاوچەرخی ئێمە تائێستا فێرنەبوونە جڵەوی ژیانی خۆیان بگرنەدەست، ئەوان هێشتا ئامادەنین بۆ ئەوەی بچنە نێو مەیدانی سیاسەتەوە، ئەوەی سەرنجمی بۆ ئەم کەیسە راکێشا، ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا بینیم، دەگمەنە ئافرەتێک ببینی بایەخ بە رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی دەوروبەری خۆی بدات، وەک بڵێی بارودۆخی میسر و بوویەرەکانی هیچ پەیوەندی بە ماڵ و خێزانی میسرییەوە نییە، لەولاوەش دایکان خەریکی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێن بۆ ئامادەکردنی پیاوانی دوارۆژی سیاسەت و ئەدەب. من لێرەدا ئاماژە بۆ تێگەیشتنمان بۆ کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی دەکەم. دەگمەنە ئافرەتێک بدۆزیتەوە ناوی سیاسەتمەدارانی وڵاتەکەمان بزانێت، ئەوە جگە لە پیاوانی سیاسەتی میسر لەدەرەوەی وڵات، کە ئەوانەیش چەند زانیارییەکن دەتوانرێت بەئاسانی لە رۆژنامەکان وەربگیرێت کە کوڕەکانمان و مێردەکانمان و براکانمان دەیهێننە ماڵەوە. بەڵام زۆربەی ئافرەتانمان تەنیا لاپەڕەی تازەباری و هەواڵی کۆمەڵایەتی دەخوێننەوە،

ئەگەر منداڵەکانیان پرسیارێک لەسەر کەیسێک بکەن رای گشتی مەشغوڵ کردووە نازانن چۆن وەڵامیان بدەنەوە، هاوکات لەباتی ئەوەی سوود لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بیروڕای راستەقینە، کەچی حەزدەکەن باسی مۆدە و گۆڕینەوەی هەواڵی ئەم و ئەو و تانەو تەشەر بکەن. ئەمانەن ئێمە کاتی پێوە دەکوژین بەبێ ئەوەی یەک ئافرەت سوود ببینێت، من داواناکەم ئافرەت کاری سیاسی بکات، بەڵام پێموایە دەبێت بزانێت چی روودەدات، ئێمە منداڵەکانمان ئەزیەت دەدەین کاتێک نازانین باسی رووداوەکانی ژیانی گشتی دەوروبەری خۆمان بۆیان بکەین، بۆیە دەبێت وشیارییەکی گشتگیرمان هەبێت دەربارەی سیاسەت لەو کاتانەی خەریکی پەروەردەکردنی منداڵەکانمانین.

لە نیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی بیستەمدا، بانگەوازی دورەییە شەفیق بۆ ئافرەتی خوێندەوار ئەوە بوو کارلێکی هەبێت لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا، ئەمەیش دۆزی یەکسانی و فێربوون لە رای دورەییەدا دەخاتە لاوە، وادیاریشە پەیامی گۆڤارەکە لەسەرەتای دەرچوونیەوە ئاراستەی چینی بورژواکان دەکرا، بۆیە دۆزی فێرکردنی خستبووە لایەکەوە.

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٤٨ پەیامەکەی (کچی نیل)یش دەستی بە گۆڕانکاری کرد و کارلێکی لەگەڵ گرفتەکانی بناغەی گشتی ئافرەتانی میسر کرد و، هەندێک بابەتی وروژاند کە بەڕاستی زۆرینەی کۆمەڵگە پێیانەوە دەناڵاند بۆ ئەوەی بخرێتە سەر مێزی باسکردن و هەوڵ بدرێت چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە:

«ئێمەی ئافرەتانی میسر بە شەڕێکی سەختەوە تێوەگلاوین، نەک شەڕ دژی رابواردن و مەیخواردنەوە (لێرەدا دورەییە شەفیق ئاماژە بە فەرەنسا دەکات، کاتێک وەزیرە ئافرەتەکەی تەندروستی فەرەنسا هەڵمەتێکی دژی مەیخواردنەوە کرد) بەڵام بۆ داکۆکیکردن لەو کچانەی دەیانەوێت بچنە کۆلیجی ئەندازیاری یان کشتوکاڵ، بۆ ئەو ئافرەتە خوێندەوارانەی دەیانەوێت بەشداری لە ژیانی رۆژانەی خەڵک بکەن و داوای جێبەجێکردنی دەستوور دەکەن و داوای مافی خۆیان دەکەن لە هەڵبژاردنی پیاوان، تەنانەت بۆ ئەو ئافرەتانەی جورئەت دەکەن و داوای بەشی خۆیان دەکەن لە کورسییەکانی پەرلەمان یان لێژنەکانی دادوەری.. چونکە پیاوانی میسر هەوڵ نادەن بۆ خێرو خۆشی وڵاتەکەیان، بەڵکو موحارەبەی هەوڵەکانی ئێمە بۆ پێشخستنی وڵات دەکەن، هەندێک جاریش ئەم کارەیان بەناوی ئایینەوە دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە قەت گوێمان لێ نەبووە ئایین رێگری لە ئافرەت بکات بۆ مافی ژیانی خۆی. هەندێک جاریش بەناوی دابونەریتەوە وادەکەن، ئەمە چ دابونەریتێکە لەنێوان ئافرەت و کاری خێردا دەبێتە بەربەست؟! لە راستیدا ئەمە گرێی هەست بەکەم زانینە هەندێک خەڵک دووچاری بوونە و، دنەیان دەدات بۆ ئەو جۆرە رەوشتانە، چونکە ئەوان لەوە دەترسن ئافرەتێک دەسەڵات بگرێتە دەستەوە.. ئەی برایان رێگامان بەردەن و با کاروانەکە بە رێگا

سروشتییەکەی خۆیدا بڕوات».

وتاری دورەییە لە تایبەتەوە بۆ گشتیی گۆڕا، واتە وتارەکەی شێوازێکی ئایدۆلۆجی وەرگرت ئامانجی بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵگەبوو، ئەمەیش دەکرێت هەژماربکرێت بە گۆڕانێکی جۆری لە قسەکردن لەسەر (سروشتی ئافرەت) بۆ قسەکردن لەسەر (مافی ئافرەت) کاتێک داوا لە پیاوان دەسەڵاتداران دەکات لەرێگەی زنجیرە وتارێکەوە بۆ رێگە خۆشکردن لەبەردەم ئافرەت بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەر بگێرێت لەناو کۆمەڵگەدا و بەشداری ژیانی گشتیی بکات: «بێبەشکردنی ئافرەتی خوێندەوار لە مافێک زۆربەی پیاوە نەخوێندەوارەکان وەریانگرتووە تاوانێکە بە هەقی میسر دەکرێت، میسری شبە بەبێ دیموکراتی دەمێنێتەوە تا ئافرەتانی بە بێ بەشی لە تەواوی مافە سیاسییەکانی خۆیان بمێننەوە، ئەو پیاوانەیش کە لەنێوان ئافرەتان و مافەکانیان دەوەستن، ئەوانە پیاوانێکن وڵاتی خۆیان خۆش ناوێت، چونکە میسر بێ بەش دەکەن لە خزمەتەکانی ئەو ئافرەتانە». ئەوانەیش هەمان ئەو داواکارییانەی ساڵی ١٩٢٤ بوو.

دورەییە شەفیق زیاتر لە کێشەکانی کۆمەڵگە قووڵ بووەوە و، لە رێگەی سەروتارەکانی گۆڤاری (بنت النیل) باسی هاوسەرگیری و لێکترازانی دەکرد و، دووپاتی کردەوە میسر بەدەست بەرزترین رێژەی تەڵاقەوە لە جیهاندا دەناڵێنێ: «سێبەشی ئەو خێزانانەی لە سەرەتای ساڵەوە دروستدەبن، لە کۆتایی ساڵەکەدا دەڕووخێن، لە ئەنجامدا ژیانمان بەردەوام دەکەوێتە بەر هەڕەشەی وشەیەک بێمێشکێک یا سەرخۆشێک یان نەزانێک بە رەوشتی کۆمەڵایەتی و ئایینی تەندروست دەیدرکێنێت، بۆیە ئێمە یەکێتی (بنت النیل) مان دامەزراند بۆ داکۆکیکردن لە خێزان، هەروەها داوای مافی هەڵبژاردنمان کرد بۆ ئەوەی بەشداری لە ئاراستەکردنی رووداوەکان و دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆمان بکەین».

هەروەها دورییە داوای پێکهێنانی حزبێکی ئافرەتانی بێلایەنی کرد بۆ ئەوەی مافی ئافرەتان بپارێزێت و داکۆکی لێبکات و، کۆشش لە پێناویدا بکات، بۆ ئەو مەبەستەیش داوای لە ئافرەتان کرد هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ ئەو مەبەستە:

«نەک لە پێناو کارکردنی ئافرەتان لە سیاسیەتدا، لە وڵاتێک پێویستی بە ئیدارەیەکی تەندروستە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئێمە پێویستیمان بە حزبێکە ریزەکانمان یەکبخات بۆ ئەوەی ئەو گرفتانەی بەرپرسەکانمان نەیانتوانی چارەسەری بکەن لەترسی کەسە کۆنەپەرستەکان کە هەموو شتێک لە لۆژیکی ئایین و دابونەریتەوە تەفسیر دەکەن، ئەوا خۆمان چارەسەری بکەین، ئەی ئایا شوورەیی نییە فرەژنی تائێستە بنەمایەک بێت بۆ ژیانی هاوسەرێتی؟ ئەی سەیر نییە کاتێک پیاوەکە شەڕ لەگەڵ ژنەکەی دەکات لەسەر بێقیمەتترین شت تەنیا وشەیەک بەس بێت بۆ ئەوەی هەرچی لە نێوانیاندا بێت بترازێت،

تەنانەت ئەگەر منداڵیش لەنێوانیاندا بێت؟ لیستی زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان کۆتایی نایەت. هەڵەیەکی زۆرن دەبێت حزبەکەمان هەوڵی چارەسەریان بدات، کەیسێکی زۆری تەڵاق و هاوسەرگیری و میراتی و فێرکردن و مافی سیاسی و چەندەهای دیکە پێویستییان بە پاڵپشتی حزبێک هەیە هێز و توانا و زانیارییەکی وای هەبێت بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، ئەگەریش حزبی بنت النیل بتوانێت بەشداری لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکات، ئایا ئەمە شەرەفێکی گەورە نییە؟».

**لە وەسفێکیدا بۆ بەسیاسی بوونی دورییە، (لوتفی خولی) دەڵێت:**

«بەو پێیەی ئەو لە چینی بورجوازییە و بۆ جوانکاریی هۆڵەکان ئامادەکرابوو، بۆیە تێڕوانینی دورییە بۆ مافی ئافرەت تێڕوانینێکی تەواو بورجوازی بوو، چونکە پیاوی بورجوازی یەکسان نابێت لەگەڵ ئافرەتی بورجوازی، بەڵام مافی فێربوون و بەکارهێنانی فێربوونەکەی هەیە لە بواری ژیانی گشتیدا، بۆیە دورییە ئارەزووی دەکرد ئافرەتە بورجوازییەکان رزگاربکات (رزگارکردنیان لەوەی تەنیا جوانکاری بن) نەک رزگارکردنی هەموو ئافرەتان، بەڵکو تەنیا ئەو جۆرەیان، بەڵام گفتوگۆکانمان و هەستە مرۆڤایەتییە قووڵەکەی، وایان لێی کرد کێشەکان بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە ببینێت، بۆیە بایەخی بە روانگەی چینایەتی دا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دورییە وایلێهات جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان دۆزی ئافرەت و دۆزی کۆمەڵایەتی دەکرد».

بەربڵاوی بایەخدانی دورییە شەفیق بە دۆزەکانی ئافرەتی میسری، وای لێناکات ئەو دۆزانە جەوهەری نەبن و پێوەست نەبن بە دۆزەکانی کۆمەڵگەوە، سەرباری ئەوەی بانگەوازکردنی بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە سیاسەتدا وای لێدەکات خۆی کێشەکانی دیکەی خۆی چارەسەر بکات.

هەر لەم مەیدانەدا نووسین و وتاری ئافرەتێکی قەڵەم بەدەستی تێکۆشەری چەپڕەو بەناوی (ئینجی ئەفلاتۆن) پەیدابوو.

لە کتێبە بەناوبانگەکانی کتێبێک بەناوی (ئێمە.. ئافرەتانی میسر – ١٩٤٩) و (هەشتا ملیۆن ئافرەت لەگەڵمانن – ١٩٤٩). کتێبی یەکەمیان (ئێمە.. ئافرەتانی میسر) کە لەساڵی ١٩٤٩ چاپ کراوە رووناکبیر (عەبدالرحمان رافعی) پێشەکی بۆ نووسیوە و، وشەکانی دنەی ئافرەتان دەدات بۆ کۆششکردنی نیشتیمانی بۆ چەسپاندنی بەهاکانی لەناو کۆمەڵگە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە پشتگیریکردنی بوونی خۆی.

**رافعی لەو پێشەکییەدا کاتێک باسی ئافرەت وەک بەشێک لە کۆمەڵگە دەکات دەڵێت:**
«ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، راستییەکی ئەزەلییە و، جاران و ئێستایش هەر بنەمای مرۆڤایەتییە لەوەتەی خوا ئادەم و حەوای دروست کردووە... بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی پیاوان دان بە مافە سیاسییەکانی ئافرەتاندا بنێین.. هەرچی مافی مەدەنیشیانە ئەوا پێشتر دانی پێدا نراوە، بەڵکو دەبێت ئەو مافانە بپارێزین و هەرچی کەموکورییەتی تەواوی بکەین..».

ئەمە سەرەتای پێشەکییەکەی رافعی بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت هێشتا پیاوانی رۆشنفکر و پێشەنگ ماون، فکریان شان بەشانی حەماسەتی ئافرەتان وەستاوە و، بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە هەڵوێستی ئینجی ئەفلاتۆن لە کتێبەکەیدا بکات.

دنەدەری یەکەم بۆ ئەوەی ئینجی ئەفلاتۆن ئەو بیرو راب ە جورئەتانەی خۆی لەناو ئەم کتێبەیدا بخاتەروو - سەبارەت بە خۆ کۆتکردنی کۆمەڵگە، کۆیلەکردنی ئافرەت - ئەوە تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی میسر لە کاتی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا - لەکاتی شۆڕشی دووەمی میسر - بەهۆی زیادبوونی مەترسی بوونی ئیستیعماری ئنگلیزی و کلکەکانی لەناو میسر، چونکە ئەم داگیرکارە چاوچنۆکە زۆر هەوڵیدەدا بڵاوبوونەوەی ئاسایی فێرکردن راگرێت بۆ ئەوەی نەزانین و تاریکی باڵی بەسەر وڵاتەکەدا بکێشێت، بۆ ئەوەی خۆی بەناویدا لەرێگەی بردن و تاڵانکردن و دەسخەرۆکردنەوە گێرەبکات و، دەنگی گەلێکی چاوکراوە نەیترسێنێت و، وشەکانی جەماوەرێکی هۆشیار و خوێندەوار وەڕسی نەکات، چونکە نەزانین و نەخوێندەواری دوو هاوپەیمانی دڵسۆزی ئیستیعمارن کە باڵی بەسەر میسردا کێشابوو لە ساڵی ١٩١٩ دوای ئەوە کەوتە ململانێوە لەگەڵ بزووتنەوەی گەلی نیشتیمانی.. هەرکاتێک ئیستیعمار بزاڤی فیرکاری ئیفلیج کرد، دەبێت ئەم کارەیش کاریگەرییەکەی بگاتە باری ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا، چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە.. پرۆسەی خوێندنیش لە میسر بەشێوەیەکی گشتی و، فێرکردنی ئافرەتان بەتایبەتی بەچەند کارێکدا تێپەڕی:

١- کەمکردنەوەی میزانییەی فێرکردن، ئەوەندە بەسە بەراوردی بکەین بە میزانییەی فێرکردن لەسەردەمی ئیسماعیل، کە ٨٪ی میزانییەی وڵات بوو، ئێستایش (واتە لە ساڵی ١٩٤٩) میزانییەکەی دەگاتە ١,٥٪.
٢- لەساڵی ١٨٧٣ ئیسماعیل یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کچانی دامەزراند بەناوی (مدرسە السنیە) دووەم قوتابخانەیش لە ساڵی ١٨٩٥ دامەزرا، تا ساڵی ١٩١٩ هیچ قوتابخانەیەکی تر دانەمەزرا، واتە لەماوەی ٤٠ ساڵدا لە ٢ قوتابخانەی کچان زیاتر نەبوو لەو وڵاتەدا، تەنانەت ئەو دوو قوتابخانەیەش بەریتانییەکان خوێندنی بە خۆڕایی تێیدا نەهێشت، واتە لە ساڵی ١٨٩٤، هەرچی خوێندنی ناوەندیش بوو ئەوا هەر ئاسەواریشی نەبوو لەو سەردەمەدا.

ئەمە یەکەمین گەندەڵییەکانە دووچاری کۆمەڵگە ببووەوە، کە ئینجی ئەفلاتۆن لە کتێبەکەیدا (ئێمە.. ئافرەتانی میسر) باسی دەکات.

کەچی باسی خودی ئیستیعمار دەکات، چۆن لەژێر سایەی هەڵسانەوەی پیشەسازیدا لەدوای شۆڕشی فەرەنسی کەوتنە خۆشییەوە و، بووە هۆی سەرەتایەکی خێر بۆ هەموو ئەوروپا، بۆیە بانگخوازانی ئابووری پیشەسازی نوێ هەستانەوە بە بانگکردن بۆ ئازادی و خۆشی و یەکسانی بە داواکردنی زیادکردنی بەرهەم. زۆریش ئاسایی بوو ئەم بانگکردنانە لەسەر باری ئافرەت لەناو کۆمەڵگەدا رەنگدانەوەی هەبێت. هەرچی ئەو گەلانەیش بوون کە بەربەست و کۆتەکان رێگەیانی لەو پێشکەوتنە گرتبوو، کە بووە هۆی ئەوەی لە رووی پێشکەوتنی ئابووریشەوە بووەستن و، ئەم وەستانەشیان لەسەر باری ئافرەت رەنگی دایەوە و، چەند کۆششی کرد هەر لەسەر بارودۆخە کۆنەکەی خۆی مایەوە.

ئینجی ئەفلاتۆن لە کتێبەکەیدا (ئێمە.. ئافرەتانی میسر) ئەو کەشوهەوا گشتییەی روون کردۆتەوە کە دەوری میسری دابوو کاتی چاپکردنی کتێبەکە لە کۆتایی چلەکاندا، یان ئەو هۆیانەی هانی دان باسی ئەو دۆزانە بکات لەناو کتێبەکەیدا هاتوون، چونکە لە کۆتایی چلەکاندا جەدەلێکی سەخت هەبوو لەنێوان دوو تیپدا سەبارەت بە مافی ئافرەت:

تیپێک پشتگیری یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو لەناو کۆمەڵگەدا دەکات. ئەو تیپەکەیش دژی ئەو یەکسانییەیە، هەر تیپێکیش شوێنکەوتووانی خۆی هەبوو.

بیرو ڕاکانی ئینجی ئەفلاتۆن پەنجەی خستە سەر هەموو ئەو تنگژانەی دەوری وتاری کۆمەڵگەی داوە لە دیاردەکانی دواکەوتوویی و شکستی. دوای ئەوە داوای پێویستییەکانی کۆمەڵگەی میسری کرد بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی واقیعی بۆ بارودۆخی ئافرەتی میسری و گرفتەکانی و داواکارییەکانی.

هەروەها ئینجی ئەو گوتە کۆمەڵایەتییە باوەی خستەروو، کە لە چلەکان زۆر باوبوو «ئافرەت بۆ ماڵەوەیە» بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت پایەی ئافرەتی میسری لەناو کۆمەڵگەکەیدا زۆر کەمترە لەهی پیاو! ئینجا لەم پرسیارەوە دەچێتە سەر پرسیارێکی گەورەتر: چۆن ئافرەتی میسری —بەردەوام- قوربانی دابونەریت و فکرە کۆنەپەرستییەکان بووە؟ بۆ ئەوەی بەهێزترین گوزارشت باسی باری راستەقینەی ئافرەت لە خێزانی میسریدا دەکات ئەو قسە نەستەقەیە کە دەڵێت: «ئافرەت لە ژیانیدا تەنیا دوو جار لەماڵ دەچێتە دەرەوە، لە کاتی شووکردنی و لەکاتی مردنی». چونکە ئافرەتی میسری هەر وەک وشەکانی ئینجی وێنایکرد ـ هەردەم بەندکراوە، لە بەندیخانەیەک دەرناچێت تەنیا کاتێک دەیبەن بۆ بەندیخانەیەکی تر- ئینجی داوادەکات: «کارکردنی ئافرەت پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ خۆی وەک تاک و،

بۆ کۆمەڵگەیش بەشێوەیەکی گشتی، چونکە کەسایەتییەکی سەربەخۆی لێ دروستدەکات، نانی خۆی پەیدادەکات بەبێ ئەوەی بەسەر کەسەوە باربێت، سەربەست دەبێت لە دەستنیشانکردنی هاوسەری ژیانی و، ژیانێکی پڕ لە رێز و بەختەوەری هەڵدەبژێرێت، بۆ کۆمەڵگەیش دەبێتە یاریدەدەری بەشەکەی تری بۆ پێشکەوتنی».

وتارەکەی ئینجی ئەفلاتۆن بە بەڵگەوە باسی ئەو نەهامەتییانە دەکات میسر لە چلەکاندا تووشی ببوو، کە ببووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە داوا لە ئافرەت بکات بگەڕێتەوە بۆماڵەکەی خۆی. لێرەوە زۆر بە دوورودرێژی باسی بەردەوام نەبوونی فێرکردنی کرد بەو شێوەیەی دەخوازرا، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی سیاسەتی (محەمەد عەلیی گەورە) لەناو وڵاتدا بۆ فێرکردن کردی، بەڵام ئینجی ئەفلاتۆن ئیدانەی ئەو کەسانە دەکات کە لەسەردەمی حوکمی میسردا ملکەچی ئنگلیز ببون و، دژی کۆمەڵگەی میسری کاریان دەکرد. هەروەها داوای یەکسانی ئافرەت و پیاوی کرد و، داوای بەربەستکردنی فرەژنی کرد، کە لەناو کۆمەڵگەدا باوبوو و بەئامار و داتا باسی لێوەکردووە، لەگەڵ باسی کاری زیناکردن و سزاکانی، کە تەنانەت لەمەیشدا یەکسانی لەنیوان پیاو و ئافرەتدا نییە و دەڵێت:

**«سەرنجی ئەو بەڕێزانە رادەکێشین بۆ راستییەکی دیکە، کە ژمارە و ئامارە فەرمییەکانی باسی دەکەن:**

١- لە ساڵی ١٩٣٩ (٥٢٤٢١) رووداوی تەڵاقدان و (١٨٣٨٢٣) هاوسەرگیری روویانداوە.
٢- لە ساڵی ١٩٤٠ (٥٤٢٢٨) رووداوی تەڵاقدان و (١٩٩٨٣١) هاوسەرگیری روویانداوە.
٣- لە ساڵی ١٩٢٤ (٦٨٠٥٥) رووداوی تەڵاقدان و (٢٢٦٥٧٦) هاوسەرگیری روویانداوە.

ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات، چ دارووخانێک دووچاری کۆمەڵگە بووتەوە و بەرەو رووخان دەبیات، ئەمەیش بێگومان لەئەنجامی تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ شەریعەتی ئیسلام کە رێگەی داوە پیاو ٤ ژن بهێنێت، بۆیە ئینجی پەنای بۆ وتاری ئایینی برد بۆ رەتکردنەوەی کرداری تەڵاقدان هەر بە ئایەتەکانی قورئان:

- «فان خفتم الا تعدلوا فواحده».
- «ولن تستطيعوا ان تعدلوا بين النساء ولو حرثتم».

ئەم ئایەتانە هانی فرەژنی نادەن، بەڵکو هانی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان هاوسەراندا دەدات، زۆربەی تەعالیمەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزیش جەخت لەسەر بیرۆکەی یەکسانی و هەروەزی و لێبوردەیی دەدەن نەک تەنیا لە نێوان ئافرەت و پیاودا، بەڵکو لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا، چونکە ئیسلام بۆ ئەوە هات شۆڕش لەدژی جەهالەت بکات و ژیانێکی نوێ پڕ لە دادپەروەری و پاکی بۆ مرۆڤایەتی پێشکەش بکات.

ڕەخنەگرتنی ئینجی ئەفلاتۆن بۆ بارودۆخە ناهەموارە گشتییەکەی کۆمەڵگە بەهۆی ئیستیعمارەوە، گەورەترین گەواهیە، کە بارە خراپەکەی ئافرەت جودانیە لە بارخراپی کۆمەڵگە ـ کە بەهیچ شێوەیەک هەوای ئازادی هەڵنەدەمژی ـ ئەمەیش وای لێکرد یەک زەمەن هەڵبژێرێت تێیدا پیاو و ژن بەیەکسانی پێکەوە دەژیان:

«مرۆڤایەتی ئاشنای چەرخێک بوو ئافرەت تێیدا لەگەڵ پیاو یەکسان بوون، بەڵکو هەندێک جاریش لەو زیاتر بووە، کاتێک ئافرەت بەشداربووە لە ژیانی ئابووری و بەرهەمهێناندا شان بەشانی پیاوان. ئەوەیش لە چەرخی فیرعەونەکان بووە، تەنانەت مێژوونووسی ناودار (ماکس میلەر) وێنەی ئەوەی بۆمان کردووە کاتێک دەڵێت: هیچ میللەتێکی کۆن یان نوێ زامنی بارێکی یاسایی ئاست بەرزی بۆ ئافرەت نەکردووە بەقەد دانیشتووانی دۆڵی نیل، چونکە ئاسەوارەکان وامان پێشان دەدەن ئافرەتەکانیان لە ڕێگاکاندا بەتەنیا ڕێیکردووە و کاری لە بازرگانی و پیشەسازیدا کردووە.

**هەروەها نووسەر و ڕووناکبیر (ویل دورانت) لە کتێبەکەیدا (مێژووی شارستانی) باسی هەمان باری ئافرەتی کردووە و دەڵێت:**
«وادیارە ئەو سەرکەوتنەی باری ئافرەت لەئەنجامی سیستمی عەشیرەتی دایک بووە، کە کۆمەڵگەی میسری پێ شوناس بووە، چونکە ئافرەت تەنیا سالاری ماڵەوە نەبووە، بەڵکو هەموو موڵکایەتی عەقاری بەناوی ئەوەوە بووە بەپێی نەسەبی ژنایەتی».

بەڵام کاتێک سەردەمەکانی کۆیلایەتی باڵی بەسەر مرۆڤایەتیدا کێشا، ئافرەت کەوتە داوی کۆیلەبوونەوە و، بووە ئامرازێکی ڕابواردنی پیاو و بەس، لە بازاڕەکاندا مامەڵەی پێوەدەکرا، مێژووی مرۆڤایەتیش ئەم قۆناغەی بۆ هەموو گەلانی سەر زەوی تۆمار کردووە، چونکە ئافرەت زیندانی ماڵەوە کرابوو، یان ئافرەت نەدەبا بەشداری ژیان بکات بەڵکو دەبایە بارێک بایە بەسەر مێردەکەیەوە، کە دەیژێنێت و زاڵە بەسەرییەوە.

دروشمی (ئافرەت بۆ ماڵە) لەڕووی مێژووییەوە هەڵقوڵاوی ئەو چاخە تاریکانەیە، کە مرۆڤایەتی لەدوای خۆیەوە بەجێیهێشت.

هەروەها ئینجی ئەفلاتۆن لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ڕۆڵی بزووتنەوەکەی ئافرەتانی ساڵی ١٩٥١ دەکات (هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ١٩٣٦) لەکاتی هەڵگیرسانی کۆششی چەکداری دژی بنکەی بەریتانی لە ناوچەی قەنات و، پاشەکشەکردنی ٨٠ هەزار کرێکار لە کۆلۆنگاکانی ئینگلیز لەوێ کاریان دەکرد، ئەمەیش دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ١٩٣٦ لەلایەن حکوومەتی میسرییەوە، ئەو دەڵێت: (بەهۆی ئەوەوە لێژنەی کچانی یەکێتی ئافرەتان پێکهات).

له بەرواری ١٠/١٠/ ١٩٥١ ئەو لیژنەیە بانگەوازێکی بۆ ئافرەتانی دۆڵی نیل ئاراستەکرد، کە ڕۆژنامەی (ئەلمسری) ڕۆژی ١٠/٢٠ بڵاویکردبۆوە، هەروەها هەمان لیژنە بانگەوازێکی تایبەتی بۆ رای گشتی جیهان دەرکرد، گرنگترین شت لە بەرنامەی لیژنەکەدا هاتبوو، پێویستە دابڕانێکی ئابووری فەرمی و گەلیی بۆ کاڵاکانی ئینگلیز ڕێکبخرێت و، پێویستە نووسینگەیەک پێکبهێنرێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو کرێکارانەی مانیانگرت لە کارکردن لە کۆلۆنگەکانی ئینگلیز، هاوکات پێویستیشە یەکەی فریاگوزاری لە کچانی میسری پێکبهێنرێت. ئامانجی لیژنەکەیش داگرتنی جەماوەری ئافرەتان و ڕێکخستنیان بوو بۆ پاڵپشتی کردنی ماددی و مەعنەوی پاڵەوانەکانمان لە ناوچەی قەنات).

لە ساڵی ١٩٥١ لیژنەی ئافرەتان بۆ بەربەرەکانی میللی بە پێشڕەوی (سیزا نەبراوی) دروست بوو، ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی کرێکار بەشدارییان تێیداکرد لە ناوچەی قەنات. دوای ئەم قۆناغە خۆبەخشییە بە چەند مانگێک شۆڕشی یۆلیۆ هەڵگیرسا و، کۆششی ئافرەتان چووە قۆناغێکی نوێوە پێوەستە بە مێژووی میسرەوە.

بۆیە، ئافرەتی میسری پێشکەوتنێکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە، لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو بەبێ بچڕان.

هەروەها (شەهیدە باز) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە قۆناغی لیبرالییەکان لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتاندا پێیوایە کە:

سەرەڕای جۆش و خرۆشی بزووتنەوەی ئافرەتان لەم قۆناغەدا ٢٣ یۆلیۆ ١٩٥٢ کەچی نەیتوانی بارودۆخی ئافرەتانی میسر بەشێوەیەکی رادیکالی بگۆڕێت، کە دەکرێت هۆیەکانیشی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەڕێنینەوە:

١- دواکەوتوویی کۆمەڵگەی میسری و پاشکۆیەتیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و، بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەزانی و نەخۆشی، لەگەڵ قۆرخکردنی دەسەڵات و سەروەتەکان لەلایەن هاوپەیمانێتی چینەکانی ئاغاکان و بورجوازەکان، کە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی گەل لە چینی هەژارە بێدەنگەکان بن.
٢- سەرەڕای ئەوەی ئافرەتانی چینی ناوەڕاست و کرێکار بەشدارییان لە بزووتنەوەی نیشتیمانیدا کرد لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٥١ کەچی بزووتنەوەی ئافرەتان لە قۆناغی نیمچە لیبرالییەکەدا بزووتنەوەیەکی نوخبەوی بوو، پێکهاتبوون لە ئافرەتانی چینەکانی ئۆروستکراتی و بورجوازی، کە کات و پارەیان زۆر بوو بۆ چالاکی (...) ئەم ئینتیما چینایەتییەیان لە قبووڵکردنیان بۆ سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتییە باوەکە ڕەنگی دایەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی ئافرەتان روئیایەکی کۆمەڵایەتی گشتگیری نەبوو،

که تێبیگەیەنێت کەوا دواکەوتنی ئافرەت و سەرکوتکردنی و دەسخەڕۆکردنی پێوەستە بە دواکەوتن و سەرکوتکردن و دەسخەڕۆکردنی هەیەکەلیی لەناو کۆمەڵگەدا.
٣- بەردەوامبوونی دووفاقیی ڕۆشنبیری لەناو کۆمەڵگەی میسریدا بووە هۆی دروستبوونی ململانێییەکی زۆر لە نێوان لایەنگرانی گۆڕانکاری و لایەنگرانی دەستگرتن بە بارە کۆن و ئاساییەکەی ئافرەتان.

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە کتێبی (المرئه والسلطه فی مصر)**

« الواقع السیاسی وائدبی « (١٩١٩- ١٩٨١)ی نووسەر (عەفاف عبدالمعطی). بە باشمان زانی وەریگێڕینە سەر زمانی کوردی بۆ سوودی گشتی. ـ جومعە جەباری.

شیکار